




# له ”ڕۆژنامەی کوردستان“ و”کوردستان میدیا“وه

## خاکەلێوەی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- نەورۆزی خاکیپۆشان، مەتەرێزی شوناسخوازی!............................................. جەماڵ فەتحی ..... ٥

٢- نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە.......................................................... بێهزاد قادری ..... ٨

٣- حەوشین چۆن بوو بە هەفت سین؟................................................... تاهیر قاسمی ..... ١١

٤- بۆچی گەمارۆ بەتەنیا ناتوانێ ئێران بوەستێنێ و دەبێ سوپای پاسداران تێکشکێندرێ؟.................................

............................................................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٦

٥- خاکی‌پۆشی خاک‌پارێز............................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٢١

٦- ئەوەی ڕابورد و ئەوەی دێ.......................................................... هەردی سەلیمی ..... ٢٤

٧- مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت.......................................... کوردستان ..... ٢٧

٨- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سەعدوون ئاب)........................................ برایم چووکەڵی ..... ٣١

٩- ڕیزبوون لە پێناو گەیشتن بە مریشکی بێ‌حیجابدا........................................ دارسمە ..... ٣٤

١٠- دڵخۆش بە نامەی شەیتانی گەورە!...................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٣٧

١١- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی هەرای پانتورکیستەکان و هاندانی ناوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی خەڵکی کورد لە شاری ورمێ.......................................... کوردستان میدیا ..... ٤١

١٢- خالید عەزیزی: پرسی کورد لە ئێران دەرفەتە و کورد لە سیاسەتی ناوچەکە و داهاتووی ئێراندا کاریگەرە ........ ٤٣

١٣- بۆچی "قاسملوو ڕێگەت درێژەت هەیە"؟......................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٤٦

١٤- ژن وەک بوونێکی پەراوێزخراو..................................................... حەسەن شێخانی ..... ٤٨

١٥- ڕێگاچارەی پراکتیکی بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستکردنی گۆڕانکاریی بەردەوام.. شاڕوخ حەسەن‌زادە .. ٥٤

١٦- نەورۆزی خاکی‌پۆشان، پشتئەستوور بە بنەماکانی بزووتنەوە فکری و جەماوەرییەکان..... ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ٦٦

١٧- بزووتنەوەی فێمینیستیی کوردی لە پەراوێزەوە بۆ دەق............................. د. ئارەزوو نستانی ..... ٧١

١٨- نەورۆزی ورمێ و چەند سەرنجێک.................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٨

١٩- پەیامی ناوەندی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان......... کوردستان میدیا ..... ٨١



سەرچاوە
Serchawe

٢٠- کۆماری ئیسلامی لە بەردەم پێملبوون یا ئامانجبووندا..................................... هەردی سەلیمی ..... ٨٦

٢١- خوێنمژ و بکوژ، گەندەڵ و دز...................................................................... عەلی بداغی ..... ٨٩

٢٢- کورد و بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان..................................... بێهزاد قادری ..... ٩٢

٢٣- کوردستان سەرەڕای میلیتاریزە بوونی نەورۆزی کردە دەرفەتی خۆدەرخستنەوە و مەیدانی داخوازی........................
.......................................................................................................... خالید عەزیزی ..... ٩٥

٢٤- هەڵدانەوەی کۆنەبرین؛ کارێکی نابەرپرسیارانە............................................ هەردی سەلیمی ..... ١٠٠

٢٥- کام پەیام و هەڵوێست قازی محەممەدی کرد بە پێشەوا؟.................................... برایم لاجانی ..... ١٠٣

٢٦- میراتە بەنرخەکانی پێشەوا............................................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١١٠

٢٧- لە بیناییەوە بۆ پێشەوایی.............................................................................. ئەلبورز ڕووییتەن ..... ١١٤

٢٨- چرا یاسین: کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پرۆژەیەکی جەماوەری و بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت............................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١١٧

٢٩- شۆڕشی ناخۆشەویستی ئێران............................................................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٢٤

٣٠- دوو ڕووی تەواوکەری پوولێکی قەڵب...................................................... عەلی بداغی ..... ١٢٩

٣١- جەمال فەتحی: نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە یان لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە.......................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٣٣

٣٢- ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی....................................................................... کوردستان میدیا ..... ١٤٠

٣٣- خالید عەزیزی: لە نێوخۆی وڵات ئستعدادێکی بەهێز لە پرۆسەی میللەتسازیی سیاسیدا هەیە............................
.......................................................................................... وتووێژ؛ کاناڵی ئێن ئار تی ..... ١٤٢

٣٤- هەگبەی شاخ و شۆڕش (بێجان عەلیزادە)....................................................... برایم چووکەڵی ..... ١٤٥

٣٥- چۆماخ و هەڵپەڕکێ دەربڕی هەست و سۆزن.......................................................... دارسمە ..... ١٤٨

٣٦- چارەنووسی ئۆرمیە لە نێوان هاوکێشەکانی نێوخۆیی و هەرێمیدا.................... محەممەد ساڵح قادری ..... ١٥٢

٣٧- گۆڕەپانی نەورۆز.......................................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٥٥

٣٨- فەلسەفەی دامەزراندنی "یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات" لە تێڕوانینی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستاندا.
............................................................................................................. شاڕۆخ حەسەنزادە ..... ١٥٨

٣٩- لە پەراوێزی بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو ڕووناکبیرەکەدا......................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٦٣

٤٠- پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان........................................................ کوردستان میدیا ..... ١٦٦



سەرچاوە
Serchawe

٤١- وەڵامێک بۆ نیگەرانیی نووسەران، ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی...... حەسەن قارەمانی ..... ١٦٩

٤٢- عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات.............................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٧٦

٤٣- ١٠ی ئاوریل، ڕۆژی ڕیسوایی کۆماری ئیسلامی................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٢

٤٤- نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان........................................................ هەردی سەلیمی ..... ١٨٧

٤٥- دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای زمانی لە ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ٨٠٠ نوخبەی ئێرانیدا........... د. ڕەحیم سورخی ..... ١٩٠

٤٦- تەنیا هێزی سەرکوتی بۆ ماوەتەوە........................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٩٦

٤٧- ژیانەوەیەکی ئاشتیخوازانە........................................................................ شەهلا دەباغی ..... ١٩٩

٤٨- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان........... ئازاد مستۆفی ..... ٢٠٣



# نەورۆزی خاکیپۆشان، مەتەرێزی شوناسخوازی!



**جەماڵ فەتحی**

بۆ ئەوەی بەباشی و بەشیاوی لەسەر نەورۆزی خاکیپۆشان وەکوو چەمکێکی نوێ کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا لە ئەدەبیاتی کولتووری و تەنانەت سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە بدوێین، دەبێت سەرەتا بزانین نەورۆز و خاک چ واتایەک لە خۆ دەگرن و چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە. نەورۆز یان نوێڕۆژ کە بە دەسپێکی هەموو ساڵێک هاتووەتە ئەژمار ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا بارێکی سروشتی لە خۆ گرتووە، بۆ ئێمەی کورد کە لەم ناوچەیە خاوەن مێژوویەکی چەندین هەزار ساڵەین تەنیا بە ڕازیبوون بە بارە سروشتییەکەی ناتوانین نەورۆزی کوردەواری وەک خۆی پێناسە بکەین، چونکە نەورۆز بۆ کورد بە پێچەوانەی ئەو نەتەوانەی دیکە کە خۆیان بە نەورۆزەوە هەڵواسیوە واتایەکی شوناسخوازانەی هەیە و لە گێڕانەوەیەکی ڕواڵەتیدا ناتوانین پێداگری لەو بەشە بکەین کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی و هوشیارییەکی سیاسی و مێژوویی پێیە.

ئەگەر نەورۆز تەنیا بە ئاڵوگۆڕێک لە کەوشوهەوا و ڕواڵەتی سروشتدا ببینین ئەوە دەکرێت ئەم بۆنە هی هەموو ئەو

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

نەتەوانە بێت کە لە دەوروبەری کوردستانن و یان لە باری جۆغرافیاییەوە دەکرێت هاوشێوەی کوردستان بن، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی مێژوو و فەلسەفەوە بڕوانیتە بابەتەکە بەوە دەگەیت کە نەورۆز جیا لە پێناسە، ڕواڵەتی و گشتییەکەی، پێناسەیەکی مێژوویی - سیاسیشی لە پشتە کە ئیتر لەم بەشەدا تەنیا کورد دەتوانێت بڵێت من خاوەنی ڕاستەقینەی نەورۆزم. وەک دەزانین نەورۆز و ئاگر وەکوو دوانەیەکی لێکدانابڕاون و هەر کاتێک ناوی نەورۆز دێت ڕاستەوخۆ ئاگر لە زەینـدا وێنا دەکرێت. ئێستە کە باسی ئاگریش هاتە ناوەوە دەبێت بزانین بۆ ئاگر و نەورۆز وێنای یەکترن و چ پێوەندییەکیان بە ئێمەی کوردەوە هەیە. ئەگەرچی لە ئێستەدا بەشی هەرە زۆری کورد خاوەن ئایینی ئیسلام و لە نێوان ئایینزای شیعە و سونیدا دابەشکراون، بەڵام لە پەنای ئەم ئایین و ئایینزایاندا، هێندێ ئایینی دیکە لە کوردستاندا هەن کە لەوانە دەکرێت ئاماژە بە ئایینی یارسان، ئارەوی یان هەمان عەلەوی، ئیزەدی کە بە هەڵە هەتا ماوەیەکی پێش پێیان دەگوترا یەزیدی بکرێت. ئەگەر بە ڕوانینێکی فەلسەفییەوە لەم ئایینانە قووڵ بینەوە هەست بەوە دەکەیت کە پێوەندییەکی قووڵی مێژووییان لەگەڵ هێندێ بۆنەی کۆنی کوردییەوە هەیە و لەسەر ئەوەیکە بۆنەیەک وەکوو نەورۆز ئاخێزگەکەی کوردستان بووە و لە کوردستانەوە شۆڕ بووەتەوە بۆ ناوچەکانی دیکە بە قەناعەت دەگەین. لەم پێوەندییەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە بۆچی نەورۆز لە کوردستان سەری هەڵداوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت لە چەند ڕەهەندەوە بابەتەکە ڕاڤە بکرێت کە یەک لەوانە باری جۆغرافیایی و کەشوهەوایەکە کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە. لەبەر ئەوەیکە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی و ساردتر لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیە بۆیە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان ئاگر دەورێکی کاریگەری هەبووە و بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی ئاسوودەتر پێویست بووە. ڕاستە ئاگر لە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی و بژیوی ژیانی هەموو گەلەکاندا و تەنانەت لە پێشکەوتنی پیشەییدا ڕۆڵی گێڕاوە، بەڵام ئەوەیکە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان وای خواستووە کە بۆ بەردەوامی ژیان ئاگر پێویست بێ و هەبوونی ئایین و ئایینزاگەلێک کە لە ڕواڵەتی وشەکانیانەوە دیارە پێوەندییان بە ئاگرەوە هەیە، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کوردستان ئاخێزگەی ئاگر و نەورۆزە کە ئاگر هێماکەیەتی. و بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین ئاماژە بە ئایینی ئارەوییەکان بکەین کە بە مەبەستی سیاسی کراوەتە عەلەوی و پێوەندی دەدەن بە عەلی کوڕی ئەبووتالبەوە یان ئیزەدی یان هەمان ئایینی میترا و مێهرپەرەستییە کە لە باری دەروونییەوە پێوەندییەکی ئابستراکتی بە گەرماوە هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕوانگە دەکرێت لە قسە و هەڤپەڤینی ڕۆژانەی ئێستەی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت فارسەکانیش کەڵک وەربگرین کە کاتێک باس لە مێهر دەکرێت میتافۆری گەرما لە پشتیەتی، بۆ نموونە: کاتێک ئاماژە بە مێهر و خۆشەویستی لە نێوان دوو کەس دەکرێت مەبەست گەرموگوڕیی نێوانیانە و کاتێک ئاماژە بە نامێهرەبانی دەکرێت مەبەست هەبوونی ساردووسڕی و دابڕانێکە کە لە نێوانیان ساز بووە. جیا لەمە فارسەکان کە بە مانگی یەکەمی پاییزیش دەڵێن: "مێهر"، ئاماژەیەکە بە گەرمای هەتاو کە لەم مانگە تینەکەی تیژترە لە مانگەکانی تر، و هەروەها ئەو گەرموگوڕییە کە بە هۆی کۆتاییهاتنی کاری وەرزێری و کۆکردنەوەی خەلەوخەرمان لەنێو بنەماڵەکاندا دروست دەبێت خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مێهر واتای گەرمایە و گەرماش کە سەرچاوەکەی بۆ هەتاو دەگەڕێتەوە لە ئاگریشدا خۆ دەنوێنێت



سەرچاوە
Serchawe

کە ئاگر و نەورۆز دوانەیەکی تەواوکەری یەکترن.

لە نەریتی فارسەکاندا جێژنێک بە ناوی مێهرگان هەیە کە لە مانگی مێهردا گیراوە، فەلسەفەی ئەم جێژنە ئەگەرچی بە جێژنی خەلەوخەرمانیش ناو دەبردرێت، بەڵام کە سەیری مێژوو دەکەیت بابەتەکە شتێکی دیکەیە کە بە باوەڕی "واڵتێر هینتس" مێژووناسی ئاڵمانی "جێژنی نەورۆز لە سەرەتای بەهار بووە کە عیلامییەکانی سەردەمی کۆن لە نەخش و وێنەکانیان وەرزی سەرمایان بە گا و وەرزی گەرمایان بە شێر پیشان داوە کە ئاماژەیەکە بە گۆڕینی وەرزەکان بەتایبەت سەرەتای بەهار و جێژنی نەورۆز". فارسەکان ناوی ئەم جێژنە و کاتەکەشی دەگۆڕن بۆ جێژنی مێهرگان و مانگی مێهر کە یەکەم مانگی پاییزە. ئەم گۆڕانکارییە هۆکارێکی سیاسی لە پشتە، چونکە سەرکەوتنەکانی ماد لە بەهار بووە و شکستەکانیشی لە پاییز و پێچەوانەکەشی سەرکەوتنەکانی هەخامەنشییەکان لە پاییز بووە (قادری، کوردناسی).

ئەگەر لە مێژوو گەڕین و بێینەوە سەر ئەوەیکە لە ئێستەدا ڕێژیمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران بۆچی هێندە بە بۆنەکانی نەورۆز هەستیارە؟ دەبێت ئەوە بزانین کە نەورۆز لە بۆنەیەکی کولتووری تێپەڕیوە و بووەتە بۆنەیەکی شوناسخوازانە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بڕیاریان داوە کە وەکوو سنوورێک بیداتە چاوی ئەوی دیکە، و خۆی سەرلەنوێ پێناسە دەکاتەوە و لە دەستی ئەو پێناسانەی خۆی ڕزگار دەکات کە ئەوانی تر بۆیان تاشیوە. یەکێکی تر لە سەمبۆلەکانی نەورۆزی چەند ساڵی دوایی، جۆری جلوبەرگ و پۆشینی بەشداربووانە کە هێمای بەرخۆدان و خۆڕاگریی کوردە لە هەمبەر داگیرکەران کە بەتایبەت ئەمساڵ بە ناوی نەورۆزی خاکیپۆشان ناودێر کراوە و خاکیپۆشیش ئاماژەیەکە بە پێشمەرگە و تێکۆشەری کورد. کە دەگوترێت نەورۆز لە بواری کولتووری تێپەڕیوە و بووەتە هێمایەک یان مەتەرێزێکی شوناسخوازانە لەبەر ئەوەیە کە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لێ هاتووە کە لە هەر کام لەو بۆنانە دەیان هەزار کەس بەشداری دەکەن و وەکوو پارێزەرێکی خاک و شوناس خۆ دەنوێنن و دوژمن و داگیرکەر بەرەو ئاستی تووڕەیی و دەستەوەستانی دەبن.

١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# نەورۆز و خەبات بۆ ناسنامە



بێهزاد قادری

نەورۆز وەک گرنگترین جێژنی نەتەوەیی و فەرهەنگی لەنێو کوردستانییاندا، هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بەرخۆدانی کولتووری، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و لەکولۆنیدەرهێنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. ئەم جێژنە نەک هەر وەک ڕێوڕەسمێکی نەریتی، بەڵکوو وەک هێمایەک لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی ئاسمیلەکردنی کولتووری و نکۆڵیکردن لە ناسنامە چاوی لێ کراوە و بەکردەوەش بەڕێوە چووە.

## نەورۆز وەک هێمای ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی کوردستانییان

نەورۆز یەکێکە لە کۆنترین جێژنە کوردییەکان کە لە کۆنەوە لە کوردستاندا بەرز ڕادەگیرێت. ئەم جێژنە بۆ کوردستانییان سەرترە لە جێژنێکی کۆن و نەریتی، واتە هێمایەکە لە بەرخۆدان لەهەمبەر سیاسەتەکانی سڕینەوە و نکۆڵیکردنی فەرهەنگی. بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران هەوڵی سنووردارکردن یان کۆنترۆڵکردنی جێژنی

نەورۆزی کوردستانیان داوە، بەڵام خەڵکی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ئەم بۆنەیە، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و سەربەخۆیی کولتووریی خۆیان جەختیان کردووەتەوە.

## نەورۆز و خەباتی کوردستانییان دژی داگیرکەر و داگیرکاری

لە زۆر حاڵەتدا (وەک نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو) نەورۆز بووەتە ڕێوڕەسمێکی سیاسی و وەک دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی گەلی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوتی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی بەکار هێنراوە. هەروەها لە مێژووی خەباتی کورددا، نەورۆز هەمیشە دەرفەتێک بووە بۆ نیشاندانی یەکیەتیی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی بەها نەتەوەییەکان. هەر لە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە نەورۆزی ئەمساڵ، دروشمگەلی نەتەوەیی و نیشتمانیی زۆر گوترانەوە؛ بۆ نموونە لە چیای "جاقل"ی سەقز، خاکیپۆشان ئەم دروشمەیان گوتەوە: "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ." ئەمە بۆ خۆی لووتکەی وشتیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییانە.

## نەورۆز، زمانی کوردی و بەرخۆدان لەهەمبەر کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگی

زمانی کوردی یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ناسنامەی کوردستانییان کە لە سەردەمی حکوومەتە جۆراوجۆرەکاندا لەژێر گوشار و سەرکوتدا بووە و تەنانەت قەدەغەش کراوە. لە کاتی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا شێعر، پەخشان، چیرۆک، سروود و گۆرانیی ڕەسەن و نیشتمانیی کوردی پێشکەش دەکرێن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیندووکردنەوە، پاراستن و گەشەی زمانی کوردی. زۆرێک لە نووسەران و شاعیرانی کوردستان، نەورۆز وەک هێمایەک بۆ بوژاندنەوەی ناسنامەی کولتووری و دژایەتیی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم دەزانن.

## نەورۆز وەک هێمای یەکانگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی

جێژنی نەورۆز هەمیشە بە شێوەیەکی گشتی و بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت و دەرفەتێک بۆ هاودەنگی و یەکدەنگی و یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکی کوردستان دەڕەخسێنێت. ئەم هاوپشتییە ڕۆحی بەرخۆدان لە دژی سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکان بەهێز دەکات و خەڵک هان دەدات نەریت و بەها و ناسنامەی خۆیان بپارێزن و خەباتی بۆ بکەن.

## نەورۆز و شەڕی هێماکان

ئەوەی لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ دەیبینین و تەنانەت ساڵی ڕابردووش بینیمان، شەڕی هێماکانی کوردستانە دژی هێماکانی داگیرکەران. شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد کە دەوڵەتی نییە، گرنگییەکی زۆری هەیە. دەتوانم بڵێم هێماکان بۆ نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نییە، تەنانەت گرنگتر لەو نەتەوانەیە کە دەوڵەتیان هەیە. هێماکان دەتوانن هەستی هۆگری و یەکانگیری لەنێوان کوردەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستان، بەهێز بکەن. ئەمە بە واتای پێکهێنانی ناسنامەی بەکۆمەڵ و هەستی هاوبەشە. هێماکان دەتوانن وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی هێز و بەرخۆدانمان بن. دەتوانن پیشاندەری ویستی نەتەوەیی و ناسنامەخوازیمان بن و هیوا و وەرەمان بۆ خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانج و مافەکانمان بەهێز بکەن. بۆیە، شەڕی هێماکان بۆ نەتەوەی کورد (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، نەتەنیا خەباتێکی فەرهەنگییە، بەڵکوو خەباتێکی سیاسییە و خەباتێکە بۆ "بوون"مان.

هەروەک بە کورتی باس کرا، نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتر لە جێژنێکی نەریتییە و بووەتە هێمای لەکولۆنیدەرهێنانی فەرهەنگی و ناسنامەیی. ئەم جێژنە یارمەتیی داوین تا لەهەمبەر سیاسەتەکانی سەپاندنی ناسنامە و زمانی داگیرکەر خۆڕاگری بکەین و پەیوەندییەکانی خۆمان بە ڕابردوو و کولتووری خۆمانەوە بپارێزین. لە زۆر حاڵەتدا، وەک ئێستا کە دەیبینین، نەورۆز بەستێنێک بووە بۆ نارەزایەتیی سیاسی و دەربڕینی داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# حەوشین چۆن بوو بە هەفت سین؟



تاهیر قاسمی

بەرچاوترین نەریتی جێژنی نەورۆز لەنێو ئێرانییەکاندا، ڕاخستن و ڕازاندنەوەی سفرەی حەوسینە. ئەویش بریتییە لە خوانێک کە شەش خواردمەنیی لەسەر دانراوە و سەرجەمیان بە پیتی "سین" دەست پێ دەکەن. خواردنەکانیش بریتین لە سرکە، سماق، سەمەنی، سنجوو، سێو و سیر کە ئەم شەش خواردنە لەگەڵ گیایەک کە لە قاپێکدا شین کراوەتەوە و "سەبزە"ی پێ دەڵێن، سفرەی هەفت سین پێکدەهێنن. لە پاڵ ئەوانەدا بڕێک وردە پووڵ یان سکە، چەند مۆم، قورئان یان دیوانی شاعیرێک، ئاوێنە، نانێکی پان و قاپێک ئاو دادەندرێ و سفرەکە بە شیرنی، بتڵێکی شووشەیی پڕ لە ئاو کە ماسی سووری تێدایە، دەفرێک شیر و چەند هێلکەی ڕەنگکراو دەڕازێندرێتەوە.

وەک سروشتی هەر نەتەوەیەکی بندەست، فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست شەقڵی بەسەر کولتووری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا بەجێهێشتوە و فەرهەنگی ڕاخستن و ڕازاندنەوەی سفرەی حەوسین بە تایبەت لە شارەکانی کوردستانیشدا کەم و زۆر باوە.

## بەڵام ئاخۆ حەوسین هیچ پێوەندی بە کوردەوە هەیە؟

سەبارەت بە بنەما و مێژووی ڕاخستنی سفرەی حەوسین لەنێو ئێرانیەکاندا باس و خواسی جۆراوجۆر هاتووەتە ئاراوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ژمارەی ٧، ئەوە لە ئایینە کەوناراکانی وەک میترایی و زەردەشتیدا ژمارەیەکی پیرۆز بووە. لە میتراییدا پلەکانی ئایینی ٧ پلەن کە حەوتەمینیان، گەورەترین پلەیە و پێگەی میترا خۆیەتی. لە ئایینی زەردەشتیشدا، حەوت، ژمارەی ئەمشاسپەندانی پیرۆزە. ئەمانە یان یەک لەوان دەکرێ لە دانانی ژمارە ٧ی حەوسیندا ڕەنگی دابێتەوە. بەڵام لەسەر واتا و هۆی هەڵبژاردنی پیتی "سین" بۆچوونی جیاواز هەیە؛

کەسانێ پێیان وایە ئەمە هەمان وشەی "سینی" بە واتای مەجۆعمەیە کە خواردنەکانی لەسەر دادەندرێ. "سینی"ش هەمان دەفر و ئامانی چینی یان صینیـیە کە لە وڵاتی چینەوە دەهات و لە سەردەمی کۆندا دەفری بەنرخ و بەها بوو. بۆچوونی دیکە کە هی ئەبووڕەیحانی بیروونیـیە، دەڵێ وشەکە لە "هەفت صنف" کەوتووەتە کە "صنف" وشەیەکی عەرەبییە بە مانای دانەوێڵە. دواتر ئەم هەفت صنفە بووە بە هەفت صن و پاشان هفت سین. بۆچوونێکیش پێی وایە لە بنەڕەتدا حەوت "شین" بووە کە بە شەراب و شەکر و شیر و تاد.. دەڕازایەوە، بەڵام چونکە دوای هاتنی ئیسلام شەراب حەرام کرا، حەوشینیش جێگای خۆی بۆ حەوسین بەجێ هێشت.

کۆنترین بەڵگەیەک کە سەبارەت بە حەوسین هەیە، هی ئەبورەیحانی بیروونیـیە. بیروونی لە کتێبی "آثار الباقیە"دا کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، دەڵێ؛ "دوای ئەوەی جەمشید بە سەر ئەهریمەندا سەرکەوت کە بەری خێر و بەرەکەت و بارانی شینبوونەوەی گژ و گیای گرتبوو، دیسان باران دایکردەوە و گیا شین بوونەوە، خەڵک گوتیان ڕۆژی نوێ (واتە ڕۆژێکی نوێ و چاخێکی تازە) هاتوە. بۆیەش هەر کەس قاپێک جۆی چاند و خەڵک لە ڕۆژی نەورۆزدا، لە حەوت قاپدا، حەوت جۆرە دانەوێڵەیان چاند و شین کرد".

ڕەنگە ئەبورەیحان خۆشی نەیزانیبێ کە ئەوەی ئەو باسی دەکا، "حەوت شین"ە کە تەنیا لە زمانی کوردیدا واتای هەیە؛ حەوت دانەوێڵەی شینبوو. یەک لە واتاکانی "شین بوون" لە زمانی کوردیدا، ڕوانەوە، سەوزبوون و چەکەرەکردنی گژ و گیایە. حەوت شین ئەو حەوت قاپە بوون کە بە وتەی بیروونی، هەر یەکەی جۆرێک دانەوێڵەیان تێدا چێندرابوو.

بەشێک لەو کەسانەی پێیان وایە حەوسین لە بنەڕەتدا حەوشین بووە، بێجگە لە حەرامبوونی شەراب، هۆیەکی دیکەش بۆ گۆڕانی شین بە سین دێننەوە کە ئەویش نیزیکبوونی شوێنی دەرکەوتنی دوو پیتی س و ش لەکاتی گوتنیدایە. دیارە ئەوان

هۆکارە سەرەکییەکە نازانن کە "شین"ی "حەوشین" مانای لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانی فارسیدا بێ واتایە. فارس وشەی شینی بە هیچکام لە واتاکانی ڕەنگی شین، گریان بۆ مردوو یا سەوزبوونی گژ و گیا وەرنەگرتوە. لە بەرامبەر شیندا، ئەوان "سەبز" بەکار دێنن کە وشەیەکی هاوبەشی کورد و فارسە. هەر بۆیەش بەو شین و شینکە نەورۆزیانەیان وتووە "سەبزە". جا چونکە سەبزە بە پیتی "سین" دەست پێ دەکا و شینیش لایان بێ واتا بووە، سەرەتا "حەوت شین"یان کردوە بە "حەوت سەبزە" و لەوەشەوە "هەفت سین"یان لەجێی حەوت شین داناوە کە دەزانین هیچ پێوەندیەکی لەگەڵ وشە و نەریتە سەرەکییەکەدا نەماوە.

بە پێچەوانەی زۆربەی نەریتەکانی جێژنە کەوناراکانی دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاژەڵداری بە تایبەت مەڕداری، حەوشین پتر پێوەندی بە ژیانی کشتوکاڵ و جووتیاریەوە هەیە. ئەو شینبوونەوانە ڕۆڵی تاقیکارییان هەبووە. بەو واتایە کە هەر کام لە دانەوێڵەکان زووتر، باشتر و جوانتر شین بووبا، نیشانەی ئەوە بووە کە ئەو ساڵە دەبێ زیاتر گرینگی بە چاندنی ئەو جۆرە دانەوێڵەیە بدرێ. لە بەرامبەریشدا ئەگەر یەک یان چەند لە دانەوێڵەکان خراپ شین بووبن یان کوێرەیان زۆر بووبێ، ئەوە ئەو ساڵە بەروبوومی ئەو جۆرە دانەوێڵەیە خراپ دەبێ و باشترە زۆر خۆی پێوە ماندوو نەکەن. شینبوونەوەی هەر حەوت دانەوێڵەکە مزگێنییەکی خۆشی بۆ وەرزێری خاوەن مووچە و مەزرا پێ بووە. جووتیار ئەم شینبوونەی وەک بەرکوتێک لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی ساڵ پەژراندوە و بە هومێدی زیاترەوە سەرەتای ساڵ و سەرەتای وەرزی کشتوکاڵی دەست پێ کردوە. هەڵبەت جووتیارانی زاگرۆس هەتا ئێستاش، لە پەنا کاری کشتوکاڵدا، بە ڕاگرتنی چەند سەر مەڕ و بزن یان گا و گامێش، ئاژەڵداریشیان کردوە. لە بەر و بوومی ئەم ئاژەڵانە و لەو خواردنانەی کە لە دانەوێڵەکان وەک سەرەکیترین سەرچاوەی خۆراک و خواردەمەنی، سازیان کردوە، سفرەی حەوت شین‌یان ڕازاندووەتەوە. جا چ خواردنەکانی سەر ئەو سفرەیە بە پیتی "ش" دەستیان پێ کردبێ یان هەرچییان بۆ ئامادە کرابێ لە سەر خوانی نەورۆز دایانناوە.

ئەو خواردنانەی کە لە سەر خوانی حەوسین دادەندرێن، ئەگەرچی ڕەنگە فەلسەفە و واتای جۆراوجۆریان بۆ داتاشیبن، بەڵام لەگەڵ خواردنی ڕاستەقینە و خواردەمەنییەکانی سەر سفرەی کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاری ناوچەیەکی کوێستانی ناتەبان. بۆ وێنە لە ڕۆژی نەورۆزدا کە هێشتا بەفر بە تەواوی ناتوێتەوە و دار سێوەکان تەنانەت گوڵیشیان نەکردوە، دانیشتووانی سەد ساڵ و دوو سەد ساڵ لەوە پێشی ئەو چیا و کوێستانانە سێویان لەکوێ بووە تا سفرەی حەوسینی پێ بڕازێننەوە؟ لە لایەکی دیکە بەشێک لە سینەکان وەک سرکە و سماق و سیر لە بنەڕەتدا بۆ تامدان بە خواردن کەلکیان هەیە و بە تەنێ پێخۆر نین. سفرەیەکیش کە خواردنەکانی سرکە و سنجوو و سیر و سماق و سێو بێ، هیچ ژەمێک پڕ ناکاتەوە. ئاقڵیش نایبڕێ کۆمەڵانی خەڵک کە نیزیک بە تەواویان نەخوێندەوار بوون، تەنیا بە هۆی بارە فەلسەفیەکە و

پیتی دەسپێکی ناوی خواردنەکە، سفرەی خۆیان بەو خواردنانە ڕازاندبێتەوە.

لە بەرامبەر قاتی و قڕیی پیتی سینەدا، کورد بۆ ڕازاندنەوەی خوانێک کە خواردنەکانی بە پیتی "شین" دەست پێ دەکەن، لە ڕابردوو و ئێستاشدا دەستی زۆر ئاوەڵاترە. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی هەنبانە بۆرینە تووشی کۆمەڵێکی زۆر چێشت و خواردەمەنی دەبین کە بە پیتی "ش" دەست پێ دەکەن و لە سەرتەنوور و چێشتخانەی کوردی بە سانایی دەستەبەر دەبن. شیو، شۆرباو، شلە، شلکێنە، شیر یان شۆت(١)، شیربرینج، شەلەمین(٢)، شنگال(٣)، شڤار(٤)، شەمبەلووت(٥)، شفتە یا شامی کەباب، شردان(٦)، شۆرمەزە، شۆرتان(٧)، شیرێژ، شۆرجە(٨)، شوڤال(٩)، شەشترنگە، شەکرپەنیر(١٠)، شەکربادام(١١)، شۆتینە(١٢)، شۆک، شەربەت، شەراو، شەکراو و شو(١٣) بەشێک لەو خواردن و خواردنەوانەن کە بە پیتی شین دەست پێ دەکەن و بۆ هەر کامیان دەکرێ فەلسەفە و واتای تایبەت بدۆزرێتەوە. بە سەرنجدان بە دەسپێکی زاوزێی مەڕ لە ڕۆژی نەورۆزدا، "شیرێزنج" یان فرۆ کە لە ژەک وەک یەکەم شیری مەڕ ساز دەکرێ، دەتوانێ یەک لە خواردنە گرینگەکانی ئەو ڕۆژە بێ.

خۆ ئەگەر لە پێکهاتەی سفرەی حەوسینی ئێستاش ورد بینەوە، دەبینین ناوی زۆربەی کەلوپەلی سەر سفرەکە لە زمانی کوردیدا نە بە پیتی سین بەڵکوو بە پیتی شین دەست پێ دەکەن. بۆ وێنە شەم (مۆم)، شینکە (سەوزە)، شایی (کۆنترین وردەپووڵ، سکە)، شاووت (سوورە ماسی)، شیر و شیرینی. هەروەها لە سەر خوانی حەوسین نانێکی پان و گەورە دادەندرێ و ئەمەش شاتە، شکەڤا یان شلکی‌یە کە لەنێو کوردەواریدا هەر کامیان ناوی کولێرە یان جۆرێک نانی تەنکی پانن. بۆ منداڵانیش شاتەلی (نانە قەیسی) یان شڵانەکوت (وشکە قەیسی) ڕەنگە یەک لەدەستهاتووترین دیاری بووبێ کە بنەماڵەکان توانیویانە وەک نەورۆزانە بە منداڵانی بدەن. دەستڕۆیشتووانیش دەیانتوانی بە شیرانی و شەکرۆکە پێشوازی لە میوانە نەورۆزییەکانیان بکەن.

نەبوونی فەرهەنگی سەربەخۆ و تایبەت بۆ ڕازاندنەوەی سفرەی نەورۆزی، ڕەنگە کەمایەسییەکی ئەو جێژنە مەزنە بێ کە لەنێو کورددا هەیە. خاتوونی کورد وەک هەر کابانێک حەز دەکا هونەر و شارەزایی خۆی بۆ هەرچی جوانتر ڕازاندنەوەی خوانێکی نەورۆزی پێشان بدا. کورد ناکرێ جێژنی نەورۆز تەنیا لە هەڵکردنی ئاگر یان بەستنی جامانە و هەڵپەڕکێ و شتی ئاوادا کورت بکاتەوە. فەرهەنگی سفرەداری و خوان ڕازاندنەوە یارمەتی بە کۆبوونەوەی ئەندامانی بنەماڵە و خزمان و دەروجیران بە دەوری یەکتردا دەکا. هەر بۆیەش کورد دەبێ لەم بارەوە بە سەر کولتوور و فەرهەنگی خۆیدا بچێتەوە، ڕەگ و ماکەی ڕاستەقینەی داب و نەریتەکانی خۆی بدۆزێتەوە و ئەوانەی کە لێی دزراوە و لێی شێوێندراوە، ڕاستیان بکاتەوە. ئەو داب و نەریتانەی کە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی، ناچار بووە جارێکی دیکە بەڵام بە شێواوی و



سەرچاوە
Serchawe

دەستکاری کراوی لە نەتەوەی باڵادەستی وەربگرێتەوە.

فەرهەنگۆکی خواردنەکان:

١- شۆت: شیری خواردنەوە.

٢- شەلەمین: چێشتی ترخێنە.

٣- شنگال: کەلانە.

٤- شڤار: ساوار.

٥- شەمبەلووت: شابەلووت، شابەڕوو، دەنکی گەورەی بەڕوو کە لەسەر ئاور دەیبرژێنن.

٦- شردان: گۆشتی وشککراو بۆ زستان.

٧- شۆرتان: پەنیری پێستە.

٨- شۆجە: چێشتی بەربەسێڵ یان قوڕاو.

٩- شوڤال: جۆرێک ئاش.

١٠- شەکرپەنیر: جۆرێک هەڵوا.

١١- شەکربادام: جۆرێکی دیکە هەڵوا.

١٢- شۆتینە: فرنی یان محەللەبی.

١٣- شو: هەنگوینی نەپاڵێوراو.

١٤- شاتە: نانی تیری.

١٥- شلکی: نانی سێڵی.

١٦- شلکێنە: جۆرێک کوللێرە بە هێڵکە و زەردەچێوە، جۆرێک نانی چەور، جۆرێک چێشت.

١٧- شۆک: گەزۆ، دۆشاوی ترێ، ترێ.


٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بۆچی دەبێ سوپای پاسداران تێکشکێندرێ؟

## بۆچی گەمارۆ بەتەنیا ناتوانێ ئێران بوەستێنێ و دەبێ سوپای پاسداران تێکشکێندرێ؟



فۆرتی فایوف - مایکڵ روبین

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێهاتووییەکی هەیە بۆ ڕفاندنی سەرکەوتنی جووەکان بە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

زیاتر لە یەک دەیە لەوەپێش، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی دانی بەوە دانا کە ئابووریی ئێران بە ڕێژەی ٪٤،٥ بچووک بووەتەوە. لەوکاتدا وەزیری کاروباری دەرەوە، جان کێری دەیتوانی کەلک لە بێهیوابیە ئابوورییە وەرگرێ و مەرجەکانی بەسەر ئێران دا بسەپێنێ، بەڵام لە جیاتان بە دانی یەک میلیارد دۆلار دەستخۆشیی مانگانە بە ڕێژیمی ئێران پشتگیریی لێ کرد تا بێتە سەر مێزی دانوستان.

ئەو  هەڵوێستە لە ڕوانگەی ستراتیژیکییەوە وەها دواکەوتووانە بوو کە دەکرێ وەک هۆدان بۆ بەخشینی خەڵاتی نۆبێل بە کێری بۆ قوربانیکردنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەلکی لێ وەرگیرێت. ئەگەرچی ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی بەرجام تەنیا ڕێککەوتنێکی سیاسی بوو نەوەک پەیماننامەیەک، کێری وەهای دارشتبوو کە هەر وەزیرێکی کاروباری دەرەوەی داهاتوو لە بیرکردنەوە لە ئەرکدارییەکەی خۆ ببوێرێ، چونکە ئەو دەستخۆشانەکەی ئێرانی لە پێشدا دابوو.

بەخشندەییە بەربڵاوترەکەی کێری بەرانبەر بە ئێران چ لە ڕوانگەی پێویستیی و هەروەها لۆژیکییەوە، دیارییەکی بەنرختر بۆ کۆماری ئیسلامی بوو، بە تایبەت کە بەشی هەرە زۆری ئەو لێشاوە نەخدینەیە دەرژایە نێو ئەژمارەکانی سوپای پاسدارانەوە. ئەوە بە دوو هۆ ڕووی دا: یەکەم، سوپای پاسداران خاوەنی ئەو کۆمپانیا فرۆکەوانییە بوو کە دراوەکەی تیمی ئۆباما و هاوبەشە ئورووپاییەکانی دەگواستەوە و؛ هیچ هێزێک لە نێوخۆی ئێران نەیدەتوانی ئەو کارە بکات. دووهەم، باڵی بازرگانیی سوپای پاسداران نزیکەی سەرجەم کەرتەکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی بیانیی قۆرغ کردبوو، لە کەرتی نەوت ڕا بگرە تا دروستکردنی ئوتومبێل و کەرتی لۆجیستیک.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" سەرۆک کۆمار ترامپ کاریگەر بوو. لۆژیکێکی مێژوویی لە پشت ئەو سیاسەتەوە بوو. بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکاییەکان و قبووڵی ئاگربڕ و پاشان کۆتاییهێنان بە جەنگی ئێران-عێراق، هەمووی ئەوانە کاتێک ڕوویان دا کە وڵات تەریک خرابۆوە و تێچووەکەی بۆ سەر ئابووری ئێران هێندە زۆر بوو کە نەدەکرا خۆی لە بەرانبەردا ڕاگرن. سەپاندنی گەمارۆ بە سەر سوپای پاسداران هەنگاوێکی ژیرانە بوو، چونکە ئەوە هەم تێچووی یاسایی بۆ کۆمپانیا ئورووپاییەکان دروست کرد کە خوازیاری پێشترییەتیدان بە تەماح بە سەر ئەمنییەت و بەدناوبوون بۆ ئەو وڵاتانە بوون کە دەیانهەویست هاوسەنگییەکە ڕابگرن. لێرەدا پرۆسەی لەکیسچوونی دراوی ئێران دەستی پێ کرد.

لە تیۆریدا، سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت دیسان دەتوانێ کاریگەر بێ، ئەگەرچی لاوازییەکانی ئەو سیاسەتە ڕوونن. نۆژەنکردنەوەی سندووقەکانی دراوی ئێران لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی بایدنەوە نە تەنیا قەڵخانێکی کاتیی بەخشیوەتە تاران، بەڵکو وکاربەدەستانی ئێرانی چوار ساڵ دەرفەتیان هەبوو مامەڵەکانیان لەگەڵ چین پتەو و پارێزراو بکەن. بڕیاری بایدن بۆ کۆتاییهێنان بە زەخت و ڕادەستکردنی  دراو بۆ ڕێژیمی ئێران گیروگرفتێکی دیکەیە: ئێستا تاران لەو بڕوایەدایە کە دەتوانێ خۆی لە بەرانبەر هەر سیاسەتێکی ئەوپەڕی زەختدا ڕابگرێ، ڕەنگبێ ئەوان هەڵە نەبن. بۆیە ئەوپەڕی زەخت بە تەنیا بەس نییە و کەمایەسی و پەیوەندیدارنەبوونیشی بۆ ئەوە نابێ پاشگوێ بخرێن. ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe

برووخێ، ئێران جارێکی دیکە دێتەوە نێو کۆمەڵگەی جیهانی و دەبێتە هاوپەیمانێک. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان ئابووریی ئێران وەها تێکبشکێنێ کە لە خاڵی چاکبوونەوە تێپەڕ بێ، ئەوکات ئێرانییەکان ڕەنگبێ پێویستیان بە خەباتی دەیان ساڵە هەبێ تا بێنەوە سەر پێ، چۆن عێراقی دوای سەردەمی گەمارۆکان تووشی بوو.

گەمارۆی واتادار گرینگن؛ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، گەمارۆی ئامانجدار ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە کە لایەنگرانی لە سەرەتادا زانیویانە ئەو گەمارۆیانە نابنە هۆی ئاڵوگۆڕ. بە کورتی، بەڕێوەبەرایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان تەور و پەڕی مریشک یەکیان هەڵبژاردوە.

کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی چەند گیروگرفتیان هەن کە ڕێگاچارەکانیان لە وەزارەتی دارایی گیر ناکەوێ. بەڵام، ئێران یەکێک لەو گیرو گرفتانە نییە. ئایدیۆلۆژی و پێکهاتە گرینگن. بە یەک هۆی ساکار هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە نێوخۆی ئێران بێ تێکشکاندنی سوپای پاسداران ڕوو نادا:

سوپای پاسداران وەک پارێزەری ڕێبەریی لە بەرانبەر خەڵکدایە. زۆر کەس سوپای پاسداران وەک هێزێکی نوخبەی سەربازی سەیر دەکەن، بەڵام ئەو لەوە زیاترە: بە پێچەوانەی سوپا کە ئەرکەکەی پاراستنی خاکە، ئەرکی سوپای پاسداران پاراستنی شۆڕشە، بۆیە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی و نێوخۆیی دەکات. لە کاتێکدا کە هێندێک کاربەدەستی ساویلکە، لە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە سترۆب تالبۆت و ریچارد ئارمیتاژ تا ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نیشتمانی سوزان رایس و جەیک ساڵیڤان هیوایان بە ڕیفورمخوازەکانی ڕێژیم هەبوو، هیچکامیان چارەسەری گیروگرفتە ئاشکراکەیان نەکرد: تەنانەت بێتوو ڕیفۆرمخوازەکان ڕاست بکەن، هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو ڕوو نادا ئەگەر سوپای پاسداران ئیزنی پێ نەدا. کە وا بوو پرسیارەکە ئەوەیە چۆن قەناعەت بە سوپای پاسداران بهێنری یان چۆن ڕێکخراوەکە تێکبشکێندرێ.

تەنیا دیپلۆماتە هەرە ساویلکەکان بڕوا بە گۆڕانی بیر و بۆچوونی گشتیی لە نێو سوپای پاسداراندا دەکەن. ئەو تاقمە لە دەوری ئایدیۆلۆژییەک ڕێکخراوە کە ئەندامانی بەڕیوەبەرییەکەی لە منداڵییەوە مێشکیان شۆردراوەتەوە. هۆی بوونیان و ئەو زێدەمافانەی هەیانن بە سۆزە شۆڕشگێڕانەکەیانەوە گرێ دراوە.

تێکشکاندنی سوپای پاسداران دژوارترە بەڵام، دوای ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی، هیچ ناوەرۆکێکی نەماوە. ئەوانە چەند هەواڵی دڵخۆشکەرن. سوپای پاسداران یەکچەشن نییە. ئەندامە سەرەکییەکانی بڕوامەندی ڕاستەقینەن، بەڵام

بەشێکیان لەبەر بەرژەوەندی یان قازانجی ماددی چوونە نێو سوپا، بە تایبەت ئەوانەی لە جیات سەربازی لەنێو ئەرتەشدا دەچنە نێو سوپای پاسداران.

کەلێنی دیکەش هەن: جیاوازیی جیلەکان لە نێوان ئەوانەی پاشخانی هەژارییان هەیە کە لە جەنگی ئێران-عێراقدا بەشدار بوون و منداڵی ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان هەیە بەڵام نایانهەوێ خۆیان بکەنە قوربانی. بە پێچەوانە، گەلێک لەوانەی سەر بە بنەماڵەی کۆنەپارێزن ڕقیان لە گەندەڵیی نوخبە ئایینییەکانە. بەشێکی بەرچاو لە بریندارانی جەنگ، لەوە تووڕەن کە ڕێـژیم بە شـێوەی پێویسـت ڕێـز لە قوربانیـدانەکانیان نـاگرێ و بە شـێوەی چـاوەڕوانکراو بە ئەنـدامانی بنەماڵەکانیـان ڕاناگات.

ئەگەر ترامپ، سـەرۆکی هەوادارانی وڵات تالسـی گابـارد و، وەزیـری کاروبـاری دەروە، مـارکۆ ڕوبیـۆ لە کۆتـاییهێنـان بە هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیی بە شێوەی یەکجاریی جیددین، هیچ کورتە ڕێگایەک بوونی نییە. بێگومان، ئەوان دەبێ پێشوازیی لە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت بـۆ نەهێشتنی سـامانەکانی سـوپای پاسـداران بکەن، بەڵام ئەوان هەروەهـا دەبـێ کەلێنەکـان دەستنیشان بکەن و کەلکیان لێ وەرگرن. بۆ وێنە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ پێشنیاری چارەسەری پزیشکیی خۆڕایی بە بریـندارانی سـەردەمی جەنگی ئێـران-عێـراق لە نەخۆشـخانەی پـاپۆڕیی ئەمریکـایی لە دوبەی بکـات. بێتـوو ئەو بریـنـدارە نارازییانە چارەسەرەکە قبووڵ بکەن، ئەوە دەبێتە سـەرچاوەی هەواڵگریـی و کودەتـایەکی تەبلیغـاتی؛ بێتـوو ڕێژیمی ئێران پێش بە چوونی ئەوان بۆ دوبەی بگرێ، ئەوە تەنیا تووڕەیی نێوخۆیی زیاتر دەکات.

هەم کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها وەزارەتی دارایی دەبێ ئەژمارەکـانی سـوپای پاسداران لە دەرەوە دەستنیشـان بـکەن، جـا ئەوە دراوی سـایبەری بـێ، دراوی نەخـد بـێ یـان زێـڕ، دەبـێ دەسـتی بەسـەردا بگـرن تـا پـێش بە بەکارهێنانی دوای مردنی خامنەیی بگیرێت.

لە دۆخـی دیـکەدا ڕێگاچـارەی دیـکەش بەکەڵکـن: هەر وەکـوو چـۆن بەڕێـوەبەرایەتیی تـرومەن دانـی بەخـۆدا گـرت و مـافی پەنـابەریی بە زانسـتوانە ناوکییەکـانی ئاڵمـانی نـازی بەخشـی، وڵاتە یەکگرتووەکـان دەبـێ پـارێزراو بـوون لە سـزا بە پسپۆڕانی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی سوپای پاسداران، بە مەرجی وازهێنانیـان بەر لە ڕووخـانی ڕێـژیم پـێ پێشـنیار بکـات. بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوانە لەگەڵ ستراتیژیی کوشتنی ئامانجدار تێکەڵ بکـات و بە شێوەی کـاریگەر فەرمانـدەکانی سـوپای پاسـداران تێبگەیەنێت کە یەکێـک لەو بـژارانە هەڵبژێـرن، ئەوکـات واشـینگتۆن دەتـوانێ پێشـنیارێکی وەهـا بە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئێران بکات کە نەتوانن خۆی لێ ببوێرن.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

هیچ فۆرمولێکی سێحراوی بوونەی نییە بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژیمی زامبی وەک کورەی باکوور، ئێریترە، کوبا، ڤێنێزوئێلا و لە ڕابردوودا عێراقی سەددام حوسێن، بەو هۆ ساکارە لە دەسەڵاتدان کە هێزە ئەمنییەتییەکانیان گوێ نادەنە خۆشبژێویی شارۆمەندە ئاساییەکانیان، چاوەڕوانیی ڕووخانی ڕێژیمی ئێران بە هۆی نەبوونی دراوی نەخد، ساویلکەییە. کاتی ئەوە هاتوە پێشوازیی نە تەنیا لە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت بکرێ، بەڵکو لە ئەوپەڕی لێکهەڵوەشانی سوپای پاسدارانیش.

**٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# خاکیپۆشی خاکپارێز



**ئاسۆ مینبەری**

چەند مانگ پێش هاتنی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت لە کوردستان، خەڵکی کوردستان لە دژکردەوە بە دەسبەسەرکران و سەرکوتی چالاکانی مەدەنی لەلایەن ڕێژیمەوە بە هۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، لە هەڵوێستێکی بوێرانە و یەکدەنگدا ڕایانگەیاند کە بۆ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ جلوبەرگی خاکی دەپۆشن، هەر لە سەر ئەم بنەمایەش ڕایانگەیاند کە نەورزۆی ئەمساڵ بە ناوی نەورزۆی خاکیپۆشانەوە ناودێر دەکەن. ئەم ناودێرکردنە ئەگەرچی بەشێکی دژکردەوە بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام لایەنێکی دیکەی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەک ڕۆڵەی خاکیپۆشی ئەم نیشتمانە بوو.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە لەلایەن چالاکانی مەدەنی و خەڵکی نێوخۆی کوردستانەوە، وردە وردە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دەستیان پێ کرد و خەڵکی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی پێشوازییان لە نەورۆزی ٢٠٢٥ی کوردی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

بڕیاری لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، بڕیارێک بوو کە لەلایەن گەلەوە درابوو، بۆیە ئەرکی لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوە بوو کە بۆ ڕێزگرتن لە بڕیاری خەڵکی کوردستان، بە پێشوازی ئەم بڕیارەوە بچن و پشتیوانی و هاودەنگی خۆیان لە خەڵک دەرببڕن. هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە یەکەم ڕۆژەکانەوە پاڵپشتیی خۆی لەم بڕیارە گشتییەی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەوەی کە لەم نەورۆزەدا لەلایەن هەندێک کەسەوە زەق کرایەوە، پێوەندیی نێوان ژنی کورد و جلوبەرگی خاکی بوو. دوابەدوای بەڕێوەچوونی ژمارەیەک لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی وێنەی ژنان و کچانی کوردستان بە جلوبەرگی خاکییەوە، هەندێک کەس لێکدانەوەی خۆیان لە سیمای نەورۆز و جلوبەرگی ژنان لەم ڕێوڕەسمانەدا ڕاگەیاند و پێیان وابوو کە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی لەلایەن ژنانەوە، بە مانای داماڵرانی ژنان لە ژنبوونی خۆیانە و نابێ ئەم بڕیارە بەسەر تونێژی ژناندا بسەپێت و بە جۆرێ لە جۆرەکان لە ڕێگەی وروژاندنی پرسی ژن بوون و هەست و سۆزی ژنانە، هەوڵیان دا ژنان لە پۆشینی ئەم جلوبەرگە پاشگەز بکەنەوە.

لە کوردستاندا کاتێ باس لە پێشمەرگە دەکرێ، قەت پرسی ڕەگەز زەق ناکرێتەوە، چونکە ماهییەتی خەبات لە کوردستان دژ بە هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی بووە، کەوابوو پێشمەرگە پێشمەرگەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکەی. لە مێژووی ئێمەدا پێشمەرگە چ ژن بووبێت و چ پیاو، جلوبەرگێکی فۆرمی تایبەتی هەبووە کە ئەویش ڕێک پێوەندیی بە سروشتی خەبەتەکەمانەو بووە، نەک بە مانای داماڵینی ژن لە ژنبوونی خۆی! لە ڕاستیدا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە مانای ڕەگەزبەخشین بە جلوبەرگە، جلوبەرگێک کە هێمای خەبات و شۆڕش بووە و ئەمە ڕێک بە مانای دابڕینی بەشێکی گرینگ، کاریگەر و دیاری کۆمەڵگە واتە ژن لە خەباتە.

هەر لە نەورۆزی ئەمساڵدا باس لە سەپاندنی جلوبەرگی خاکی بەسەر خەڵک و بەتایبەت ژناندا کرا، کە بێگومان ئەم بۆچوونە، هیچ لە ڕاستی نزیک نییە و بە پێچەوانەوە ئەوە بڕیارێک بووە کە لەلایەن خودی خەڵکەوە دراوە و خۆشیان جێبەجێی دەکەن. لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا کە نەورۆزی جامانەکان ڕاگەیەندرا، بڕیار وابوو هێمای سەرەکی لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا جامانە بێت، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی وەک جلوبەرگی پێشمەرگە، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەوان لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی ڕۆڵەکانی خۆیانن. کەوابوو لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە نەک سەپاندن و نە بە زەبری هێز بەڵکوو بە خواستی خودی خەڵک و بەتایبەت ژنان بووە و ئەمەش یەکێک لە ڕێگاکانی خەبات لە کوردستانە.



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

کۆمەڵگەی کوردستان چەقی خەباتی ئێمەیە و خەڵکی کوردستان ئەکتەری سەرەکیی ئەم مەیدانەن، ئەوە خەڵکی کوردستانن کە بە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بە سەرنجدانی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا، بڕیار لەسەر پرسە هەستیارەکان دەدەن. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر و بۆنەی جیاوازدا بە تێگەیشتن و شعووری سیاسییان کوردستانیان کردووەتە مەیدانێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر. لێرەدایە کە دەبێ بە بایەخەوە چاو لە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان لەم مەیدانە بکرێت، چونکە ژنان بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە ئەزموونوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا و قوربانیدان و گیانفیدایی خۆیان، هەر چەشنە بۆنە و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بە مەیدانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن دەزانن و قایم و بە ئیرادە، هاوکات بڕوامەند بە ئامانجەکانیان لەم مەیدانەدا تێدەکۆشن. نەورۆزی خاکیپۆشانی ئەمساڵ، مەیدانی بەکردەوەییکردنی خواستەکانی ژنانی کوردستانە بۆیە شێلگیرتر لە جاران و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێناسەی باوی پیاوسالاری و ئیدئۆلۆژیک لە خۆیان، خاکیپۆشی نیشتمانن و وەک ڕۆڵەیەکی خاکپارێز گۆڕەپانی نەورزۆیان کردووەتە سەنگەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانیان چونکە دەزانن کە بە خاکیپۆشبوونیان هێڵێکی بەتاڵ بەسەر هەڵاواردندا دەکێشن و وەک تاکێکی ئەروەخۆگری نیشتمان هەوڵ بۆ ڕزگاری خاک و نیشتمانەکەیان دەدەن.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# ئەوەی ڕابورد و ئەوەی دێ



هەردی سەلیمی

ساڵی ١٤٠٣ساڵێکی پڕکێشە و پڕقەیران بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. هەر لە دەسپێکی ساڵدا کۆنسوولیی کۆماری ئیسلامی لە سووریە کرایە ئامانج و چەندین فەرماندەی سپای پاسداران لەو هێرشەدا کوژران. دوابەدوای ئەو هێرشەی ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامییش بۆ یەکەم جار هێرشی ڕاستەوخۆی کردە سەر وڵاتی ئیسرائیل، ئەڵبەت ئەم هێرشە هێرشێکی کۆنترۆڵکراو بوو بەو هیوایەی کە وەڵامی ئیسرائیل توند نەبێت. هەر بەو هیوایە هێرشێکی تری لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر ئیسرائیل کرد، کە ئەم جار وەڵامی ئیسرائیل توندتر بوو و چەند کەسێکیش لە ئاکامی ئەو هێرشەدا کوژران، بەڵام ئێران وەڵامی ئەم پینگ‌پۆنگەی نەداوە و "وەعدەی سادق"ی سێیان تۆزی فەرامۆشیی لەسەر نیشت.

هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا "ئیبراهیم ڕەئیسی" سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی گوماناوی تێدا چوو، پاشان لە هەڵبژاردنێکی کەساد و بێڕەونەقدا "پزشکیان"یان هێنا کە بە بەڵێنی چاکسازی دەستی بەکار کرد. لەگەڵ ئەوە لەم ساڵەی کە تێپەڕ بوو گرووپەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و بەتایبەت لە لوبنان، زەبری کوشندەیان

وێکەوت، بە جۆرێک کە کادری پلەباڵای ئەم ڕێکخراوەیە بەشی هەرە زۆریان کوژران و لە سەرووی هەموویانەوە "حەسەن نەسروڵڵا". کێشەکان بەوەندە کۆتاییی نەهات، لە سووریەش دەسەڵاتی بنەماڵەی "ئەسەد" ڕووخا و بەکردەوە کۆماری ئیسلامی ڕێگەی زەوینیی بۆ لوبنان لەدەست دا. هەرچەند چەندین جار لە زمانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بەڵێنی ئەوە درا "لاوانی سووری" وەخۆ دەکەون و دەسەڵاتی نوێی سووریە تێکەوە دەپێچن و ئەسەد دێننەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەم بەڵێنەی خامنەیی هەر بەقەد بەڵێنی سادقی سێکەیان و تۆڵەسەندنەوەی "هەنیە" کە لە تاراندا کرایە ئامانج، وەڕاست گەڕاوە.

لەگەڵ ئەم کێشە ناوچەیییانە، کێشەیەکی دەرەکیی تری کۆماری ئیسلامی هاتنەوەی "ترامپ" بوو، کە دوو بژاردەی ملدان و شەڕی خستووەتە بەردەمی خامنەیی و حکوومەتەکەی، کە دووڕیانێکی ئەستەمە بۆیان. هەر ئێستاش کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا خۆی لە بایەخی ڕیاڵدا دەرخستووە.

عەلی خامنەیی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا بۆ ساڵی ١٤٠٤، بە ئاماژەدان بە کێشەکانی ساڵی ١٤٠٣، ئەو ساڵەی بە ساڵی ١٣٦٠ شوبهاند، ئەمە دووەم جارە لەم ماوەیەدا باس لە ساڵی ١٣٦٠ دەکات، جارێکی تریش وتبووی: "خوای ئێستا هەمان خوای ساڵی شەستە" کە بەدیاریکراوی مەبەستی لە هەڕەشە بوو بۆ سەر ناڕازییان و زیندان و سەرکوت و ئێعدامی ئەو ساڵەی وەبیر دێنانەوە؛ لێرەشدا ویستی بڵێ دیسان دەتوانن ئەم پێچەش ببڕن، وەک چۆن پێچی ساڵی ٦٠یان بڕیوە! بەڵام خامنەیی باشتر لە هەر کەسێک دەزانێ، کێشە و قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا زۆر بەرفراوانترن و ئەم قسانە هیچ تۆوی هیوایەکی لێ شین نابێت بۆ لایەنگرانی.

هەر ئێستا دۆخی ئابووریی وڵاتی ئێران لە لاوازترین و ناجێگیرترین دۆخی خۆیدایە، هەڵاوسان و داتەپینی نرخی ڕیاڵ و بێکاری و... گەیشتوونەتە ترۆپکی خۆیان، لەم ساڵەی کە ڕابورد ئێران تووشی قەیرانی دابینکردنی گاز و برق بوو، بە جۆرێک کە لە زۆربەک لە ڕۆژەکانیساڵدا ئیدارە و قوتابخانەکان داخران، دۆخێک کە لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراقیشدا ئەزموون نەکرابوو. لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەردەوام نارەزایەتیی ڕۆژانە لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەڕێوە دەچن و هیچ بەرنامە و ڕێکارێکی ڕوون و ناڕوونیش بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشانە نابینرێ.

عەلی خامنەیی کە بەشی هەرە زۆری دروشمەکانی ئەم دوو دەیەی دواییی تایبەت کردووە بە بواری بژێو و ئابوورییەوە و هەتا هاتووە دۆخەکە خراپتریش بووە، ئەمساڵیش لە پەیامی خۆیدا بێلێکدانەوە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ڕووکەش وتی: "هەربۆیە دروشمی ئەمساڵ "سەرمایەگوزاری بۆ بەرهەمهێنان"ە کە ئەمە ئینشائەڵڵا دەبێتە هۆی کرانەوەیەک بۆ بژێوی



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

خەڵک و بەرنامەداڕشتنی دەوڵەت لەگەڵ بەشداریی خەڵک پێکەوە ئینشائەڵڵا کێشەکە چارەسەر دەکەن." مەبەستی لە بەشداریی خەڵکیش ئاوا ڕوون کردەوە کە نابێ زێڕ و دراو بکڕن، بەڵکوو سامانی خۆیان بێنن لە ڕێی بە وتەی ئەو بەرهەمهێناندا خەرجی بکەن.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ڕاستە دانی نا بەو کێشە و شکستانەی وا لە ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە، بەڵام ڕێکارەکانی بۆ بازدان بەسەر ئەو کێشانە و قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستانە هەمان ڕێکار بوون وا ئەم دۆخەیان هێناوەتە گۆڕ، نووسان بە بەرنامەی ناوکییەوە وەک بەرنامەیەکی حەیسییەتی، مل‌نەدان بە وتووێژ و بەکارهێنانی ئەدەبیاتی هەڕەشەیی بەرامبەر بە ئەمریکا و هەروەها بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەدان بە یارمەتیی پرۆکسییەکانیان واتە بەردەوامیی سیاسەتی ناوچەییی کۆماری ئیسلامی. لە ڕووی ئابوورییشەوە کە وەک باس کرا ئەمە ڕێکارەکەی بوو کە خەڵک هەوڵ بدەن بە دانانی کارگەی بچووک بچووک ئابووریی ئێران خۆژیو و خۆبەڕێوەبەر بکەن! لەم نێوەدا نە باسێک لە سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە، سیاسەتی پڕتێچووی بەرنامەی ناوکی، سیاسەتی پڕتێچووی دوژمنایەتیی ڕۆژاوا، ئابلۆقەی ئابووری، ئابووریی ڕانتی و گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و... هەر ئاماژەشی پێ ناکرێ کە ماکەی هەموو ئەو کێشانەی ئێستای ئەو وڵاتەن. وا وێدەچێ ئەم قەوانە کۆنە هەر لێ دەدرێتەوە و دەبێ چاوەڕێی دۆخی زۆر پڕکێشەتر بین بۆ کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: بە وەڵامدانەوەی پ ک ک بە بانگەوازەکەی ئۆجەلان چاوەڕوان دەکرێ دەستوەردانی ئەم حیزبە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆتایی پێ بێت




### ئاماژە:

بانگەوازەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان یەک لە گەورەترین ڕووداوەکانی ساڵی زایینی بوو کە چاوەڕوان دەکرێ ببێتە سەرەتای زۆر گۆڕانکاریی دیکە لە وڵاتانی تورکیە و تەنانەت کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسیی وڵاتانی دراوسێش هەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە وەک پرەنسیپ و نەخشەڕێ هەمیشە باوەڕی بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە وەکوو باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە و لەم سۆنگەیەوە، بەچاوی ئەرێنی لەو بابەتە دەڕوانێ و هیواداره ئەم پرۆسەیە بە باشترین شێوە ڕەوتی ئاسایی و یاسایی خۆی بپێوێ و ئاکامی دڵخوازی هەر دوو گەلی کورد و تورکی لە تورکیە لێ بکەوێتەوە.

"کوردستان" بۆ تاوتوێی زیاتری ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە:

**کوردستان**: کاک مستەفا وەک دەروازەی باسەکەمان هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان چیە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو بانگەوازە پێویستە دەبێ بە پاشخانێکی فکری، سیاسی، مێژوویی و حقووقییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بە سەرنجدان بە دۆخ و هەلومەرجی سیاسیی ئێستای کۆمەڵگەی تورکیە و پرسی کورد وەک ئەمری واقعی ئێستای ئەم وڵاتە تاوتوێ بکرێ. لەو پێوەندییەدا ئەمن لام وایە هەتا ئێستا وەک پێویست ئەو هەڵسەنگاندن و وردکردنەوەیە نەکراوە، واتە لایەنی باش و پۆزەتیڤی پەیامەکە خوێندنەوەی تەواوی بۆ نەکراوە و لایەنە باشەکانی نەخستراونە ڕوو. لایەنی نەرێنییەکەش وەک خۆی بەپێی مەنتیقی سیاسی و مێژوویی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە و ئەوە یەکێک لە کەمایەسییەکانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای دەنگدانەوەی زۆر و باشی ئەو پەیامە جۆرێک هیوا و گەشبینی بە چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد لە لای خەڵکی تورکیە و باکووری کوردستان دروست کردوە. هەروەها پەیامەکە ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێ کە لەمەودوا جۆرێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی کورد لە تورکیە دێتە ئاراوە کە لەگەڵ سەردەم بگونجێ و تێچووی ئەو خەباتە بەتایبەت لەباری گیانی و وێرانکارییەوە کەمتر دەبێ.

**کوردستان**: ئەدی وەڵامدانەوەی پ ک ک، لەو بارەیەوە پێشبینیی چ دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ وەڵامی پ ک ک ئەوەندەی هەستم کردبێ وەڵامێکی یەکدەست و کۆنکرێت بە ناوی کۆنسەی سەرۆکایەتیی کەجەکە یان پەکەکە بەو بانگەوازە نەدراوەتەوە، یان لانیکەم من نەمدیوە. بەڵام ئەگەر قسەی بەرپرسانێکی وەک بەڕێز موراد قەرەیلان بە مەبنا بگرین، ئەوە کە لەپێناو دروستکردنی بەستێن بۆ دیالۆگ و دانوستان ئاگربەستیان ڕاگەیاندوە کاری باش و بەرپرسانەیە و وەڵام و کاردانەوەیەکی ئەرێنی بە پەیامەکەی بەڕێز ئۆجەلان و خۆشکردنی بوار بۆ وتوویژ و دانوستانی زیاترە. جیا لەوە دەبینین لە لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی پەکەکەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە پەکەکە بۆ ئەوەی بەتەواوی وەڵامی بانگەوازی ئۆجەلان بداتەوە، دەبێ سەرەتا ئۆجەلان ئازاد بکرێ و ئەو بۆخۆی سەرپەرستیی کۆنگرەی پەکەکە بکات کە بۆ تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پەیامە دەبەسترێ و وەک بۆخۆیشی دەڵێ بەرپرسایەتیی بڕیارەکە هەڵبگرێت کە قسەیەکی دروستی ڕێکخراوەیی و سیاسییە. ئەوە ئەگەر مەرجیش بێت، مەرجێکی دروست و لە جێگای خۆی دایە، لەبەر ئەوەی ئەو کۆنگرەیە یەکێک لە گرینگترین کۆنگرەکانیان دەبێت کە دەبێ بڕیاری مێژوویی تێدا بدرێت. بەتایبەت کە لە ڕوانگە و ستراتیژیی سیاسی و شێوەی خەبات لە باکووری کوردستاندا پێشبینی ئاڵوگۆڕی جیددی و زۆر جیاوازی دەکرێت.

**کوردستان**: کاریگەریی ئەو بانگەوازە و کۆی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە چۆن دەبینن، بە چ ئاقارێکدا دەڕوا؟

**مستەفا مەولوودی**: تورکیە خاوەنی نیزامێکی سیاسیی جیاوازتر بەنیسبەت ئەو وڵاتانەیە کە کوردیان تێدا دەژی، یان باشترە بڵێین ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بێ لەبەرچاوگرتنی ویستی کورد و لەبەر چاوگرتنی مافی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەسەردا دابەش کراوە. نیزامی سیاسیی تورکیە تا ڕادەیەک نیوەدێموکراتیکە و دەکرێ یاری و کایەی سیاسی و حقووقیی تێدا بکەیت. بۆیە ئاشتی لەنێوان حکوومەتی تورکیە و بەڕێز ئۆجەلان و پەکەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەهادینەکردنی زیاتری دێموکراسی لەو وڵاتە دەبێ و کورد دەتوانێ لە بەستێنێکی هەراوتر و گونجاوتر و لە چوارچێوەی یاساییدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەبێت و مەجالی بزووتنەوەی جۆراوجۆری سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پانتایی و بەردەوامیی خۆیدا بە تێچوویەکی کەمترەوە هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکان هەڵبگیردرێ. بۆ ئەوەش زۆر پێویستە خەڵکی تورکیە بە گشتی بە کورد و تورکەوە بۆ دروستکردنی ئەو بەستێنە دێموکراتیکە بە سینگفراوانییەوە هەنگاوی بەکردەوە بنێن.

**کوردستان**: ئەگەر پەکەکە چەک دابنێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، سود و زیانەکانی بۆ باکووری کوردستان، ڕۆژاوای کوردستان، باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی دەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: پەکەکە وەک لە مێژووی ئەم ڕێکخراوەیەدا دەیبینین و دەیخوێنینەوە سەرەتا وەک ڕێکخراوێک بۆ وەدەستخستنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی تورکیە و باکووری کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بیرکردنەوەی بەنیسبەت کۆی باسە سیاسییەکان لە ناوچەدا بەتایبەت لە کوردستان و لەنێو خەڵکی کوردستان بەگشتی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. لە درێژەی ئەو ڕوستەدا باسی لە کوردستانی گەورە و پێکهێنانی کیانێکی سیاسی بۆ کوردان لە کوردستان کردوە؛ پاشان بە پاشەکشە لەو وێژمانە سیاسییە باسی لە نیزامی سیاسیی کۆنفیدراڵ لە ناوچەکەدا کردوە و هەتا گەیشتۆتە باس لە بەڕێوەبەریی خۆسەری دێموکراتیک کە وەک سیستم و نیزامێکی سیاسی پێناسەکردن و لێتێگەیشتنی بۆ زۆرکەس هاسان نەبوو. لەبەر ئەوە کە نیزامێکی ئەزموونکراو و کارپێکراو نەبووە، لانیکەم لە ناوچەکەدا. لە ئێستاشدا لە نامەکەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا ئەوە زۆرتریش ناڕوونی پێوە دیارە.

ئەو سیاسەت و بیرکردنەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە هۆی سیاسەتی پەکەکە، دروستکردنی جەریانی شێوە پەکەکە کە ئیلهام لە سیاسەتی گشتیی پەکەکە وەردەگرن، لە سەردەمانێکدا لە هەموو بەشەکان، قسەی لێ



سەرچاوە
Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

دەکرا و حیزبی بۆ دروست دەکرا و ئەوە دەچوو نێو خوێندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و شوێنەواری دەستوەردانی پەکەکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێوە دیار بوو. بەگشتی دەتوانین بڵێین ئەو پرسە لەو سەردەمەدا نەک بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەدەشکایەوە، بەڵکوو دەبوو بە بیانوو بۆ دەستوەردان لە کاری سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕێگای بۆ دەستوەردانی دەوڵەتانیش خۆش دەکرد.

لە ئێستادا پەکەکە پرۆژەی هەیە بۆ خۆگۆڕین و چەکداماڵینیان و بە جۆرێکی دیکە تێکۆشان و خەبات لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا و بەوەش چاوەڕوان دەکرێ ئەو دەستوەردان و حیزب دروستکردنانە کۆتاییان پێ بێت و تێکۆشانی سیاسیی پەکەکە لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا سنووردار بکرێت.

**"کوردستان**: ئەو بۆشاییەی لە ناوچە سنورییەکان بەهۆی هەڵوەشانەوەی پەکەکە دروست دەبێت کێ پڕی دەکاتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەو جۆرە نییە کە پێمان وابێ بە چەکدانانی پەکەکە بۆشاییەکی قووڵ لە ناوچە سنوورییەکان دروست دەبێت. لەدیوی سنووری ئێران، حکوومەتی ئێران، تەواوی سنوورەکەی لای خۆی تەنیوە. تەنانەت لە هێندێک شوێن سنووری وڵاتانی دراوسێشی بەزاندوە. لە سنووری لای تورکیەش هەر بەو شێوەیە و تەنانەت بە بیانووی بوونی پەکەکە، تورکیە مەودایەکی زۆر لە سنووری عێراقی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان بەزاندوە و بنکەی نیزامیی لێ داناون. تەنیا ناوچەیەکی بەرتەسک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گریلاکانی پەکەکەی لێیە و هەتا ئێستا بۆ مەدارا لەگەڵ پەکەکە بووە، دەنا دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاسەوانی سنوور ئەو توانا و ئیمکاناتەی هەیە سنوورەکە کۆنترۆڵ بکەن و هیچ بۆشاییەکی ئەوتۆی جێگەی نیگەرانی بۆ هیچ لایەک دروست نەبێت.

**٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سەعدوون ئاب)




**بوومە نەخشەی ئەو وڵاتە، هەر چیا دەڕوێ لەلام**
**داربەڕوو شینن بە بەرزایی نیگا و باڵامەوە**

**برایم چووکەڵی**

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی زوڵملێکراوە، دەیان ساڵە ڕۆڵەکانی دژی زۆرداریی خەبات دەکەن و لەم پێناوەدا شەهیدی زۆریان داوە. سووتان و ماڵوێرانی و دەربەدەری، ئازار و ئەشکەنجە و زیندان هەموو بە بەژن و باڵای ئەم نەتەوەیە بڕاوە، لە پەنا ئەوەشدا گەلی کورد بە بارتەقای باڵای مێژوو لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیدا، ماندوویینەناسانە درێژەی بە تێکۆشان داوە و لە بەرانبەر زەبروزەنگ و ئێعدام و ڕەشەکوژی و سەرکوت و خەفەقاندا، ملی بۆ داگیرکەران و چەوسێنەران ڕانەکێشاوەو بەچۆکدا نەهاتووە. هەر بەم پێیە قورسایی بەرگری و بەگژداچوونەوە بە دژی پەلامارەدەرانیش زیاتر کەوتۆتە سەر شانی لاوانی کورد.

لە ڕەوتی خەباتی سەروەریخوازیی کورددا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو حیزبە بووە کە لاوان بە گوڕوتینەوە پەیوەست

بە ڕیزەکانی بوون و سنگی خۆیان کردوە بە قەڵغان و بەگژ پەلاماردەراندا چوونەوەتەوە؛ و یەکێک لەو لاوە بوێر و چاونەترسانەش کە ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بیر و ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیبەوە، فەرماندەری بەتوانا شەهید سەعدوون ئاب لە ناوچەی شنۆ بوو.

شەهید سەعدوون ئاب ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لەکاتێکدا ساواک بەرەبەرە پەلاماری ئەندامانی حیزبی دەدا و ڕاپێچی زیندانی دەکردن، لە ئاوایی ئیندرقاشی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لەدایک بوو. شەهید سەعدوون هەتا پۆلی ٥ی سەرەتایی خوێند و بە هۆی وەزعی نالەباری ئابووریی بنەماڵەکەی وازی لە خوێندن هێنا و دەستی بە کاری وەرزێری کرد، پاشان چووە شیرکەت و کوورەخانەی شارەکانی دوور و نیزیکی کوردستان و شەو و ڕۆژ کاری تاقەتپڕووکێنی دەکرد. هەر بەو کارکردنە و گەڕان لە شارەکانی دیکەی ئیران و وردبوونەوە لە ژیان و نەهامەتیی خەڵکی، هەستی بە جیاوازیی زۆر لە نێوان نەتەوەکاندا کرد.

ساڵی ١٣٥٢ ماڵی سەعدوون ئاب بەرەو شاری شنۆ کۆچیان کرد و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لەو ناوچەیە، سەعدوون لە سەربازی ڕای کرد و لەگەڵ دوو برای بە ناوی سەعید و مارف هاتنە ڕیزی ئەندامانی حیزبەوە و بە بنەماڵەوە ئاواتەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان لەبەرنامەی حیزبی دیموکراتدا دیتەوە. بۆیە لەگەڵ براکانی ساڵی ١٣٥٨ چەکی دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی گەلەکەیان لەشان کرد.

سەعدوون لە پێشمەرگایەتیدا ڕێکوپێک و بەنەزم و لە خۆبووردوو بوو. بەئەخلاق و لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕووخۆش بوو، خەڵک ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. سەعدوون لە ڕاپەڕاندنی بەرپرسایەتیی حیزبیدا زۆر ئازایانە شانی وەبەر کار و ئەرکەکانی دا و وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و شێلگیر و کارامە دەرکەوت. سەعدوونی شەهید بڕوایەکی پتەوی بە ئیرادەی خۆڕاگری و نەتەوایەتی گەلەکەی هەبوو. هەر ئەو هەستە نەتەوایەتییەش بوو کە گڕوتینی خستبۆ جەستەیەوە. ئەو وەک دێموکڕاتێکی دڵسۆز بە ڕێبازی حیزبەکەی بە دڵێکی گەورە و بە باوەشێکی ئاوەڵاوە حەولی دەدا و ماندوویینەناسانە تێدەکۆشا. چون باوەڕی وابوو کە گەلەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، بە ئازادی دەگات و زەحمەتەکان بە فیڕۆ ناڕوات.

شەهید سەعدوون لە شەڕە حەماسیەکانی مەڵبەندی شنۆ و ورمێ ئازایەتیی نواند و ئەو ئازایەتی و ئەرکوەخۆگرییە ئازایەتی وای کرد سەرەتا بە سەرپەل لە لکی فەرزەندەی باقری دیاری بکرێ و لەو ئەرکەشدا نیشانی دا کە دەتوانێ بەرپرسایەتی قورستر وەستۆ بگرێ؛ هەر بۆیەش پاش ماوەیەک وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

## خاکەلێوەی ٢٧٢٥

سەعدوون ئاب لە شەڕەکانی ناوچەی شنۆیەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو و لەو هەلومەرجەدا ئازایەتییەکەی وێردی سەر زمانان بوو. پاراستنی نەزم و دیسیپلین و بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی هۆکاری سەرکەوتنی بەرچاوی ئەو بوو. شەڕەکانی دوژمن‌تۆقێنی دەرەی قاسملوو، نێو شاری نەغەدە، قەڵاتان، هەروەها نێو شاری ورمێ کە براکەی بە ناوی مارف ئاب لەگەڵپۆلێک پێشمەرگەی دیکە تێیدا شەهید بوون، بەشێک لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەی ئەو دژی هێزەکانی دوژمن بوو. سەعدوون ڕۆژ لە گەل ڕۆژ زیاتر ئۆگری ژیانی پێشمەرگایەتی دەبوو. بەردەوام هەوڵی دەدا زۆرتر لە ڕابردووی خەباتی ڕەوای گەلەکەی تێبگا و زیاتر پلەی زانیاری خۆی بەرێتە سەرێ و ئەو کردەوانە و زۆر کردەوەی شۆڕشگێڕانەی دیکە بوونە هۆی ئەوە کە ببێتە یەکێک لە فەرماندە لێهاتووەکانی ئەو ناوچەیە. ئەو لە بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئموورییەتی حیزبیدا جیدی و ڕووسوور و بەڕاستی قارەمانی نێو سەنگەر بوو.

شەهید سەعدوون لە هاوینی ١٣٦١ بۆ مەئمووریەتێکی حیزبی چووە شاری تەورێز کرد و پاش بەڕێوەبردنی ئەرکەکەی گەڕاوە بنکەی لکەکەی. ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هەواڵی پێ گەیشت کە خۆی بۆ مەئمووریەتێکی دیکە ساز بکا. ئەو لە کاتێکدا بە تراکتۆر بۆ شوێنی مەبەست ڕێ کەوتبوو، بەداخەوە بە ڕووداوی گیانی لەدەست دا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە .

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# ڕیزبوون لەپێناو گەیشتن بە مریشکی بێحیجابدا




**دارسمە**

ئەمە تارانە. تاران "کەڵانشار"ە و شاری شارانە. تاران شارە و فشەی پێناکرێت. تەنیا ڕیزبوونی کڕیارانی مریشکی ئاوەکوڵکراوی فرێشی ڕووت لە فرۆشگەیەکی گەورەی سەر بە زنجیرە فرۆشگەکانی سوپای پاسداران پێیەوە دیارە؛ ئەم شارە نێوەندی شارستانیەت و هزری هەرامەیە.

کاتێک لە فرۆشگەیەکی لەم جۆرە وەژوور دەکەوی و تەماشا دەکەی خەڵکێکی زۆر وەک پوورەی هەنگ تێکەوەداوێن و لە پێناو شتێکی نادیاردا وەک کەڵەشێری جەنگی خۆداوێنە سەر یەکتر، سەرەتا بیرێکی خوار و بەلاڕێداچوو بۆ ماوەیەکی کورت بەمێشکت دادێت و وا دەزانی هەندێک دەیانهەوێت لاسایی کەڵەشێری نێو مریشکان بکەنەوە. بەڵام دوای ڕێکخرانەوەی ئاپۆرەکە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا، تێدەگەی لە فرۆشگەیەکی شارێکی خاوەن شوناسی شارستانیی وەک ئەم تارانەی خۆمانی و لە پێشکەوتنی دانیشتووانی ئەم شارە سەرت سوڕ دەمێنێت.

چەند پۆلیسێک لە نێو ئاپۆرەکەدا بەرچاوتر دەردەکەون. سەرەتا وادیارە دەیانهەوێت خەڵکەکە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا ڕێکبخەنەوە، بەڵام زوو دەردەکەوێت ئەم پۆلیسە ژن و پیاوانە خەریکن بە پەنجەی شایەتمانی هەڕەشە لە ژنانی نێو ئاپۆرەکە دەکەن و یادیان دەخەنەوە قژی خاوی سەرشانان کۆ بکەنەوە و دایپۆشن. پۆلیسەکان لە ترسی وەزاڵەهاتنی خەڵکەکە و نەدانی بروبیانوو بە زیددی ئینقلاب و تێکدەرانی ئەمن و ئاسایش و تەناهیی ئەم دەوروبەرە، وردەوردە ئەنگوستی شایتمانی دەنووشتێننەوە و خەڵکەکەش دەکەوێتەوە یادیان ئەوان بۆ کڕینی مریشکی "فرێشی زێڕین" ڕوویان کردووەتە ئێرە و لە ئاکامدا ڕیزی خۆیان ڕێکدەخەنەوە و لە پێناو گەیشتن بەو مریشکانە بێدەنگ و ڕێکوپێک ڕیز دەبنەوە.

ئەو کاتەی ئاپۆرەی نێو فرۆشگە لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا دەنگیان نزم کردووەتەوە و بە ئاسانی گوێیان لە قسەی یەکتر و دەنگی ئەملاوئەولا دەبێت، لە بەرانبەریاندا دوو تەلەڤزیۆن لە تەنیشت یەک لەبن میچەوە هەڵواسراون و دوو دیمەنی جیاواز پیشان دەدەن. تەلەڤزیۆنی یەکەم هەموو کامێراکانی نێو فرۆشگە پیشان دەدات و ڕووبەرکەی بەگوێرەی ژمارەی کامێراکان بەسەر چەندین چاوەدا دابەش کراوە و هەر چاوەیەکیان وێنەی یەکێک لە کامێراکانی ئەم فرۆشگەیە پیشان دەداتەوە. بەڵام ئەو چاوەیەی "مریشکی فرێش"ی پێدا دیارە، لە هەموو چاوان ڕوونترە و ئەو دەرفەتە بۆ بەشداربووانی نێو ڕیزەکە دەڕەخسێنێت؛ بێئەوەی بەسەرشانی یەکتردا بیکەن بە شەڕ و هەراو هۆسە، لەو هەموو مریشکە سەربڕاوە خاوێنکراوانە بڕوانن.

لێرەدا کەمبوونەوەی ژمارەی مریشکەکانی نێو بەفرگرە شووشەبەندەکە ئەم نیگەرانییە دەخاتە ڕیزی "ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنەی" نێو فرۆشگاکە نەکا پێش ئەوەی هەرکامیان بگەنە شوێنی وەرگرتنی مریشکان، بەشیان نەمێنێت و بە ناچاری بیر لە بەشداربوون لە ڕیزی مریشکخوازانی ڕۆژانی داهاتووی نێو فرۆشگەکان بکەنەوە.

تەلەڤزیۆنەکەی دیکە دەنگی بەرزکراوەتەوە و جارناجارێک بەرپرسێکی بە ڕواڵەت قووڵ و مەند، قورس و قایم دەردەکەوێت و وەک ئەوانە دەچێت لە دوورەوە ناڕاستەوخۆ بەسەر بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە فرۆشگەیانە ڕادەگەن و دڵنیایی دەدەنە خەڵکەکە بۆ ئاسایشی خۆراک و ژیانی ڕۆژان و تەنانەت ساڵانی داهاتووش هیچ هەڕەشەیەک نایانخاتە مەترسییەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، خەڵکەکە غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگێکیان لێوە دێت و هێندێکیان بێئەوەی زیان بە ئاسایشی ڕیزە یەکگرتووەکە بگەیەنن، هێندێک شت دەڵێن. یەک دەڵێت سزاکانی شەیتانی بزورگ وەک بارانێکی بێئەمان بەسەر ئابووریی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

ئێراندا دەبارێت. یەکی دیکە دەڵێت نرخەکان جێگەی مووشەکیان گرتووەتەوە و زۆر بەپەلەن. یەکێکی دیکەتر دەڵێت مووشەکی کێ؟ هی خۆمان یان هی حووسییان؟ خاتوونێکی دەنێوەچوو دیارە کەمێکیش بە قژی دانەپۆشراوی پەخشانی سەرشانییەوە دەنازێت، چاوێکی مانادار لە پۆلیسە بێدەنگەکانی "ئەمری بە مەعرووف" دەکات و دەڵێت وا دیارە هەموومان تەنیا پارەی کڕینی ئەم مریشکانەی نێو پاکەتی بریقەدارمان لایە، بۆیە سەیری هیچ کاڵایەکی نێو ئەم فرۆشگایە ناکەین. بە تەمەنێک چەند کەس ئەولاتر وڵامی دەداتەوە، فرۆشگەش هەر فرۆشگەی هێزە چەکدارەکان پڕە لە کاڵای دوژمنان. کابرای بەویقاری نێو تەلەڤزیۆنی پاڵ تەلەڤزیۆنی پیشاندەری کامێراکان بۆ ماوەی چەند چرکە دەنگی لە دەنگی ئاپۆرەی نێو فرۆشگەکە بەرزتر دەبێتەوە دەڵێت، "ئوممەتی هەمیشە دەرسەحنە ئەرخەیان دەکەین هەموو شتێک لەجێگەی خۆیدایە و ئێمە بەردەوامین" بۆ بینەران و بیسەران پشتڕاستیشی دەکاتەوە دابەزینی نرخی ئەم تومەنەی خۆمان تەنیا لەبەر نەزانیی وەزیری لەکار لادراوی ئابووریی پێشوو بوو.

بەشدارانی ڕیزی دوور و درێژی کڕینی مریشکی فرێشی بریقەداری نێو ویترینە خوێنشرینەکەی فرۆشگەی زنجیرەیی هێندێکیان خەریکی مۆبایلەکانیانن و دەنگی تەپڵ و دووزەلە و گۆرانی و هۆتاڤ کێشانی ژن و پیاوانی نێو هەڵپەڕینی بەرەو نەورۆزی شارەکانی کوردستان لە ترسی پۆلیسەکانی دەوروبەریان نزم دەکەنەوە. یەکێکیان لەوانە لە "جمعیت کُردهای مقیم مرکز" یان کارمەندی دوورخراوەی زێدی خۆی بێت، هەر بە هەوەس بەشێک لە دەنگی مۆبایلەکە بەرز دەکاتەوە و هەموو گوێیان لەم دروشمە دەبێت و بە بیستنی دەنگی ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە لە مۆبایلەکەوە دەکەونەوە یادی نەورۆز و سەیری ئەو ماسیە سوور و جوانانە دەکەن لە لایەکی فرۆشگەکدا لە نێو ئەو ئاوەدا هەڵدەپەڕن بە شووشەیەکی ڕوون گەمارۆ دراوە.

ماسییە بەستەزمانەکان وەک ئەوە وان لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڕواننە جیهان و هەموو شوێنێک دەبینن و دەستیشیان بە هیچ شوێنێک ناگات.

**٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# دڵخۆش بە نامەی شەیتانی گەورە!



**ڕەزا دانشجوو**

عەلی خامنەیی بە یەکێک لەو دیکتاتۆرانە دادەنرێت کە لە سەردەمی حوکمڕانییە شەرمەزارییەکەی هەموو هەوڵێکی بۆ مانەوە و پاراستنی تاج و تەختەکەی بۆ ماوەیەکی زیاتر داوە. خامنەیی دەیان جار نیشانی داوە کە دروشمە پووچ و بێبنەماکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر بۆ نێوخۆی وڵات و بێدەنگکردنی تاقمێک جەماوەری بێهەڵوێستە کە ئێستاش باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی ماوە یان بۆ خاتری قازانج و بەرژەوەندییان مجبوورن باوەڕمەند بمێننەوە! ئەگینا بۆ زۆرینەی خەڵک تەواو ڕوونە تەنیا ختوورە و داڵغەی دیکتاتۆری پیر پاراستنی تاج و تەختەکەی و مانەوەیە لە دەسەڵاتدا و لە ڕوانگەی ئەوەوە هەموو شتێک جێگای گفتوگۆ و قسەکردنە!

خامنەیی بە پێچەوانەی خومەینی نیشانی داوە کە هەرگیز ئامادە نیە خۆی و دەسەڵاتەکەی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنووردار بکات و پابەندی هێڵە سوورەکانی خومەینی بێت! بێگومان نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە هەلومەرجەکانی سەردەمی دەسەڵاتی خومەینی و خامنەیی لە بنەڕەتدا جیاواز بوون و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەبێ قبووڵی بکەین کە

شێوازی حوکمڕانیی خومەینی ناتوانێ بەردەوام بێت! لەم پێوەندییەدا دەبێ بگوترێت کە کۆمەڵگەی هۆشیار و بەئاگابووی ئەمڕۆ، بە تایبەت ئەو نەوەیەی ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵ دەیان جۆر مێدیا و بێشومار تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دراوە، ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک بەراورد بکرێت بەو نەوەیەی کە تازە لە کابووسی ڕێژیمی پەهلەوی ڕزگاری ببوو و هیچ زانیارییەک و پێوەندییەکی لەگەڵ دونیای ئازاد نەبوو! نەوەیەک کە لە ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاری بوو بە نێچیری دیکتاتۆرییەکی بێبەزەییتر و دڕندەتر!

لە ڕاستیدا ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە وشیارکردنەوەی نەوەی ئەمڕۆدا. بەڵام ئەمە تەنیا جیاوازیی سەردەمی خومەینی و خامنەیی نیە! واقیعەکە ئەوەیە کە خامنەیی هەر لە سەرەتاوە ئەو پێگەی ئایینی و مەزهەبییەی لەنێو لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە و تەنانەت دوای ساڵانێک لە زیندانیکردن، لەسەرکار لابردن و خانەنشینکردن و نەهێشتنی ڕکابەرە سیاسییەکانی، هێشتاش نەیتوانیوە ئەو پێگەی مەزهەبی و ئایینییە لەنێو لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیدا بەدەست بهێنێت. بەڵام خاڵی گرنگتر هەڵوێستی دەرەکیی لەرزۆکی حکومەتی وەلایەتی فەقێیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە لێواری هەڵدێر نزیک دەبێتەوە. ئەو بارودۆخەی کە نیشاندەری کۆتایی چیرۆکی کۆماری ئیسلامییە!

## داڕمانی ئابووری

بەزاندنی سنووری ١٠٠ هەزار تمەنی یۆرۆ بە ڕوونی دەریخست کە ئەم ئابوورییە نەزۆک و لاوازە دوا هەناسەکانیەتی و هیچ دەرمانێک و نەشتەرگەرییەک چارەسەری ئەم نەخۆشییە بێ دەرمانە نییە. ئابووریی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە لە لێواری ئیفلاسە و تەنیا هۆکاری ئاشکرانەکردنی بۆ ترسی ڕێژیم لە کاردانەوەی جەماوەری دەگەڕێتەوە! هەر هەوڵێک بۆ بووژاندنەوەی ئەم ئابوورییە لەرزۆکە بە هۆی کاریگەریی درێژخایەنی سزا نێودەوڵەتییەکان مەحکوومن بە شکستهێنان! هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی تۆڕگەلێکی ئاڵۆزی قاچاخچێتی لە شێوەی مافیادا هەوڵی بەدەربازبوون لە گەمارۆکانی داوە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە هەموو ئەم ڕێوشوێنانە جگە لە تێچووی زۆریان زۆرجار شکستیان هێناوە، یان بۆ نموونە کۆماری ئیسلامییان ناچار کردووە کە سەروەت و سامانی ئێران هەڕاج بکات. ڕەنگە ڕوونترین نموونە ئاڵوگۆڕی نەوت بە تاقمێک کاڵای بێ نرخ لە لایەن هەندێک زلهێزی جیهانی و ناوچەییەوە بێت.

لە لایەکی دیکەوە گەندەڵیی سیستماتیک پەیکەری ئەم ئابوورییە نەخۆشەی تێک داوە. ڕۆژ نیە کە هەواڵی گەندەڵکارییەک، ساختەکارییەکی چەند هەزار میلیارد تمەنی لە میدیاکانەوە بڵاو نەکرێتەوە! جێگای سەرنجە کە ئەمانە تەنیا ئەو حاڵەتانەن کە لە میدیاکانەوە باس دەکرێن و بە سەدان حاڵەتی دیکەش بە هۆی بەرژەوەندیی ڕێبەرانی

ڕێـژیمەوە بـۆ هەتـا هەتـایە بە شاراوەیی دەمێـنـنەوە. لە ڕاسـتییدا ئێسـتا گەنـدەڵی لەنێـو سیسـتەمی ئـابووریی ڕێژیـمدا گەیشتۆتە لوتکە، ئێستا سیستەم خەریکی خۆخۆری و لەنێوبردنی یەکترن! شێرپەنجەیەک بە تەواو مانـا کە خەریکە ئەو دەگمەن ئەندامە ماوە تەندروستانەی جەستەی ئەم ئابوورییە مایەپووچەش تووش دەکات!

## گۆشەگیریی نێودەوڵەتی

سیاسـەتی دوژمنکـارانەی کۆمـاری ئیسـلامی لە دژی وڵاتـانی جۆربەجـۆر لە سەرانسـەری جیهـان بـۆتە هۆکـاری بەدیهـاتنی کەشوهەوایەکی گشتیی بێمتمانەیی بەرامبەر بە ڕێژیمی وەلایەتی فەقیە! ئێستا ژمارەی دۆستانی کۆماری ئیسلامی لە جیهـان و نـاوچەکەدا تەنـانەت بە پەنـجەی دەسـتێکیش دەژمێردرێـت. نـابێ ئەوەش لەبیـر بکرێـت کە ئەو چەنـد دۆسـتەش کە بە ڕواڵەت لەلای کۆماری ئیسلامیدا مـاونەتەوە، دەیـان جـار نیشـانیان داوە کە لە کـاتی سـەختی و کێشـەکاندا ئـامادە نین بـۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. لە ڕاستیدا ئەم وڵاتـانە نەک وەک دۆستێک، بەڵکوو وەک دەوڵەتێکی بـوکەڵانە و ژێردەست کە ناچارە شوێنکەوتوو و گوێڕایەڵی ئەربـابەکەی بێت، سـەیری کۆمـاری ئیسلامی دەکەن! بۆ نموونە سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بە تـایبەت بەرامـبەر بە ڕووسـیە هـیچ نیشـانەیەکی لە سـەربەخۆیی بیـروڕا یـان خۆبەگەورەزانینی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشهاتە جۆراوجۆرەکان نیشان نادات و ڕێژیم تەنیـا لێدوانی ڕێبەرانی کرێملین دووپات دەکاتەوە!

کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی سیاسەتی دوژمنکارانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ دۆستێکی نییە، زۆر هەوڵـی داوە لە ڕێگەی دروسـتکردن و سـازدانی تاقمێـک هێـزی بەکرێگیراوانـی بەوەکـالەتی نـاوچەیی پـێگەیەک لە نـاوچەی ڕۆژهەڵات نێوەڕاست بەدەست بهێنێت، بەڵام دوای هێرشە کوشندەکانی ئەم دواییـانەی ئیسـرائیل بـۆ سەر ئەو گرووپـانە و لەبەینبردنی بەشێکی بەرچاو لە توانایی شەڕکردنیان و هەروەها تیرۆر و کوشتنی زۆرینەی سەرکردەکانیان، ئێستا دۆخی ئەو هێـزانە زۆرخراپتره لە ئەوەی بتوانن هیچ شتێک بۆ دەسەڵاتدارانی تـاران بکەن!

## دڵخۆش بە نامەی شەیتانی گەورە!

دۆخـی کۆمـاری ئیسـلامی لەم سـاڵانەی دواییـدا و ڕەفتـاری عەلـی خـامنەیی دەریخسـتوە کە کۆمـاری ئیسـلامی چیتـر هـۆگری پاراستنی تاقمێک دروشمی بێبنەمـای ئیدۆلۆژییک نییە، تەنـانەت وەک پڕۆپـاگەنـدە و تەنیـا بە وشـەش! دروشمگەلێک کە لانیکەم لە ڕواڵەتدا لە سەردەمی خومەینیدا پـارێزراو بـوون، بەڵام لە سـەردەمی عەلـی خـامنەیی بە هـۆی پەیوەنـدییە زۆر

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

نزیکەکانی ڕێژیم لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو واتە چین و ڕووسیە و گوێڕایەڵی تەواوی ڕژیم بۆ ڕاسپاردە و فەرمانی ئەربابەکانی بە تەواوی پشتگوێ خران.

ئاڵقە نوێیەکەی ئەم نمایشە گاڵتەجاڕییە چەند ساڵێک لەمەوبە دەستی پێ کرد، کاتێک خامنەیی، دیکتاتۆر تاران، ئەمجارەیان بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان، بە دەستەواژەی "نەرمینواندنی قارەمانانە" دەسپێکی جۆرێک لە دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا ڕاگەیاند. ئێستا، ساڵانێک دوای ئەو ڕووداوە، ڕژیم لە خراپترین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا، بە هیوای دانوستانی نوێ لەگەڵ ئەمریکایە. لێدوانەکانی ئەم دواییەی عەلی خامنەیی سەبارەت بە نامەکەی دۆناڵد ترامپ دەرخەری گوڕانکارییەکی تازە لە بۆچوونەکانی دیکتاتۆر تارانە! خامنەیی دەڵێت حکوومەتی ئەمریکا دەیەوێت نیشان بدات کە ئێمە ئامادە نین دانوستان بکەین! لە ڕاستیدا خامنەیی کە ساڵانێک دانوستان لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکای بە ناشەرعی و بێ ئەنجام و بێهوودە دەزانێت، ئێستا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە جگە لە ئامێزگرتنی ئەو دانوستانانە! بەڵێ! سەرکردەی خەیاڵی موسوڵمانانی جیهان! کە لەهەر کۆڕ و کۆبونەوەیەکدا ساڵانێکە ئەمریکای بە شەیتانی گەورە ناودێر کردوە، ئێستا بە شێوەیەکی سەیر دڵخۆش و چاوەڕانی گەیشتنی نامەی شەیتانی گەورەیە! بەو هیوایەی کە ئەم نامەیە پێش بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتە پڕشوورەیی و ناوزڕێنەکەی بگرێت! بەڵێ! کۆماری ئیسلامی کە قەرار بوو کۆشکی سپی بکاتە حوسێنییە، ئێستا وەرگرتنی نامەیەک لە شەیتانی گەورەوە خۆشترین هەواڵە بۆ دیکتاتۆری پیر!

ئیستا لە دروشمی " نە ڕوژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی" تەنیا وشەی "نە" ماوە! بەڵام ئەوەی خامنەیی نایزانێت ئەوەیە کە نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا ناتوانن پێش لە ڕۆخانی ڕێژیم و دیکتاتۆری وەلایەتی فەقێە بگرن! ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە کۆتایی بە چیرۆکی کۆماری ئیسلامی دەهێنن و بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕێ و گوێڕایەڵی هیچ هێز و دەوڵەتێکی دەرەکییش نین!

**٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی هەرای پانتورکیستەکان و هاندانی ناوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی خەڵکی کورد لە شاری ورمێ




دوابەدوای ئەوەی ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕەشەمە، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی نەورۆزی بە بەشداریی زیاتر لە سەد هەزار کەس لە خەڵکی کورد لە شاری ورمێ و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی تورکیش بەڕێوە چوو، کەمینەی پانتورکیستەکان بە دنەدان و هاوکاریی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی شەممە ٢ی خاکەلێوە بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕێوڕەسمی نەورۆزیی کوردان، گۆپاڵ بەدەست خۆپێشاندانێکی توندیان بە دروشمی ناتەبا و دژ بە ڕوحی ژیانی ئاشتییانەی پێکەوەیی بەڕێوەبرد. ئەوان تەنانەت بەمەبەستی کەڵکاژۆوەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ڕق و قینی زیاتر دژ بە خەڵکی کورد لە بانگەوازێکی چەند ڕۆژ پێشتریاندا، ڕۆژی ٢١ی ڕەمەزانیان بەتایبەتی هەڵبژاردبوو کە هاوکاتە لەگەڵ شەهیدبوونی ئیمامی عەلی. بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت خەڵکیان لە شارەکانی دیکەوە بە ئۆتوبووس هێنابووە ورمێ.

بێگومان ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە ناشارستانییانەی پانتورکیستەکان پیلانگێڕییەکی ڕێک خراوە و جگە لە ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی سازکردن لەنێوان هاونیشتمانییانی کورد و تورکی ئەو پارێزگایە کە پێشتریش ئەزموونی تاڵیان لەو بوارەدا



سەرچاوە
Serchawe

هەبووە، هیچ قازانجێکی لێ ناکەوێتەوە و زەرەرمەندی سەرەکی تەنیا دوو گەلی کورد و تورکی ئەم پارێزگایەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە هاوبەشەی پانتورکیستەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، داوا لە ڕووناکبیران، کەسایەتییەکان، و کۆمەڵگەی مەدەنیی تورکان دەکا هەڵوێستی شیاوی پێکەوەژیان و شارستانییانەیان هەبێ و ڕێگە نەدەن ئەو جۆرە جموجۆڵانە کێشە و ناکۆکی بخەنە نێوان هەر دوو گەلی تورک و کورد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕەدایە، لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی کورد و تورک زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە، ئەم دوو گەلە کە سەدان ساڵە پێکەوە لەم نیشتمانە دەژین و تەنانەت تێکەڵاوییەکی زۆری کۆمەڵایەتی و خزمایەتیشیان لە نێواندا هەیە، مافی خۆیانە و پێویستیشە کە زیاتر پەرە بە برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خۆیان بدەن .

داوا لە کۆمەڵگەی مەدەنیی ژیر و وشیاری هەردوو گەلی کورد و تورک و کەسایەتییەکان، ڕووناکبیران و مامۆستایانی ئایینی ئەو پارێزگایە دەکەین پێش بە هەرچەشنە هەوڵێکی ڕەگەزپەرستانەی لەم چەشنە بگرن و ئەوەی لە دەستیان دێ بۆ ڕوونکردنەوەی خەڵکی خۆیان و ئاشکراکردنی دەستی ناحەزان، درێغی نەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٤

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: پرسی کورد لە ئێران دەرفەتە و کورد لە سیاسەتی ناوچەکە و داهاتووی ئێراندا کاریگەرە




**کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تلویزیۆنی "کلمە" باسی لە کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد کرد.**

**کاک خالید لە بەشێک لەم وتووێژەدا سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی حیزبی دێموکرات بە تەجزیەتەڵەبی ڕایگەیاند:** من باوەڕم وایە کە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکرات و بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی ئەم حیزبە هەر لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەدەوە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە ئێمە هەوڵمان چارەسەرکردنی پرسی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندایە کە ئەمە لە کۆنگرەکانی حیزب و بەتایبەت لە دوایین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**بەڕێز عەزیزی لە درێژەدا وتی:** هەموو ئەوانەی کە لە ئێراندا بۆ جێگیریکردنی دێموکراسی و ئازادی خەبات دەکەن، دەزانن بەرنامەی حیزبی دێموکرات چییە، بەڵام بە هۆی نەبوونی دێموکراسی لە ئێران و دژایەتیی ڕێژیم لەگەڵ خەباتی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدات ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەک خۆی نیشان نەدات.

**کاک خالید هەروەها وتی:** بەرنامە  و پێڕەوی حیزب و سیاسەتی ئەم حیزبە ڕوون و ئاشکرایە و لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا هەوڵمان داوە لەگەڵ خەڵکانی ئێران و حیزب و لایەنەکان کە باوەڕیان بە جێگیرکردنی دێموکراسی هەیە پێوەندییەکی باشمان هەبێت.

**کاک خالید لە بەشێکی دیکەدا، باسی لە هێڵە گشتییەکانی حیزب کرد و ڕایگەیاند؛** هەموو ئەو ڕەوتانەی کە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، جیا لەوەی کە سیاسەتیان چی بێ، ئەگەر باوەڕیان بە جێگیرکردنی دێموکراسی، ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافی نەتەوە جیاوازەکان هەبێت و باوەڕیان وایە کە کۆماری ئیسلامی دەبێ نەمێنێ و ئێران دەبێ وا ئیدارە بکرێ کە ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەیە، هەموو ئەم ڕەوتانە مادام دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن دەتوانن بەردەنگی ئێمە بن.

**کاک خالید سەبارەت بە پێوەندیی حیزب لەگەڵ یەکیەتی ئورووپا و ئەمریکا ڕایگەیاند:** ئەمە ڕوونە دوکتور قاسملووی نەمر سەردەمێک لە ئورووپا بوو و لەوێ خوێندنی تەواو کرد و بایەخەکانی دێموکراسیی ئورووپایی لە حیزبدا جێگیر کرد. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا ئیدەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوکتور قاسملوو.

ئێمە باوەڕمان وایە کە بزووتنەوەی کوردستان ئەو کاتەی دژی کۆماری ئیسلامی درێژەی هەبوو و کۆماری ئیسلامی هێرشی کردبووە سەر کوردستان، دۆستانێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستان و کۆمەڵگەی دێموکراتیک لە ئێران بدۆزینەوە، ئەمەش پێوەندیی ئێمە لە ئورووپا پێوەندی لەگەڵ ئەحزابێک بوو کە باوەڕیان بەم پرەنسیپە هەبێت. هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا حیزب هەوڵی داوە لەگەڵ حیزبەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێوەندی هەبێ بەتایبەت ئەحزابی سۆسیال دێموکرات لە ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست، لەگەڵ ئەمریکاش هەوڵمان داوە نوێنەرانی پارلەمان، سێناتۆر یان ئەو کەسانەی لە پێوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە کاریان کردووە یان تینک تانکەکان، سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئێران، نیزامی کۆماری ئیسلامی مافی کورد زانیارییان پێ بدەین.

**لە بەشێکی دیکەی ئەم وتووێژەدا بەڕێز عەزیزی بە سەرنجدان بە نامەکەی ترامپ ۆ بۆ هەڵسەنگاندی دۆخی ئێران دوای هاتنەسەرکاری ترامپ وتی:** ئەمە بەشێک لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە وڵاتان لە ڕوانگەی ئەمنییەتی و بازرگانییەوە ڕەچاوی یەکتر بکەن، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کۆماریخواز و دێموکراتەکان لە ئەمریکا کە هاتنە سەر کار سیاسەتییان ئەوە بووە کە ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیم نییە بەڵکوو گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر سەرنجی دروشمی ترامپ بدەین ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دوو شتیان دەوێ، یەکەم: کۆماری ئیسلامی لە دژی ئیسرائیل کەڵک

له گرووپه نیابەتییەکان وەرنەگرێ، و لەم پێوەندییەدا سامانەی مووشەکیی ئێران کەڵکی لێ وەرنەگیرێ و دوایەش بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمە کە هەڕەشەیە بۆ ناوچەکە و بەتایبەت دژی ئیسرائیل، پێم وایە کە سیاسەتی ئەمریکا زیاتر ئەوەیە کە لەگەڵ ئێران ڕێککەوتنێک بکات، ئەگەر بڕیار بێ ئێران بیر لە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە، من پێم وابێ ئەمریکا ئەم پۆتانسییەلەی هەیە.

**کاک خالید لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەوترێت، بوودجەی حیزبی دێموکرات لە ئیسرائیل وەردەگیردرێ و لەلایەن ئیسرائیلەوە پشتوانیی لێ ئەکرێ ڕایگەیاند:** ئەمە بە هیچ شێوە ڕاست نییە، پشتیوانی حیزبی دێموکرات هەمیشە خەڵکی کوردستان بووە، سیاسەتی حیزب قەت ئەوە نەبووە کە لەسەر بنەمای ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل دابڕێژرێ. لە ژیانی سیاسیی حیزبدا خەڵکی کوردستان پشتیوانییان لەم حیزبە کردووە، کۆماری ئیسلامی مەقەڕ و ڕێبەریی حیزبی کردە ئاماجی مووشەک، بەڵام ئێمە مووشەکمان نەبوو بەڵکوو ئەوە خەڵک بوون لە نێوخۆ بەرانبەر بە ڕێژیم وەستانەوە. حیزبی دێموکرات نە لەگەڵ ئیسرائیل و نە لەگەڵ گەلی یەهوود و نە لەگەڵ هیچ وڵاتێک دوژمنایەتی نییە و پێوەندییەکانی ئێمە لەگەل ئیسرائیل بەو شێوازەی کە کۆماری ئیسلامی لێی دەڕوانێ نییە. ئەمانە سێناریۆی کۆماری ئیسلامین.

**کاک خالید لە کۆتاییدا سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕایگەیاند:** پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان جیاوازن. ئەوەی کە پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە پێشەوا قازی هەوڵی دا بە وتوویژ کیشەکە چارەسەر بکات کە ڕێژیمی پەهلەوی بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد وڵامی دایەوە، دوای شۆڕش دیسانەوە دوکتور قاسملوو هەوڵی دا کیشەکە بە وتوویژ چارەسەر بکات کە وڵامی خومەینی ڕاگەیاندنی جیهاد بوو و دواتریش دوکتر قاسملوویان لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کرد.

**پرسی کورد لە ئێران دەرفەتە، کورد کاریگەرە لە سیاسەتی ناوچەکە و دەتوانن لە داهاتووی ئێراندا کاریگەر بن، ئەو کاتە تێپەڕیوە کە نکۆڵی لە بوونی کورد بکرێت.**

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# بۆچی "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەت هەیە"؟



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

هەروەک پێشبینی دەکرا بۆنە نەورۆزییەکان بە جۆش و خرۆش بەڕێوە دەچێت، تەنانەت لە ئاستێکی زۆر بەرفراوان و لە سەرتاسەری کوردستاندا یەکڕەنگ بەڕێوە دەچێت، بە جورێک جارێکی دیکە ئەوە سەلمێنرا کە کوردستان وەک یەکەیەکی جیاواز خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە هەر دەرفەتێک کەلک وەردەگرێ بۆ ئەوەێ ئازادیخوازی خۆی نیشان بدات، پەرەی پێ بدات و زیاتر بیکاتە خەباتێکی جەماوەری کە ویستی بێ ئەملا و ئەولای بزاڤی سیاسیی کوردستانیشە.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دا بۆ ئەوەی پێشی پێ بگرێ، ترسی کاردانەوەی زیاتری خەڵک و هەروەها گەورەتربوونی لەوەی کە هەیە وای کرد بە دوای فێڵێکی دیکەدا بێ بۆ پێشگرتن بە نەورۆزی خاکی‌پۆشان، هەر وەک حکوومەتە هەمیشەییەکانی ناوەندی ئێران کە لە فێڵ و فریو کەس لە دوویان ناکا، ویستیان خۆیان نەورۆز بەڕێوە ببەن، خۆیان ئاڵترناتیوی نەورۆز دروست بکەن، و خۆیان ببنە خاوەنی نەورۆز، بەس بە ڕەنگی کۆماری ئیسلامی! بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت ویستیان کەلک لە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کوردیش وەرگرن.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

بێگومان هەر وەک چاوەڕوان دەکرا خەڵک بە وشیاریەوە دژی ئەو شەڕە نەرمە وەستانەوە و نەورۆزی خۆیان کە مۆرکی نەتەوەی کوردایەتی بەسەرەوەیە لە نەورۆزی دیکتاتوری داگیرکەر جودا بکەنەوە، هەر بۆیەش لە نەورۆزی خاکیپۆشانی کوردستان هەر زوو تەنیا بە دانی دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" بە تەواوی ڕیسەکەی ڕێژیمیان کردە خوری و مۆرکی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان لە نەورۆزی خاکیپۆشان دا کە ئیلهامی لە سەمبولی پێشمەرگە و بزاڤی سیاسیی کوردستان وەرگرتوە.

"قاسملوو" ئەو ڕێبەرە زانا و لێهاتوویەی کوردە کە ڕێژیمی دیکتاتور سیوشەش ساڵ پێش ئێستا لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆری کرد بۆ ئەوەی گورزێکی گران لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات و خەباتی ئازادیخوازی کورد بدات. بەڵام ئێستا دوای سیوشەش ساڵ لە گۆڕەپانەکان و شەقام و کۆبونەوەکان، گەلی کورد لە شوێنی جیا جیای کوردستان بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە توانیویەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نەرمدا بێوێنەیە شکست بدات. بەڵام بۆچی "قاسملوو قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە؟

چونکە ئەو ڕێبەرە هەموو ژیانی بۆ ئازادیی گەل و نیشتمانەکەی تەرخان کرد و بۆ ساتێکیش لە خەبات نەوەستا و نەک هەر شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتی کوردستان بەڵکوو هەموو دەرفەت و شوێنیکی لە دنیادا کرد بە سەنگەری خەبات بۆ کورد. چونکە ئەو لە خەباتەکەیدا ئیلهامی لە پێشەوای نەمر قازی محەمەد و هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی وەرگرتبوو و ئاوێتەی بە زانست و زانین سەردەمی کردبوو، بۆ ئەوەی تێزێکی پێشکەوتوو بۆ ڕۆژی خۆی و تەنانەت دوارۆژی کورد دابهێنێ. چونکە ئەو لە هەر دێڕی زانستی سەردەمدا بە دوای ئەو وشەیە دەگەڕا کە خزمەت بە کوردستان و کورد بکات و ئەو بوو کە وەبیری هێنواینەوە کە نابێ ببین بە کوێلەی ئایدۆلۆژییەکان بەڵکوو پێویستە ئایدۆلۆژییەکان بکەینە پەیژە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خەباتی نەتەوەی و ئازادی کە لە سەرووی هەموو شتێکە، چونکە ئەو بە ژیان و کردەوە و خەباتی کاری دەکرد بۆ ئەوەی بسەلمێنێ کە بە مردنی ئەو کورد نامرێ، هەر وەک لە سەر کێلی قەبرەکەی نوسراوە، "ئەمن کە مردم کورد نامرێ."

**بەڵێ کورد نەمردوە بۆ ئەوەی بڵێت ئازادی دەوێ و خەبات دەکا بۆ گەلەکەی دەڵێ "قاسملوو، قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە."**

**٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# ژن وەک بوونێکی پەراوێزخراو




**حەسەن شێخانی**

**ئاماژە:**

**ئەم بابەتە لە سێمینارێکدا کە بە بۆنەی هەشتی مارس، رۆژی جیهانیی ژن، لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕێک خرابوو، پێشکەش کراوە. هەرچەند بە هەندێک دەسکارییەوە داڕێژڕاوەتەوە بەڵام ڕەنگی وتاردانی ڕوو بە بەردەنگی پێوە دیارە و تا ڕادەیەک لەگەڵ وتارێک کە لە سەرەتاوە بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەنووسرێ، جیاوازی هەیە.**

سەردێڕی ئەم وتارە بەم مانایە نیە کە شرۆڤەیەکی ستاتیک و وەک یەک بۆ ژن و پێگەی ژن لە هەموو سەردەمەکان بخرێتە ڕوو و تاکەوێنەیەک لە دۆخی ژن هەڵبگیرێ و وەسفی ئەم وێنەیە بکرێ و شی بکرێتەوە. ئەوەش نیە کە چەند وێنەیەکی لێ بگیرێ و لە پاڵ یەک دابنێرن و مۆنتاژ بکرێن و بەم شێوەیە وێنایەکی ئەبستراکت و ڕاوەستاو لە ژن پێشکەش بکرێ. لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی" کاتی"م (نە بە مانای موقت بەڵکوو بە مانای زەمانی و زەمانمەند) بۆ ژن و پێگەی ژن هەیە و لە

ڕەوتی مێژوو و لە بەستێنی گۆڕانی مێژووییدا لە ژن وەک جێندەر دەڕوانم و ڕەوت و چۆنیەتیی پەراوێزخراوبوونی ژن و ئاسۆی ڕزگاریی ژن لەم پەراوێزخراوییە دەکێشمەوە.

**بە دیاریکراوی ئەم بابەتە لە سێ بەش پێکدێ کە بریتین لە:**

١- پێشەکییەکی بووننناسانە بۆ شوناس بەگشتی و لەم نێوەدا ژن وەک جێندەر و شوناسێک
٢- هەڵوێستە و ڕامانێک لەوەی چۆن ژن پەراوێز خراوە؛ مەعریفەناسیی پەراوێزخراوبوونی ژن و قووڵایی و چۆنیەتیی ئەم پەراوێزخراوییە
٣- ژنان چۆن لەم پەراوێزخراوییە ڕزگار دەبن؟ لێرەدا بەستێنەکان و ڕێکارەکانی ڕزگاریی ژن لێکدەدرێتەوە و بە پێی سروشتی ئەم بەشە کە باسی "دەبێ چی بکرێ" دەکەین، باسەکە بنەمایەکی نۆرماتیڤ ـ ئەخلاقی وەردەگرێ.

مرۆڤ بوونێکی بەستێنمەند و مێژوویی هەیە، زەمانمەندە، خەسڵەتێکی مێژوویی هەیە، مێژوومەندە، پێگەمەند و شوێنمەندە؛ مارتن هایدیگەر ئەم تایبەتمەندییانەی لە پێناسەی مرۆڤدا وەک دازاین هێناون. بە گوتەی ئەم فیلسووفە مرۆڤ دازاینە نەک سووژەیەکی بەرزی بانبەستێنی و بانمێژوویی.

کاتێک دەکەوینە سەر ئەم دنیایە بەڕێ دەکەوین، شتی تازە ئەزموون دەکەین، لەگەڵ شتی تازە بەرەوڕوو دەبین، دیاردەی تازە بەڕووماندا دەتەقێتەوە و دەگۆڕێین، ناگووڕێین؛ چونکە ژیان تەنیا بەردەوامی و درێژبوونەوە نیە بەڵکوو دابڕانیشە، سەرەتای تازەشە، گەڕانەوەشە، بردنە ژێر پرسیاریشە؛ ژیان پێچەڵپێچترە لە فۆرمولی ڕەتدانەوە، پاراستن و سەنتێز دروستکردنی هێگڵ. ئەمە ئیلهاموەرگرتنە لە ڕەوتی گەشەی ئۆرگانیزمێکی زیندوو. ڕەوتی ژیان و کۆمەڵگە و مێژوو وەک ئۆرگانیزمی زیندوو بەڕێوە ناچن. کۆمەڵگە و مێژوو نە ماشێنن و جووڵەیەکی میکانیکیان هەیە و نە ئۆرگانیزمی زیندوون، بەڵکوو ڕەوت و پرۆسەیەکی جیا و تایبەتیان هەیە.

هەر کام لە ئێمە گۆشەنیگا و ڕوانینێکمان هەیە، سیستەمێکی بیرکردنەوەمان هەیە و لەژێر کاریگەریی پارادایمەکانی زاڵی سەردەمدا لەگەڵ جیهان و دیاردەکانی ناوی، مامەڵە دەکەین. بەم پێیە خوێندنەوە و تێگەیشتنەکانمان ڕێژەیین، ئەوەی دەیڵێین حەقیقەتی ڕەها نیە، چونکە هەر "حەقیقەتێک" گۆشەنیگایەکی لە پشتە. بە گوتەی نیچە "مامەڵەی بێگۆشەنیگا و بێلایەن"، چەمکێکی پارادۆکسیکاڵ و ناموکینە.

ئێمە بەرێوەین، ئەوەی ئێستا دەیلێین تێگەیشتن و هەڵوێستی ئێستامانە، ئەزموونی ئێستامانە و تا دەمرین ئەم ڕەوتە بەردەوامە. ئێمە هەرگیز کامیل نابین، کامیلبوون و کەماڵ ئاسۆن، نەک داکەوتێکی بەرهەست و بەردەست. خۆمان و شوناسمان و خوێندنەوەکانمان تا ئەو کاتەی دەمرین لە حاڵی گۆڕاندایین.

شتەکان بۆخۆیان لەگەڵ ئێمە قسە ناکەن، یەکسان و وەک یەک بۆ هەموومان دەرناکەون؛ چونکە هەر کاممان لە گۆشەنیگا و لە چاویلکەی گوتار و پارادایمی خۆمانەوە دەڕوانینە شتەکان.

ئێمە بوونێکی کاتیمان (زەمانمەند) هەیە بە تێپەڕینی کات شکڵ دەگرین و دەگۆڕێین، لەنێو بەستێن و زەمینەیەکدا دەژین و کاریگەری ئەم بەستێنەمان لەسەرە. بەکورتی بوونێکی کاتی و بەستێنمەندمان هەیە و تێگەیشتنەکانیشمان کاتی و بەستێنمەندن. شوناسمان وەک نەتەوە، وەک کرێکار، وەک جێندەر، لەم نێوەدا شوناسی ژن وەک جێندەر، مێژووین، مێژووکردن نەک جێگیر و زاتی، جەوهەرێکی نەگۆڕ نین. شوناسەکان مێتافیزیکی و بانمێژوویی نین، بانوێژمانی نین، شوناسەکان وێژمانین؛ چونکە هەر کام لە ئێمە لەنێو وێژمان و پارادایمەکاندا بیر دەکەینەوە و لە لێنزی وانەوە دەڕوانین. بە واتایەکی دیکە شوناسەکان لەپێشدا مەوجوود نین، دروست دەکرێن. دەمەوێ بڵێم ژن وەک جێندەر دروست کراوە؛ پێناسەمان بۆ ژن بەرهەمی مێژوو و بەستێنە جۆراوجۆرەکانە و فاکتەرگەلێک ئەم پێناسەیان شکڵ داوە.

ئێمە کە دێینە سەر ئەم دنیایە بە کۆمەڵایەتی دەکرێین، نۆرمالیزە دەکرێین، نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگەمان تێدا دەچێنرێ. ئێمە وەک تاک بەرهەمی دامەزراوەکانین، بنەماڵە، قوتابخانە، ڕاگەیەنە گشتییەکان و ... تاک شکڵ دەدەن. ئێمە کە دێینە سەر ئەم دنیایە فێری زمان دەکرێین، بە فەرهەنگی دەکرێین، داب و نەریت و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر فێر دەبین، ئەمانەش وەک سیستەمێکی واتایی وان کە لێیانەوە دەڕوانینیە خۆمان و جیهان، خۆمان پێناسە و خەیاڵ دەکەین. شوناس وێناسازییە، ئەوەی کە چۆن خۆت دەبینی، چۆن خۆت خەیاڵ دەکەی، لە زەینی خۆتدا چۆن خۆت وێنا دەکەی و هەروەها چۆن وێنا دەکرێی. ئەمانەش میشل فوکۆ گوتەنی، بەرهەمی پێوەندییەکانی دەسەڵات و وێژمان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن؛ فوکۆ دەڵێ خۆمان و شوناسمان بەرهەمی وێژمان و پێوەندییەکانی دەسەڵاتین. ئەوەی وەک حەقیقەتی کۆمەڵایەتی، وەک مەعریفە بە ئێمە دەگوترێ و دەقەبووڵێنرێ لە پشتیەوە دەسەڵات و تێکنیکەکانی دەسەڵات هەیە، بۆیە فوکۆ باس لە ڕێژیمی حەقیقەت دەکا و ئەمەش داماڵینی پیرۆزییە لە بەناو حەقیقەتەکان و ڕیگا بۆ بردنە ژێر پرسیار و تێپەڕینیان لەبار دەکا.

هۆکاری بندەستکردنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە سروشتی ژنانەیان نیە بەڵکوو نەبوونی پەروەردە، دەستڕانەگەیشتنی

پێویست و وەک یەک بە دەرفەتەکان و نایەکسانییە لە پێگە و بوارە جۆراوجۆرەکاندا. ئەمانەش بەرهەمی ئەم نەزمە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەن، بەرهەمی پێوەندییەکانی دەسەڵات و مەعریفە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانن، بەرهەمی ڕەوتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتین نەک زاتی و سروشتی و نەگۆڕ.

شوناسی ژن لە پێوەندی لەگەڵ ئەویتردا، لە پێوەندی لەگەڵ پیاودا، دروست کراوە؛ لەسەر بنەمای جیاوازییە، خەسڵەتێکی پێوەندی هەیە. هەروەها بەستێنمەندە و لە بەستێنی کۆمەڵگە و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکرێ و وێژمان و پێوەندییەکانی دەسەڵات شکڵی پێدەدا. جێندەر خەسڵەتێکی پێوەندی هەیە و لە پیوەندی لەگەڵ پیاودا شکڵی گرتووە و مانای وەرگرتوە. بۆیە دەبێ ئەم پێوەندییانە سەرلە نوێ دابڕێژرێنەوە و مانا بکرێنەوە.

ئەم وێنای بۆ ژن هەیە وێنایەکی سروشتی نیە، دروستکراوی مێژوویە و دەسەڵات و هێژمۆنی پیاوانی لە پشتە؛ ئەم مەعریفەیەی سەبارەت بە ژن هەیە حەقیقەتێکی بەرهەست و بنەمایەکی سروشتی و زاتیی نیە.

ئەگەر بەم شێوەیە لە شوناسی ژن بڕوانین، دەرگا دەکرێتەوە بۆ بردنە ژێر پرسیاری ئەو پێکهاتانەی شوناسی ژنیان وەک ڕەگەزی پلە دوو دروست کردووە. ئەمەش سوژەیەکی دیکە دروست دەکا کە لەگەڵ ئەو پێکهاتانەدا دەکەوێتە ناکۆکی و دژایەتی. ئەم ڕەوت و دیاردەیەی هەنووکە لە ئێراندا دەیبینین و بەتایبەت لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆی دەرخست. بزووتنەوەی ژینا وزەیەکی بێوێنەی ئازاد کرد کە لە دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە و پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتدا کاریگەری هەبوو، ترسی لە حکومەت شکاند و ئاسۆیەکی نوێی کردەوە. ئەم هەڵسوکەوت و کردە و کردەوەگەلەی لە بزووتنەوەی ژینادا هاتنە ئارا، لە بیرکردنەوە و وێنای ئێمە لە تاک و کۆمەڵگە و سیاسەت گۆڕانی دروست کرد؛ ڕووداوێک بوو؛ بایەخی تازەی دروست کرد و زێهنییەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی گۆڕی و دەسەڵاتی تووشی تەنگەژە کرد و لەگەڵ هاوکێشەی نوێ بەرەوڕووی کردەوە.

**ئەوەی شۆڕشی ژینا کردی یان دوهاتەکانی شۆڕشی ژینا بریتین لە:**

- ترس لە حکومەت شکاوە؛
- ترس لە داهاتوو تا ڕادەیەکی جێی سەرنج، جێگەی خۆی بە ترس لە دۆخی ئێستا داوە و ئەمەش خەبات ڕادیکاڵیزە دەکا و زەمینەی پێکهاتەشکێنی زیاتر دەکا؛ چونکە ترس لە داهاتوو کۆسپێکی بەردەم ڕادیکاڵیزەبوونی خەبات بوو. نەمانی ترس ڕزگاریدەر و ئازادیبەخشە. هێگڵ لە بەشی ئاغا و کۆیلەدا لە کتێبی فینۆمینۆلۆجی هۆشدا دەڵێ ئەوەی بترسێ شکست دەخوا

و دەبێتە کۆیلە. کەواتە نەمانی ترس فاکتەرێکی گرینگە و لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێراندا شوێندانەرە.

گۆڕان لە بیرکردنەوە و زێهنییەت و هەڵسوکەوتی خەڵکدا دەبێتە ڕێگەخۆشکەری گۆڕانی پێکهاتەیی و دەبێتە فاکتەری دارشتنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و هێژمۆنی؛ لە ڕادەی مومکیندا. گۆڕانێکی جۆری و جەوهەری کە لە شۆڕشی ژینادا هاتە ئارا و دەستەواژەی شۆڕشی ژینای واتادارتر کرد ئەوەیە کە ژنان و ئازادیی ژنان بوونە نوێنگە و سیمبولی ئازادی و ماف و داخوازییەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بە گوتەی ئێرنستۆ لاکلاو فیلسووف و تیۆریسیەنی سیاسیی ئارژانتینی و شانتال موفی هاوسەری، ژنان بوونە ئاماژەی خاڵی، بوونە لێکگرێدەر و جومگەبەندی داخوازییەکانی شوناسەکانی‌تری کۆمەڵگە؛ بوونە هێژمۆن؛ وێژمان و خوێندنەوەکانیان حاڵەتێکی هێژمۆنیکی وەرگرت و هەموو داخوازییەکانی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ کردەوە و نوێنەرایەتی کرد.

ئێستا لە ئێراندا ژن تەنیا نوێنەری خواستی خۆی نیە، نوێنەری خواستەکانی‌تری کۆمەڵگەشە. ئەمەیە شۆڕش، ئەمەیە خاڵی وەرچەرخان، ئەمە پێشاژۆیەکی نوێیە.

ئێستا لە ئێراندا ژنان ناوەندی سیاسەتی ڕادیکاڵن؛ لەبەر ئەوەی چەوساوەترین و پەراوێزخراوترین توێژی کۆمەڵگەن؛ لە هەموو چین و توێژەکانی‌تری کۆمەڵگە زیاتر سووکایەتییان پێ دەکرێ و هەژمارنەکراوترینن. ئەمەش پۆتانسیەلێکی گەورەی سیاسی دروست کردوە، هەستی هاوپێوەندی دروست کردوە، وایکردووە ژنان ببنە نوێنەر و سیمبولی ئازادی و مافی کۆمەڵگە، ببنە توێژی پێشەنگ و هەرە ڕادیکاڵی کۆمەڵگە.

ئامانجی ئێمە ڕزگاری و ئازادییە؛ ئازادی و دێموکراسییە؛ دێموکراسی واتە هاوئاسۆیی (همعرضی) تاکەکان و شوناسەکان لەگەڵ یەکتر کە هیچ کامیان بەسەر ئەویتردا فەرز نەکرێ؛ واتە یەکسانی ژن و پیاو؛ واتە نەهێشتنی پێکهاتەی ناوەند ـ پەراوێز؛ واتە نەهێشتنی باندەست و بندەست؛ ئەمانەش واتە پێکهاتەشکێنی. ئامانجی ئێمە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵە کە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی هەیی بگۆڕێ و هێژمۆنییەکی نوێ شکڵ بگرێ؛ وێژمانێکی یەکسانیخواز ببێتە هێژمۆن. ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان شوناسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیە، پێویستی بە ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوە و، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو پنت و جومگە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا.

ئازادیی ژن و ئازدیی کۆمەڵگە (بۆچی دەڵێم ئازادیی ژن و ئازدیی کۆمەڵگە، بۆچی ڕیزبەندییەکە ئاوا دێنم؟ لەبەر ئەوەی ئازادیی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژندا تێپەڕ دەبێ. تا ژن ئازاد نەبێ، کۆمەڵگەی ئازادیش چێ نابێ.) پێویستی بە ئیرادەی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

بەکۆمەڵی هێزە دێموکراتیکە ڕادیکاڵەکان هەیە کە سەرلەبەری ئەو فاکت و فاکتەر و پێوەندییانەی ژنیان کردۆتە بوونێکی پەراوێزخراو، ببەنە ژێر پرسیار و بە ڕوانین و گۆشەنیگایەکی نوێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و هەروەک وتم لە پێش هەموو شتێکدا بەم مەعریفەیە بگەین کە ژن وەک جێندەر مێژوویی و وێژمانییە و مەیلی دەسەڵات، دەسەڵاتی پیاو، وای دارشتوە. خاڵێکی گرینگ ئەوەیە کە پێناسەیەکی واقعیمان بۆ سیاسەت هەبێ. سیاسەت تەنیا بریتی نیە لە گفتوگۆ، بەڵکوو شەڕکردنە، دەبێ شەڕ بکەی بۆ مافەکانت.

بێگومان گۆڕانە مێژووییەکان بەرهەمی کارتێکەریی دوولایەنەی تاک و کۆمەڵگەن. هوشیاری تاک و هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ پێکهاتەکان و پێوەندییەکان و هاوکێشەکان دەگۆڕێ. دەمەوێ بڵێم تاک زیندانی و بەزیوی پێکهاتەکان نیە و دەتوانێ بیانگۆڕێ.

مێژوو خەسڵەتی ڕووداوی هەیە، تاکەکان وەک سوژە و ئەکتەری مێژوویی لە خوڵقاندنی ڕووداوەکان و گۆڕینی پێکهاتەکاندا کاریگەرن و ڕۆڵیان هەیە. پێکهاتەخواز نیم چونکە پێکهاتەخوازی و لۆجیکی پێکهاتەخوازی، کارایی مێژوویی و بکەربوون لە تاک دەستێنێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا دیدێکی بانپێکهاتەییم بۆ تاک نیە، تاک لەنێو پێکهاتەکاندا کار بۆ گۆڕینیان دەکا و ئەمەش گرێدراوی دروست بوونی هوشیاری تازە و مەعریفەی تازەیە. وشیاریی ژنان و تێگەیشتنی پیاوان درز دەخاتە ئەم پێکهاتە و پێوەندییە جیاکارانە و سەرەتا و مەرجی دارشتنەوەیانە.


ژنان دەبێ خەبات بکەن بۆ ئەوەی مەترەح بن و دان بە مافەکانیاندا بنێرێ؛ ئەمەش پێویستی بە ڕێکخراوبوون، نەترسی و ڕۆحێکی پێشمەرگانە هەیە، پێویستی بە ڕۆحێکی لە مەرگ نەترسان هەیە، ئەمەیە کە ژنان لە کۆیلەتی و ڕەگەزی پلە دوو ڕزگار دەکا.

**٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# شیکاریی پێکهاتەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان




## بە کەلکوەرگرتن لە تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید و بۆچوونی دەروونشیکاران (یۆنگ و لاکان)

شاڕۆخ حەسەن زادە

بە پێی تیۆریی زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩)، دەروونشیکاری ئۆتریشی، کەسایەتیی مرۆڤ لە سێ توخم پێکهاتوە. ئەو بە بەکارهێنانی ئەم مۆدێلە زەینییە هەوڵ دەدات تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و کارکردی مێشک بەم شێوەیە ڕوون بکاتەوە: "ئەو" (Id)، "خود-من" (Ego) و "ئەوپەڕخود" (Superego). ئەم سێ توخمە بە لەگەڵ یەکهەڵکردن، ئاکار و هەڵسوکەوتە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ بەرهەم دێنن. "ئەو-ئید"، پێکهێنەری کەسایەتییە کە لە سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤەوە ئامادەیە و بە پێی تیۆریی فرۆید، ئید بە تەواوی ناوشیارە. بە نەرینی فرۆید؛ "ئید بەشی تاریک و نەگۆڕیی کەسایەتیمانە و زانیاریمان لەهەمبەر بنەمای لێکۆڵینەوەی بیر و خەونەکان و پرۆسەی دروستبوونی نیشانەکانی "دەروون پەرێشی" (ئاڵۆزیی دەروونی یان ئاژیتاسیۆن) کە هەتا ئێستا ناسیومانە گەلێک کەمە و زۆربەی تایبەتمەندییەکانی نەرێنییە و دەگەڵ ئیگۆدا دژایەتیی هەیە".



سەرچاوە
Serchawe

"خود" (ئیگۆ)، ئەو پێکهاتەیە لە کەسایەتییە کە بەرپرسە لە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع. دۆخی ئیگۆ زۆر ئاڵۆزە چوونکە لە ڕاستیدا لە سێ سەرچاوە ئیلهام وەردەگرێت؛ جیهانی دەرەوە، ئید و سوپەرئیگۆ، هەروەها ئەرکی ئەوەیە هاوسەنگییەک لەنێوان خۆڕسکە سەرەتاییەکان و واقیعدا ڕابگرێت، لە هەمان کاتدا ڕەزامەندیی ئید و سوپەرئیگۆش بەدەست دەهێنێت. "ئەوپەڕخود" (سوپەرئیگۆ)، ئەو لایەنەی کەسایەتی پێکدێنیت کە سەرجەم ئارمان و پێوەرە ئەخلاقی و دەروونییەکان لەخۆ دەگرێت کە ئێمە لە دایک و باوک و کۆمەڵگە وەری دەگرین یان بۆمان بە میرات ماوەتەوە. سوپەرئیگۆ بەرپرسە لە دەروونیکردنی ڕێساکانی کولتووری و بە گشتی لە ڕێگەی کاریگەریی دایک و باوکەوە وەدیدێت. فرۆید بیرۆکەی سوپەرئیگۆ لە ئاوێتەکردنی چەمکە پێشووەکانی ئیگۆ - ئایدیاڵ و "وزەیەکی دەروونیی تایبەت کە پشکنین دەکات ئیگۆ - ئایدەئال دەگاتە ڕەزامەندیی خۆخوازانە کە ئێمە پێی دەڵێین ویژدان". سوپەرئیگۆ دژی ئید چالاکە و هەموو هەوڵێکی ئەوەیە، خۆی لەگەڵ نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان بگونجێنێت لە کاتێکدا ئید تەنیا ڕەزامەندیی خێرای دەوێت. هەروەها سوپەرئیگۆ هەستی ڕاستیی و هەڵە و ویژدانیی ئێمە کۆنترۆڵ دەکات و یارمەتیمان دەدات ئاکار و هەڵسوکەوتمان لە لایەن کۆمەڵگەوە قبوڵ بکرێت.فرۆید میناکی سەهۆڵەچیای (iceberg) بەکارهێناوە بۆ پێناسەکردنی ساکاریی سێ چینیی مێشک. ئەم مێشکە هەموو پرۆسە زەینییەکانی لەخۆ دەگرێت کە ئێمە ئاگامان لێیە و پلەی خۆئاگایی وەک لووتکەی سەهۆڵەچیا وێنا دەکات؛ بۆ وێنە، ڕەنگە هەر ئێستا هەست بە ماندووبوون بکەم و بخوازم بخەوم. پلەی بەرلە ئاگایی هەست و بیرۆکەکانی لەخۆ دەگرێت کە تاک لە ئێستادا ئاگای لێ نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانێت بیگوازێتەوە بۆ خودئاگایی، ئەم بەشە بە وردی لە ژێر پلەی خودئاگایی و پێش ناخودئاگاییدایە. بۆ وێنە، تاوەکوو داوام لێ نەکەن شێعری "ناڵەی جودایی" مامۆستا هێمن بخوێنمەوە، لە قۆناغی یەکەمدا شێعرەکە لە مێشکمدا نییە بەڵام دەستبەجێ کە داوام لێکرا ئەم شێعرە دێتەوە بیرم و دەیڵێمەوە.

لە کۆتاییدا، پلەی ناخودئاگا ئەو پرۆسە دەروونییەکان لەخۆدەگرێت کە بۆ خودئاگایی بەردەست نین، بەڵام کاریگەرییان لەسەر شێوەی هەڵسووکەوت، بڕیار و هەستەکانی تاک هەیە. بەپێی ڕوانگەی فرۆید، مێشکی ناخودئاگا سەرچاوەی سەرەکیی هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤە. هەروەک چیای سەهۆڵی، گرنگترین بەشی مێشک هەمان ئەو بەشەیە کە ناتوانین بیبینین. هەستەکان، پاڵنەرەکان و بڕیارەکانمان، لە ڕاستیدا بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردوومان هەیە، ئەو ئەزموونانەی کە لە ناخودئاگا هەڵگیراون.

لەم نووسینەدا، کەڵک لە تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید وەردەگرین بۆ شیکردنەوەی دۆخی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکان بە شێوەیەکی گشتی لە کوردستان و جوگرافیای ئێران.



سەرچاوە
Serchawe

تیۆری چیای سەهۆڵی فرۆید، کە لە بنەڕەتدا بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی زەینی مرۆڤ داڕێژراوە، دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی لە چینە جیاوازەکانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک پێواژۆ مەدەنییەکان باشتر تێبگەین و ئەو هۆکارە شاراوە و ناڕاستەوخۆیانە بناسین کە کاریگەرییان لەسەر هەیە.

## تیۆریی سەهۆڵەچیا و بەکارهێنانی لە شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

زیگمۆند فرۆید، وەک دەروونشیکارێک مێشکی مرۆڤی بە چیایەکی سەهۆڵی چواندوە کە تەنیا بەشێکی بچووکی دەبینرێت و بەشێکی زۆری لە ژێر ئاودا شاردراوەتەوە. فرۆید مێشکی دابەش کردوە بەسەر سێ ئاستی ئاگایی:

**خودئاگا:** (Conscious) ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆ دەگرێت کە لە ئێستادا ئاگامان لێیە. ئەم ئاستە، وەک لووتکەی چیاکە تەنیا بەشێکی بچووک لە مێشک پێکدەهێنێت و خۆیایە.
**نیوەخۆئاگا:** ( Preconsciou) ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆدەگرێت کە لە ئێستادا ئاگامان لێی نییە، بەڵام بە ئاسانی دەتوانین بیانهێنینە سەر ئاستی خۆئاگایی. ئەم ئاستە وەک بەشێک لە سەهۆڵەچیا کە لە نزیک ئاستی سەر ئاوەکەیە دەبینرێت.
**ناخودئاگا** (Unconscious) :ئەم ئاستە، بیرۆکەکان، هەستەکان و ئەو ئەزموونانە لەخۆدەگرێت کە ئاگامان لێ نییە و بە زەحمەت دەتوانین بیانهێنینە سەر ئاستی خۆئاگایی. ئەم ئاستە وەک بەشێکی زۆری سەهۆڵەچیاکە لە ژێر ئاودا شاردراوەتەوە و دەورێکی گرنگ و بەرچاو لە هەڵسووکەوت و کەسایەتیماندا دەگێڕێت.

تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید دەتوانرێت وەک خوازەیەک بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنرێت کە ئێمە ئەوە بە پێکهاتەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی قالب دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین. لەم خوازەیەدا، بەشی بینراوی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (وەک بزووتنەوەیەک) نیشاندەری لایەنە ئاشکرا و بینراوەکانی ئەوە، لە کاتێکدا بەشە شاراوەکەی نیشاندەری هۆکارە ناڕاستەوخۆکان، ڕەگ و ڕیشەکان و بەستێنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووییەکانن کە یارمەتیدەرن لە شەقڵگرتنی ئەو دیاردەیە.

بە بەکارهێنانی تیۆری سەهۆڵەچیای فرۆید، دەتوانرێت بزووتنەوەکان و بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا بەسەر سێ توێژدا دابەش بکەین:

A ئاستی ئاشکرا (لووتکەی سەهۆڵەچیا)

ئەم ئاستە لایەنە بینراو و هەستپێکراوەکانی کۆمەڵگە و ئەو هۆکارانە لەخۆدەگرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی بەربزووتنەوەکان، مانگرتن، ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە مەدەنییەکان. ئەم هۆکارانە بریتین لە:

١- ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکان و چالاکانی مەدەنی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و فەرمی چالاکیی دەکەن. ئەم ڕێکخراو و چالاکوانە جیاوازەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لەوانە ژینگە، ژنان، مافەکانی مرۆڤ، ئەدەبی، زمانی، کولتووری، کرێکاری، سیاسی و پیشەیی چالاکی دەکەن و هەوڵ دەدەن بە چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، ئاستی ڕۆشنبیری تاک لە کۆمەڵگەدا بەرنە بان و وەرەی هاوکاری و یارمەتی بەرز بکەنەوە، هەروەها یارمەتیدەر بن لە باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگە و بەشداری پێکردنیان لە بوارە جیاوازەکاندا.

B چینی ناوەڕاست (بەشی هاوئاستی ژوورئاو):

ئەم ئاستە تۆڕە نافەرمییەکان، پەیوەندییە کەسییەکان و بەها هاوبەشەکان لەخۆدەگرێت کە ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکان و چالاکوانانی مەدەنی بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم ڕایەڵکانە، پەیوەندییەکان و بایەخەکان، یارمەتیدەری ئاسانکردنی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان چالاکوانانی مەدەنی دەکەن و بەستێن بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز و یەکگرتوو خۆش دەکەن.

C چینی قووڵ (بەشی شاراوە لەژێر ئاو):

ئەم ئاستە ڕەگ و ڕیشە سیاسییەکان، مێژووییەکان، کلتوورییەکان و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان لەخۆدەگرێت. ئەم ڕەگ و توخمانە، خەباتەکانی ئازادیخوازانە، نەریتی هاوکاری، بەها دیموکراسییەکان، مافەکانی مرۆڤ و ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی ڕابردوو لەخۆدەگرێت. ئەم بنەمایانە، گرۆتین و هەوێنی دەبەخشنە کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگری دەکەن لە بەرامبەر هەڕەشە و بەربەستەکاندا. لەلایەکی تریشەوە قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەک هۆکارێکی دیکە بۆ درووستبوونی بزووتنەوەکان پاڵنەرن کە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانەی بەرەوە بکەین:

- کێشە ئابوورییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، گرانی، ڕانت و گەندەڵیی بەربڵاو.

- کێشە سیاسییەکان، وەک نەبوونی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سەرکوتکردنی پڕتوندوتیژ، نایەکسانییە ئەتنیکییەکان، جیاکاری و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئایینی، پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ.
- کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک؛ نەبوون یان کەمیی خانووبەرە، لاوازبوونی کەرتی تەندروستی، پەروەردە، خۆکوژی، تەڵاق، نەبوونی هیوا بۆ داهاتوو، ڕێژەی بەرزی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و تاوانە جۆراوجۆرەکان.
- کێشە کلتوورییەکانی وەک سانسۆر، ڕێز نەگرتن لە فرەچەشنیی کلتووری، زمانی، حیجابی زۆرەملێ، بەرهەمهێنانەوەی سیستەماتیکی تواندنەوەی نەتەوەیی.
- سیاسەتی دەرەوە، هەناردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی، دەستتێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە بە بەکارهێنانی هێزە نیابەتییەکان.

بە بەکارهێنانی تیۆری سەهۆڵەچیای فرۆید، وەک توێژ و لایەنە جۆربەجۆرەکانی زەینی مرۆڤ دەکرێت ئەو هۆکارە شاراوە و ڕیشەییانەی کە ڕێگری دەکەن لە دروستبوونی بزووتنەوەی بەرفرەوان لە ئێراندا دەستنیشان بکرێن. هۆکارەکان دەتوانن ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:

نەبوونی متمانە لە نێوان دامەزراوە و ڕەوت و حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و نەتەوەکانی دیکە، ناکۆکیی ڕوانین و هاوکاری نەکردنی نێوان ڕەوتە سیاسی و ئەتنیکییەکان، کە ئەمە ڕێگری دەکات لە هاوکاری، هاوسۆزی و دروستبوونی بزووتنەوەی بەربڵاو بۆ گۆڕانکاری و گواستنەوە دەسەڵات.

بێ هیوایی لە کەسایەتی و ڕەوتە جیاوازەکان و ترس لە سەرکوتکردنی پڕتوندوتیژیی حکومەتی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە بەشداریکردنی چالاکانەی نارەزایەتییەکاندا ببوێرن و دروستبوونی بزووتنەوەی گشتگیر تووشی کێشە و دواکەوتن دەکات.

نائومێدی لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای تێچووی زۆر، هەروەها نەبوونی متمانە و قەیرانی گوتاری هاوبەش و تەنانەت فرەنەتەوەبوونی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک بە بیروباوەڕی جیاوازەوە پاڵپشتی لە چالاکییەکان نەکەن و دروستبوونی بزووتنەوەی بەرفرەوان دژوار دەکات.

نەبوون یان کەمبوونی ئاگایی لەهەمبەر ماف و ئازادییە سیاسییەکان، کێبرکێی ناتەندرووست، متمانە بەخۆنەبوون، قەیران و ئاڵۆزی کۆمەڵگە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی نەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە چالاکییە

مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن و دروستبوونی بزووتنەوەی بەربڵاو و هەمەلایەن دوا دەخات.

بە لەبەرچاوگرتنی شیکاریی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستنیشانکردنی هۆکارە شاراوە و ڕیشەییەکان کە ڕێگری دەکەن لە دروستبوونی بزووتنەوەی بەرفرەوان، دەتوانرێت ڕێگاچارەی کردەیی خوارەوە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستکردنی گۆڕانکاریی بەردەوام لەبەرچاو بگیرێت:

- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی متمانە لەنێوان خەڵک، دامەزراوە، حیزب و ڕەوتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و چالاکوانانی مەدەنی.
- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکە لە سەرکوتکردنی حکوومەتی لە ڕێگەی پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی، ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەرەدان بە کولتووری بەرگریی مەدەنی.
- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی هیوا بۆ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی دێموکراسی، بەرهەمهێنانی نێوەڕۆک بە کەلکوەرگرتن لە دەفرایەتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی هاوپێوەندی و هاوسۆزی.
- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری لەهەمبەر ماف و ئازادییەکان، قەیران و گرفتەکانی کۆمەڵگە و شێوازی چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی پەروەردە و کۆڕ، سمینار و زانیاری بڵاوکردنەوە و، پەرەدان بە کولتووری دیالۆگ و پێکەوەژیانی ئاشتیانە.
- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کێشە و ناکۆکی لەنێوان ڕەوتە جیاوازەکان لە ڕێگەی لەیەکتێگەیشتن و لێبوردەیی، ڕێزگرتن و داننان بە واقعی فرەچەشنیی سیاسی، کولتووری، ئەتنیکی و مافی نەتەوەکان، ڕەخساندنی فەزایەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و لەیەک حاڵی بوون.
- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی لە حکومەت و لایەنەکان، پشتیوانیکردنیان بەدەر لە بەرژەوەندییە کەسی و فکرییەکان و بە مەبەستی خێری گشتی بە شێوەی جۆراوجۆر.
- هەوڵدان بۆ پەرەپێدان و گەشەی ستراتیژیی بەردەوام، کاریگەر و بەرهەمدار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و بەربەستەکان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە، خوێندنەوە و ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکان لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی ناوچەیی و جیهانی.
- هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕایەڵکەی پەیوەندیی بەهێز و بەربڵاو لەنێوان چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

لە کاتێکدا تیۆریی سەهۆڵەچیای فرۆید چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە چینە جیاوازەکانی مێشک کەسایەتی مرۆڤ وێنا

دەکات، تیۆری و بۆچوونی دەروونشیکار و بیرمەندانی دیکەی ئەم بوارەش دەتوانێ یارمەتیدەر بن لە دەوڵەمەندکردنی شرۆڤەی بابەتەکەمان. بە تایبەتی، بۆچوونەکانی "کارل یۆنگ" و "ژاک لاکان" دەتوانن گۆشە نیگای نوێ لە شیکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکان لە کوردستان و ئێراندا ڕوون بکەنەوە.

کارل یۆنگ، قوتابی و هاوکاری پێشووی فرۆید، چەمکی "ناخودئاگایی بەکۆمەڵ"ی خولقاند کە ئاماژەیە بۆ پێگەی هاوبەش لە ئەزموونەکان، هێما و شێوازە ڕەفتارییەکان کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی شەقلیان گرتووە و بۆمان بە میرات ماوەتەوە. یۆنگ دامەزرێنەری دەروونناسیی شیکاری پێی وابوو ئەم ناخودئاگاییە بەکۆمەڵە بریتییە لە "کۆنەپاڕادایمەکان (Archetypes) "کە کۆنە نموونەییەکانی جیهانی و هێماین و لە ئەفسانە و دەرەقۆگ، چیرۆک و هزر و خەیاڵی هەموو فەرهەنگەکان بوونیان هەیە. کۆنەپاڕادایمەکان دەتوانن وەک هێزی پاڵنەر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کار بکەن و مانایان پێ ببەخشن و ئاڕاستەیان بکەن. بۆ میناک، کۆنەپاڕادایمی "پاڵەوان" (هێمای ئازایەتی، فیداکاری و خەباتکردن بۆ ئامانجە گەورەکانە. ئەو کەسەی ڕووبەڕووی ئاستەنگە مەزنەکان دەبێتەوە) دەتوانێت بۆ چالاکانی مەدەنی پاڵنەرێک بێ بۆ ئەوەی لە دژی ستەم و نادادپەروەری بوەستنەوە و کۆنەپاڕادایمی "قوربانی" دەتوانێت یارمەتی بە پشتیوانیکردن لە قوربانییانی سەرکوت بدات.

لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەتوانرێت شوێنپێی ئەم کەونە نموونەیە ببینرێت. ژنان وەک "پاڵەوانانی" سەرەکیی بزووتنەوەکە کە ئەزقەزا قوربانیی سەرەتایی ئەم بزووتنەوەیەش بوون لە دژی یاسا نادادپەروەرەکان وەستانەوە و گیانی خۆیان فیدا دەکرد. ئەم جۆرە لە شێوازی تێکۆشان لە کوردستاندا بەهۆی نەریتی خەبات و بزووتنەوە ئازادیخوازانە و دێموکراسییەکان بەراورد بە جوگرافیای دیکەی ئێران زیاتر دەرکەوتوە و تەنانەت ژنان لە ڕیزی حیزبە سیاسییە جیاوازەکاندا شانبەشانی پیاوان بۆ دادپەروەری، دیموکراسی و مافی نەتەوەیی خەبات دەکەن، بێ هۆ نییە سەرچاوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یش لەم جوگرافیایەوە هەڵقوڵاوە.

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا و بە چالاکتربوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی و وشیاریی سیاسیی گەلی کورد لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی داواکارییە سیاسییەکان کە کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەوانە کەڵکیان وەرگرتوە، لەم نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە بۆنەکانی پەیوەندیدار بە زمانی دایکییەوە بکەین، چالاکییە ژینگەییەکان و ڕێوڕەسمە پرشکۆیەکانی نەورۆز لە کوردستان کە بوونەتە بزووتنەوەیەکی شۆناسخوازنەی مەزن، کە ئەمە خۆی دەکرێ لە کۆنەپاڕادایمی نەورۆز وەک بۆنەیەکی سیاسی و کولتووری مێژوویی لە دەزگای بیرکردنەوەی یۆنگدا هەڵسەنگێندرێ. ئەم چالاکییە بەکۆمەڵانە بەرهەمی ئەو کۆنەپاڕادایمانەن کە لە ناخودئاگایی بەکۆمەڵی نەتەوەیی کورددا گووراون و ڕەگیان لە



سەرچاوە
Serchawe

گێڕانەوەی خەباتی حیزبە سیاسییەکان و مێژووی کۆن و بزووتنەوە کولتوورییەکانی وەک نەورۆزدا هەیە.

ژاک لاکان، دەروونشیکاری فەرەنسییش لە درێژەی شیکاریی دەروونناسیی تاک و کۆمەڵگەدا، تەکز لەسەر گرنگیی زمان لە شەقڵگرتنی زەین و کۆمەڵگە دەکاتەوە. لاکان پێی وابوو؛ "ناخودئاگا پێکهاتەیەکی وەک زمانی هەیە و لە ڕێگەی زمانەوەیە ئێمە پەیوەندی بە جیهان و ئەوانی ترەوە دەکەین". لە تەتەڵەی بزووتنەوەکاندا، لاکان یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەین چۆن زمان و وێژمان دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بیچمگرتنی هەویەتی بەکۆمەڵ، بەکۆمەڵکردنی پشتگیریی گشتی و ڕەوایەتدامالین لە هێزی دەسەڵات. بۆ میناک، دروشمەکان، هێماکان و ئەو گێڕانەوانەی لە بزووتنەوەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، دەورێکیی گرنگ لە دروستکردنی هەستی هاوپێوەندی و پابەندبوون لەنێوان بەشداربووواندا دەگێڕن.

جلوبەرگی خاکیی کوردی و بەستنی جامانە و هەوری وەک هێمایەک لە ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ گرتن و هەڕەشە و سەرکوتی کۆمەڵگای کوردستان هەروەها بەستێنی مێژووی لە بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی کورددا، وەک ئێلێمانی نەک هەر بۆنەکانی نەورۆز کە بە خاکیپۆشان ناسراوە، بەڵکوو لەلایەن خەڵکەوە وەک نەریتێک لە شایی و زەماوەندەکان و تەنانەت لە سەرخۆشییەکانیش، بووەتە پەیامێک بۆ بەرگری و شوناسخوازی و بەگژداچوونەوەی داگیرکەران، لێرەدا تەنیا لەبەرکردنی کەواپاتۆڵی خاکی بەسە بۆ دژایەتی و ناڕەزایەتی دەربڕین چوونکە وەک هێمایەکی پێشمەرگانە دەورێکی چالاک دەبینێت لە بزووتەنەوەیەکی پێشکەوتووی ئازادیخوازانەی کوردی، کە بەدوای مافە ڕەواکانی خۆی دا دەگەڕێت.

بە هۆی ئەوەی کە دروشمەکان لە ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخ دەگێڕن و بەرهەمی تێگەیشتنی ڕاستەقینەی کۆمەڵگاکانن، کەڵک وەرگرتن لە تیۆری زمانیی لاکانی دەتوانێ ئەم بابەتە زیاتر شی بکاتەوە. لاکان پێی وایە؛ زمان تەنیا ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو خۆی واقیع دروست دەکات. بە واتایەکی تر، "ئێمە لە ڕێگەی زمانەوەیە کە لە جیهان تێدەگەین، ئەزموونی دەکەین و مانای پێ دەبەخشین. بۆیە زمان نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعە، بەڵکوو دروستکەری ئەوە."

ئەو بە جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵەی کە ناخودئاگا، پێکهاتەیەکی وەک زمانی هەیە، پێیوایە "ناخودئاگای ئێمە کۆمەڵێک حەز، بیرەوەری و ئەزموون نیە کە سەرکوت کرابن، بەڵکوو سیستمێکی ڕێکخراوە کە بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمان کار دەکات". بە واتایەکی تر، ناخودئاگای ئێمەش لە ڕێگەی هێماکان، نیشانەکان و خوازەکانەوە قسەمان دەگەڵ دەکات. هەروەها لاکان بەپێچەوانەی نەریتی زمانناسی، پێی وایە؛ پەیوەندی لەنێوان دال (وشە یان نیشانە) و مەدلوول (چەمک

یان مانا) جێگیر و یەکلاکەرەوە نییە. بەڵکوو دالەکان بەردەوام ئاماژە بە دالەکانی تر دەکەن و مانا لەم زنجیرە دالییەوە شکڵ دەگرێت. بە جۆرێکی تر، مانا هەمیشە ڕژد، ڕەوان و پشت بە بەستێن دەبەستێت.

لەبارەی دروشمە جیاوازەکان لە ڕەوتی بزووتنەوە مەدەنییەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا لە سەرانسەری ئێران و کوردستان (لە مانگی سەرماوەزی ١٣٩٦ هەتا سێی ڕێبەندانی ١٤٠٣ وەک دواین مانگرتنی کاسبکاران و بازارییەکانی کوردستان بە هۆی دەرکردنی حوکمی سێدارە بۆ دوو چالاکوانی مەدەنی و سیاسی ژن بە ناوەکانی پەخشان عەزیزی و وریشە مورادی، هەتا پێش نووسینی ئەم دەقە) لانیکەم چەند دروشمێکی سەرەکی بەردەوام پاتە دەبوونەوە و دەگەڵ دروشمەکانی دیکە جیاوازیان هەبوو، وەک؛ مردن بۆ دیکتاتۆر، ئیسلاح تەڵەب، ئوسولگەرا دیگە تەمومە ماجەرا، ژن، ژیان، ئازادی (زن زندگی آزادی). ئەم وێنانە تەنیا دەربڕی بێزاری یان داواکاری نین، بەڵکوو یارمەتیی دروستکردنی واقیعێکی نوێ دەدەن. دروشمەکان بە بەکارهێنانی زمان، گێڕانەوەکان و هێماکان (سووتاندن و فڕێدانی رووسەری، لەبەرکردنی کەواپاتۆڵی خاکی)، وێنەیەکی جێگرەوە لە بزووتنەوەکە خۆیا دەکەن و یارمەتی خەڵکی دەدەن بۆ ئەوەی ڕەخنە لە دۆخی ئێستا بگرن و باوەڕیان بە ئەگەری گۆڕانکاری هەبێت.

لە لایەکی ترەوە دروشمەکان دەتوانن بە بەکارهێنانی وشەکان، زاراوەکان و چەمکە تایبەتەکان، دەستیان بە ناخودئاگای بەکۆمەڵی تاکەکان ڕابگات و هەستەکان، بەهاکان و باوەڕە قووڵەکانی ئەوان چالاک بکەن. ئەو دروشمانەی کە پەیوەندی بە شوناس، مێژوو و کولتووری خەڵکییەوە هەیە، هێزی بەکۆمەڵکردنی زیاتریان هەیە. دروشمەکان یارمەتی دروستکردنی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ و هەستی هاوسۆزی لەنێوان بەشداربووانی نارەزایەتییەکاندا دەدەن. دروشمەکان بە دەربڕینی بەها و ئامانجە هاوبەشەکان، "ئێمە"یەک لە بەرامبەر "ئەوان"دا دروست دەکەن و هەست بە خاوەنداری و پابەندبوون بە تاکەکان دەبەخشن.

لە دەربڕینی ئەمری ڕاستەقینە(the Real) دا دروشمەکان، دەتوانن بە دەربڕینی "ئەمری ڕاستەقینە" یان هەمان ئەو شتەی کە سەرکوت کراوە، وزە و پاڵنەر ببەخشنە بزووتنەوەکان. ئەم "ئەمری ڕاستەقینەیە" دەتوانێت بریتی بێت لە ئەزموونی تاڵ، بیرەوەریی سەرکوتکراو، یان ئاواتە بەدی نەهاتووەکان. دروشمەکان بە دەربڕینی ئەم "ئەمری ڕاستەقینەیە"، یارمەتی تاکەکان دەدەن بۆ ئەوەی بەرەورووی ئازار و نارەحەتیی خۆیان ببنەوە و بۆ گۆڕینی دۆخەکە هەوڵ بدەن. بۆ میناک، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لەبەرچاو بگرن؛ ئەم دروشمە، بە پێوەری ڕوانگەی لاکانەوە، تەنیا دەربڕی داواکارییەکانی ژنان نییە، بەڵکوو واقیعێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لە بەستێنێکی مافخوازنەی هەمەلایەنە و مۆدێرن وێنا دەکات:


سەرچاوە
Serchawe

**ژن:** وەک ناسکار و سوژەیەکی چالاک و خۆسەر، نەک وەک بەرناس و ئۆبژەیەکی ڕەگەزی یان شارۆمەندێکی پلە دوو. جاڕنامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە کە باسی بەرامبەری ژن و پیاو دەکات. هیچ بەڵگەنامەیەکی حقوقی بەرلەوە، بەم شێوەیە جەخت لە یەکسانیی هەموو مرۆڤەکان ناکات. لە پێشەکیی جاڕنامەدا، ئاماژە بە بەرامبەری مافی ژن و پیاو و بەشداریکردنیان وەک یەک کراوە، هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش بە ڕوونی جەخت لە جیاوازیی ڕەگەز، زمان و ئایین کراوەتەوە. لە بەندی "بێ" مادەی ١٣ و بەندی "جێ" مادەی ٥٥یشدا ئەم بابەتە پاتە بووەتەوە.

**ژیان:** وەک مافێکی بنەڕەتی بۆ هەمووان و بەشێک لە مافە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێک، نەک ئیمتیازێک کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەدرێت. مادەی سێیەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ئاماژە بە گرنگترین مافی هەر مرۆڤێک دەکات، ئەویش "مافی ژیان کردنە"، لەم خاڵەدا، بە ڕوونی باس لەوە دەکرێت کە هەر مرۆڤێک، دەبێت خاوەن مافی دیاریکراوی وەک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایش بێت. بە واتایەکیتر، نابێت هیچ مرۆڤێک بکوژرێت، ئاسایش و تەناهی ئەو مەترسی بخرێتەسەر و ئازادییەکانی لێ یاساغ بکرێت.

**ئازادی:** وەک بەهایەکی بنەمایی و سروشتی کە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، نەک تەنیا ئازادییە کۆمەڵایەتییە سنووردارەکان. بەپێی ئەو بنەمایانەی لە جاڕنامەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، یەکگرتوویی ئەندامانی بنەماڵەیی مرۆڤ، کەرامەتی مرۆڤ و دەستنیشانکردنی ئەو مافانەی لێیەوە سەرچاوە دەگرن، بە بنەمای ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا دەزانێت و دروستکردنی جیهانێک کە تێیدا، تاکەکانی مرۆڤ لە دەربڕینی بیروڕای خۆیاندا ئازاد بن و لە ترس و هەژاری ڕزگاریان بێت، وەک بەرزترین ئارمانج و ئاواتی مرۆڤایەتی ڕاگەیاندوە. لەم ڕاگەیاندنە سی ماددەییەدا، نزیکەی نیوەی خاڵە جیاوازەکانی تەرخانکراوە بۆ ئازادیی مرۆڤ و هەندێک لە خاڵەکانی دیکەش بە شێوەیەک پەیوەندی بە پرسەکانی ئازادییەوە هەیە.

ئەم دروشمە بە ئاوێتەکردنی سێ وشەی بەڕواڵەت ساکار بەڵام بەهێز کە لە ناخودئاگای بەکۆمەڵی کوردانەوە هەڵقوڵاوە و سەرانسەری بوو، توانی ببێتە ناسنامەی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە و، هەستەکان، بەهاکان و باوەڕە قووڵەکانی ئەوان چالاک بکات. ئەم دروشمە، یارمەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەرتاسەری ئێران داوە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی نوێ بۆ خۆیان پێناسە بکەن، ئاستەنگ و کێشەی جددی بۆ دەسەڵاتی حاکم درووست بکەن و بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەرانە هەوڵ بدەن. بە شێوەیەکی گشتی، لە دیدگای لاکانییەوە، دروشمەکان لە ناڕەزایەتییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا نەک هەر ئامرازێک بۆ دەربڕینی داواکارییەکانن، بەڵکوو کەرەسە و ئامرازێکن بۆ دروستکردنی واقیعێکی

نوێ، چالاککردنی ناخودئاگای بەکۆمەڵ، دروستکردنی شوناسێکی گشتی، بە ڕەخنەگرتن و ئاستەنگ درووست کردن بۆ دەسەڵاتی حاکم و دەربڕینی "ئەمری ڕاستەقینە". دروشمەکان بە بەکارهێنانی زمان، هێز، مانا دەبەخشنە بزووتنەوەکان و یارمەتییان دەدەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانی خۆیان.

خاڵێکی تر لە پەیوەندیدا بە لایەنە جیاوازەکانی دروشم و ڕۆڵی ئەو لە خواست و داواکارییە بەکۆمەڵەکان لە کوردستاندا، بۆ چەند دروشمێکی گرنگ و فرەوان دەگەڕێتەوە کە لە شەقامەکانی کوردستاندا بەردەوام پاتە دەبوونەوە، بەشێک لەم ڕەوتە دوای ڕۆڵی میدیا ناوەندتەوەرەکان لە شکڵدان بە بیرکردنەوەی گشتی بۆ ئایدیایەکی تایبەت، سانسۆری سیستماتیکی چالاکییەکانی گەلانی جیاوازی ئێران و پێشێلکارییەکانی بەربەرینی مافەکانی مرۆڤ، بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردووی سیاسی و قبوڵکردنی ڕێبەریی تاکەکەسی و دروستکردنی گێڕانەوەیەکی دۆڕاو و خیچاو دەگەڕێتەوە. نەبیستنی دروشمگەلێک وەک "کوردستان کوردستان چشم و چراغ ایران"، "از کوردستان تا تهران جانم فدای ایران"، "کورد، بلوچ، آذری، ئازادی و برابری" لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانەوە؛ دوای هەنگاو و هەوڵی ئاگاهانەی ڕەوتی ئێرانگەرای ناوخۆیی و دەرەکی و کردەوەی ئاشکرا دژ بە مافی نەتەوەکان، زەینی ناخودئاگای کۆمەڵگەی کوردی بەم دژایەتی و ناکۆکییە لە گوتاری ناوەندگەراکاندا کاردانەوەی نیشان دا و بە دروشمگەلی وەک "داگیرکەری ئێرانی تۆ قاتڵی ژینامانی" گڕوتین و خرۆشێکی نەتەوەیی بە کۆمەڵگە و تەنانەت توێژی خۆڵەمێشیی کوردستان دا و تەنانەت چاوەڕوانییەکانیان لە حیزبە سیاسییەکان بەرزتر بۆوە. لەم دروشمەدا دوو ژینا هەن، ژینایەک کە لەلایەن ناوەند، میدیاکان و ڕەوتە توندڕەوە ئێرانییەکانەوە گۆڕا بۆ "مەهسا" و جارێکی دیکە ژینای ئێمە (کوردەکان) کوژرایەوە و، ژینایەکەی تر خوازەیەکی هێمایی بوو لە خواستە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگە و حیزبە سیاسییەکانی کورد کە نەک تەنیا پشتگوێ خرا بەڵکوو کرایە ئامانج و دەسەڵاتی سیاسیش کەڵکی لەو دەرفەتە وەرگرت و بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چەندین جار هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەش زۆربەی ڕەوتە سەرانسەرییە ئێرانییەکان هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر ئەم هێرشانە نەبوو و بووە هۆی پەیدابوونی ئەم جۆرە دروشمانە لەسەر شەقامەکان. ئەم کاردانەوە بەکۆمەڵەی کوردستان لەنێو بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕینیشدا بە شێوەیەکی ناخودئاگا بەرهەم هێنرایەوە و دروشمگەلێک وەک "شەهید نامرێت، کوردستان کوردستان گۆڕستانی فاشیستان، هەتا کوردێک بمێنێت، کوردستانیش هەر دەمێنێت، و بە دروشمی "کاک...(ناوی شەهید) پاڵەوانە، شەهیدی کوردستانە"، ڕیزەکانی خۆیان لە ڕەوت و لایەنە ڕادیکاڵ و دژ بە مافی نەتەوەیی و دیموکراسی جیا کردووەتەوە کە گشتی لە گێڕانەوە و دروشمەکانی سەد ساڵی ڕابردووی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە.

-------

**سەرچاوەکان:**

محسنی، محمدرضا. ١٣٨٦. ژاک لکان، زبان و ناخودآگاه، پژوهش زبانهای خارجی، شماره ٣٨ تابستان. صص ٨٥ - ٩٨

Freud, Sigmund. The Standard Edition of the Complete Psychological Works of Sigmund Freud.Vol. XIX (1999) James Strachey, Gen. Ed. ISBN 0-09-929622-5
Rycroft, Charles (1968). A Critical Dictionary of Psychoanalysis. Basic Books.
Sigmund Freud (1933), New Introductory Lectures on Psychoanalysis. pp. 105–6

٥ی خاكەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# نەورۆزی خاکیپۆشان، پشتئەستوور بە بنەماکانی بزووتنەوە فکری و جەماوەرییەکان



ناسر ساڵحیئەسڵ

لیباسی خاکی و جامانە و هەوری لە بۆنەکانی نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕێگایەکە بۆ مەترحکردنی ویست و داخوازییە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەمکاری و هەڵاواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تا بەم شێوەیە نەتەوەی کورد بتوانێ بەرگری لە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بکات. هەرچەند نماد و سەمبولەکانی خەبات و نارەزایەتیدەربرینی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی خومەینییەوە، چ لە بەرگریی پێشمەرگانە شاخ و لە خەباتی شار و شەقام بە بەردەوامی نمادی خەباتی ڕەوا بووە. هەروەها لیباسی خاکی، و جامانە و هەوری نمادی دەیان ساڵ خەباتی سیاسی و چەکداریی خوێناوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و ئیستا بوونەتە نمادی بەرخۆدان بۆ لاوان و نەوجەوانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئێران لە لایەک باوەڕی بە واقعییەتی فرەنەتەوە، ئیتنیکی و ئایینزابوونی ئێران و لە لایەکی دیکەوە باوەڕی بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نەبووە، هەمیشە هەوڵی داوە هەر دەنگێکی نارەزایەتیی گەلی کورد، بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوت بکات. بەڵام خەڵکی کورد لە بەرانبەر ئەو سەرکوت و توندوتیژییانەی ڕێژیمدا لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا لە نماد

و سەمبولەکانی خەباتی ڕەوای شاخ و شار بۆ نارەزایەتی دەربڕین کەڵکی وەرگرتوە.

لێرەدا ئاماژە بە هێندیک تایبەتمەندیی بنەماکانی بزووتنەوەی فیکری و جەماوەریی وەکوو هۆکارگەلێکی سەرەکی و کارا لە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاماژەی بەم چەند فاکتە دەکەین:

## دەوری مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لە کۆمەڵگە ئازاد و دێمۆکراتیکەکاندا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد ڕەنگدانەوەی ویست و داواکاری کۆمەڵانی خەڵکن. بەڵام لە سیستەمی داخراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ڕاگەیاندن بە تەواوی لە خزمەت دەسەڵاتدایە و دەسەڵاتیش هەوڵ دەدا بۆ یەکڕەنگکردن و یەکدەنگکردنی کۆمەڵگەی گەلانی ئێران و هەرچەشنە ڕاگەیاندنی ئازاد، کەشی کراوە و پلۆرالیزمی کولتووری و فیکری و سیاسیی بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت دەکاتەوە. بەو پێیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە لە هەوڵی سەپاندنی فەرهەنگی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئێراندا بووە و بە هیچ شێوەیەک دانی بە فرەدەنگی، فرەڕەنگی، فرە کولتووری و فرەنەتەوەیی بوونی وڵاتی ئێران دانەناوە، بەڵکوو بەردەوامی هەوڵی داوە کولتووری نەتەوەی باڵادەست بە سەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا زاڵ بکا و بتوانن بەم چەشنە لە فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەستدا بیانتوێنێتەوە. دیارە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە کە ئەم مەسەلەیە تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەریی هەبێ کە خەڵک تەنیا میدیاکانی نێوخۆی وڵات بە سەریاندا زاڵ بێ و لە کەش وهەوایەکی داخراودا بژین و دەستیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد ڕانەگات.

بەڵام لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و دیجیتاڵی و ئینتێرنێتدا ئۆتۆریتەی چاوەدێری و کۆنترۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکشکاوە و شۆڕشی زانیاری و ئینتێرنێت لە ڕاگەیاندندا کارێکی وای کردوە کە خەڵکی هەموو جیهان بتوانن بە شێوەیەکی زۆر ساکار پێکەوە پێوەندییان هەبێت و ئەم شەپۆلە بەهێزەی شۆڕشی زانیاری و دیجیتاڵی، گەلی کوردیشی گرتەوە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی تەنیا میدیاکانی حیزبی هەبوو، لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەم مێدیای حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات فرەچەشن و پەرەپێدەر بووە و هەم ڕاگەیاندنی دیکەش بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری خراونەتە بەردەست. بۆیە لە سەردەمی ئێستادا فەزای م تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینترنێت توانیویانە خودئاگای نەتەوەیی خەڵک بەرز بکاتەوە و یەکدەنگی و یەکریزییەکی وەها دروست بکا کە ئاکامەکەی نەورۆزی سەمای جامانە، بزووتنەوەی ژینا "ژن ژیان ئازادی"، نەورۆزی مەشخەڵانی ئازادی و نەورۆزی خاکیپۆشانی لێ بکەوتەوە.

## بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و خودئاگایی نەتەوەیی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتاوە یەکێک لەو ئامرازانەی دژی نەیارانی خۆی لە سەراسەری ئێران و لە کوردستان بە تایبەت کەلکی لێوەرگرتوە، شۆڕشی فەرهەنگی بوو. ڕێژیمی ئیسلامی زۆر بە باشی دەیزانی کە زانستگا و خوێندکار لە هەر کۆمەڵگەیەک، گرینگترین و سەرەکیترین کەرەسەی گۆڕان و پێشکەوتنن، لە هەمان کاتیشدا هێزێکە کە دەتوانێ ببێتە کۆسپ و لەمپەر لە بەرانبەر ویست و ئارەزووی ڕێژیمدا. بۆیە لە سەرەتاوە بە شۆرشی فەرهەنگی هەوڵی دا زانستگاکان بخاتە پاوانی خۆیەوە، بە شێوەیەک کە ئەو کەسانەی پێی وابوو خودین، ئەوە بۆیان هەبوو بچنە زانکۆ و، غەیرە خودییەکانیش لە خوێندنی بەرز بێبەش دەکران. ئەم پرسەش بووە هۆی هاتنە ئارای دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان (فرار مغزها)و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر مامۆستا، خوێندکار و ڕووناکبیر وڵاتیان ڕوویان کردە هەندەران. بێگومان ئەم پرۆسەیە واتە "حەزف"کردنی غەیرە خودییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر جێبەجێ کرا، بە چەشنێک کە بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵان ژمارەیەکی یەکجار کەم لە لاوانی کورد، پاش تێپەرکردنی چەندین فیلتێر، بۆیان هەبوو پێ بنێنە زانستگا و درێژە بە خوێندن بدەن.

لە قۆناغێکی دیکەدا کە زەخت و گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەیان دەسەند، ڕێژیمی ناچار بە پاشەکشە لە هەندێ بڕیارەکانی خۆی کرد. هەر لە ئاکامی ئەو زەخت و گوشارانەشدا ڕێژیمی ئیسلامی ئێران ناچار بوو ئەو بەربەستانەی لە بەرانبەر لاوانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەت بۆ چوون بۆ زانستگا دابنابوو، هەڵگرێت. ئەمەش کەشوهەوایەکی خوڵقاند، بۆ ئەوەی لاوانی کورد بتوانن، توانا و لێهاتوویی خۆیان نیشان بدەن. پاش چەند ساڵ لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لێشاو لاوان بۆ زانستگاکان قەبووڵ دەبوون و ئەم پرسەش وای کرد کە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرینی فەرهەنگی و نەتەوایەتی و خودئاگایی نەتەوایی لە کوردستان ڕوو بدا.

لاوانی کورد پاش ئەوەی کە دەچوون بۆ زانستگا، توانیان هەم باشتر و زیاتر دەوروبەری خۆیان بناسن و هەم ئاستی خودئاگایی نەتەوەییان بەرز بۆوە تا بە شێوەیەکی بەرچاوتر هەست بە زوڵم و زۆری دەرحەق بە نەتەوەکەیان بکەن. هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم توێژە لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتانسییەلێکی کارا و چالاک پێک بێنێ و ببێتە دینامیزمێکی خەباتگێڕانە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بە واتایەکی ڕوونتر توێژی خوێندکار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەیەی حەفتادا لە بواری نەتەوەیی، سیاسی، فیکری و ڕۆشنبیرییەوە قەڵەمبازێکی گەورەی لە شار و

شەقامی کوردستاندا لێ کەوتەوە.

## دامەزرانی ئەنجۆمەنی ئەدەبی و ڕوشنبیرییەکان

لە دەیەی حەفتادا و پاش ئەوەی کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی بارودۆخێکی هەستیاری ژێئۆپۆلۆتیکی کە لە ناوچەکەدا ڕووی دابوو، و ئاودیوی باشووری کوردستان ببوون، بۆشاییەکی ڕێژەیی لە پێوەندییی ڕاستەخۆ لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەی کوردیدا پێک هاتبوو. بەڵام پاش ئەوەی کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک لە خەڵکانی ڕووناکبیر و ئەدەبدۆستەوە، ئەنجومەنە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان پێک هاتن، توانییان ئەو هاوسەنگییەی جاران ڕابگرن و ئیزن نەدەن کە پێوەندیی بەگوڕی شەقام - شار و شاخ بپچڕێت. هەر ئەو مەسەلەیەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجۆمەنەکان بتوانن کۆمەڵێکی زۆر لە لاوان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و ئاستی ئاگایی نەتەوەییان بەرنە سەرەوە.

**کەواتە لە سێ لایەنەوە کاری ئەنجۆمەنە ئەدەبی و ڕوشنبیرییەکان جێگەی سەرنج و تێرامانە:**

- ڕاکێشانی کۆمەڵێک لە لاوان بۆ لای خۆیان و بارهێنانیان بە بیرۆکەیەکی نەتەوەییەوە.
- پەرەپێدان و گەشەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی.
- لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ.

## گەورەبوونەوەی شارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە دەیەی شەستەکاندا بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، ڕێژەی دانیشتووانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری چەندایەتییەوە زۆر نەبوو، بەڵام پاش تەواوبوونی شەڕ بەشێک لە خەڵکی گوندەکان، بە هۆی کەمداهاتی و هۆکاری جۆراوجۆری دیکە، ڕوویان لە شارەکان کرد. بەم شێوەیەش شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە بوونەوە و بەو پێیەش ڕێژەی دانیشتووانی شارەکانیش پەرەی سەند. زۆربوونی ڕێژەی دانیشتووانی شارەکان ئاستی داواکاری خەڵکیشی لەگەڵ خۆی بەرز کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەورەبوونەوەی شارەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەتوانێ وەک جاران کونترۆڵی تەواوی بە سەریاندا هەبێ، چونکە میلیتاریزەکردنی شارێکی بچووک ئاسانترە تا شارێکی گەورە بە حەشیمەتێکی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

زۆرەوە. کەواتە گەورەبوونەوەی شارەکان لەگەڵ ئەو سێ هۆکارە، بواری بۆ نارەزایەتیدەربرینی جەماوەری لە شێوەی بزوتنەوەی " ژن ژیان ئازادی" ڕەخساند.


کەوابوو شۆڕشی زانیاری و خودئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خودئاگایی و ئاستی زانستی، دامەزرانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان و گەورە بوونەوەی شارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەڵەمبازێکی مەزنی لە خەباتی سیاسی _ نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا کە لە لایەک ڕق و بێزاری چەندین ساڵەی گەلی کوردی بەرانبەر بە ستەمکاری و هەڵاواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر کردوە و لە لایەکی دیکەوە ترس و دڵەراوکێی خەڵکی کوردی بەرانبەر بە ڕێژیم شکاندوە و بۆتە هەوێنی یەکدەنگی، یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە ئاخێزە مانگرتنەکانی شار و بۆنە نەتەوەییەکان و شۆڕشە جەماوەرییەکەی "ژن ژیان ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، کە لە ئاکامدا خەڵکی کورد سەلماندیان کە بۆ ویست و داخوازییە ڕەواکانیان یەک ئامانج و یەک هەڵوێستیان هەیە.

**٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی فێمینیستیی کوردی لە پەراوێزەوە بۆ دەق



د. ئارەزوو نستانی

لە ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت بەدوای ڕاپەڕینی ژینادا چەند پرسیارێکی جیددی لەسەر ئامادەیی کۆمەڵگەی کوردی، بارودۆخی خەباتی ژنان و ویست و ئامانجەکانیان و هەروەها کارتێکەریی دوولایەنەی کۆمەڵگە و دەستەبژێری سیاسی، لێرە و لەوێ هاتوونە گۆڕێ و بەپێی پێویست هەوڵی وڵامدانەوەیان دراوە.

ئەوە پرسیارانەی ئەمن مەبەستمە بەدوای وڵامیان دا بگەڕێم ئەوانەن:

١- تاچەند دەتوانین بڵێین ڕاپەڕینی ژینا ڕاپەڕینێکی ژنانە بوو، بەو مانایەی ئایا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە کاتێگۆرییەکی فێمینیستییەوە چووە ناو ئەو ڕاپەڕینەوە؟

٢- بە سەرنجدان بەوەی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو هاتوونەتە مەیدان، دەتوانین بڵێین نەسلێکی نوێ لە ژنانی داواخوازی کورد سەری هەڵداوە؟

٣- ئایا ئەو ژن تەوەرییەی ئەمڕۆ لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و ڕووناکبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی لێ دەکرێ بەرهەمی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە یان کارتێکەریی ئەو بزووتنەوەیەی بەسەرەوەیە؟
٤- ئایا دەستەبژێری سیاسیی کورد و بەتایبەت حیزبەکان دەرکیان بەو گۆڕانە لە کۆمەڵگەدا کردووە دەتوانن خۆ بگونجێنن لەگەڵ ئەو قۆناغە؟

## یەکەم: گەشەی بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ڕۆژهەڵات لەو ساڵانەی دواییدا:

ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و بەرجەستە بوونی دەور و کاریگەریی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووی دا ئاسۆیەکی گەشی بەڕووی مەسەلەی ژندا کردۆتەوە.

شۆڕشی ژینا وەک گەورەترین ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، شوێندانەریی گەورەی لەسەر زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی داناوە، بە جۆرێک کە توانی کەلێنی بێمتمانەیی نێوان خەڵک و دەسەڵات تەنانەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش نیشان بدا، دەسکەوتی زۆر گەورەی لێ کەوتەوە کە بەڕای من گرینگترینیان وەگەڕخستنی هێز و تواناکانی ژنان بوو.

کە دەگوترێ بزووتنەوەی ژینا بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی بوو، بەو مانایەیە یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی سەرشەقام بریتی بوو لە یەکسانیخوازیی ڕەگەزی یان دروستترە بڵێین جێندەری. بەشداریی ژن لە خۆپێشاندان و چالاکییەکانی سەر شەقام بەراورد بە ڕابردوو بێوێنە بوو، ژن توانی وەک تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە لە ماڵەوە بێتەدەر و شانبەشانی پیاو داواکارییەکانی دەربڕێ. خواستی جل پۆشینی ئیختیاری، گۆڕینی بەها سوننەتییەکانی بنەماڵە و ڕزگاربوونی ژن لە پیاوسالاری وەک دروشم و خواستە تایبەتەکانی خەبات دژی هەڵاواردنی جێندەری، تەنیا خواستی ژنان نەبوون، خواستی پیاوانیش بوون. ئێمە لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینا و ڕووداوەکانی دواتریدا ئاماژەی جۆراوجۆرمان بینی کە پیاوان تەنانەت ڕادیکاڵتر لە ژنان دەرکەوتن لە پشتیوانی و پشتگیریی مافەکانی ژنان.

ئەگەر لە نارەزایەتییەکانی پێشووتردا زیاتر لە زانکۆکان شاهیدی بەشداریی ژنان بووین لە مانگرتن و چالاکییە نارەزایەتییەکان، ئەوا لە بزوتنەوەی ژینادا ژنان توانییان شەقام کۆنترۆڵ و تەنانەت ئاراستە بکەن. ئەو دیاردە نوێیە بەهێزترین خاڵی بزووتنەوەکە بوو کە پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی لە ئاستی ڕای گشتیدا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوەش بەڕوونی لە دروشمی سەرەکی ڕاپەڕینەکە دەردەکەوێ کە بریتی بوو لە ژن، ژیان، ئازادی.



سەرچاوە
Serchawe

له ئێستادا بزووتنەوەی فێمێنیستیی کوردستان خاوەن تایبەتمەندییەکی ناوازەیە و هاوتەریب لەگەڵ مافویستیی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەرەوپێش دەچێ. بزووتنەوی فێمێنیستیی کوردی له ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چیتر له کۆنتێکستی بزووتنەوەی فێمینیستیی سەراسەریدا جێگای نابێتەوە و ژنی کورد بە ناسنامەی جیاواز لە ژنی ناوەندنشین خۆی پێناسە دەکا و خولیای گەورەتری هەیە. دەغدەغەکانی ژنی کورد لەگەڵ ژنی فارس وەک نەتەوەی سەردەست جیاوازە، ئەگەر بۆ ژنێکی تارانی پرسی حیجاب و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان ئەولەویەتە، بۆ ژنی کورد ئەولەوییەتەکان زۆر جیاوازن، بۆ وێنە چەوسانەوەی ژنی کورد هەر لە پرسی خوێندن بە زمانی دایکەوە دەست پێ دەکا تا پرسی کۆڵبەریی ژنی کورد و هتد. بۆیە فێمینیزمی کوردی سنوورێکی زەقی لەگەڵ فێمینیزمی ناوەند هەیە (یان ئەوەی بە فێمینیزمی سەراسەری ناسراوە).

ژنی کورد دژی ستەمی نەتەوەیی و دژی ستەمی چینایەتی خەبات دەکا لە پەنا خەبات دژی ستەمی جێندەری. کەواتە کنش گری ژنی کورد کنش گرییەکی سیاسیشە و چاوێکی بە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردیشەوەیە. هەر بۆیە فێمینیزمی کوردی زیاتر لەوەی وێکچوونی لەگەڵ فیمینیزمی سەراسەریی ئێران هەبێ کە هەڵاواردنی نەتەوەیی بە ڕەسمی دەناسێ، وێکچوونی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و چینایەتیی کوردەوە هەیە.

## دووەم: کاریگەریی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەسەر گەشەی داواخوازیی ژن

کاتێک دەڵێین کوردستان سیاسیترین و وشیارترین جوغرافیای ئێرانە و گەلی کورد بەر لە هەموو گەلانی دیکەی ئێران ئەو ڕێژیمەی ناسیوە و نای پێ گوتوە، بێگومان ئەو جیاوازییە بەرهەمی بزووتنەوەیەکی سیاسیی زیندوو لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا بووە، کەواتە ڕەوایە بڵێین هەر بەو پێودانگە ژنانی کوردیش سیاسیتر و موتالبەگەرترن. ئەوەی شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە پێناو ئاوێتە کردنی خەباتی مافخوازانەی ژنان بە کۆی ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتەوە کردوویەتی، تەنیا لە لایەن ژنانەوە نەبووە و زۆرجار پیاوان دەستپێشخەر و هاندەری ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگە بوون لە وشیارکردنەوە و سەرنجڕاکێشان بەرەو ستەمی جێندەری.

داواخوازیی ژنان قۆناغی پاش وشیاربوونەوەیانە لە ئاست مافەکانیان، تا ئەوکاتەی ژنان تێگەیشتنێکی ڕوونیان بۆ ماف و خواستەکانیان نەبێ ناتوانن داواخواز بن. لێرەدا هەنگاوی کرداری و پراکتیک دەست پێ دەکا بۆ وەدیهێنانی ماف. بێگومان ئەو داواخوازییە، سیاسییە و لە کۆنتێکستی بزووتنەوەی سیاسیدا گەشەی کردوە. چونکە لە بنەڕەتدا حیزبی سیاسی دەرەنجامی داواخوازییە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش بەدەر نین لەو واقعیەتە.

ئەگەر بمانەوێ بەشێوەی کۆنکرێت سەرنج بخەینە سەر ئەو گۆڕانەی لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕووی داوە و بۆتە هۆی ئەوەی ژنی داواخواز بەرهەم بێنێ یان ژنان، داواخوازتر دەرکەون و هەروەها ئەو زەروورەتانەی لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەوە دروست بوون، دەبێ دان بەو ڕاستییە بنێین بزووتنەوەی فێمێنیستیی کوردی لە کۆنتێکستی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورددا خۆی نیشان داوە، واتە ژنی کورد هەوڵی داوە لە دەلاقەی ڕوانینێکی فێمێنیستییەوە خەمی نەتەوەکەی بخوا و ئەوەش کرۆکی ئەو خەباتە فێمێنیستییەیە کە لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارا دایە.

## سێهەم: گرنگیی تۆخکردنەوەی گوتاری فیمینستی لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

فیمینیزم وەک پاڕادایمێک لە پەنا یەکسانی خوازیی جێندەری، کۆمەڵێک ڕەهەندی سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و ئابووری لە خۆ دەگرێ. واتە فیمینیزم بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، تەنیا بزووتنەوەیەکی ژنانە نییە بۆ سڕینەوەی ستەمی ڕەگەزی، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تێدەکۆشێ کۆی کایەکانی کۆمەڵگە لە ڕوانگەیەکی ژنانەوە بگۆڕێ. گوتاری فیمینیستی گوتاری لێک کۆکردنەوەری هەر بیر و ئایدیایەکە کە بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، ڕزگاریی ڕەگەزی یان ڕزگاریی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ.

پارادایمی فیمینیستی جێگای هەموو ئەو بۆچوونانەی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی گوتارێکی دیمۆکڕاتیک و پلورالیستە و هێڵی سووری بۆ هیچکام لەو بۆچوونانە نیە. هەر بۆیە ئەو زەرفیەتانەی لە ئێستادا لە پرسی مافەکانی ژنان، لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگە و سیاسەت و تەنانەت بنەماڵەدا بەرجەستە بوون، دەرفەتی گەورەیان تێدا بەدی دەکرێ بۆ بنیاتنانی گوتارێکی فیمینیستی کە هەموو بیروبۆچوون و تەنانەت ئیدئۆلۆژییەکان دەتوانن خۆی تێدا ببیننەوە.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەیە بۆ وەرگرتنی پەیامەکانی ئەو چەشنە گوتارە. ئەو ئەهمیەتەش لە دوو لایەنەوە دەردەکەوێ؛ لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و لە ئاستی نێودەوڵەتی. هەڵبەت دەبێ بگوترێ کە پرسی ژن سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نێوخۆیی هەیە لە هەمان کاتدا ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی بەهێزیشی هەیە. هەر بەو پێیەش بزووتنەوەی فێمێنیستی بەهایەکی نێودەوڵەتیی بەهێزی هەیە و توانای ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی هەیە وەک پاڵپشتێک بۆ مافی مرۆڤ، مافی ژن و بەگشتی هەموو ئەو ئاریشانەی لە کۆمەڵگەدا دەبینرێن.

ئێمە لە نیوەی یەکەم و تا چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم شاهیدی ئەوەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر ئەو گەلانەیە کە لەژێر سیستەمی کۆلۆنیالیزمدان و لە لایەن زلهێزانەوە

داگیر کراون، بەدوای کۆتاییهاتنی داگیرکاریی کۆمەڵێک بەهای نوێ بوونەتە جێگای سەرنجی کرمەڵگای نێودەوڵەتی، وەک پرسی ژن و پرسی ژینگە.

کە دەڵێین پێویستە گوتاری فێمێنیستی تۆخ بکرێتەوە بۆ ئەوەیە ئێمە دەتوانین لەو چوارچێوەیەدا دەروازەی نوێ بەرەو پرسی نەتەوەییمان بکەینەوە. دەتوانین سەرنجی وڵاتانی دیمۆکرات و پێشکەوتوو لەڕێگەی بەرجەستەکردنی ستەمی سیستماتیک و سیاسی لەسەر ژنان، بەرەو کۆی پرسی نەتەوەییمان ڕابکێشین.

لە ئاستی نێوخۆییشدا فێمینیزمی کوردی دەتوانێ ئەو ڕەگەزە هاوبەشە بێ کە ڕۆحێکی زیندوو وەبەر بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد بنێ و ببێتە ژێرخانێکی بەهێز بۆ بەسیجکردن و وەگەڕخستنی سەرجەم هێزەکان بۆ بە سەرخستنی خەباتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی پاڕادایمی فێمینیستی دا. خەباتی ژنان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە پوتانسیەلێکی بەرین و زەرفیەتێکی بەربڵاوی هەیە بۆ بە هاناوە هاتنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، ئەوەش ئەو گۆڕانە گەورەیەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات بە تایبەت لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینادا بەرجەستەی کردەوە و بەردەوامیش لە گەشە کردن دایە.

لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینادا گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووی داوە و ئەوە هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان و بە گشتی نوخبەی سیاسیی کوردە دەبێ هەنگاوە کردەییەکانی ئەو گۆڕانکارییە تەرجومە بکەنەوە لە ئاستی سیاسەت و بەڕێوەبەری و هتد. ئەوەش لە تۆخ کردنەوەی گوتاری فیمینیستیدا خۆی دەنوێنێ.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئەو گۆڕانکاری و زەرووڕەتانە ڕوون بکەینەوە کە لە دەرەنجامی بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتەوە:**

**یەکەم**: ژنی کورد لە ڕاپەڕینی ژینادا سەلماندی چیتر لە حاشیە دا نییە و چ لە ستراکتۆری بنەماڵە و چ لە بیاڤی گشتی دا ناتوانرێ نادیدە بگیرێ. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕابردووی خەباتی ژنان نەفی بکرێ یان بە کەم بگیرێ، لە ڕابردووش دا و لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی سیاسیدا، ژنانی کورد بەشدار بوون و دەوریان هەبووە، بەڵام ڕێژەی بەشداریی ژنان، ئاستی تێگەیشتن و متمانە بەخۆ خوونیان و ئەو سەرنجە پێشتر نەدیتراوەی لە ڕای گشتیدا چ لە ئاستی ناوخۆیی و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە سەر ژنان هەیە، دۆخێکی تەواو جیاواز لە پێشووی خولقاندوە. ئەو وەرچەرخانە پێگە و گرینگیی کەسایەتیی ژنی کوردی گواستۆتەوە قۆناغێکی نوێ.

**دووهەم**: پرسی ژن و بەشداریی ژنان لە بیاڤی گشتیدا، ئەرزشێکی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی و دونیای پێشکەوتوویە، بە جۆرێک کە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا بۆتە پێنوێنێک بۆ خەمڵاندنی ئاستی پێشکەوتوویی کۆمەڵگەکان. هەر بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە وردیی چاودێریی ئەو بزووتنەوانە دەکا کە ژنان تێیدا دەوری گەورە دەگێڕن. کاتێک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی موقاوەمەت و بەرگریی بێ وێنەی ژنانی کۆبانی بەرامبەر داعشی بینی، سۆزێکی گەورەی بەرامبەر پرسی کورد لە ڕۆژئاوا نواند. کەواتە گۆڕانکاری لە ڕوخساری بزووتنەوەی ئازادیخواز بەتایبەت لە کوردستان و پڕڕەنگ بوونی نەخشی ژنان تێیدا، لە هەمان کاتدا کە سۆزێکی نێودەوڵەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی لێ کەوتۆتەوە، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بەرەوپێش بردوە. مەبەستم ئەوەیە هەرچی ژنان زیاتر و بە بەرنامەتر بەرامبەر ستەمی جێندەری و ستەمی نەتەوەیی دەرکەون، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەنگاوێک زیاتر بەرەو ڕاکێشانی سەرنج و متمانەی دونیای پێشکەوتوو دەهاوێن.

**سێهەم**: ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و بە دیاریکراوی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ ئەو شەپۆلە فێمینیستییە خۆیان بگونجێنن و لە دەلاقەی پارادایمی فێمینیستییەوە بڕواننە پرسی نەتەوەیی کورد، دەتوانن سوود لە زەرفییەتێکی بەرین وەرگرن چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوەدا. بەپێچەوانەوە، بەهێندنەگرتن و بەدەمەوە نەهاتنی ئەو وەرچەرخانە مێژووییە، پەراوێز کەوتنی حیزبەکانی لێ دەکەوێتەوە.

**چوارەم**: زۆرێک لەوانەی تەحلیلی ڕووداوەکانی ئێران دەکەن بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕووداوەکانی دوای گیان لەدەستدانی ژینا، پێیان وایە شۆڕشی ئیحتمالیی داهاتووی ئێران شۆڕشێکی ژنانەیە، ئەو بۆچوونە ئەگەر زێدەڕۆییشی تێدا بێ ئەوا ڕاستییەکی گەورەشی تێدایە. ئەو ڕوانگەیە ئەوەمان پێ دەڵێ ئەگەر باوەڕ بەو هێزە نەهێنین و بەرەوپیلی ئەو گۆڕانکارییە نەڕۆین ناتوانین لە داهاتووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێندانەر بین.

**پێنجەم**: شۆڕشی ژینا، هێما سەرەکییەکەی ژنە، دروشمە بەنێوبانگەکەی بە ژن دەست پێ دەکا و شەقامەکان بە شێوەیەکی بێ وێنە شاهیدی حوزووری ژنان بوون، ئەوەش ڕاچڵەکینێکی دروست کردوە، شەپۆلێکی دروست کردوە کە پێویستە هەموو لایەک خۆی لەگەڵیدا بگونجێنن. ئەو ڕاچڵەکینە ئەگەر لایەن و حیزبە سیاسییەکان نەگرێتەوە، نە تەنیا ناتوانن بانگەشەی پێشەنگایەتی و ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە بکەن، تەنانەت ناتوانن پەیامەکانی کۆمەڵگە و دەغدەغەکانی کۆمەڵگە ببیستن. بزووتنەوەی سیاسیی کورد زیاتر لە هەمیشە پێویستە ئەو گۆڕانکارییە ببینێ و بیکاتە دەرفەت بۆ کرانەوەی دەرگای نوێ بەڕووی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەیی، فەرهەنگی و چینایەتی دا. هەر بۆیە پێویستە بە یەک پاکێج باس لە موتالبەگەریی سیاسی و جێندەری بکەین، هەر کامیان بە بێ ئەوەی تر ناتەواو و ئەبتەرە.



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین تەنیا ڕێگای مانەوە و کاریگەریدانان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە تێڕوانینمان سەبارەت بە مەسەلەی ژنان بگۆڕین، باوەڕ بەوە بێنین پرسە نەتەوەیی و چینایەتییەکان بە بێ بەشداریی بەرچاوی ژنان چارەسەر نابن.

٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# نەورۆزی ورمێ و چەند سەرنجێک



شەماڵ تەرغیبی

لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندانی پارەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام و هەرجارە و لە شارێک و ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک ڕێوڕەسمی تایبەتی نەورۆزییان بەڕێوە بردووە و بەڕێوەی دەبەن؛ نەورۆزێک کە بە بەرچاوی دنیاوە دەریخست گەلێکی لەسەرهەست لە جوغرافیایەکی دیاریکراودا، بۆنەیەکی کولتوورییان کردووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی مافویستانە کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری مانیفێستێکی شوناسپارێزانەیە.

بەپێی ئەم پێناسەیە دوور لە چاوەڕوانی نەبوو و وەک بینرا هەم کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دژمنی گەلی کورد و هەمیش هەندێک لایەنی توندئاژۆی نەیار کە بە دنەی ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هاتبوونە مەیدان، دژ بە نەورۆزی کوردان هەڵوێستیان گرت.

پێش لە هەموو شتێک کۆماری ئیسلامی بە ڕێگریکردن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە هەندێ ناوچە و شوێنی تایبەت

بواری خۆش کرد تا ئاڵۆزییەکان پەرە بستێنن؛ دواتر بە گرتن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی ڕێکخەر و چەندین لاوی هونەرمەند کە لە ڕێوڕەسمەکاندا گۆرانییان وتبوو درێژەی بە پیلانەکانی بۆ تێکدانی نەورۆزەکان لە کوردستان دا؛ بەمەش کۆتایی بە پیلانەکانی نەهات و وێڕای چاوسوورکردنەوە لە کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و دەسبەسەرکردنی زۆر کەسی دیکەی وەک شێخ زاهید شەهابی لە شاری سەقز، هەوڵی شێواندنی بەشێک لە ڕێوڕەسمەکانی دا و بە تێخزاندنی کەسانی سەر بە خۆی هەوڵی ئاژاوەگێڕیی دا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ کە زانی ئەمانە ناتوانن وەڵامدەری ویستە سادیستییەکانی ڕێبەری ڕێژیم بن ڕووی لە شاری مێژوویی ورمێ کرد کە ساڵیانی ساڵە دوو گەلی کورد و تورک پێکەوە لێی دەژین. پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لەم شارە لە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمە، ڕێژیم بە ئەنقەست ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوە کە دەیکردە ٢١ی ڕەمەزان و ساڵیادی شەهیدکرانی حەزرەتی عەلی بە دوو ئامانج ڕێپێوانێکی گاڵتەئامێزی پێک هێنا و دژ بە کورد و نەورۆزی کوردان دەستیان کرد بە گێرەشێوێنی!

ئامانجی یەکەم و سەرەکی بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ خۆشکردنی شەڕ و کێشە لە نێوان دوو نەتەوەی ئاماژەبۆکراو کە وەک باس کرا ساڵیانی ساڵە پێکەوە لەم شارە دەژین؛ ئامانجی دووهەمیش کەڵکاوەژوووەرگرتن بوو لە هەستی مەزهەبی خەڵکی ناوچەکە بەتایبەت تورکەکانی ئەم دەڤەرە تاکوو بەمشێوەیە بڵێن لە کاتی شینگێڕانی ئیمەی شیعە بۆ بریندداربوون و شەهیدبوونی حەزرەتی عەلی! کە بەڵێ ئەوە کوردی "سووننی" شایی دەگێڕن! تا بەمشێوەیە هەوڵ بدەن سواری شەپۆلی ئیحساساتی خەڵک ببن و بەگژ کوردیدا بکەن و لە کۆتاییدا شەڕێکی تر و قەیرانێکی تر چێ بکەن کە ڕوونە ئەوە دواجار کۆماری ئیسلامییە وەک برا گەورە دێت و ئاو بەم ئاگرەدا دەکات بەڵام زۆر زووتر لەوەیکە خۆیان بیری لێ بکەنەوە ڕیسەکەیان لێ بووە خووری.

دیارە ئەمە بۆ هەمووان ڕوونە کە پێش لە دەستپێکی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی خاکیپۆشان دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ساخ بوونەوە کە بە دانانی پیلان بۆ پێشگرتن یا لانیکەم بۆ کونترۆڵ کردن و بە حکومەتی کردنی ئەو ڕێورەسمانە هەر لە ئیلامەوە تا ماکۆ تێبکۆشن. لەم ڕاستایەشدا چەندین کۆبونەوەیان لەنێوان هەر چوار پارێزگارەکەی پارێزگاکانی کوردستان، بەرپرسانی ئیداری ئیتلاعات، فەرماندەکانی سپای پاسداران و فەرماندەکانی هێزە ئینتزامییەکان لەو پارێزگایانە بە سەرپەرشتی پاسدار ئەسکەندەری موئمنی وەزیری نێوخۆی ڕێژیم بەڕێوە برد و لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتن، هەم بۆ ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان، یان ئەگەر نەکرا بۆوەی نەهێڵن بە ئاقاری حەماسی و دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمدا بڕوا و ئەوەندەی بکرێ بتوانن دەستیان بەسەردا بگرن و نەهێڵن لەگرێژنە دەربچێ .بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیرادەی خەڵکی مافویست و حەماسەخوڵقێن بەسەر پلان و پیلانەکانی ڕێژیمدا سەرکەوت.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

یەک لەو شارانەی کوردستان و یەک لەو نەورۆزە بەشکۆیانە، نەورۆزی ورمێ بوو کە بە بەشداریی دەیان هەزار کەس گێرا و لەودا جارێکی دیکە هەوڵە نەزۆکەکانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی لە لایەن خەڵکی ئەو دەڤەرەوە پووچەڵ کرایەوە. ئەوە بوو کە ڕێژیم بینی دۆخەکە بە ئاقارێکی دیکەدا شکاوەتەوە و ئیرادەی گەل و نەتەوە سەرکەوتوە، بڕیاری دا وڵامی ئەم شکستەی خۆی لە ورمێ بە هێنانی تاقمێک گۆپاڵبەدەستی توندئاژۆ بۆ سەر شەقامەکان بداتەوە کە بەختەوەرانە هەم کورد لە ڕۆژهەڵات و هەمیش بەشێکی بەرچاو لە تورکەکان کە بە تەواوی لە نیەت و خواستی ڕێژیم گەیشتوون ژیرانە جووڵانەوە و نەیانهێشتووە دژمن زەفەریان پێ ببات بەڵام بە هەمو ئەوانەشەوە دەبێ تەئکید لەسەر ئەم ڕاستییە بکەینەوە کە لە بارودۆخێکی وەهادا هەم کورد و هەم تورک لە پارێزگای ورمێ پێویستیان بە وریایی زیاترە و نابێت لە رووی ئێحساساتەوە لەو داوە بکەون.

ئەم ئەرکە بەتایبەتیتر بۆ کورد قورسترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەگراوەندە مێژووییە لە خەبات کە هەیەتی و خاوەن تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسی و هزرییە و دەبێ ئەم جووڵەی ڕێژیم ببێتە دەرسێکی دیکە تا دەست لە خۆخۆری و شتی لاوەکی هەڵبگرین و سەرقاڵی کاری ئەساسی و خەباتێکی وشیارانە و بە بەرنامە لە کوردستانی خۆرهەڵات بین.

**٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی ناوەندی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



**(ئەم پەیامە لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لەسەر سەر مەزاری شەهیدان لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزووری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی ناوەندی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە پێشکێش کرا)**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**بنەماڵەی چاو لە ڕێی زیندانیان سیاسی و زیندانیە سیاسییە خۆڕاگرەکان!**
**خەڵکی بوێر و تینووی ئازادی کوردستان!**
**ژنان و لاوانی هەمیشە لە مەیدانی بەرخۆدان!**

ئەمڕۆ ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە و ڕۆژێکی ناخۆشە لە دیرۆکی گەلی کورددا. ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای گەلی کورد قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی نگریسی پەهلەوییە و هەروەها ڕۆژی بەرزراگرتنی یاد و بیرەوەری هەزاران شەهیدی ئەو نیشتمانەیە کە لەپێناو شوناس و هوییەتی گەلەکەیاندا لە لایەن ڕێژیمە سەرەڕۆکانی تارانەوە شەهید و تیرۆر کراون. لەم ڕۆژەدا، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە سڵاو دەنێرین بۆ ڕەوانی پاکی پێشەوای نەمر سەر قافڵی

شەهیدانی کۆمار و هاوڕێیانی و گشت شەهیدانی کوردستان. ئەمڕۆ بۆ وەفاوانددن و ئەمەگناسی دەربڕین و ڕێزگرتن لە گەورەیی و بوێری شەهیدان بە سەردان لە گڵکۆی پیرۆز و بە گوڵ ڕازاوەی شەهیدان و سەردان لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان یاد و ناویان بەرز ڕادەگرین، پەیمان و بەڵێنی لە گەڵ ڕوحیان نوێ دەکەینەوە و پەیمان دەبەستین تا گەیشتن بە ئاواتە وەدینەهاتووەکانی گشت شەهیدە سەربەرزەکان بە تایبەت سێ شەهیدی ڕێبەر قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی لە بەرخۆدان نەوەستین.

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**خەڵکی وشیار و دەروەست و ناسنامەخوازی کوردستان!**

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە لایەن پێشەوای نەمر و هاوڕێیانییەوە شایانی یادکردنەوە و چاوپێداخشاندنەوەیە. بە لە دایکبوونی کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی مەزنی کوردی لە ناوچەیەکی نەریتی و عەشیرەیی و فیئۆدالی و لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەک ئێران لە کات و ساتی ئەو سەردەمدا ڕووداوێکی نەتەنیا زۆر گرینگ و چارەنووسساز لە ژیانی کورددا بوو، بەڵکوو گەلێک دەسکەوت و ئاکامی باشی بۆ سەرجەم گەلی کورد و نەوەکانی داهاتوو لێ کەوتەوە. هەر چەند کۆماری کوردستان تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو بەڵام کۆمار جێگە و پێگەیەکی شوێندانەری لە بزاڤی گەلی کورددا بە جێهێشت و چەسپاند، لە پاراستنی ئەمنییەتی خاکی کوردستان و پێکهێنانی سپای کوردستانەوە بگرە تا ناردنی لاوانی کورد بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات و بەشداریدانی ژنان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و گرینگیدان بە چاپەمەنی و دەرچوونی چەند گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادەربڕینی ئازاد لە نووسین و لە گوفتار و پاڵپشتی کردن لە شاعیران و نووسەران و کردنەوەی فەزایەکی دێمۆکراتیک لە کوردستان و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە هاتە ئاراوە. ئەو دەسکەوت و دەرەنجامانە نەتەنیا لە بیر نەکران بەڵکوو لە زەین و ڕوحی گەلی کورددا چەسپین و بوون بە تێشووی بە هێزی درێژەدان بە خەبات و بەرخۆدانی نەوەی داهاتوو لە کوردستان، کە هەر ئێستا بەرهەمەکەی، ئەو خەباتە بەردەوامەیە و بە ڕوونی دەیبینین خەڵک بە گشتی و کچان و کوڕانی ناسنامەخوازی کوردستان لە هەر دەرفەت و بۆنەیەک کەڵک وەردەگرن بۆ ناساندن و بەرزڕاگرتنی زمان و فەرهەنگ و کەلتووری خۆیان و بەرزکردنەوەی زیاتری پرسی کورد لە ئاستی ئێران و لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

**خەڵکی بوێر و هەمیشە لە مەیدانی کوردستان!**
**لاوان و ژنانی پێشەنگی کوردستان!**

لە کاتێکدا یادی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دەکەینەوە، ئێران بە گشتی و کۆردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی

بە دۆخێکی هەستیار دا تێدەپەڕێ. ڕێژیمی ئیسلامی ئێران چ لە ڕادەی دەرەوە و چ لە ڕادەی نێوخۆییدا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری و سیاسیی قووڵ و کێشەکۆمەڵایەتییەکان و نارەزایییەتی خەڵک بەرەورویە. لە ڕادەی نێوخۆییدا تا دێ نارەزایییەتیی و بێزاری لە ڕادەبەدەری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا ڕوو لە هەڵکشانە و بارودۆخی ئابووری و ژیانی ئینسانیی مرۆڤەکان لەو پەری خراپی و شپرزەیی دایە و سفرەی ڕۆژانەیان بەتاڵە. بەو هۆیانەوە فەزای ئێران و بە تایبەت کوردستان بە تەواوی شڵەقاوە و کەشوهەوای ئەمنییەتیی و پۆلیسیی چڕ سەرانسەری ئێران و کوردستانی تەنیوە. وەک نموونە گرتن و دەستبەسەرکردن هەزاران چالاکی سیاسی و ئێعدامی٩٠٠ زیندانی لە ساڵی ١٤٠٣ و بە گشتی و ئێعدامی ژنان بە تایبەتی و دانی حوکمی قورس بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیاد بوون دایە و دەرەتانی نەفەسکێشانیان لە خەلک زەوت کردوە. هەر بۆیە خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە تایبەت لە ناوچەکانی کوردستان لە هەر دەرفەت و بۆنەیەک بە شکڵی و شێوەی جۆراوجۆر بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی دەسەلاتداران و هەڵسوکەوتە نائینسانییەکانی هیزەکانی ڕێژیم کەڵک وەردەگرن.

لە بزووتنەوەی ژینا و دوای بزووتنەوەی ژینا شێوە و ڕوخساری بەربەرەکانی و بەرخۆدان و خەباتی خەڵک دژی دەسەڵاتداران لە ئێران بە تایبەت لە کوردستان گۆڕا و لە شێوەی فۆرمی پێشوو هاتە دەر و کاناڵ و ڕێرەوێکی دیکەی لە بەربەرەکانی و بەرەنگاریی گرتۆتەبەر. خەڵکی کوردستان بە گشت چین و توێژییەوە بێ ترس بۆنە ئایینی و کولتووریی و نەتەوەییەکان دەقۆزێتەوە و لە یەک ڕیزی یەکگرتوودا بە گەرمی و بە ئاهەنگ و سروود و گۆرانی و هەڵپەکێ و گۆڤەند و ئاگرکردنەوە بە گژ دەسەڵاتداراندا دەچێتەوە. زیاتر لە مانگێکە لە سەرانسەری کۆدستاندا کوڕان و کچانی خاکیپۆش و جامانە دەمل و ژنانی هەوریپۆشی وڵات بە گەرموگوڕ ڕاگرتنی شار و گوندەکان بە شایی و گۆڤەند و بە سروود و سەمای جامانە و دروشمدانی ناسنامەخوازانە بەرەو پێلی نەورۆز و نوێ بوونەوەی ساڵی٢٧٢٥ی کوردی چوون. ئەو خەبات و بەرخۆدانە زێرینەی لە ژێر ناوی خاکێپۆش و جامانەدەملان لە سەرانسەری کوردستان ئامانجی جوان و درەوشاوەی شوناسیخوازانەی خەڵکی لە ریزی یەکگرتوودا نیشان دا و هێندەی دیکە زەندەقی دەسەڵاتدارانی برد و پێیان سەلما کە لە بەرانبەر هێزی هەراوی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی خرۆشاوی کوردستان زەبوون و داماون.

بە سەرنجدان بەو بارودۆخە هەستیار و لەبارەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتۆتە ئاراوە، پێماندەڵێ ئێمەی کورد بە تایبەت هێزەسیاسیی و کەسایەتییە سیاسییە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ئێران دەبێ زیاتر لە سەر هەست بین و لە ریزی یەکگرتوودا بۆ هەر هەنگاو و دەرفەتێک دێتە پێش ژیرانە بە قازانجی بزووتنەوە بیقۆزنەوە و پیلانەکانی نەیارانی کورد پووچەڵ بکەینەوە و ئیزن نەدەین دوژمنان بە پیلان و بەرنامەی جۆراوجۆر وەکوو قەزییەی ورمێ هەرای لێ سازکەن و یەکیەتیی و ڕێزی یەکگرتووی گەلان بە تایبەت گەلی کورد و تورک لە کوردستان کە ساڵانیکە بە هەستی برایەتی لە پەنا

یەک دەژین لێک بترازێنێ و بە لاڕێیدا بەرێ.

**خەڵکی ئازادیخواز و وەزاڵەهاتووی کوردستان!**

خەڵکی کوردستان لە ژێر سایەی سیاسەتە ڕاست و دروستەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ٤٦ ساڵە بە کردەوە لە مەیدانی خەبات دان و لە گشت شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی گەلی کورد کەڵکیان وەرگرتووە و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران شەهیدیان داوە، دوای بزووتنەوەی ژینا کە فۆرمی خەبات و بەرخۆدان چووە قۆناغێکی نوێوە، ئەگەر بزووتنەوەکە لە سەر شەهید کردنی ژینا کچەکوردی سەقزی دەستیپێکرد، بەڵام سەنەدێکی قورسی لە ساڵانێک خەبات و خوێنی هەزاران شەهیدی کادر و پێشمەرگە و خەڵکی بێدیفاعی کورستانی لە پشت بوو. هەر بۆیە بەو پێشینە و دانی ئەو بەها عەزیمە کۆمەڵانی وشیار و ئاگای خەڵک هەموو ساڵێ بە بۆنەی جۆراوجۆر بە تایبەت ئەم ساڵ یەکدەنگ و یەکگرتووانە و بە هێزی لەبڕاننەهاتووی خۆیان هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیان وەلەرزە خست و زیاتر لە لێواری ڕووخان نزیکیان کردەوە. خەڵک سوور و پێداگرن تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی لەمێژینەی گەلی کورد و گشت شەهیدانی کوردستان و ئازادیی زیندانیانی سیاسی و بە چۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستین.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا عەهد و پەیمان لەگەڵ سەرقافلەی شەهیدان پێشەوا قازی نەمر و گشت ئەو شەهیدانەی لە پێناو ئازادی و ڕزگاری کوردستان خوێنیان ڕژایە سەر خاکی نیشتمان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان نوی دەکەینەوە لە مەیدانی بەرخۆداندا دەمێنین و بەردەوام دەبین.

لەم ڕۆژەدا ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دەست لە سەر سینگ و سەر لە پێناو ڕێز و حورمەت دەنێرین بۆ ڕووحی ئاسوودەی گشت شەهیدان، لە بەرانبەر ڕەوانی بێگەردیان و لە بەرانبەر سەری بەرزیان سەری ڕێز دادەنوێنین و بەڵێنیان پێ دەدەین تا ئاڵای کوردستان لە سەر دوندەبەرزەکانی کوردستان نەشەکێنینەوە و بووکی ئازادی لە باوەش نەگرین لە خەبات و بەرخۆدان نەوەستین.

**سڵاو لە ڕوحی پاکی سەرقافلەی شەهیدان پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی!**

**سڵاو لە شەهیدانی کوردستان!**



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

سڵاو لە خەڵکی ئازادیخواز و خەڵکی بوێری کوردستان!

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!

٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی

ناوەندی  کۆمەڵایەتی

٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی لە بەردەم پێملبوون یا ئامانجبووندا



**هەردی سەلیمی**

ماوەیەکی کورت بەدوای هاتنەوە سەرکاری "دۆناڵد ترامپ" لە ئەمریکا، وەک چاوەڕوان دەکرا بەشێک لە سیاسەت و بەرنامە و سەرنجەکانی دەوڵەتی ئەمریکا چڕ کراونەتەوە سەر ئێران و کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتداری ئێران. دۆخ و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران لە چاو خولی پێشووی سەرۆککۆماریی ترامپ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. لەم ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی شایەدی گەورەترین نارەزایەتیی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتەکەی بووە، لە ڕووی ئابوورییەوە بەتەواوی تێک تەپاوە و تووشی قەیرانێکی ئەوسەرنادیار بووە، خەڵکی ئێران ڕۆژانە و بەردەوام نارازین. پێشتر گەر کەسێکی وەک "جەوادی زەریف" دەیگوت: "خەڵکی ئێران خۆیان هەڵیانبژاردووە ژیانیان بەم جۆرە بێت." کە زۆر ناڕاستە ئەم قسەیە، بەڵام گەر ئەو قسەیەش بە شێوەیەکی زۆر کاتی بە بنەما وەربگرین، هەر ئەوە خەڵکە ئێستا نایانەوێ وا بژین و ئەمەشیان نەتەنیا نیشان داوە بەڵکوو سەلماندووشیانە.

بەرنامەی ناوکیی ئێران کە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە هەوڵی بۆ دراوە، هەتا ئێستا بچووکترین قازانجی بە

خەڵک نەگەیاندووە کە هیچ، هەر باری سەرێشە و گرانی و قاتوقڕی و زیانیش بووە. سیاسەتی هەناردەی ئایدۆلۆژیی دژەئەوی‌دی و بشێونانەی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ سوودێکی نەبووە، بەڵکوو هێزی مرۆیی ئەو وڵاتە و سامانی ئەو وڵاتە و ئێعتباری ئەو وڵاتەی بەفیڕۆ داوە و هەمووی هەر زەرەر بووە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەم بەشە زیانی بە خودی کۆماری ئیسلامییش گەیاندووە، شکستی پرۆکسییەکانی لە ناوچەدا باڵی درێژی تێرۆر و نائەمنکردن و گێرەشێوێنیی کۆماری ئیسلامی قرتاوە، یان هەر نەبێ لە گەچ گیراوە؛ ئەم کارتی گوشارەشی چووە. هەر لەم بارەوە فەرماندەیەکی سپای پاسداران لە دەنگووڕەنگی کۆماری ئیسلامی دەرکەوت و دانی بەوەدا نا کە چیی تر لە ڕێگەی حیزبوڵڵاوە ناتوانن هەڕەشە لە ئیسرائیل بکەن.

ئەوسا واتە ساڵی ٩٨ی هەتاوی کە دۆلارێک بە سێزدە هەزار تمەن بوو و "شینزۆ ئابێ"ی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ژاپۆن دەیهەویست بکەوێتە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، "عەلی خامنەیی" بە خۆبەزلزانییەوە وتی: "ترامپ لەو ئاستەدا نابینم، قسەیەکم بۆی هەبێ." بەڵام ئێستا دەستەوداوێنی دیپلۆماتکارێکی پلەخواری وڵاتی عوممان دەبن نامەیان بۆ بگەیەنەتە دەست ئەمریکاییەکان و هەروەها دۆلارێکیشیان بە یەک ملیۆن ڕیاڵ بۆ ناکڕدرێ!

داواکارییەکانی ئەمریکا جیاوازتر و زیاترە، ئێستا تەنیا کێشەی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی نییە، بەپێی ئەو خاڵانەی وا لە نامەکەدا بڵاو بوونەتەوە هەم لابردن و نەهێشتنی بەرنامەکەی ئامانجە و هەمیش دەستهەڵگرتن لە یارمەتیی پرۆکسییەکان و هەڵوەشاندنەوەیان و هەروەها سنووردارکردنی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەم بڕیارە گرنگ و حەیاتییەش تەنیا دوو مانگی دیاری کردووە و دەبێ کۆماری ئیسلامی لەم ماوە زەمەنییەدا خۆی ساغ بکاتەوە کە ئایا پاشەکشێ دەکات و پێمل دەبێت، یان هێرشی نیزامی بە گیان دەکڕێت؟ لەمەدا موختارە کامیان هەڵبژێرێت!

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پاشەکشێی پێوە دیارە و دەیهەوێ ناڕاستەوخۆ بە نێونجیگەریی لایەنێک بکەوێتە وتووێژەوە لەگەڵ ئەمریکا، ئەم کارەش ڕەنگە بۆ ئەوە بکات کە بیهەوێ خاڵەکانی جێی وتووێژ و مشتومڕ کەم و بەرتەسک بکاتەوە، بەڵام ئەمە لایەکی بابەتەکەیە و لایەکی تری کە ئەزقەزا گرنگتریشە بەندە بە بڕیاری ئەمریکاوە، نەک ویستی کۆماری ئیسلامی، دەبێ بزانین ئایا ئەمریکا بە وتووێژی ناڕاستەوخۆ ڕازی دەبێ یان نا. گەر ڕازییش بێت میکانیزمەکانی چۆن دەبن؟ هەرچەند دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرۆکی مەجلیسەوە هەتا وەزیری دەرەوە باسیان لەوە کرد کە ناچنە ژێر باری هەڕەشە و گوڕەشەوە و تەنانەت بە هەڕەشەی پێچەوانە وەڵامیان داوەتەوە. کە دەرخەری جۆرێک کایەی سیاسی و هەروەها ناهاواهەنگییانە لەم پرسەدا، بەڵام نیشانەکان دەرخەری ئەوەن کۆماری ئیسلامی بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

وتووێژکردن دەگەڕێ، دوێنێ ئێوارەش ترامپ دیسان سیاسەتی تێکەڵ بە ئامۆژگاری و زەبروزەنگی هاوکاتی خۆی دووبارە کردەوە و وتی گەر کۆماری ئیسلامی نەسازێ زۆر زۆر گران لەسەری دەکەوێ.

وەک لە سەرەتادا وترا دۆخی سیاسی، ناوچەیی و ئابووریی کۆماری ئیسلامی دۆخێکی زۆر ناجێگیر و قەیراناوییە ناڕەزایەتییەکان بەدژی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوامە، تەنانەت لەنێو دەسەڵاتدارانیشدا دوو ویژمانی جیاواز هەیە، ئەوەی گرنگە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمووان ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە کە کارتی فشارەکانی لێ خەرج بووە و دەبێ بیر لە بڕیارێکی چارەنووس‌ساز بکاتەوە؛ ساڵی ١٤٠٤ ساڵێکی ئاسان نییە بۆ کۆماری ئیسلامی، دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی سەخت بێت.

**٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# خوێنمژ و بکوژ، گەندەڵ و دز




**عەلی بداغی**

چەند ساڵ لەوەپێش خامنەیی لە کاردانەوە بە بڵاوبوونەوەی بابەتی گەندەڵیی بنیات و ناوەندە ئیداری و دامەزراوە ئەمنیەتی-نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەسۆنگەی ململانێی لەگرێژەدەرچوونی قۆڵەکانی ڕێژیم لەدژی یەکتری لەهەڵلا دەدران، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەرپرسانی سەرووی ڕێژیمەکەی ڕایگەیاند کە گەندەڵی لە ئێران سیستماتیک نییە و هەر کەس وا دەڵێ بێجێی کردوە و دز و گەندەڵ بۆ خۆیەتی!

ئەو قسانەی خامنەیی کە پێ دەچوو پەیام و وریاکردنەوەیەکی حکوومەتی بۆ سەرپۆشدانان و دیزەبەدەرخۆنەکردنی پتر و باشتری گەندەڵییەکانی نێو ڕێژیم بێت، نەک هەر نەبووە هۆی پێشگرتن بە چەندپاتبوونەوە و ئاشکرابوونی لێشاوی گەندەڵییەکان، بەڵکوو تەنانەت لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە زۆر زووش وەدرۆ خرایەوە. پووشپەڕی پارەکە بوو غوڵامعەلی جەعفەرزادە، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بودجەی مەجلیس لە وتووێژێکدا لەگەڵ "خبر آنلاین" بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە گەندڵی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سیستماتیک و حاشەهەڵنەگرە و بە کەس ناشاردرێتەوە. ئەو نەیشاردەوە

کە گەندەڵییەکان لە ئێران بنەبڕ نابن، چونکی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی داگرتوە و ئەو بەرپرس و دەزگا بەرپرسیارانەش کە دەبێ دزەکان بگرن، خۆیان شادزن! هەر دوای ئەو قسانەی خامنەیی زۆر گەندەڵیی دیکەش تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەقاو دران، وەک گەندەڵیی ١٤٠ هەزار میلیارد تمەنیی چایی "دبش"، دزرانی ٦١ تۆن شمشی زێڕی بانکی ناوەندی و، هەروەها لە دوو ڕۆژی ڕابردووشدا دزینی ٢١ میلیۆن دۆلاری بازجووەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەو خەڵکانەی بەهۆی چالاکیی سیاسی و بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی گیراون.

لەودا کە گەندەڵیی سیستماتیک ناسنامەیەکی سەرەکیی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییە شک نیە و جگە لە بابەتە ئاشکرابووەکان لە نێوخۆی وڵات، زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کە لە بواری شەفافییەت و دەستپاکیی حوکمڕانییە سیاسییەکاندا کار دەکەن مانگانە و ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئێران بڵاو دەکەنەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئاستی بەربڵاوی ئەو گەندەڵییانەیە کە لە لایەن ناوەند و بنیاتە سیاسی، ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ژێر دەسەڵاتی خودی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمدا دەکرێن و، هەروەها ئەژمار و بڕی گەندەڵییەکانە کە هەردەم ڕوو لە زیادبوونن؛ کە سپای پاسداران یەک لەوانە.

سپای پاسداران وەک باسکی سەرەکیی پاراستنی دەسەڵاتی خامنەیی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەبری پاداشتدانەوەی قەڵتوبڕ و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەمەنی ڕێژیمی هەتا ئێستا درێژ کردوە؛ دەستی بۆ بەرینکردنەوەی ئێمپراتۆرییە زەبەلاحە ئابوورییەکەی بە تەواوی ئاوەڵا کراوە. بناغەی ئەم ئێمپراتۆرییەش ئەگەرچی پاوانکردنی زۆربەی سامانە سروشتییەکان و دەستبەسەرداگرتنی جومگە ئابوورییەکانی وڵات بووە، کەچی بەوەش نەوەستاوە و دزی و گەندەڵییشی نەبواردوە. دزی و گەندەڵیی سپای پاسداران لە پەروەندەی هۆڵدینگی یاس بە بڕی دەیان هەزار میلیارد تمەن کە بەهۆی سەردارەکانی سپای پاسداران بە پشتیوانیی موجتەبا خامنەیی و حوسێنی تائیب، سەرۆکی سازمانی ئیتلاعاتی سپا کرا، تەنیا یەک نموونە لەو دزی و گەندەڵییانەن کە لە سپای پاسداران لەقاو دراوە.

**ئێستا کە باسی ئەوە کرا با ئاماژە بە چەند گەندەڵییەکی دیکەی سپای پاسداران بکەین:**

- گەندەڵی لە قەرارگای خاتەمولئەنبیا وەک زەبەلاحترین پەیمانکاری ئابووریی ئێران لە پڕۆژە گەورەکانی نەوت، گاز، پێترۆشمی و لێدانی ڕێگاوبان و بەنداو کە بەبێ هیچ ڕکەبەرییەک پاوانی سپای پاسدارانە و چەند قاتی تێچووەکانی لە بودجەی وڵات دەقاچێندرێ و تەنانەت بە نیوەچڵییش وازیان لێ دەهێندرێ.

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

- گەندەڵی لە "بنیاتی تەعاونی سپا" و قاچاغی هەموو کاڵایەک لە باری یاسایی وەک سیگار و کەلوپەلی ماڵەوە هەتا نایاسایی وەک چەکوچۆڵ و مادەی هۆشبەر لە ڕێگەی بەندەر و فڕۆکەخانەکانەوە کە لە پاوانی سپای پاسداراندان.

- داگیرکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و دەیان هەزار هێکتار زەوی و هەڵلووشین و بەتاڵانبردنی هەزاران میلیارد تمەن سامان و دارایی خەڵک لە ڕێگەی مایەپووچ ڕاگەیاندنی هەندێ دامەزراوەی سەر بە سپای پاسداران وەک "کاسپیەن"، "میزان" و "ثامن‌الحجج."

- تەنانەت گەندەڵییە میلیارد دۆلارییەکانی سپا لە پرۆژە نیزامی-ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەژێر ناوی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە لە عێراق، یەمەن، لوبنان و سووریە کە چووەتە گیرفانی سەردارەکانی سپای پاسدرانەوە.

هەڵبەت جیا لە سپای پاسداران ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیمیش وەک ئیتلاعات، ئەرتەش و هێزە ئینتیزامییەکانیش ڕەنگبێ پشکی بە قەت سپای پاسدارانیان لە هەڵلووشینی سامانی خەڵکی ئێرانیان پێ نەبڕابێ، بەڵام ئەوانیش لە چاکەی سەرکوتی هەرچەشنە نارەزایەتییەکی گشتیی گەلانی ئێران و سەپاندنی کەشی پۆلیسی لە شوشەکردنی خوێنی خەڵک دەستیان بۆ هەرچەشنە ڕاوڕووت و گەندەڵییەک ئاوەڵا کراوە.

ڕاستە لە ئێستادا بڵاوکردنەوەی زانیاری و لەقاودانی گەندەڵییەکانی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ بردنەسەرێی ئاگایی و وشیاریی خەڵکی ئێران گرینگە، بەڵام بێگومان هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتدا بێت، تاوان و جینایەت، خوێنمژی و گەندەڵییەکانی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک باسکەکانی سەرکوتی خەڵک لە ئێران زیاتر دەبێت.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# کورد و بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان



**بێهزاد قادری**

نەورۆزی ئەمساڵ، یەکێک لە جیاوازترین و تایبەتترین نەورۆزەکانی مێژووی کورد و کوردستان بوو. ئەوە زیاتر لە مانگێکە لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمی نەورۆزی بە شێوەیەکی پڕشکۆ و کوردانە بەڕێوە دەچێت. گۆڕەپانەکانی کردنەوەی ئاگری نەورۆز، بوونە بە گۆڕەپانی ناسنامەخوازی و شەڕی هێمای کوردستانییان دژ بە داگیرکەر و داگیرکاری. خەڵک بە ڕەنگی خاک، لەسەر کوردستانیبوونی ئەم ئاو و خاکە جەخت دەکەنەوە و دروشمی "ژینی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ" دەڵێنەوە. لە ئیلام و کرماشانەوە خاوەنداریێتیی خۆیان بۆ ورمێی دڵی کوردستان ڕادەگەیەنن و لە ماکۆ و سەڵماسەوە پەیامی "سمکۆی شکاک" دەگەیەننە باشووریترین خاڵی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بە پێچەوانەی نەریتی ساڵانی ڕابردوو کە تەنیا لە دوایین ڕۆژی زستان و ڕەشەمە ئاگری نەورۆز دەکرایەوە، دوای شۆڕشی ژینا و ئەوە دوو ساڵە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان مانگێک درێژەیان کێشاوە و وا پێشبینی دەکرێت کە لە ساڵانی داهاتووشدا هەر بەم شێوەیە بێت. بەڵام لێرەدا نابێ خاڵێکی زۆر گرنگمان لەبیر بچێت، ئەویش بوونی دوو ڕێکەوتی تاڵ و ناخۆشە لە

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

مێژووی گەلەکەماندا کە ڕێک دەکەونە نێو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێکیان ١٦ی مارس (٢٥ی ڕەشەمە) ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەویتریان ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لەسێدارەدانی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیەتی لەلایەن ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوییەوە.

ئێمەی کورد نەتەوەیەکی شادین و فەرهەنگ و کولتوورمان وەک سروشتەکەمان ڕەنگاوڕەنگە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر شێوەکانی هەڵپەڕکێ لەنێو کورددا داناوە، واتە هەڵپەڕکێی ئێمە تەنیا بۆ دەربڕینی شادی و خۆشی نیە، بەڵکوو هەڵپەڕکێی تایبەت بە ڕەزم و شینگێڕانیشمان هەیە. کاتی خۆی و بە درێژایی مێژوو، کاتێک ئەژدادەکانمان لە شەڕدا دوژمنانیان شکست دەدا، هەڵدەپەڕین، هەڵپەڕکێیەکی تایبەت بە ڕەزم. هەروەها لە کاتی شینگێڕانیشدا هەڵپەڕکێی تایبەتی خۆمان هەبووە، کە ڕەنگە ئێستا تەنیا لە هەندێک ناوچەدا وەک نەریت مابێتەوە. بەڵام بەگشتی فەرهەنگی کوردی دوور بووە لە فەرهەنگی شینگێڕانی بەردەوام و ڕێوڕەسمگەلێکی هاوشێوەی شینگێڕانی نەتەوەکانی دەوروبەرمان. ئێمە نەتەوەیەک بووین کە هەمیشە ئەخلاق و ڕێزگرتنمان لەبەرچاو بووە و باوەڕمان وا بووە هەر شتێک لە کات و ساتی خۆیدا جێی بایەخە. بۆ نموونە گوندەکانی کوردستان بگرینە بەرچاو؛ ماڵی وا بوو زەماوەندیان لەڕێ بووە، بەڵام چونکە جیرانەکەیان یان هاوگوندییەکەیان پرسەیان هەبووە، لەبەر ڕێزی ئەو بنەماڵەیە و لەبەر ئەخلاق و جوانمێریی کوردانە، زەماوەندەکەیان وەدوا خستوە و دواتر لەسەر داوا و ئیزنی خاوەن پرسەکە ئاهەنگی خۆیان گێڕاوە.

بەڵام نەورۆز لە هەموو ئەم بابەتانە جیاوازترە. نەورۆز جێژنێکی نەتەوەیی و کۆن و مێژوویی کورد و کوردستانە و هێمای نوێبوونەوە و ناسنامەی ئێمەیە. کورد لە ناخۆشترین کاتەکانی مێژوودا، هەر ئاگری نەورۆزی کردووەتەوە تاکوو بیسەلمێنێت ئەم گەلە قەت چۆک دانادات و هەتا کوردێک مابێت، نەتەنیا کوردستان دەمێنێت، بەڵکوو ئاگری نەورۆزی کوردەواریش هەر دەکاتەوە. وەک چۆن نەورۆز جیاوازە، ڕۆژانێکی وەک ١٦ی مارس و ١٠ی خاکەلێوەش جیاوازن، چونکە ڕۆژانێکی تاڵن لە مێژوو و بیرەوەریی مێژوویی کورددا و نابێ لەبەر نەورۆز لەبیر بکرێن یان نەورۆزیش لەبەر ئەوان لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵام ئەوەش ڕێگەچارەی خۆی هەیە.

بۆ نموونە کاتێک لە ١٦ی مارسدا لە باشووری نیشتمانمان یادی شەهیدانی هەڵەبجە دەکرێتەوە، نە جوانە و نە لەگەڵ ئەخلاقی کوردانەی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دەگونجێت کە بۆ پێشوازی لە نەورۆز هەڵپەڕین و شادی بگێڕین. هەروەها بڕیار نییە شینیش بگێڕین. ئێمەش وەک خەڵکی باشوور خاوەن شەهیدانی هەڵەبجەین (نەتەنیا خاوەنی شەهیدانی هەڵەبجەین، بەڵکوو خاوەنی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستانین) کەوایە باشتر وایە یان ڕێوڕەسمی نەورۆزی بەڕێوە نەبەین یان کە بەڕێوەمان برد، هەڵنەپەڕین و تەنها ئاگری نەورۆز بکەینەوە و لەجێی گۆرانیی



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

شاد، سروودی نیشتمانی بڵێینەوە و بە هەڵکردنی مۆم و هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی هەڵەبجە، یاد و ناویان بەرز ڕابگرین و پەیامی یەکیەتیی و هاوخەمی و هاوخوێنیی خۆمان بگەیەنینە خوشک و براکانمان لە باشووری کوردستان. ئەمەش بۆ خۆی پەیامێکە بۆ داگیرکەران کە سنووره دەستکردەکانیان قەت ناتوانێت ئێمە لێک دابڕێت.

١٠ی خاکەلێوەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە ساڵیادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیەتی (سەیفی قازی و سەدری قازی) لەلایەن ڕێژیمی رووخاوی پەهلەوییەوە. ڕۆژ نییە لە ڕۆژژمێری کوردستاندا کە ئێمە تێیدا شەهیدمان نەدابێت، بەڵام ئەم ڕۆژە جیاوازترە لە ڕۆژەکانی تر، ئەوەش چەند هۆکاری هەیە. یەکەم ئەوەیکە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی حیزبی یان ناوچەیی نییە، بەڵکوو سەرتر لە هەر چوارچێوەیەکی حیزبی و فیکری و ئیدئۆلۆژییەکە. پێشەوا کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە، دامەزرێنەری یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی و یەکەم سەرۆککۆماری کوردستانە و ئێستاش بە سەدان هەزار کەس لەسەر ڕێبازی ئەو بە شێوازی جۆراوجۆر چالاکی و خەبات دەکەن. دووەم ئەوەیکە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کراوە، وەک چۆن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕۆژێک بۆ کوژراوانی وڵاتەکانیان دیاری کراوە و لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆراوجۆر یاد و ناویان بەرز ڕادەگرن، ئێمەش لەم ڕۆژەدا یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕادەگرین و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە.

ئەمساڵ، وێڕای بەردەوامیی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان، بەڵام خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا هیچ ڕێوڕەسمێکی نەورۆزییان بەڕێوە نەبرد. ئەمەش ئاستی بەرزی وشیاریی نەتەوەییی خەڵکەکەمان پیشان دەدات. خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا سەردانی گڵکۆی شەهیدانیان کرد و گوڵی سووریان -کە هێمای شەهیدانی کوردستانە- پێشکەش کردن. خەڵکی نیشتمانپەروەر سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان کرد و دەستەگوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش کردن و بەڵێنیان پێ دان تاکوو گەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی نەتەوەکەمان، درێژەدەری ڕێگە و ڕێبازی شەهیدان بن. هەروەها تێکۆشەران بۆ یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، لە دەیان شار و گوند ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد. کوردستانیان نە شاییيان کرد و نە شینیان گێڕا، سەلماندیانەوە کە وەک چۆن خاوەنی ئاگری دوژمنبەزێنی نەورۆزن، بە هەمان شێوە خاوەنی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانن و ناکەونە هیچ داو و پیلانێکی داگیرکەران بۆ بێڕێزیکردن بە شەهیدانی خۆیان.

١١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# خالید عەزیزی: کوردستان سەرەڕای میلیتاریزە بوونی نەورۆزی کردە دەرفەتی خۆدەرخستنەوە و مەیدانی داخوازی



**خالید عەزیزی: کوردستان سەرەڕای میلیتاریزە بوونی نەورۆزی کردە دەرفەتی خۆدەرخستنەوە و مەیدانی داخوازی**
(دەقی قسەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی نەورۆزیی واشنگتۆن)

**خوشک و برایانی ئازیز!**
**میوانانی بەڕێز!**
**کچان و کوڕانی ڕازاوەی بەشدار لە ڕێوڕەسمی نەورۆزیی واشنگۆن لە ئامریکا!**

پڕ بەدڵ هەموو لایەکتان بەخێرهاتن دەکەم بۆ نەورۆزی ئەو ساڵ، نەورۆزە تایبەتەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر لێرەوە پیرۆزبایتان لێ دەکەم و لە دەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەنێرم، پیرۆزیان بێ. نەورۆزی ئەوساڵ لانیکەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر تایبەتی بوو، زۆر مانادار بوو، زۆر دەوڵەمەند بوو، و زۆر پەیامیشی تێدا بوو.

**یەکەم**. بەڕێوەچوونی ئەو نەورۆزە بەو تایبەتییەی بینیمان، بۆ ئێمەی دێموکرات، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شوێنەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدا لە دایک بوو، بە تایبەت دوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و بەتایبەتیتر دوای کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەرکی پتری بۆ دروست کردووین.

**دووهەم**. ئەم نەورۆزە تێکەڵ بوو بە ئاستێکی بەرزی شعووری نەتەوایەتی و تێگەیشتنی سیاسی بە بەراورد لەگەڵ زۆر شوێن لە شوێنەکانی ئێران، چونکە ئێرانییەکانیش وەکی ئێمە بەگشتی نەورۆزیان هەیە و جەژنی نەورۆز دەگرن، بەڵام بەشداریی ئەو ساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردی بە مێژوو.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی نەورۆزی ئەمساڵ ئەوە بوو کە لەو شوێنەی کە حیزبی دێموکراتی لێ لە دایک بوو و حیزبایەتی کرد بە فەرهەنگ و خۆڕێکخستن و خۆسازماندان و تا ڕادەیەکی زۆر ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکرات بووە لە هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشانیدا و لە ئاکامدا خەبات و تێکۆشان و جموجۆڵی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەهادینە کرد؛ نەورۆز گرتنەکان و ڕێوڕەسمەکان لە زۆربەی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە جۆرێک چووەتە قۆناغی خۆسازماندان و خۆڕێکخستن. زۆر پێش نەورۆز هەماهەنگی و هاوکاری و ئاگالێکبوون لێرە و لەوێ لەم شار و لەم گوند وەهای کرد کە زۆر بە بەرنامە ئەو ڕێوڕەسمانە بەڕێوە بچن. ئەو خۆسازماندان و خۆڕێکخستنە خاڵی لاوازی لایەنە ئێرانییەکانی موخالیفی کۆماری ئیسلامییە کە تا ئێستا تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێمە نە تەنیا سیاسەتمان تا ڕادەیەکی زۆر سازمان دا و کردمان بە ڕێکخستن، بەڵکوو بە نهادینەکردنی خۆڕێکخستن لە بۆنە و نەریتە کولتوورییەکانیش کوردستان توانی چەند هەنگاوی دیکەش بچێتە پێشێ.

پەیامێکی دیکەی نەورۆزی ئەوساڵ ئەوە بوو لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوی ئەمنییەتی و میلیتاریزە کراوە و سەرباری دۆخ و ژیانێکی زۆر ناخۆش کە ئەو نیزامە سیاسییە بۆ خەڵکی پێکهێناوە، بەڵام دیسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەورۆز کرا بە دەرفەتی خۆدەرخستن و مەیدانی داخوازی. جا ئەگەر وایە ئەو هەست بە بەرپرسایەتییە و هەروەها ئەو بڕیار و ئیرادەیە بۆ دیفاعکردن لە شوناسی نەتەوایەتی خۆمان لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو خۆسازماندانە، پەیامێکی جیددی و باشی تێیدا هەیە بۆ هەموو ئەو لایەنە ئێرانییانەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵیان ماندووین، قسە دەکەین کە چ بکەین لە ئێستا بۆ نەمانی ئەو نیزامە؟ و چۆن لە داهاتوودا ئەو ئێرانە ئیدارە بکەین و ڕێگاکەی چییە؟ ڕێگاکەی سازماندەیی و خۆڕێکخستنە،ڕێگاکەی ئەوە نییە تاکەکان لە ئێراندا خڕ ببنەوە بە بڵاوی و بە سەدان و بە هەزاران لەو پێناوەدا کار بکەن، ڕێگاکەی ئەوەیە بەرەو ئەو مەسیرە بڕۆن کە چۆن خۆیان بکەن بە حیزب. هەتا جۆراوجۆرییەکانی ئێرانی بە هەر بۆچوونێک کە هەیانە، حیزب و ڕێکخستنیان هەبێ، کاری

ئێمەی کورد ئاسانتر دەبێت. ئەوکات دەزانین لەگەڵ کێ سەروکارمان هەیە و دەزانین کە بیر و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنن و لە شکلی چ جۆرە حیزب و سازمانێکدا خۆ دەنوێنن. هیوادارم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ژن و بە پیاو بە کچ و کوڕ بە هەمووی ئەو جۆراوجۆری بەڵام یەکگرتوویە و بە تایبەت خاکی پۆشەکان تێبکۆشن ئەو ئەزموونەی خۆیان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی خەڵکی ئێران هاوبەش بکەن و ئەم ئەزموونی خۆڕێکخستنە لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران بگوازرێتەوە.

لە ئێستادا خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە تایبەت جموجۆڵی مەدەنی چووەتە قۆناغێکی زۆر باش و بەبایەخ. ئەوە ڕێک ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوایدا دەڕوا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی هەشتا ساڵ خەبات و تێکۆشانیدا سەرباری هەمووی ئەو قوربانییەی داویەتی و تەنانەت ڕێبەرانی هەرە ئاستبەرزیشی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هەرسێکیان ئیعدام و تیرۆر کران، هەمووی ئەوە دەگەیەنێت کە شوێنی ئەو خەبات و تێکۆشانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەمووی ئێمە چ، ئەوانەی لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا و ئۆسترالیا و کانادا و وڵاتانی دەرەوە کار و چالاکی دەکەین؛ چ ئەو جەمعەی بە تایبەتە لێرە ئەمن لە ئامریکا دەیانبینم هەمووی کاری ئێمە بۆ ئەوەیە چۆن ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی وڵات بەهێز بێت.

کۆماری ئیسلامی دەیان ساڵە لە کوردستان دەگرێ، دەکوژێ، تیرۆر دەکا و مووشەکمان تێدەگرێ و جۆرەها پیلانگێڕیی ئەمنیەتیی لەدژ کردووین، بەڵام لە نەورۆزی ئەمساڵدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندیانەوە و نیشانیان دا کە ئەگەر دەیان کارەساتی دیکەش بە سەر ئەو حیزبە بێنن؛ ئەو خەڵکە کە پێگەی سەرەکیی حیزبی دێموکرایە بۆ خۆیان و بۆ ئەو حیزبە هەر لە مەیداندان. بۆیە جارێکی دیکە پیرۆزباییان لێ دەکەینەوە و لەو مەیدانەدا شانازییان پێوە دەکەین.

پێوەندیدار بە نەورۆزی ورمێ. ئەمساڵ بە تایبەت لە شاری ورمێ ڕێوڕەسمیی نەورۆزیی کوردەکان بە بەشداریی ئاپۆرایەکی نیزیک بە سەد هەزار کەسی بەڕێوە چوو. دیارە کوردەکانی دانیشتووی ورمێ داوایان لە تورکەکانیش کردبوو کە بەیەکەوە ئەو ڕێوڕەسمە بەڕێوە ببەن و ژمارەیەک لە تورکەکانیش وڵامی ئەو بانگهێشت و بانگەوازەیان بە بەشدارییان دابۆوە. بەڵام بەداخەوە چەند ڕۆژ دواتر هێندێک لایەن لەنێو تورکەکان بە جۆرێک جووڵانەوە کە گرژی و ئاڵۆزیی لێکەوتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێوەندی مێژوویی ئێمە لەگەڵ تورکەکان لە ورمێ و لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە ئەمری واقع و ڕاستییە. ئێمە زۆر بەڵگەی پێشوومان هەیە کە بەپێی ئەو بەڵگەنامانە و بەپێی پێوەندیی سیاسی و مێژوویی پێشوومان کە بەیەکەوە بوومانە، ڕەعایەتی حاڵی یەکترمان کردوە. لانیکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی

محەممەد و کۆماری ئازەربایجان بە ڕێبەریی پیشەوەری کۆمەڵێک ڕێککەوتن و پەیماننامە لەنێوان ئێمە و تورکەکاندا هەبوو. ئەوکات لێکحاڵیبوون هەبوو.

بە دوای شۆڕشی ٥٧ی ئێرانیشدا زۆربەی زۆری تورک و کورد لەو شارانە کە هاوبەشن هەوڵیان داوە بەیەکەوە بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکەن کە پەیوەندییە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی خۆیان بپارێزن و بیانوو نەدەن خەڵکانێک بە تایبەت کاربەدەستانی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لەو شوێنانە کێشە دروست بکەن. ئێمە بۆ جارێکی دیکە تەئکید دەکەینەوە لە شاری ورمێ کورد و تورک ژیانی پێکەوەیی و پێوەندیی لەمێژینەییان هەیە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە ئەوە بووە چۆن کۆمەگ بە باشتربوونی ئەو پێوەندییانە بکات. بۆ ئاگاداریی زۆرێک لەو تورکانە کە ئاشنان بە مێژووی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردستان بەشێکیان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بوون و تەنانەت تا ئاستی ڕێبەرییش هاتوونە پێشێ. جا هیوادارم بە تایبەت لە ورمێ کورد و تورکەکان بە دەرکی مێژوویی لە پێوەندییە مێژووییەکانی خۆیان و هەروەها بە سەرنجدان و بایەخدانان بۆ ئەو بەڵگانەی لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەو دوو نەتەوەیەدا هەبووە و هەروەها لەوە گرنگتر بۆ بیرکردنەوە لە داهاتووی ئەمنییەتی و ژیانی هاوبەشی ئەو دوو نەتەوەیە لە ورمێ ئیجازە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەدەن بیانەوێ شاری ورمێ نائارام بکەن و بەو جۆرە ئاژاوە و کێشەی تێیدا دروست بکەن.

پەیامی ئێمە بۆ چالاکانی مەدەنی لە ئازەربایجان بە تایبەت لە ورمێ، ئەوەیە کە بە پێوەندییەکی باش لەگەڵ یەکتر بناغەی دۆستایەتیی هاوبەش نەهادینە بکەن بۆ ئەوەیکە لە داهاتوودا بیانوو نەدرێ بە کۆماری ئیسلامی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پابەندە بەوە و بۆ ئەوە کار دەکا و پێبەندی دەرووەستییەکانی خۆی تا ئەو جێی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، دەبێت.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**خەڵکی تێکۆشەر و کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بە نەورۆزی ئەو ساڵ پەیامێکی گەورەتان دا بە ئێمە. دوو ساڵ پێش ئێستا زۆرێک لە ئێوە لە "ئیلام"ەوە هەتا "کرماشان" و "ورمێ" و "مەهاباد" و "سنە" پەیامتان دەنارد کە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ یەک بگرنەوە. ئێمە پەیامەکەی ئێوەمان وەرگرت و ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قۆڵیان لێ هەڵماڵی و ئەو یەکگرتنەوەیە کە یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی ئێوە بوو، بەجێ گەیەندرا. داواکەی ئێوە زۆر

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

بە ڕوونی و بە ئاشکرایی ئەوە بوو کە دەتانگوت دەبێ ئادرەسێک هەبێ، ئادرەسێکی بەهێز کە ئەو جووڵانەوەیە بەڕێوەبەرێ و پاش یەکگرتنەوە و بە تایبەت دوای کۆنگرە بەشداریی ئێوە لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە شێوەیەکی بەربەرین لە هەموو شار و کوردستانی ئێران دەقیقەن ئەو ئادرەسە بوو کە حیزبەکەی ئێوە بە ئێوەی دا. لە تەنیشت ئەوەدا هیوادارین هەموو لایەکمان بەیەکەوە دەرسێکی دیکە لەوە وەربگرین ئەویش یەکڕیزییە. هەموو چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو جۆراوجۆرییە ئایینی و بۆچوون و هەموو جیاوازییەکان کە هەیانە، نەورۆز و بەشداریی هەموو لایەکی ئێوە ئەوەی نیشان دا کە ئێمە دەتوانین یەکڕیز و یەکگرتوو بین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکەش هیوادارم لە ساڵی تازەدا و بەپێی ئەو ئەرکە زۆری کەوتووەتە سەر شانی هەموومان، هەموو لایەکمان بەیەکەوە ئەو خەسارناسییە خۆماڵییەی بۆ بکەین بەو مانایە کە ساڵێکی دیکە لە نەورۆزدا چۆن بتوانین لەو ساڵیش بەرەوپێشتر بچین. دڵنیام حیزبەکەی ئێوە، حیزبی دێموکرات ئەو ئیستعداد و ئامادەییەی هەیە و هیوادارم هەموو لایەکمان بەیەکەوە ئەو وەزیفەیە بەجێ بگەیەنین.


جارێکی دیکەش نەورۆزی ئێوە و نەورۆزی هەموو لایەکمان پیرۆز و ساڵی داهاتوو ساڵی خێر و خۆشی بۆ هەموو لایەکمان بێ.

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵدانەوەی کۆنەبرین؛ کارێکی نابەرپرسیارانە



هەردی سەلیمی

لە مێژووی وڵاتانی جیهاندا شەڕی نێوخۆیی زۆر ڕووی داوە، کە ئەم شەڕانە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هۆکاری زاڵکردنی دەسەڵات و هێژمۆنیی زیاترەوە هەڵگیرساون. نموونە بۆ ئەم بابەتە بە ئەندازەی لاپەڕەکانی مێژوو لەبەردەستە و هەر ئێستاش بەردەوامە و وڵاتی وا هەیە ئێستاش دەرگیر و گیرۆدەی شەڕی نێوخۆییە؛ وڵاتانی وەک؛ ئەمریکا، کۆرە، ڤییەتنام، چین، فەڕانسە، ڕووسیە و ئێران و... لەو وڵاتانەن کە شەڕی نێوخۆیی خوێنین تێیاندا ڕووی داوە. خاڵی هەرە گرنگ لە ئاکامی ئەم شەڕانەدا بە پێچەوانەی بیری باو لەم بارەوە نەک خەسارناسی و ناساندنی تاوانبار یا تاوانباران، بەڵکوو کونترۆڵ و کۆتایی‌هێنان بەو شەڕانە بووە، دەنا لە حاڵەتەکەی تریدا یا لایەنێک بەتەواوی سەر کەوتوە و لایەنەکەی دیکەی سڕیوەتەوە یان ئەوەی کە لەتبوونی وەک کۆرەی باکوور و باشووری لێکەوتووەتەوە.

کوردستانیش یەکێک لەو شوێنانەی ئەم گۆی زەوییە بووە کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە هەتا ئەم دواییانە و لە بەشە جیاوازەکانیدا لەم جۆرە شەڕە تێیدا ڕووی داوە و خەساری گەورەشی پێگەیاندوە. لانی‌کەم لەمانەی دواییدا هیچ کام لە

لایەنەکانی دەرگیری ئەم شەڕە نێوخۆییانە نەیانتوانیوە لایەنەکەی بەرامبەریان بەتەواوی شکست پێ بێنن؛ بۆیە گەر بمانەوێ واقعبین بین پێویستە هەمووان خۆمان بەو قەناعەتە بگەیەنین کە بیری سڕینەوە و شوشتنەوە دەبێ بۆ هەمیشە نەمێنێ و لەنێو بچێ. ئەمە بەو واتایە نیە کە بڵێین مادام کەس یا لایەنێک لە هێزی خۆی دڵنیا بوو و زانیی دەتوانێ سەرکەوتن مسۆگەر بکات، کەواتە ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی شەڕێک هەڵایسێنێ، نا بە هیچ شێوازێک بەو واتایە نیە، بەڵکوو بەو مانایە کە لە بنەڕەتڕا کارێکی هەڵە و بێسەرەنجام و بێدەسکەوتە و هیچ سەرکەوتنێکی سیاسی و نیزامی و مادی و مەعنەوی بەدوای خۆیدا ناهێنێ و ئەمەش مێژووی هاوچەرخمان نیشانی داوە.

لە ئێستادا و بەداخێکی زۆرەوە هەندێک کۆنەبرینی قەتماغەبەستووی لەبیرکراو لەژێر پاساوی نابەرپرسیارانە و ناڕاستانەی "نەشاردنەوەی مێژوو"دا هەڵدەدرێننەوە ئەویش بە گێڕانەوەی بیستراو و دەم بە دەم و بێبەڵگە و بەوپەڕی ئێغراق و زێدەبێژییەوە، کە نە سوود و قازانجی بۆ ئەو مێژووە هەیە کە باسی دەکەن و نە لەپێناو یەکڕیزیی نەتەوەیی و تەنانەت و لە گیووەمەدا بۆ "سەرکەوتن"ی لایەنێکیش بەکەڵکە؛ بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەیە و ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕی و ئەمانەتداریی ئەو کەس یا کەسانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو دەسەڵاتەی کە کوردستان نزیکەی نیو سەدەیە بە شێوەیەکی شێلگیرانە لەدژی خەبات دەکات لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە، هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاویان لە یەکڕیزیی نەتەوەی کوردە، خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان بە یەکگرتووانەترین شێوە و بێلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی بیروڕا دەست لەنێو دەستی یەکتر و بە داهێنەرانەترین جۆرەکان هەروا لەسەرڕێیە و بەردەوام پەیامی یەکڕیزی و سەرفرازی دەگوازێتەوە. ئایا ڕەوایە لە وەها حاڵەتێکدا لەجیات ئەوەی وەک ئەوان بەرەو پێش هەنگاو بندرێ، سەرنج بخرێتە سەر تاریکترین وەرزی مێژوومان و لەوێدا بچەقین؟! ئەمە کام بیری ژیر هەڵگریەتی؟ ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەزموونە تاڵەکانمان دووبارە نەبنەوە ئەمە ڕێگەی نییە، چون لەبیر کراون و ئەم وەبیرهێنانەوە و یەکتر تۆمەتبارکردنە گرژی و ناهاودڵیی لێ دەکەوێتەوە. مێژووی ئەم نیو سەدەی ڕابردووی کوردستان هێندە خاڵی جێی شانازیی تێدایە کە پێویستمان بە ئاوڕدانەوە لەو خاڵە نەبێت. لە ئێستادا بەرەوپێشچوون و یەکڕیزیمان پێویستە نەک چەقین و ڕاوەستان و قامکی تۆمەت بۆ یەکتر درێژکردن، دەبێ پلان و بەرنامەمان بۆ داهاتووی ئەو نەتەوەیە ببێ، نەک لەتاو بێبەرنامەیی وەک کۆنەڕۆڵگێڕێکی لەکەڵکەوتوو خەڵکێک دڵسارد بکەینەوە و هۆییێک بکەین و بڵێین بەرەوپێش مەچن و بچنەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر!

**کۆتاقسە:** بە سەرنجدان بەو خەسارانەی کە لێمان دەکەوێ بۆیە دەبێ بێینەوە سەر ئەوەی کە بەتایبەت لە ئێستادا کونترۆڵکردن و لەبیرکردنی ئەو شەڕە نێوخۆییانەی کوردستان ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانییە، گەر ڕۆژگارانێکیش هەوڵی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

خەسارناسی درا ئەوە با کەسانی شارەزا و لێزان و هەروەها شایەدحاڵان با قسەیەکیان پێ بێ نەک بە دەنگۆ و دەمگۆ مێژووەکە بەلاڕێدا بەرین. لەوەش گرنگتر با کاتی تیڤییەکان و ڕاکێشانی سەرنجی بینەران و بیسەران بە هەموو نرخێک پڕ نەکەینەوە و ڕانەکێشین، گەر سکاڵایەکیشمان هەیە با لەبەردەم کەس یا کەسانێکا بکرێ کە هەر نەبێ لە پێوەندی لەگەڵ سکاڵاکەدا بگونجێن. ئەم جۆرە دەربڕینە نابەرپرسیارانە خەساری دەروونیی زۆر بە کۆی بزووتنەوەکەمان و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ و دەرفەتە زێڕینەیەکیشە بۆ کەسانی هەلپەرست بۆ کەڵکاوەژۆوەرگرتن. ساڵانێکە بەهەق و بەبەڵگە ئەو تاوانانە دراونەتە پاڵ کۆماری ئیسلامی و سەلمێنراویشن و بوونەتە فەکتێکی مێژوویی لەسەر ئەو ڕێژیمە، چۆن وا بەئاسانی و بەناهەق و بێبەڵگە بیانکەینە تۆمەت و بیدەینە پاڵ لایەنێکی جەماوەری و خۆشەویستی خەڵک کە هەمیشە بۆ بەپرەنسیپبوون و ئەخلاقمەداری بەناوبانگ بووە؟! ئەم ڕێکارانە سوودی نییە تەنانەت ئەگەر بۆ خۆنواندنێکی کاتییش بووبێ.

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# کام پەیام و هەڵوێست قازی محەممەدی کرد بە پێشەوا؟



**برایم لاجانی**

هەرکام لە ئێمە بە جۆرێک ڕێبەرین چونکە لانیکەم ڕێبەرڕێبەرایەتی ژیانی خۆمان دەکەین. زۆر کەسیش لەنێو ئێمەدا هەن کە لەبواری گەورەتردا بۆ نموونە لە ئاستی بنەماڵە، مەدرەسە، کارخانە و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کاری ڕێبەرایەتی دەکەن. ڕوونە کە مەیدانەکانی کاری ڕێبەرایەتی جۆراوجۆرن و هەر بەو پێیەش ئەرکەکانی ڕێبەر، بەرپرسایەتی و ڕۆڵیشی جۆراوجۆرن. بەڵام مەسەلەیەک هەیە کە لە هەموو حاڵەتەکانی ڕێبەرایەتیدا وەک فاکتۆرێکی گرینگ خۆی نیشان دەدا، ئەویش ئەوەیە کە لەهەر حاڵدا ڕێبەر سەروکاری دەگەڵ ئینسانان هەیە. ئەو ئینسانانە یا هاووڵاتین، یا هاونیشتیمانن، یا هاوڕێی حیزبین، پێشمەرگەن، سەربازن، یا کارمەند و کرێکار و هتد...

کاری ڕێبەر ئەوەیە خەڵک واتە ئینسانەکان لە دەوری دروشم و ستراتیژی و ئیدەئاڵ و بەرنامەکانی ڕێکخراو، حیزب، بزووتنەوە، مەدرەسە و کارخانە و بە کورتی ئەو دامەزراوە کۆ بکاتەوە کە ڕێبەرایەتیی دەکا. ئەو دەبێ هاندەر بێ، دینام بێ، ماتۆر بێ، گەرموگوڕی بە کار و خەبات لەونێو دەوروبەری خۆیدا بڵاو بکاتەوە. شادی و خۆشی دابەش بکا. هەمووان

بەشدار بکات و کەس هەڵناوێرێ. ڕێبەر دەبێت کۆسپان تەخت بکا، پردان درووست بکا، دیواران بڕووخێنێ. دەبێ خەم لەبەر بێ و مەڵحەمی برینان و هۆی ئارامیی دڵە شکاوەکان بێت. ڕێبەر بە هاوکاری دەگەڵ هاوکارەکانی دەبێ فەرهەنگ و کولتوورێک درووست بکەن کە نێوەرۆکەکەی بریتی بێت لە ڕوانگەیەک کە وەک ئەستێرەی گەش بدرەوشێتەوە و خەڵک بەدوای خۆیدا بکێشێ. فەرهەنگێک کە بایەخ بە پێوەندیە ئینسانیەکان بدا و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان لە خۆیدا جێ بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا ئامادەیی بۆ چوونەپێش و گۆڕان و دروستکردنی بەهای نوێ تێدا بێت.

لە مێژوودا زۆر نموونەی ئەوجۆرە ڕێبەرانەمان هەن کە بوونەتە سەرمەشق و ئێستاش هەروا سەرچاوەی ئیلهامن. من هەوڵ دەدەم دوونموونە لەو سەرمەشقانە باسکەم و پاشان پێشەوا قازی بە پێوانانەی ئەوان هەڵسەنگێنم تا بزانین ڕەمزی بوون بە پێشەوا و پێشەوامانەوەی قازی لەچیدایە؟

## سوقڕات

سوقڕات گرینگی زۆری بە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ دەدا. ناوبراو ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی دەهێنانە گۆڕ کە چۆن دەتوانین ژیانێکی جوان و پڕ لە فەزیلەت و عادڵانە دروست بکەین. هەروەها ئەو بە سەخاوەتەوە ئامادە بوو گیانی بۆ ئیدە و بایەخە بەرز و تازە و ئینسانیەکان بەخت بکا کە بڕوای پێ بوون. سوقڕات بە ئاتێنیدا دەگەڕا و دەیپرسی ژیانی باش و پڕ فەزیلەت کامەیە؟ جوانی چیە؟ کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر چۆنە؟ دادپەروەری چیە؟ کۆمەڵگەیەکی عادڵانە چۆنە و کام سیفاتی هەن و تایبەتمەندیەکانی چین؟

سوقڕات ئەو پرسیارانەی زۆرتر ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی ئاتێنێ دەکردن. ئەو لاوانی بۆ خەبات و بەربەرەکانی و ڕاپەڕین هان دەدان. ئەو بە هێنانەگۆڕێی پرسیار سەبارەت بە ژیانی پڕ فەزیلەت و کۆمەڵگەی عادڵانە دەیەویست سەرنجی خەڵک بۆ وەزعی نالەباری کۆمەڵگەی ئەودەمی ئاتێنێ ڕاکێشێ. جیالەوە هەمیشە خەڵکی هان دەدا کە خۆیان و توانا و زەرفییەتەکانی خۆیان بناسن. چونکە کەسێک دەتوانێ دەگەڵ خەڵک بحاوێتەوە کە خۆی بناسێ. ئەو جۆرە حەرەکەتانەی سوقڕات و ئەو پرسیارانەی ئەو بە دڵی کاربەدەستانی ئەودەمی ئاتێنێ نەبوون. هەربۆیە نەیارەکانی کە دەسەڵاتداران بوون ئەویان بە کەسێکی ئازاردەر دەزانی و هەر لە بەر ئەوەش بوو مەحکوومیان کرد کە جامی ژەهر بخواتەوە.

پرسیارەکانی سوقڕات هەموو خەڵکیان دەگرتەوە. هەموو لە کۆمەڵدا بەرامبەر یەکتر ڕێبەرن و دەبێ بپرسن ژیانی باش و پڕ فەزیلەت چیە؟ ئەوە یارمەتیمان دەدات کە سەرنج بدەینە ژیانی هاووڵاتیانمان کە لە وەزعێکی سەخت و دژواردان،



سەرچاوە
Serchawe

حەقخوراون و ئەگەر پێویست بێ یارمەتییان بدەین. جاری وایە دیتن و بەسەرکردنەوەیەک گەورەترین یارمەتییە. کەسێک کە پێویستیی بە یارمەتییە زۆری بۆ گرنگە یارمەتیدەر ئاوڕی لێ بداتەوە. سوقڕات بۆ خۆشی هەموو جارێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێ نەبوو کە دەیهێنانە گۆڕێ، بەڵام مەبەستی ئەو دبوو خەڵک وەبیرکەوتنەوە بکەون. لە لایەکی دیکەشەوە دەیەویست ئەوە بڵێ کەسێک کە بەدڵەوە ئەو پرسیارانە دێنێتە گۆڕی دەبێت کەسێکی ئاقڵ و بە هۆش بێت. لە فەرهەنگی یۆنانیدا کەسێکی زیرەک و خاوەن هۆش ئەو کەسەیە کە توانای دیتنی داهاتووی هەیە و دووربین و ئایندە بینە. کەسێکیش کە دووربینە و توانای دیتنی داهاتووی هەیە ڕوانگە دەدا، ڕێ دەستنیشان دەکا و قەتاری حەرەکەتی کۆمەڵ دەخاتە ڕێ. کەسێکی ئاوا جیهەت دەستنیشان دەکا، خەت دەدا، خەڵک بەدوای خۆی دادەکێشێ و خەڵک بۆخۆیان وەدوای دەکەون و دەیکەنە پێشەوا و بەم جۆرە ڤیزشون دروست دەکا. ئەو دەبێتە پێشەوا و مەشخەڵ هەڵدەگرێ و ئاڵای پەیامەکەی بەرز دەکاتەوە و دەبێتە خاوەن ڤیزشون. مەبەست لە ڤیزشون بانگ و پەیامی خێری گشتی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە کە ئینسانەکان لەوێدا لە فەزیلەتدا بژین. پەیام و ڤیزشونی مەزن ئەوانەن کە ڕوویان لە هەموو خەڵکە و کەس هەڵناوێرن و دەبنە کانیاوێکی گەورە بۆ هەموو ئەوانەی تینوون. پەیام و ڤیزشوونی مەزن ئەو پەیامەیە کە دەیەوێ کۆمەڵ بەرەو بەختەوەری و ئازادی و فەزیلەت بەرێ و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بە سەعادەت و بەختەوەری بگەیەنێ. ئەرستوو کە قوتابیی سوقڕات بوو دواتر ئەو قسەی سوقڕاتی دەوڵەمەندتر کرد کە دەڵێ کەس ناتوانێ بەختەوەر بێت ئەگەر کۆمەڵگەکەی و کەسانی دەوروبەری بەختەوەر نەبن.

## عیسای مەسیح

دەرکەوتوە کەسێک کە بە خێری گشتییەوە ماندووە و لە خەمی میللەت و گەل و وڵاتدایە، لە قەیران و سەختی و دژوارییەکاندا باشتر خۆی ڕادەگرێ و چاکتر دێتەدەر لە کەسانێک کە زۆرتر هەر لە خەمی خێری شەخسیی خۆیاندان. عیسای مەسیح نموونەیەکە لەو چەشنە کەسانە. ئەو یەکێک لە گەورەترین ڕێبەرانی مێژووی مرۆڤایەتییە و هێشتاش زۆرترین پەیرەوی هەن. بزانین پەیام و مۆدێلی ڕێبەرایەتیی عیسای مەسیح چی و چۆن بوو کە ئاوا بوو بەو ڕێبەرە گەورە و بەو پەیامبەرە مەزنە. شێوەی مودیرییەتی ناوبراو و پێوەندییەکانی ئەو لەگەڵ خەڵک و چۆنیەتیی پێوەندیگرتنی بە خەڵکەوە و نێوەرۆکی پەیامەکەی زۆر ئاسانە، بەڵام لە هەمان کاتدا پیادەکردن و پراکتیزەکردنی زۆر سەخت و دژوارە. هەمووی ئەوە دەکرێ لە چوارخاڵدا کورت کەینەوە. لەڕاستیدا ئەو چوار خەڵە ئەو یاسا و قانوونانەن کە پێویستە هەموو ئەو کەسانە دەکاریان بکەن کە ڕێبەرایەتیی خەڵک دەکەن و دەیانەوێ ئینسانەکان لە دەوری پەیامێک یان ڤیزشونێک کۆ کەنەوە و کۆمەڵ بەرەو ئەو ئامانجە مۆبیلیزە بکەن واتە وەگەڕ بخەن.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**یەکەم**، مرۆڤەکان هەموویان خاوەن بایەخن و لەباری ئینسانییەوە هاوبەهان. بۆ عیسای مەسیح هەموو ئینسانەکان لە چوارچێوەی ئایینی ئەو و پەیامی ئەودا وەک یەک هاوبایەخن. بناخەی ئەو بیرە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە ناوبراو هەموو ئینسانەکانی بە یەک چاو تەماشا دەکردن. ئەو نەیدەهێشت جیاوازییە ڕواڵەتییەکان ببنە هۆی لێکهەڵاواردنی ئینسانەکان بەمجۆرە و خودی و ناخودی درووست ببێ. کەسێک کە جیاوازی لەنێو ئینسانەکان دادەنێ. دیواران دروست دەکا و لەهەر حاڵدا ئەگەر بەشێکانیش ڕاکێشێ، بەشێکیش لە خۆی دەتارێنێ و دوور دەخاتەوە. پەیامی مەزن ئەو پەیامەیە کە ڕووی لە هەموو کۆمەڵگە و هەموو میللەت بێت.

**دووەم**، دەبێت توانا و قودرەتی لێبوردن و بەخشین و عەفوکردنمان هەبێت. ئینسان قابیلی هەڵەیە. هەڵەکردن بەشێکە لە سروشتی ئینسان. بەڵام بەخشین و لێبوردەیی شتێکە پێوەندیی بە هاوپێوەندیی ئینسانیەوە هەیە. بەخشین و لێبوردن نیشانەی لاوازی و شلوشەویقیی ڕێبەر نیە، ڕاست بە پێچەوانەوە  لێبوردەیی و بەخشین بە گوناهانەوە، متمانە دەخولقێنێ و باشترین ئامڕازیشە بۆ پێشگیریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەڵە.

**سێهەم**، کارکردن و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ عیسای مەسیح و پەیڕەویکردن لێی سەخت و دژوارە. ئەو لێی دەویستی. ئەو چاوەڕوانی و ئینتیزار و داخوازیی لە هەموو ئەو کەسانە هەیە کە ئەویان قبووڵە. بەڵێ ژیان لە کۆمەڵدا، ژیان لەنێو میللەتدا مایەدانان لە خۆی دەوێت. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە هەر ڕێبەر نیە کە ئینتیزار و چاوەڕوانی لە خەڵک و تاکەکانی نێوکۆمەڵ هەیە، بەڵکوو ئێمە هەموومان دەبێت ئینتیزار و چاوەڕوانیمان لێکتر هەبێت و لێکترمان بوێت و لە ڕێبەریشمان بوێت. نەک هەر لە کاری هاوبەش و هاوکاریی یەکتری و ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، بەڵکوو لە هەموو هەڵسان و دانیشتنماندا  پێویستە ڕەچاوی دۆخی یەکتر و دەورووبەری خۆمان و تەنانەت سروشت و حەیوانات و دارودرەخت و ژینگەش بکەین.

ئەوە کە داخوازیت لە هاوکار و هاواڵ و هاوولاتی و هاونیشتیمانی و ئەو کەسانە هەبێت کە ڕێبەرایەتییان دەکەی، بە هیچ جۆر مانای ئەوە نیە کە تۆ ڕێبەرێکی ئۆتۆریتاری. کەسێک کە داخوازیی لێ دەکرێ، چاوەڕوانیی لێ دەکرێ، ئینتزاراتی لێ دەکرێ، یانی دەگەڵ چاڵش بەرەوڕوو دەکرێ. ئەوەش ناچاری دەکا خۆی هەڵکێشی، خۆی بەرێتە پێشی، خۆی بەهێز بکا، خۆی کامڵ بکا، خۆی پوختە بکا. دیارە دەبێت داخوازی و چاوەڕوانییەکان واقعبینانە بن و لەگەڵ توانا و زەرفییەتەکان و هەلومەرج بێنەوە. ئەگەر وا نەبێت، ئەو چاوەڕوانی و ویستانە دەبنە ئامراز و وەسیلەیەک بۆ دەسەڵاتنواندن. ئاخر کاتێک کارێک دەکەی کە نایەڵی ئینسانەکان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن، پێش بە پەرەسەندنی ئەوان دەگری و خۆشت لە توان و لێوەشاوەییەکانی  ئەوان بێبەش دەکەی.



سەرچاوە
Serchawe

**چوارەم**. عیسای مەسیح ئینسانەکانی خۆش دەویستن. هاوکار و پەیڕەو و هاوولاتیانی خۆی و ئەندامانی کۆمەڵگەی ئینسانی خۆش دەویستن. ئەو تەنانەت ناحەزانی خۆشی خۆش دەویستن. فەلسەفەی ئەوە لەوەدایە کە خۆشەویستی و موحیبەت هێزێکی هێندە گەورەی هەیە کە دەتوانێ ڕق و قین و تووڕەیی و تەنانەت دووژمنایەتیش ڕامالێ و لەنێو بەرێ. موحیبەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. خۆشەویستی خولقێنەر و دروستکەرە. ڕوونە تایبەتمەندی و خسڵەتێکی لەوچەشنە بەڕاستی سەختە مرۆڤ بتوانێ لەخۆیدا پەروەردەی بکات. ئەوە توانایەکی تا ڕادەیەک فەوقی بەشەری دەوێ. بەڵام ڕێبەری گەورە کە میللەتێک چاوی لێیەتی دەبێت ئەو توانایە لە خۆیدا درووست بکات. موحیبەت کلیلێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بکەینەوە و بڕوا و متمانەیان وەدەست بێنین. ڕایانکێشینە مەیدانی کار و تێکۆشان بۆ بەشداربوون لە کارکردن بۆ خێری گشتیدا. هەر ئەوە کە بتوانی خەڵک و هاوکار و هاوباوەڕەکانی خۆت خۆش بوێن، بۆخۆی مانا دەدا بە ژیان و نێوەرۆکی ژیان دەوڵەمەند دەکا. یۆنانیەکانیش باسی موحیبەتیان کردوە، بەڵام ئەوان زۆرتر باس لە دۆستایەتی دەکەن.

ئاخر دۆستایەتیش شتێکە پێوەندی بە کەیفییەتی پێوەندییەکانی نێوان ئینسانەکانەوە هەیە. ئەرستوو دەڵێ دۆستایەتی گیانێکە لە دوو جەستەدا. دۆستایەتیش وەک موحیبەت و خۆشەویستی لە ڕێگای دیتن و وەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانەوە یەکیەتی درووست دەکا. ئاخر هونەر ئەوەیە لە جیاوازییەکان ڕا و بە جیاوازیەکانمانەوە بگەینە وەحدەت و کۆنسێنسوس، واتە ڕێککەوتن. وەحدەتێک کە جیاوازییەکان نابینێ و بە لەنێوبردنی جیاوازییەکان پێکدێ، پایەدار نابێ و زۆریش پڕمەترسییە.

دەبێ بگوترێ کە ئاوێتەبوونی ئەو چوار خسڵەتە بەرزەیە لە کەسایەتیی عیسای مەسیحدا کە ئەویان کردە ئەو ڕێبەرە گەورە. ئەو بە هاواری نەخۆش و لێقەوماوانەوە دەچوو. گوناهباری دەبەخشین، موحیبەت و خۆشەویستی لێ دەباری. برینی سارێژ دەکردن. پردی لەنێو جیاوازییەکاندا درووست دەکردن. دیواری دەڕووخاندن. کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی وەلادەبردن. گرێ پووچکەی دەکردنەوە. سوڵحی دەکردن. کاری سەخت و تێکۆشانی لە خۆی و پەیڕەوانی دەویست. ماندوویی‌نەناس بوو. بڕوای بە کار و پەیامی خۆی هەبوو. خەڵکی لە دەوری خۆی و لە دەوری یەکتر و لە دەوری پەیامی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش کۆ دەکردەوە. نەک هەر دیفاعی لە بڕوا و مەڕامی خۆی دەکرد، لە هەمووی گرینگتر، ئەو ئامادە بوو بۆ بردنەپێشی پەیام و ڤیزشونی خۆی و ئیدەئاڵەکانی بە سەخاوەتەوە بمرێ. عیسای مەسیح لە دادگای ناساڵحی ئیمپڕاتۆریی ڕۆمدا بە تاوانبار لەقەڵەم درا و لە خاچ درا. بەڵام لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا، میداڵی ئیفتیخار و سەربەرزی و شانازی پێ بەخشرا و ئەوەتا ئێستاش ئەستێرەی پەیامەکەی هەروا دەدرەوشێتەوە تیشکان داوێ.

من پێم وایە هەر ئەو ڕەمزانە کە سوقرات و عیسای مەسیحیان کردنە پێشەوا و مامۆستا و ڕێبەر و خاوەن پەیام و

ڤیزشون، قازی موحەممەدیشیان کردە پێشەوا. خوێنەر دەبێت زەحمەت بکێشێ بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆمار بخوێنێتەوە، تا باشتر ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوێت. لێرەدا تەنیا چەند بەڵگە لە وتەکانی پێشەوا قازی دەخەینە بەرچاو تا بۆمان دەرکەوێ کە پێشەوا بەڕاستی پەیامی بۆ میللەتی کورد پێ بووە و بۆ ئەو پەیامەش و لەسەر بردنەپێشی ئەو پەیامەش لەدار درا. هەر ئەو هەڵوێست و پەیامەشە قازی کردۆتە پێشەوا و هەروا وەک پێشەواش ماوەتەوە و هەمیشەش لە ویژدانی میللی و لە مێژوویی کوردا بە پێشەوایی دەمێنێتەوە.

"بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژانی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهووریی کوردستان و یەکیەتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم"

(سوێندی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان)

"ئەوە کە لەڕێگای ئازادیی میللەتی خۆمدا بکوژرێم، جگە لە ڕەحمەتی خودا شتێکی دی نیە. بەمەرگی جوامێرانەی خۆم شانازی دەکەم"

(قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا)

"ئەو مافە بە کەس نادەم سوکایەتی بە میللەتی من بکات. من لەپێناوی ئەو میللەتەدایە کە ئێستا بە ئیعدام مەحکووم بووم. قازی موحەممەد ئیدی شتێکی دیکەی نیە لە دەستی بدا، کەسێک دەست لە گیان هەڵگرێ، قسەی دڵی خۆشی دەکا. ئەوەی کە لە خوام دەویست، یانی شەهادەت لە ڕێگای خوا و وەتەندا بە دەستم هێناوە"

(قازی موحەممەد لە بەناو دادگادا)

"ئەنگیزەی من بۆ ئەو کارانە کە کردوومن سەرزەمین و میللەتەکەم بووە، هەر کارێک لە گەڵ من دەکەن بیکەن، بەڵام دەست لە ئازاری میللەتەکەم هەڵگرن"

(بەرگرییەکانی لە بەناو دادگادا)

"لە ئاخرین سەعاتەکانی ژیانمدا، خودا بە شاهید دەگرم کە لە ڕێگای ئازادی و بەختیاری ئێوەدا گیان و ماڵی خۆم فیدا کردوە و لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێخیم نەکردوە"



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"کوردستان سەرزەمینی میللەتی کوردە و ماڵی ویە. کەس مافی حەسادەت و بەخیلیی نیە. هەموو لە ماڵی خۆدا ئازادن. هەرچی لەدەستان دێت بۆ ئازادیی کورد درێخی مەکەن"

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"میللەتی مە چیی لە میللەتانی دیکەی دونیا کەمتر نیە، زانست و عیلم نەبێت. فێری زانست و عیلم بن تا لە کاروانی بەشەرییەت وەدوا نەکەون"

(وەسیەتنامەی پێشەوا)

"خودایە دادی مەزڵومان بستێنە و میللەتی کورد لەژێر سوڵتەی ئەو خوێنخۆرانە ڕزگار کە"

(بیست دەقیقە پێش لە داردرانی لە کاتی موناجات لەگەڵ خودادا)

تا دوا لەحەزاتی ژیان دەست لە فیداکاری هەڵناگرم و بە تەواوی دونیا ڕادەگەیەنم کە میللەتی کورد حەقی ژیانی ئازادی هەیە"

(ڕۆژنامەی کوردستان، دەوری یەکەم ژمارە ٣٠)

١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# میراتە بەنرخەکانی پێشەوا




ڕەزا دانشجوو

مێژووی هەر نەتەوەیەک پڕە لەو ساتانەی ئاڕاستەی ڕەوتی بزووتنەوەی ئەو میللەتەیان گۆڕیوە و پێناسەیەکی تازەیان بە خەباتی ڕزگاریخوازی ئەم میللەتە بەخشیوە. بۆ میللەتی کورد یەکێک لە گرنگترین ئەو ساتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد بوو. لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان تەنها هەوڵێک بۆ گەیشتن بە خۆسەریی سیاسی نەبوو، بەڵکوو هەنگاوێکی بنەڕەتی بوو بۆ گواستنەوە لە سیستەمی عەشیرەتی و خێڵەکییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ناسیۆنالیست.

هەرچەندە کۆمار تەمەنی کورت بوو، بەڵام میراتەکەی لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کورددا بەردەوامە. ئاسەواری ئەو بزووتنەوەیە گەورەیە لە هەموو ڕێکخستن و جووڵانەوەکانی دواتر بە مەبەستی گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەی کورد بە گشتی ولە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەت دەبینرێت. کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان لەسەر ناسنامەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، خەباتی ژنان و ڕۆڵی لە پێکهاتنی بزووتنەوە کولتووری، سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شۆڕشی ژینا خۆی نیشان دا، تەنانەت لە نەوروزی ئەمساڵدا بینەری بەشێک لەم کاریگەریی مێژوویی لە ناساندنی توانایە کولتورییەکانی کۆمەڵگەی کورد بۆ بەربەرەکانیی لەگەڵ داگیرکەران بووین. لە درێژەی ئەم بابەتەدا بە کورتی باس لە تاقمێک لەم تایبەتمەندییە دەگمەنانەی کۆماری کوردستان و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی ئیستا دەکرێت .

## پچڕانی پێکهاتەی عەشیرەتی و خێڵەکی و دەسپێکی قۆناغی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن

بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی هێشتا بە قورسی لەژێر کاریگەریی پێکهاتە عەشیرەتی و خێڵەکییەکاندا بوو. ئەم پێکهاتانە جگە لە دابینکردنی هاودەنگی نێوخۆیی، بە بەربەستێک لە بەردەم پێکهێنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن و دێموکراسی دادەنران. قازی محەممەد بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان هەوڵی ڕزگارکردنی ناسیۆنالیزمی کورد لە پەیوەندیی خێڵەکی و گۆڕینی بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی مۆدێرندا.

کۆماری کوردستان بە پێچەوانەی زۆرێک لە بزووتنەوەکانی پێشووی کورد کە وابەستەی سەرکردەی عەشیرەت بوون، لەسەر حیزب و ڕێکخراوێکی مۆدێرن بنیات نرابوو. پێشەوا بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار بزووتنەوەیەکی دامەزراند کە پێوەندیی عەشایەری تێپەڕاند و بوو بە مۆدێل بۆ پارتە کوردییەکانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

### هەنگاوەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، چاپکردنی ڕۆژنامە، ڕێکخستنی ژنان، و وشیاریی کۆمەڵایەتی

یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی کۆماری کوردستان، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بوو. ئەم بڵاوکراوە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە وشیارکردنەوە و نوێبوونەوەی کولتووری لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆرینەی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون. لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیە چەمکەکانی وەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافەکانی گەلی کورد، گرنگیی پەروەردەکردن بەرەوپێش بردران.

بەڵام ڕەنگە یەکێک لە کارە پێشکەوتنخوازەکانی کۆماری کوردستان پێکهێنانی ڕێکخراوی ژنان بووبێت. بە پێچەوانەی نەریتی باوکسالاری باو، پێشەوا قازی محەممەد پێی وابوو هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ بوونی ژن لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پێشکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست ناهێنێت. بەم شێوەیە زەمینەی بۆ بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان خۆش کرد. ئەم تێڕوانینە پێشکەوتنخوازانەیە بۆ ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا لە ساڵانی دواتردا بوو بە یەکێک لە



سەرچاوە
Serchawe

پایە سەرەکییەکانی بزووتنەوە کوردییەکان.

## شۆڕشی ژینا

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە هێمای خەباتی ژنان لە دژی ستەم و هەڵاواردن، بە جۆرێک درێژەپێدەری هەمان بیرکردنەوەی دادپەروەرانەیە کە پێشەوا لە چلەکانی زایینی سەدەی ڕابردوودا دامەزراندوە. ئەو بزووتنەوەی زەبەلاحە کە دوای کوشتنی ژینا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕووی دا،

**بە جەختکردنەوە لە سێ بابەتی زۆر گرنگ، ئاماژەیە بۆ درێژەدان بە ڕێبازی پێشەوا.**

- دروشمی پێشکەوتنخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی" و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ژنان لە بەرخۆدان و خەبات بۆ مافەکانیان، ئاماژەن بۆ بەئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگەی ژنان و ئامادەبوونی بەربڵاویان لە ڕێگای ئازادی.
- جەختکردنەوە لەسەر "مافی دیاریکردنی چارەنووس" وەک مافێکی پارێزراوی مرۆڤ، گوزارشت لە وشیاری گەلی کورد لە خەباتی دژ بە حکومەتە داگیرکەرە ستەمکارەکان دەکات.
- خەباتی مەدەنی و ڕێکخستن و وشیارکردنەوە دەکرێت بە بەشی سێیەمی ئەم سێیانە گرنگە لە شۆڕشی ژینادا هەژمار بکرێت.

لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا وەشانێکی نوێکراوەی میراتی پێشەوا و کۆماری کوردستان لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری کوردستانە.

## نەورۆز، هێمای خۆڕاگری و یەکگرتوویی

نەورۆز هەمیشە بۆ کورد زیاتر لە ئاهەنگێکی سەری ساڵ بووە. نەورۆز هێمای بەرخۆدان و شوناسی نەتەوەیی و یەکگرتوویی گەلی کوردە! ئەوەی ئەمساڵ لە نەورۆز ڕووی دا، مانیفێستی ئاشکرای گەلی کورد دژی ساڵیان داگیرکەری هەڵاواردن و سەرکوتکردن بوو، وەشانێکی ڕوون و مافخوازانە دژ بە هەموو دوژمنانی کورد بە پانتایی تەواوی ئەو جوغرافیا زیندانیکراوە لە ماکۆ تا ئیلام! بەشداریی بەرچاوی ژنان لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکە نیشانی دا کە تا چەند کۆمەڵگەی کوردی باوەڕمەندە بە ڕۆڵی گرنگ و چارەنووسسازی ژنان لە گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دادپەروەر! جگە لەوەش



سەرچاوە Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری و جەختکردنەوە لەسەر جلوبەرگی پێشمەرگە وەک ڕەمزی بەرخۆدان و ڕاوەستان لە دژی داگیرکەران و ڕەشپەرەستان, جیاوازییەکی زۆریان بە نەورۆزی ئەمسال بەخشیوە!**

**سازدانی ڕێوڕەسێکی بێوێنە لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بە تایبەت لە ئیلام و کرماشان کە ساڵانێکە لە ژێر توندترین شێوەی ئاسمیلەکردن لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بێگومان پێش ئەوەش لە لایەن ڕژیمی پەهلەوین، نیشاندەری گرنگیدانی کوردستان بە ناسنامەی کوردییە. ڕێکخستن و یەکگرتوویی خاوەن سەرەنج لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنە مێژووییەدا بە یارمەتیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بێگۆمان لەژێر زەخت و هەڕەشە وهەراسانکردنی بەردەوامی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە، ڕەنگدانەوە و دەرخەری ئەوپەڕی وشیاری و بەئاگابوونی کۆمەڵگای کوردییە.**

**پێشەوا و میراتە بەنرخەکەی، ئێستا ساڵیانی ساڵ دوای شەهیدبوونی، گەورەترین سەرمایەی گەلی کوردە لەسەر ڕێگای گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری کوردستان. ئەو دیمەنانەی کە نەوەی نوێی کورد، چ لە سەردەمی شۆڕشی ژینا یان ئاهەنگەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا خوڵقاندیان، بێگومان قووڵایی وشیاری و زیرەکی ئەم نەوەیە لە شەڕی دژی داگیرکەرانی کوردستاندا نیشان دەدات. نەوەیەک کە بەئاگا و پێشکەوتووخواز، چاونەترس,بوێر و ئازا دژی داگیرکەران و ستەمکاران خەبات دەکات.**

**ڕۆحی پێشەوای نەمر بناغەدانەری ئەم جووڵانەوە پێشکەوتووخواز شاد کە ئێستا بووەتە هێمای بەرخۆدان و ڕاوەستان دژی زۆر و زەبروزەنگ و داگیرکەر. بێگومان باشترین ئەمەگناسی و پێزانین درێژەدان ڕێگەی پێشەوا و هەموو شەهیدانە تا گەیشتن بە ڕزگاری.**

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# له بیناییەوە بۆ پێشەوایی



ئەلبورز ڕوویینتەن

چل ساڵ لەوە پێش لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی"دا، نەمر دکتور قاسملوو لە سەر کەسایەتیی نەمر پێشەوا دەنووسێ کە پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی زیاترە. دوای چل ساڵ لەو نووسینە و هەشت دەیە لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر و یارانی وێڕای ئەو کارە بەنرخانەی لەو بوارەدا کراون تا چەند حەقی کەسایەتی پێشەوا لە دونیای ئاکادمی و نوسینی مێژووی و سیاسی گەلەکەمان دراوە بە ڕاستی جێگای سەرنجە، بە تایبەتی تا ئێستاش یەکێک لەو کارە بەنرخانە هەر ئەو کتێبەی د. قاسملوویە.

ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجی زۆربەی نووسینەکانی سەر پێشەوایە، ژیانی سیاسیی سەردەمی کۆماری کوردستانە، بەڵام باکگراوندی بنەماڵەی ئەو کە کاریگەرییان لەسەر بارهێنانی کەسایەتیی پێشەوا هەبوو، جێگای سەرنجە. ئەو بنەماڵەیە کە لە بوارەکانی زانستی ئایینی، دادوەری و تەنانەت ئەدەبی لە ناوچەدا بەناوبانگ بوون، تەواوی میراتی مەعنەوی خۆیان لەو بوارانەدا بۆ کەسایەتیی پێشەوا گواستەوە کە بەحەق لەو بوارەدا پێشەوا وەرگرێکی باشی ئەو میراتە بوو کە



سەرچاوە Serchawe

## خاکەلێوەی ٢٧٢٥

بەوەندە بەسندەی نەکرد و هەوڵی دا بە فێربوونی زمانی جیاوازی دیکە و خوێندنەوە لە ئاستی جیاوازی سیاسی و مێژووی هەگبەی زانستی خۆی دەوڵەمەندتر بکات. بە هەبوونی ئەو باکگراوندەی بنەماڵەی و ئاستی زانستی لە بواری جیاوازی ئاوێتەی ئەزموونەکانی لە سەردەمی دو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم کرد، بۆ ئەوەی سەنتێزی کۆماری کوردستان بئافرێنی. ئەو کە لە لایەک لە سەردەمی دیکتاتوریەتی ڕەزا شا ڕاستەوخۆ چەوساندنەوەی گەلەکەی دەدیت لە سەردەمی هێرشی ڕووس بۆ سەر کوردستان منداڵ و لە سەردەمی سایکس پیکۆ و لۆزاندا لاو، و هاوسەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و شێخ سەعید و ئاڕارات و شۆڕشی سمکوی نەمر بوو، هەر بۆیەش ئەو دۆخی کوردی تەنیا لە ئاستی ستەمی جەندەرمەکانی رەزاشا لە موکریان نەدەدیت بەڵکوو پرسی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتی و سیاسەتی زلهێزان لێک دەدایەوە. ئەو کە دەیهەویست لە پەیوەندی لەگەڵ سوڤیەت کەڵک وەرگرێ، لە پەیماننامەکانی ئاتلانتیک و بنەماکانی ویلسون بێ ئاگا نەبوو و دەیهەویست دێموکراسی لە ناوچەیەک بڕوێنێ کە بە ئەندازەی چاندنی گوڵ لە بیابان ئەستەم بوو.

پێشەوا ڕیشەی لە مێژووی شوڕشی کورد و گەیشتن بە ئازادیدا داکوتا بوو، ئەو بە زانینەوە دەیزانی سیاسەت لە کوردستانێکدا دەکات کە داگیر کراوە، ئەو بە باشی دەیزانی کورد چونکە لە وڵاتی کوردستان ئازادی دەیهەوێ ئاوا ڕووبەڕووی سەرکەوتی بێوێنە دەبێتەوە؛ هەر بۆیەش وەک پێشەوای نەتەوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد.

ئەو کە بووە بەرپرسی مەعاریفی مهاباد هەرچی لە دەستی هات بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کردی. بەردەوام هەوڵی کردنەوەی مەدرەسەی دەدا، ئەو وەک ئەو باوکە بوو کە دەیزانی نەوەکانی بێ زانست و پەروەردە ناتوانن سەربکەون هەر بۆیەش ئەگەر بە قازی ناسرا، بەلام لە ڕاستیدا ماموستای کۆمەڵگەیەک بوو کە پێوسیتیان بە ئەو هەبوو تا تاریکیی نەزانی بە ڕووناکی زانست نەهێڵێ، ئەو هیچ کات دەستی لە مامۆستایەتی هەڵنەگرت تەنانەت ئەوکاتەی کە سەرۆککۆماریش بوو، ئەوجار هەوڵی دەدا کچانیش بخوێنن تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەی سێ خوێندکار کە بۆ خوێندن ناردبوویانە دەرەوە کە سەفەردا دەبێت هەڵ دەدات زووتر بگاتەوە مەهاباد بۆ ئەوەی بە باشی پێشوازییان لێ بکات، هەر ئەو ڕاسپاردەیەشی بۆ خەڵک هەبوو، واتە لە کاتێک لە جەبهەی سەقز شەر بووە و دونیا هەموو خەریکی گەلەکۆمەی سەر کۆماری کوردستانە، دیسان ئەو دەستی لە خزمەت بە زانستپەروەری هەڵنەگرتوە.

لە دوای فەوتی  باوکی بێ یەک دو یەکسەر خەڵک هەر خۆی عەبای قازیەتی باوکیان بە سەر شانی پێشەوا قازی محەمەد دادا، ئەوە هەر بە ڕێکەوت نەبوو، چونکە خەڵک دیتبوویان کە ئەو چۆن دادپەروەرانە دەجوڵێتەوە، تەنانەت قازیەتیی پێشەوا بە حوکمدان لە مەحزەری دادگا تەواو نەدەبوو، بەڵکوو ئەو ماڵەکەشی کردبووە مەکۆی هەموو ئەو کەسانەی کە لێیان دەقەوما و پەنایان بۆ قازی دەهێنا، لەوێ بە ئەمینی و ئەمانەتەوە دەگیرسانەوەو  دەپارێزران، ئەو پاراستنی



سەرچاوە Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

خەلکەکەی زۆر بەر لە سەرۆککۆماری وەک پیشەی خۆی دەدیت و هەر بۆیەش چاوەڕوان کراوە کە وەک سەرۆک کۆمار خۆی بکاتە قەلغان بۆ خەڵکەکەی و بمرێ بۆ ئەوەی خەڵکەی بە زیندووی بمێنێتەوە.

بە داخەوە بە درێژایی مێژووی دوای لە سێدارەدانی پێشەوا بە شێوازی جیا هەوڵ بدەن کە ئەو کەسایەتییە خەوشدار بکەن بڵێن لە ڕووی ترسەو خۆی تەسلیم کرد، ئەوانەی کە ویستیان بە قەست ئەو تێزە دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لانیکەم دوایی لە سێدارەدانی بە سەر پێشەوادا سەربکەون، بەڵام ئێستا بۆ هەموو کەسێک ڕوون ئاشکرایە کە هەڵبژاردنی مەرگ بەو پەڕی زانین و سەلماندیی ئازایەتی پێشەوا بوو، چونکە هەموو ئەوانەی کە پێشەوا دەناسن دەزانن کە ئەو چۆن لە سەردەمی لاویدا بەرگری لە شاری مهاباد و خەڵکەکەی لە بەرانبەری ئەوکەسانەی هێرشیان دەکردە سەری، هەموو دەیانزانی کە پێشەوا "عەجەم"ی دوژمنی خۆی زۆر باش دەناسێ و دەزانێ کە چەند ناجوامێرە و دەیزانی قەت بۆ باوەڕی نابێ؛ بەڵام بۆ پاراستنی خەڵک ڕێگەیەکی دیکە نیە ئەگەر وا نەبا چۆن ئەو ڕێبازە تا بە ئێستاش بە زیندوویی دەمایەوە.

کاتێک کە کۆمەڵەی ژێکاف بەرەو پیری پێشەوا دەچێت بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی کۆمەڵەو بە نازناوی ڕەمزی بینایی تۆمار دەکرێ، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو نازناوە بۆ خۆشەویستی ئەو لە نێو خەڵک دەگەڕێنەوە کە ئەویان بە ئەندازەی بینایی چاوی خۆیان خۆشەویست بووەو خۆشیان ویستووە، واتە بەر لە پێشەوایی بینایی خەڵکو بوو بۆ پێشەوایەتیش چ خسلەتێک پێویست لەوە هەیە کە بینایی و ڕووناک کەرەوەی ڕێبازی ئازادیخوازی گەلێک بی. هەر بۆیەش ئەو نامرێ بە نەمری دەمێنتەوە چونکە لە بیناییەوە بۆ پێشەوایی، لە پێشەواییەتی بۆ بە نەمری هەمیشەی هەنگاوی هەڵگرت.

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## چرا یاسین: کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە پڕۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت




**چرا یاسین: کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پڕۆژەیەکی جەماوەری و بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبێت**

**(بەشی ٣ - ١)**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**ناسیۆنالیزم یان هەستی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی گرینگ کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاو لە بەرەوپێشبردن و یەکگرتوویی هەر نەتەوەیەکدا دەگێڕێ کە بە کارکردن و تەکز خستنەسەر ئەم چەمکە گرینگە میللەتانی بێ دەوڵەت ئامانجە گەورەکانیان دەستەبەر دەکەن کە دەربازبوون لە دیلی و ژێردەستییە. "کوردستان" لە وتووێژێکی تێروتەسەلدا و بۆ باسی زیاتر لەسەر ناسیۆنالیزم و لەمپەرەکانی بەردەم ناسیۆنالیزم و کاریگەری ناسیۆنالیزمی داگیرکەران لەسەر**



سەرچاوە
Serchawe

**کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ خاتوو چرا یاسین، کارناس و توێژەری مێژوو تیشکی زیاتری خستوەتە سەر ئەم بابەتە. ئەم وتووێژە لە سێ بەشدا بڵاو دەبێتەوە**

**شەهرام سوبحانی: خاتوو چرا با سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێ بکەین کە ناسیۆنالیزم چییە؟ هەروەها مێژووی ناسیۆنالیزم لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**چرا یاسین**: ناسیۆنالیزم بابەتێکە زیاتر لە ماوەی نێوان سەدەی ٢٠ - ٢١ کەوتە بەرباس، لەڕووی چەمکەوە ناسیۆنالیزم بە مانای "نەتەوەگەرایی، نەتەوەپەرستی، هەستی نەتەوایەتی ودەمارگیریی نەتەوەیی دێت". لە زمانی فەڕەنسیدا وشەی nasionalisme بەکار دەبرێ و لە وشەی لاتینی (nascor) ەوە واتە "من هەم، لەدایک بووم، هاتوومە دنیا"وە هاتووە. لە ڕووی ماناوە ناسیۆنالیزم چەندین مانای گەورە و قووڵ لەخۆی دەگرێت و تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ کراوە. لە سادەترین شێوەیدا بریتییە لە جۆرێک هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت و جۆرێک لە نیشتمانپەروەری. ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و بزاڤێکی نەتەوەیی دیاردەیەکی نوێیە بۆ کورد، زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دوواون و وەکوو ناسیۆنالیزم لە هەر شوێنێکیتری جیهان سەیری دەکەن، چ لە ڕووی مێژوویییەوە چ لە ڕووی دروستبوون و ئەرک و کارەکانیەوە. بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لە سروشتی ناسیۆنالیزمدا بەپێی کۆمەڵگە و ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگە جیاوازەکان، ئەم جیاوازییانەش ئاست و شێوازی ئینتیمای ئەم ناسیۆنالیزمە دیاری دەکەن. زۆرێک لە نووسەرانی بواری ناسیۆنالیزم پێیان وایە ناسیۆنالیزم نەتەوە دروست دەکات. ئەگەر بڕوامان بەو تێزە هێنا ئەوا مانای وایە قسەکردن لەسەر بە نەتەوەبوونی کورد دەکەوێتە بەردەم گومانەوە، ئێمە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە جێ دەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەبارەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەڕووی دەرکەوتنەوە ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و مێژووی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مێژووی دەرکەوتنی مۆدێرنیتەدا دەست پێ دەکات و یەکەمین وێنەی بەرجەستەی ئەو دەرکەوتنەش لە شۆڕشی فەڕەنسیدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی تا ئەو مێژووەش زۆربەی نەتەوەکانی ئەورووپا هۆگربوون بە زمان و بیر و کولتووری گریگی و ڕۆمانەوە، بەڵام سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بە دواوە، ئینتیمایەکی بەهێزی نەتەوەیی لای گەلانی ڕۆژئاوا دروست کرد و پەیوەستبوونی بە نەتەوە و نیشتیمانەوە خستە پێش بە هەر پەیوەستبوونێکی دیکەوە، بە تایبەتیش دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە بەرهەمی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم بوون، نەتەوەکانی ڕۆژئاوای بە جۆرێک فۆڕمووڵە کرد کە هەر یەکێکیان ببێت بە خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆی و وای لێکردن بگەڕێنەوە بۆ نێو جۆگرافیای بوونی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە. لەو گەڕانەوەدا بەهێزترین ئینتیما بۆ خاک و نیشتیمان و سەروەری نیشتیمانی دروست بوو.



**چرا یاسین**

**شەهرام سوبحانی: ئەدی ناسیۆنالیزمی کوردی؟**

**چرا یاسین**: بەداخەوە کورد هەتا ئێستا لەبەر ئەوەی خاوەنی جۆگرافیای سیاسیی خۆی نییە، ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیوە شوناسی سیاسیی کوردی لە شوناسی ئەوایتر جیا بکاتەوە. دەربڕینەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەری هەڵدا و تاوەکوو ئێستاش بنەماکانی بە تەواوی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگی دانەکوتاوە. زۆر بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕیشەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. بەشێک لە شرۆڤەکارانی بواری نەتەوە، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لە سەرەتای ژیانەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و بیرۆکەی خاوەندارییەتی هەبووە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات. لە سەرتاسەری جیهاندا، کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر هێڵی ناسیۆنالیستی ڕۆیشتوون و وەکوو گرووپێکی تایبەت بەردەوام بەدوای بەدەستهێنانی دەسەڵات و ناساندنی خۆیانەوە بوون، هەندێکجار ئەم کەمینانە بەپێی توانا و دۆخی تایبەتی خۆیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆشیان کردوە، ئەم چەشنە داوایە لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتدارەوە بە توندی ڕەت کراوەتەوە و کەمینەکان بە شێوەی کارەساتبار سەرکوت کراون، بەڵام وڵامی کەمینەکان بەم زەبر و زەنگە بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی زۆر و هەروەها ئەگەری کەمی سەرکەوتن، درێژەدان بە خۆڕێکخستن و تێکۆشانی زیاتر بووە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی زۆربەی نەتەوەکانیتر جیاوازە، بەهۆی ئەوەیکە کوردستان بەبێ ویستی خۆی لە نێوان چوار وڵاتی (ئێران، عێراق، تورکیە، سووریا) دابەش کراوە. ڕاستە کە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و پەی بردن پێی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و بەرایی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەر لەوە کورد گوتاری ناسیۆنالیستی نەبووە،

خەڵکی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەن هەستی نەتەوایەتی بوونە و هەستیان بەوە کردووە کە ناسنامەیەکی جیاوازیان هەیە، لە مێژووشدا چەندین نیشانەمان هەبووە، و سەبارەت بە لێدانەوەی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی توێژەران دابەشی سەر دوو ئاراستە دەبن، بەشێکیان پێیان وایە سەرەتای بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەدەکانی شازدە و حەڤدەی زایینی لەم مەیدانەشدا چەند هەوڵ و گوزارشتێک دەکەن بە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانیان کە ڕوخساری نەتەوەیی بوونیان پێوەدیارە، بەشێک لەم گرووپە ئاماژە بۆ هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد دەکەن و باس لە کتێبی (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی) دەکەن، هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە بە نموونە دەهێننەوە کاتێک مێژوونووس (شەرەفخانی بەدلیسی) دەڵێت: "چونکە مێژوونووسان تا ئێستا هیچیان لەبارەی کورد و کوردستانەوە نەنووسیوە، من ویستم بەپێی توانا لەو بارەیەوە کتێبێک بنووسم و ناوی لێ بنێم "شەرەفنامە"، هەموو ئاواتیشم ئەوەیە کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان گووم نەبێت". هەروەها باسکردنی چەند شاعیرێکی کوردی ئەو سەردەمە بە نموونە و هێنانەوەی شێعرەکانیان وەک بەڵگە بۆ بیر و بۆچوونەکانیان یەکێکی دیکەیە لەو بنەمایانەی ئەم گرووپە پشتی پێ دەبەستن بۆ نموونە کاتێک باس لە (مەلای جزیری) دەکرێت کە دەڵێت:

گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم

هەروەها (ئەحمەدی خانێ) لە "مەم و زین"دا دەڵێت:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا
کورمانج د دەوڵەتا دێندە
ئایا بە چ وەجهی مانە مەحرووم
بێلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم
بفکر ژ عەرەب هەتا ڤەگورجان
کورمانجییە بوونە شوبهێ بورجان
ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان خەسارن
کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو تەرەفی قەبیلی کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرنە ئارمانج

شەهرام سوبحانی: لەگەڵ ئەو بۆچوونە هەن کە ئەحمەدی خانی سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی بووە؟

**چرا یاسین**: ڕوانگەی ناسیۆنالستیی ئەحمەدی خانی لە هاوسەردەمانی لە پێشتر بووە، ئەم چەند دێڕەی یەک سەدە بەر لە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا نووسراوە کە وێنای (دەوڵەت - نەتەوەیە) هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدە واتە ئەو کاتەی کە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی، خودموختاریی لەمێژینەی کوردەکان و سەرجەم ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکانی میرنیشینە کوردەکانی لەنێو برد. دیارە بەشێکیتر سەرەتای بیری نەتەوەیی کوردی بۆ سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێننەوە، کە هەروەک ڕۆژهەڵاتناس (باسیل نیکیتین) بە قۆناغی نافەرمانی و یاخیگەرییەکانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشی خان و دەرەبەگەکانی دادەنێت. مێژوونووس جەماڵ نەبەزیش لەم سۆنگەیەوە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای کورد بە کردەوە دەباتەوە بۆ سەدەی هەژدە و پێی وایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو سەری هەڵداوە، نموونەی میرە کوردەکان دەهێننەوە کە چەندین ڕاپەڕینیان دژی دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری بەرپاکرد. هەروەها عەزیز شەمزینی لەم بارەیەوە پێی وایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان دەست پێ دەکەن، جیاوازیی ئەم جووڵانەوە و خەباتە لەم قۆناغەدا دروشمە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازەکان ڕوونتر و گەشتر دەردەکەون. ڕۆژهەڵاتناس "مینیۆرسکی"ش بە هەمان شێوە باس لە پیادەکردنی سیاسەتی مەڵبەندی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و کاریگەری ئەم سیاسەتە لەسەر ڕەوتی نەتەوەیی کورد پێشان دەدات و دەڵێت: **داگیرکردنی تازە هۆیەک بوو بۆ ئەوەی کورد لە ساڵانی ( ١٨٤٣ - ١٨٤٦ز)دا، بە سەرۆکایەتیی بەدرخان پاشا یەکەم بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆی هەڵبگیرسێنێت.** جەختکردنەوەی ئەم نووسەر و مێژوونووسانە لەسەر سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بۆ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە هەوڵەکانی میری سۆران هاتووە کاتێک هەوڵی دا کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دروست بکات و دەست بەسەر گشت میرنیشینەکاندا بگرێت. هەروەها هەوڵەکانی (بەدرخان پاشا)ی میری بۆتان کاتێک ویستی لە ڕێگەی پەیمانی پیرۆز یەکخستنی میرنیشینەکانەوە کیانێکی یەکگرتوو بۆ کورد دروست بکات.

**شەهرام سوبحانی: ئەدی چۆن باس لە کاریگەریی ناسیۆنالیزمی "فارس" و "عەرەب" و "تورک" لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن؟**

**چرا یاسین**: کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بەردەوام لەژێر داگیرکاریی دوژمنان و نەیارانی بووە، بێگومان هۆکارەکانی داگیرکردنیش سەپاندنی باڵادەستی خۆیان و فراوانکردنی دەسەڵاتیان بووە، ئەگەر سەیرێکی مێژووی سەدەکانی ڕابردوومان بکەین، دەبینین کە لە چەندین ڕووەوە کاریگەری نەرێنی گەورە و قووڵی بەجێ هێشتوە، لەوانە لە ڕووی سیاسییەوە سنووردارکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەروەها پارچەبوونی کوردستان بەسەر چوار بەشدا، و بچووکردنەوەی جۆگرافیای کوردستان، وەک نموونە: قەتیس کردنەوەی سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنیا بە پارێزگای "سنە" لە لایەن دەوڵەتەوە و دەیان شار و پارێزگای دیکە لە هەر چوارپارچەی کوردستان کە لە بنەڕەتدا خاکی کوردستان

بووە و مۆڵکی کورد بوونە کەچی ئێستا بەداخەوە لەلایەن داگیرکەرانەوە تەفریس، تەعریب و تەتریک کراون. لەگەڵ ئەوەشدا گرتنەبەری سیاسەتی بە تورکردن و بە عەرەبکردن بەرامبەر بە کورد و هەوڵدان بۆ توانەوەی ڕەچەڵەکیان، هەروەها لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، قەدەغەکردن و سنووردارکردنی زمانی کوردی، هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کولتووری کوردی لەنێو کولتووری زاڵدا، سڕینەوەی ناسنامەی مێژوویی و کلتووری هەندێک لە ناوچەکانی کوردستان، دروستکردنی هەستی بێ متمانەیی لە نێو کورددا، گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوان و دەربەدەرکردن و ڕاگواستنیان. لە ئاستی وشیارییشدا گەورەترین لێدانی بەرکەوتووە، کە وایکردوە هۆشیاریی نەتەوایەتی لەنێو کورددا دوا بکەوێت هەروەها لە ڕووی ئابوورییەوە چەند کاریگەری خراپی بەسەر کوردستانەوە جێماوە لەوانە پەراوێزخستنی ناوچە کوردستانییەکان لە پلانی پەرەپێدانی ئابووریدا، سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لەلایەن داگیرکارانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

**شەهرام سوبحانی:** پەیوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، کورد چۆن دەتوانێت بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی دژبەران و نەیارانی بداتەوە؟

**چرا یاسین:** بۆ بەرپەرچدانەوەی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکان، زۆر ڕێگا هەن کە نەتەوەی کورد دەتوانێت پێی بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکانی و نەهێشتنی ئەو کاریگەرییانەی کە ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر کورد وەک نەتەوە دروستی کردوون، لە گرینگترینیشیان بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی لە ڕووی پاراستن و پەرەپێدانی زمان، کولتوور، ئەدەب و هونەری کوردی بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەجیهانی کردنیان، هەروەها یەکگرتوویی نێوخۆیی و کەمکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بەهێزکردنی یەکڕیزی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان، دیپلۆماسی کاریگەر و پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پێشخستنی گوتاری ئاشتیخوازانە و بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوە ژیان و دیالۆگ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە. هاوکات بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە و بەکارهێنانی میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە هەڵانەی کە لەلایەن دوژمنانەوە بڵاو دەکرێنەوە. بێگومان پەرەپێدانی ئابووری و بەهێزکردنی پێگەی ئابووری وەک ڕێگایەک بۆ سەربەخۆیی زیاتر و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دەوڵەتانی ناوچەکە و پشتیوانیی یاسایی نێودەوڵەتی و بەکارهێنانی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد ڕێگایەکی گرنگ و کاریگەرە. کورد لە ڕێگەی ئەم ستراتیژیانەوە دەتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەرپەرچی ناسیۆنالیزمی دوژمنەکانی بداتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشی بکەوێتە داوی ناسیۆنالیزمی توندڕەوەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**شەهرام سوبحانی: ئێوە پێتان وایە کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد، پێویستیمان بە ناسیۆنالیزمە؟**

**چرا یاسین**: وەک باس کرا بەشێک لە نووسەرانی بواری ناسیۆنالیزم پێیان وایە ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە دروست دەکات، هەر بەو پێیەش بە ڕوانینی کۆن بۆ نەتەوە کۆمەڵێک بنەمای دیاریکراو هەن کە وەکوو پایەکانی نەتەوە دەناسێنرێن، ئەوانیش بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ئایینی هاوبەش و دابونەریتی هاوبەش. واتا ئەو پێکهاتەیەی ئەم بنەما هاوبەشانەی هەبووایە بە نەتەوە دادەنرا، بێگومان لەڕووی ڕاستییەوە ئەم ڕەگەزانە وەکوو ماددەی خاوی نەتەوە سەیر دەکرێن و لە ئێستادا بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی پێکهاتەیەک بکەن بە خاوەنی شوناسێک کە شوناسی نەتەوایەتییە، ئەگەر ئەو پێکهاتەیە خاوەنی کۆمەڵێک خاسییەت و تایبەتمەندیی دیکە نەبێت کە بیگەیەننە ئەو ئاستەی بوونی ڕاستەقینەی لە ڕووی ئامادەبوون و بەشداریکردنەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ فەراهەم بکەن و لە هەمان کاتیشدا سنووری جیاکردنەوەی ئەو پێکهاتەیە لە نەتەوەکانیتر دەستەبەر بکەن کە بێگومان ئەو جیاکردنەوەیەش لە ئاستی یەکەمدا لە میانەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە فەراهەم دەبێت. لە هەمان کاتدا تەنیا کاتێک ناسیۆنالیزم دەبێتە خاوەنی شوناس کە ببێتە بەرنامە و پرۆژەیەکی جەماوەری و ئاستی ئاسایی بەرنامەکەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت. هەر پرۆژە و بەرنامەیەکیتر لە خوار ئاستی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە بەڵگەی لاوازی و بێ شوناسی ناسیۆنالیزمە. ئێمەی کورد وەک لامان ئاشنایە تا وەکوو ئێستا خاوەن دەوڵەت نین، کە خاوەنی دەوڵەت و جۆگرافیایەکی یاسایی خۆمان نەبووین داهاتوومان بەردەوام لەژێر هەڕەشە و مەترسی دایە، دامەزراندنی دەوڵەت فاکتەرێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە، ئەم ئامانجەش هەروا ئاسان بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستی بە ڕێچکە و بنەمای تایبەت و میکانیزمی زۆرباش هەیە. جیا لەمەش ناسیۆنالیزم دەتوانێت وەک هێزێکی یەکگرتوو خزمەت بکات، و ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر یەک بنەما کۆ بکاتەوە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد کە بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراوە، ئەم دابەشبوونەی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا پێویستی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی زیاتر دەکات، دەتوانێت هەستی هاوبەشی شوناس و پێکەوەبوون لەنێو کورددا بەهێز بکات، بەتایبەتی دوای مێژوویەکی درێژ لە سەرکوتکردن. ناسیۆنالیزم دەتوانێت پارێزگاری لە زمان، کولتوور و کەلەپووری کوردی بکات لە زۆر ناوچەدا زمان و کولتووری کوردی ڕووبەڕووی سنووردارکردن و هەوڵی لەناوبردن بووەتەوە. هاوکات دەتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ داواکردنی مافە سیاسی و کولتوورییەکان، وەک خودموختاری یان جۆرەکانی دیکەی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتە جیاوازەکاندا، گرنگە ئەوەش لە یاد نەکەین کە بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزم کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەردەوامی هەبێت دەبێت لەگەڵ بەها جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی و هاوژیانی ئاشتیانە بێت.

**١٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# شۆڕشی ناخۆشەویستی ئێران



نەیشناڵ ڕیڤیو – ڕووەل مارک گەریشت، ڕەی تاکیە

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

فێڤرییەی ئەمساڵ شۆڕشی ئێران بوو بە ٤٦ ساڵ. نێوەڕاستی تەمەن زۆرجار دەبێتە هۆی ئاقڵبوونی ڕێژەیی، کاتێک مرۆڤەکان خولیای لاوەتی وەلا دەنێن و ڕاستییە تاڵەکان قبووڵ دەکەن. بەڵام ئیسلامییەکانی ئێران هەمیشە لاون. لە ڕادەبەدەر بەستراوە بە ڕاستبوونی ئایدیۆلۆژییەکەیانن لەبەر ئەو هۆیە بڕیاری مێژوو قبووڵ ناکەن، بۆیە لەسەر مەئموورییەتەکەیان بۆ قەرەبووکردنەوە پێداگرن. کۆماری ئیسلامی تووشی چەقبەستوویی بووە. ڕێبەرەکانی ناتوانن خۆیان بگۆڕن؛ جەماوەر هەر ئێستا گۆڕاوە.

مەلاکان لە ١٩٧٩ زۆر بەڵێنییان دان. سیستەمێکی سیاسیی نوێ قەرار بوو بە جۆرێک نەریتە دێموکڕاتیکەکان لەگەڵ بڕوا ئایینییەکان ئاشت بکاتەوە. ئابوورییەک دروست بکەن کە چینی کرێکار، کە شۆڕشەکە بە ناوی ئەوانە کرابوو، بەرز

بکاتەوە. قەرار بوو شۆڕش بێسنوور بێ: بە تێکەڵاوکردنی سەرهەڵدانی خۆڕسک و چالاکیی نهێنی ئێرانی، مسوڵمانانی هەموو شوێنێک قەرار بوو کۆماری ئیسلامی وەک پێشڕەوی پەیامی خودا قبووڵ بکەن.

ژێرپی ڕاستەقینە لە نێوەرۆکی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بوو. دەسەڵات لە دەستی چەند کەسی هەڵنەبژێردراو دابوو، وەک ڕێبەری گەورە و شورای نیگابان، کە بەربژێرانی دەسەڵاتداریی حکوومەتی هەڵدەسەنگێنن تا دڵنیا بن کە هەموو یاسایەک بە گوێرەی ستانداردەکانی ئیسلام بن. بەڵام هەڵبژاردنیش بۆ سەرۆک کۆماریی، پارلەمان و ئەنجومەنی شارەکان هەبوون. بۆ ماوەی چەند ساڵ، لە کاتێکدا کە بەربژێرەکانی لایەنە سیاسییە جۆراجۆرەکان بژاردەی ڕاستەقینەیان پێشکەشی جەماوەر دەکرد، هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووداوی پڕ لە هاتوهەڵلا بوون. محەممەد خاتەمی، کە ماوەیەکی دوورودرێژ گەنگەشەی بۆچوونە ڕۆژئاواییەکان و ئەو مەتەڵە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی کردبوو کە زیاتر لە هەر دەسەڵاتێکی وڵاتانی ئیسلامی، دەوڵەمەندیی و بەختەوەریی ئاشکرایان بۆ شارۆمەندانیان دروست کردوە، بەڵێنی دیموکراسییەکی ئیسلامی دا.

یەکەم سەرکۆماری پۆپۆلیست و بەگومان لە مەلایان، مەحموود ئەحمەدینژاد، باسی دادپەروەریی ئابووریی دەکرد و حەسەن ڕوحانی شۆڕشگێڕێکی جیددی کە سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە، تێدەگەیشت کە چارەنووس بە تەنیا بۆ بردنەوەی خەباتە ئایدیۆلۆژیکییە جیدییەکان بەس نییە، بۆیە ئیدیعای کرد دەتوانێ بە ڕێککەوتن لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەک لەگەڵ ئەمریکا ئابووری ببوژێنێتەوە. ئەو فرەچەشنییە سوپاپی متمانەی فرە بەنرخ بۆ ڕێژیمی ئایینی بوو کە ڕێگایەکی بۆ دانانی کاریگەریی لە لایەن شارۆمەندە ناڕازییەکان لە سەر گفتوگۆکانی دەوڵەت کردبۆوە. ئەوە هەمووی بوو بە هیچ.

دۆخی نالەباری هەنووکەیی دەوڵەت، خەتای خودی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەییە. لە هەموو دەرفەتێکدا، ئەو پێشی بە سەرۆککۆمارەکانی و پارلەمانەکان گرتوە. ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنی، بە دڵنیا بوون لە ڕێگادان بە خۆبەربژێرکردنی تەنیا ئەو کەسانەی بەتەواوی ملکەچی نابروان، بێکەڵک کردووە. ئەوە بۆ بەربژێری توندئاژۆ، ئیبراهیم ڕەئیسی، کە لە کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەر لە ساڵی ڕابردوودا کوژرا، ڕاست بوو و بۆ کەسی کەمتر توندئاژۆ وەک مەسعوود پزشکیانیش ڕاستە. لە هەمان کاتدا، پارلەمان بووەتە سەکۆیەک بۆ مشتومڕ و جاروبار لێپرسینەوە لە وەزیرێک، بەڵام کارێکی دیکە ناکات.

ئەمڕۆ، زۆرینەی ئێرانییەکان لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن و، ئەو دامەزراوانەی سەردەمێک نێوبژیوانی نوخبەی فەرمانڕەوا و جەماوەر بوون پلەی خۆیان لەکیس داوە. ناڕەزایەتی سەر شەقام تەنیا ڕێگای دەربڕینی سکالاکانی شارۆمەندانە.

ڕوحوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، جارێک بە گاڵتە گوتی شۆڕش بۆ نرخی کاڵەک نەکراوە. مەلاکان قەت لە ئابووری تێنەگەیشتن. هەوڵەکانیان بۆ ئاشت کردنەوەی پێداویستییەکانی ئابووری کەرتی تایبەت و ئەو نایەکسانییەی دروستی دەکەن لەگەڵ داواکانیان بۆ بەرز کردنەوەی دۆخی ژیانی هەژاران بووەتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی بەرفراوانی خۆشبژێوی و بیرۆکراسییەکی بەربڵاو. ئەمڕۆ چینی هەژار پێڕاگەیشتنی تەندروستی خراپی پێشکەش دەکرێ، سیستەمی پەروەردەی خراپ و قەیرانی خانووبەرەش هەن. یارمەتییەکانی دەوڵەتی هەر دێتوو بەشێکی زۆرتری بەرهەمی نێوخۆیی گشتی بەکار دەهێنێ و کەسیش ڕازی نیە.

ئێستا دەوڵەتی خودا لە گەندەڵیدا نوقم بووە. سیستەمەکە پڕە لە "ئاغا زادە". نەوەی مەلای خاوەن دەسەڵات کە گرێبەستی پڕ داهاتی دەوڵەتی وەردەگرن، هیچ باجێک نادەن و گوێ نادەنە هیچ ڕێسایەک. سوپای پاسداران، بە قۆرخکردنی کۆنترۆڵی پیشەسازییە سەرەکییەکانی وەک پەیوەندیی ڕێگای دوور، بیناسازیی و تەنانەت سیستەمی بانکی، لاسایی مودێلی سیستەمە دیکتاتۆرییە گەندەڵەکانی دیکەی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە نزیکەی ٣٠ لە سەدی ئێرانییەکان لە ژێر هێڵی هەژارییدا دەژین، کەلێنی چینایەتی بیرهێنەوەرەی دوایین ڕۆژەکانی ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتییە. هەموو ئەوانە بە تایبەتی کاتێک بۆ ئێرانییەکان ئازاردەرە کە ڕێبەرە مەلاکان بەردەوام لە جەماوەر داوا ی خۆبەختکردن و دان بەخۆدا گرتن لە بەرانبەر دژوارییەکان بە خاتری ڕێژیم و بڕوا ئایینییەکەیان دەکەن.

زۆرترین سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی وەدەست هاتوە. کۆماری ئیسلامی هەموو کات ویستوویەتی دەسەڵاتی دراوسێکانی بنکۆڵ بکات. ئەو پشتگیریی لە تاقمێکی جۆراجۆر لە میلیشیا و تێرۆریستان کردوە و لەنێو بردنی ئیسرائیلی کردوە بە دۆزی سەرەکی خۆی. ئەمریکا، شەیتانی مەزن، بۆ مەلاکان سووکایەتییە. فەرهەنگەکەی، کە بە جیهانیی بووە، لاوانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، هاوکات پاپۆڕە جەنگییەکانی لە کەنارەکانی ئێران دەسووڕێنەوە.

هیچ دەوڵەتێکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەقەد کۆماری ئیسلامی ئەمریکایی نەکوشتوە. تەقاندنەوەی بنکەی هێزی دەریایی و باڵوێزخانە لە ١٩٨٣، هێرش بۆ سەر بنکەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عەرەبستانی سعودی لە ١٩٩٦ و، هێرشی بێبەبەزییانە بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق و ئەفغانستان هەزاران کوژراو و برینداریان لێ کەوتوونەوە. واشینگتۆن بە سەپاندنی گەمارۆ وەڵامی داوەتەوە کە بووەتە هۆی بێتواناکردنی ئابوورییەکەی و سنووردار کردنی سامانەکانی.

مەلاکان پەژیوان نین. لە دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەوان لە دوای ئیمپراتوریی بریتانیا، سەرکەوتووترین پرۆژەی



سەرچاوە Serchawe

ئیمپریالیستییان بە بەراورد لەگەڵ تێچووەکەی دروست کرد. لە دەرئەنجامەکانی دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر و بەهاری عەرەبی، سیستەمی دەوڵەتیی لە ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر تێکرما. شەڕی ناوخۆیی و ناوچەی بێ حوکمڕانیی دەرفەتی زۆر و زەبەندیان بۆ تاران دەستەبەر کرد تا بە نێو تەوەری بەرگریی دروست بکات، پێکهاتەیەک کە تێکەڵاوێک بوو لە میلیشیای شیعە و عەرەب کە گوێڕایەڵی ئێران بوون. کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری وەدەرنانی ئەمریکا لە عێراق بوو، ڕاستەوخۆ بە بەکرێگیراوەکانی لە یەمەن عەرەبستانی سعودی جاڕز کرد و، بۆ ماوەیەک ڕێژیمی ئەسەدەی لە سووریە پاراست.

پاشان ٧ی ئۆکتۆبەر و پووچەڵکرانەوە مەزنەکە هات. ستراتێژییە ئیمپریالیستییەکەی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەر ئەوە سەرکەوتوو بوو چونکە بەرەوڕووی بەپەرچدانەوەی کەم بووەوە. بەڕێوەبەرایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ترسی بەربەرین کردنەوە کێشەکە نەیاندەهەویست بەرەوڕووی تاران ببنەوە. بەلام ئورشەلیم شانۆنامەکەی گۆڕی. ئەو لە کاتێکدا کە خەریکی لەنێوبردنی حەماس و کوشتنی سەرانی حیزبوڵڵا بوو، داوای واشینگتۆنی بۆ دان بەخۆ داگرتن ڕەت کردەوە. هەموو ئەوانە بوونە ڕێخۆشکەری تێکرمانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە، کە وەها خێرا قەوما کە هاوپەیمانە ڕوسی و ئێرانییەکانی هیچ دەرفەتێکیان بۆ پاراستنی نەما. بە بەرەوڕووبوونەوە وێرانکەرەکەی لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل توانایی سەربازیی خۆی بە نیشاندانی ساکار بوونی دزە کردن بە نێو سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامی پیشان دا.

لە ناکاو تاران لاوازییەکەی ئاشکرا بوو و دەسەڵاتی بەسەر چەند بەشی ئێران و کەندوادا سنووردار کرا. ئەوانە هیچیان بە دڵی خەڵکی ئێران نەبووە. لە ١٩٧٩ بەولاوە، وردە وردە دەنگدەرانی کپ کران. لیبراڵەکان، یەکەم بەش بوون کە وەلا نران، ئەوان زوو تێگەیشتن کە هیچ جێگایەکیان لە پەرگالی دەسەڵاتداریی ئایینی دا نییە. خوێندکاران، کە هەمیشە بڕبڕەی پشتی هەر جۆرە جووڵانەوەیەکی نارەزایەتی لە ئێران بوون، دوای جووڵانەوەی ١٩٩٩ دەرکەوتن. هەڵبژاردنی ساختەکارانەی سەرۆک کۆماریی لە ٢٠٠٩ بووە هۆی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سەوز، کە بناخەکانی ڕێژیمی هەژاند. سەرهەڵدانی ٢٠١٩، لە کاتی هاتنە سەرشەقامی چینی هەژار، مەلاکانی زۆرتر ترساند. ئەوان قەرار بوو لایەنگری هەمیشەیی حکوومەتی ئایینی بن، کە بە بیروبڕاوی ئایینی و پارێزگاریی لە لایەن ڕێژیمەوە بەسترابوونەوە.

لە ٢٠٢٣، جووڵانەوەی ژن، ژیان ئازادی بووە نوێنگەی سکاڵای سەرجەم گەلانی ئێران. لە زۆر کۆنەوە، پیاوانی ئایینی ئیسلام زۆر جار نیگەرانیی خۆیان بۆ توانایی لێکهەڵتەکێنی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەربڕیوە. دەسەڵاتی ئەوان بەسەر پیاوانەوە دبێتە بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی خودا. ژنان دەورێکی مەزنیان لە جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی لە کۆماری ئیسلامیدا

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**


دەگێـڕا کە ئێسـتا مـردووە، هەڵبژێرانـی خـاتەمی لە ١٩٩٧، کە بەشـێکی زۆر لە نـوخبەی دەسـەڵاتدار بە دەسـتپێکی هەڕەشەکانی نێوخۆیی سەیری دەکەن، بە بێ پشتیوانیی ژنـان کە وەک ئـامرازێکی دەربڕینی ناڕازەیەتییـان پشتیگرییان لە کاندیدەکە کرد ڕووی نەدەدا. دوای سەرهەڵدانی جووڵانەوە ژن، ژیان، ئازادی، ڕەنگبێ دادپەروەرانە بێ کە بڵێین خـامنەیی ژنان وەک تاقمێک سەیر دەکات کە بە شێوەیەکی بێهواکەر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوا.

بێگومان خامنەیی ٨٥ ساڵە گەلێک نیگەرانی میراتی خۆیەتی. کارنامەکەی فرە خراپە: کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا لە لایەن جووەکانەوە شەرمەزار کراوە. شارۆمەندە تووڕەکان بەردەوام گاڵتە بە حکوومەتی ئایینی دەکەن. بێجگە لە بەرنـامەی چەکی ناوکییەکەی، ستراتێژییە بەرگریکارانە و هێرشبەرانەکەی ئێران وێران بوون. بۆمبەکە ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرتـر بە پێویست سەیر دەکرێ و خامنەیی دەیان میلیارد دۆلاری بۆ گەشە پێدانەکەی خەرج نەکردوە و ئەو هەمـوو گەمارۆیـانەی بـۆیە تەحەموول نەکـردووە کە وەکـوو ژاپـۆن دەستبەرداری چەکی نـاوکی بـێ. چەکێکی نـاوکی دەبێـتە هـۆی ڕێـز لە کۆمـاری ئیسلامی لە ناوچەکە. بەکرێگیراوان و میلیشیاکان هەمیشە ئامرازی جێگـای متمـانەی نواندنی دەسەڵات نین؛ جبەخـانەیەکی ناوکی دەبێتە هۆی باڵادەستیی هەمیشەیی. و کۆمەڵگـای نێودەوڵەتی وردە وردە ئێرانێکی نـاوکی قبـووڵ دەکـات و پێشوازیی لە ڕێژیمێک دەکات کە شکستەکەی فرە مەترسیدار بێ.

چەکی نـاوکی ڕەنگبـێ نەتـوانێ کۆمـاری ئیسـلامی ڕزگـار بکـات، ڕزیـنەکەی فـرە مەزنە و نـاڕەزایەتی جەمـاوەریی گەلێـک بەربەرینە. بەڵام خامنەیی لە بیری شۆڕشەکەی دایە، بۆمبەکە ڕەنگبێ دوایین ئامراز بۆ بەردەوامیی دەوڵەتی خودا بێ .

**١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# دوو ڕووی تەواوکەری پوولێکی قەڵب



**عەلی بداغی**

لە ڕۆژە نەورۆزییەکانی سەرەتای ساڵدا ڤیدیۆیەکی ڕەزا پەهلەوی کوڕی دیکتاتۆری پێشووی ئێران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وایراڵ بوو کە تێیدا باسی لەوە کرد "د. قاسملوو، لە یانەیەکی شەوانە بە ناوی مێکونووس لە بەرلین تیرۆر کرا". بێگومان ئەو قسەیە لە زاری ڕەزا پەهلەوی ئەگەر لەڕووی نەزانییەوە کرابێت گەمژەییەکی کارساتبارە. خۆ ئەگەر بە بەئانقەستیش وای دەربڕیبێ، پێشانی داوە وەک باوکە دیکتاتۆرەکەی چەندە لە بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازیی کورد و ڕێبەرانی کاریزماتیکی ئەم جووڵانەوەیە دەترسێ و قینلەزگانە بە مەبەستی -هەڵبەت بە خەیاڵی خاوی خۆی- لێدان لە کەسایەتیی ئەوان دەدوێ.

**جارێ پێش هەر باسێک لەسەر ڕەزای پەهلەوی و جێگە و پێگەی لەنێو سیاسییە ئێرانییەکان و داهاتووی ئەم وڵاتەدا پێویستە بە جەنابیان بگوترێ کە:**

**یەکەم**، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری ڤییەن تیرۆر کرا، نەک

بڕلین.

**دووهەم**. د. قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ بەهۆی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ دوو هاوڕێی کوردی دیکەی دەستڕێژیان لێ کرا و تێرۆر کران، نەک لە مێکونووس.

**سێهەم**. مێکونووس کە پەروەندەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکرات لە دادگای بێرلینی ئاڵمانیش بەو ناوە ناوبانگی دەرکرد، ڕیستورانتێکی موعتەبەری ئێرانی-ئاڵمانی و شوێنی کۆبوونەوەی کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، نەک یانەی شەوانە شوێنی خۆشنشینیی هەمیشەیی جەنابیان و هاوڕێیانی نیزیکی و فەرخەگەلی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە! هەروەها لە ڕووداوی تێرۆری مێکونووسیشدا کە د. سادق شەرەفکەندی و دوو ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان و تێکۆشەری ناسراوی چەپ، نوردی دێهکوردی بەهۆی هێرشی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کران، کۆبوونەوەکە بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی و بە مەبەستی پێکهێنانی یەکیەتییەکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن پێکهاتبوو، ئەو بابەتەی کە جەنابی ڕەزا پەهلەوی بەردەوام ئیدیعا دەکات هەوڵی بۆ دەدات، کەچی پێچەوانە هەمیشە هۆکاری سەرەکیی پێکنەهاتن و پەرتەوازەیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بووە.

پاشان، ئەم دەربڕینەی ڕەزا پەهلەوی بۆ جارێکی دیکەش پیشانی دایەوە کە بەڕێزیان ئیدیعای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتی داهاتووی ئێرانی هەیە، هیچ جۆرە ناسین و ناسیارییەکی نە لە ئێران -وەک وڵاتی خۆی- و نە لە ڕێبەرانی سیاسیی دێموکراسیخواز و نە لە مێژووی خەباتی گەلان و هێزە سیاسییە دێموکرات و خەباتکارەکانی ئەم وڵاتە بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە! هاوکات جێی داخە ئەو کە خۆی بە ڕێبەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی وێنا دەکا، هەروەک چۆن پاش ئەوەی لە سۆنگەی مێدیا زەبەلاحەکانەوە سواری شەپۆلەکانی بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بوو و بە چەواشەکاری و نەزانکاری و سیاسەت و هەڵوێستە کارەساتبارەکانی ئەو بزووتنەوەیەی تووشی نسکۆ کرد، دەریخستەوە کە ئێستاش کەمترین زانیاریی لەسەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی سیاسیی، دۆخی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو وڵاتە نییە کە خۆی بۆ پاشایەتییەکەی داناوە! هەروەها ئەو کە خۆی بە میراتگری نیزامی پاشایەتی لە ئێراندا دەزانێ، نازانێ کە نەتەوەکانی ئێران و کۆمەڵگەی سیاسیی ئەم وڵاتە مادام جەنابیان خۆی لە هیچ کام لە تاوان و جینایەتەکانی باوکی بێبەری نەکردوە، ئەو وەک میراتگری نیزامێکی سیاسیی سەرەڕۆ، سەرکوتگەر، دیکتاتۆر و پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ دەزانن.

پێوەندیدار بەو ئاخاوتنەشی لەسەر د. قاسملوو، ناکرێ کەسێک کە خۆی بە دژبەری کۆماری ئیسلامی و ڕزگاریدەری ئێران دادەنێ، نەزانێ کە دیارترین کەسایەتییە کاریزماتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، چۆن و کەی و بە چ شێوەیەک بە دەستی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراوە، مەگەر ئەوەی ئەم دەربڕینە لەو ترس و فۆبیایەوە سەرچاوەی گرتبێ کە بە نیسبەت خەباتی دێموکراسیخوازی و هەمەلایەنە و هەردەم ڕوو لە گەشەی کورد و حیزبی دێموکرات لە ئێراندا هەیەتی .

ئەو کە یان لە ڕووی نەزانی و بێخەبەری لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕەوتی خەبات و بەرهەڵستکاریی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی، یان بە ئاگایی لە بێزاری و بێزراویی گەلانی ئێران لە نیزامی پاشایەتی بەمجۆرە باسی د. قاسملوو دەکا؛ وا باشترە چاوێک بە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستاندا بخشێنێ و گوێ بۆ بانگەواز و دروشمەکانی خەڵک بگرێ کە چۆن و بە چ شێوەیەک یاد و ناوی د. قاسملووی مەزن بەرز ڕادەگرن. جا لەو سیلەنیگایەشەوە سەیرێکی پێگەی سیاسیی خۆی و باب و باپیری لەنێو گەلانی ئێران و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئەم وڵاتەدا بکات و هەڵیسەنگێنێ.

بە نیسبەت خوێندنەوە و هەڵوێستە سیاسییەکانی ڕەزا پەهلەوییش ڕوون و دیارە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات چۆن لە بەرێزیان، دروشمی بێ کردەوە و نیزامی سیاسیی دڵخوازی ئەو بۆ داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بە تەواوی ڕەتی دەکاتەوە.

بەڵام لە دەرەوەی سووکایەتیی ڕەزا پەهلەوی بە کورد و ڕێبەرانی کاریزماتیکی حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەرایەتیی خەباتی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماف و ئامانجەکانی ئەم نەتەوەیە، دەبێ پێداگری لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ترسی ڕەزا پەهلەوی لە ناو و پێگەی کاریزمایەکی وەک د. قاسملوو و حیزبەکەی، حیزبی دێموکرات بێجێ و بێهۆ نییە. ناوی قاسملوو و ناسنامەی حیزبەکەی بریتییە کە مێژووی خەباتێکی ناسنامەخواز و لە هەمان کاتدا دژی سەرەڕۆیی پاشایەتی و ئیسلامی. بنەمای فکریی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی ئەم حیزبە وەک پێشەوا قازی محەممەد کە لەلایەن محەممەدڕەزا پەهلەوی، باوکی ڕەزا پەهلەوییەوە لەدار درا و د. قاسملوو کە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران -وەک میراتگرانی ناوەندگەرا و بەحەقی ڕێژیمی پەهلەوی-یەوە تێرۆر کرا؛ خەبات بۆ سەروەریخوازی، مافی وەکیەک، دێموکراسی و کەرامەتی مرۆییە کە بنەچەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لەگەڵی دژ و دوژمنی قەستەسەری ئەو بەها و بایەخانەن. لەخۆڕا نییە کە ڕەزا پەهلەوی ناتوانێ پێخۆشبوونی خۆی لە تێرۆری د. قاسملوو و تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بشارێتەوە و تەنانەت بە ناردنی پەیام بۆ ناوەندەکانی سەرکوتی وەک سپای پاسداران دڵدارییان لەگەڵ بکا و مانەوەی

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

ئەو هێزەی لە هەر بارودۆخێکدا بۆ سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی گەلانی نافارسی ئێران لە نانی شەو پێ واجبتر بێت؛ چونکی دەزانی نیزامی پەهلەویی پێشووی بنەماڵەکەی و کۆماری ئیسلامیی ئێستای ئێران دوو ڕووی تەواوکەری یەک دراون! بە نیسبەت خوێندنەوە و هەڵوێستە سیاسییەکانی دیکەی ڕەزا پەهلەویش ڕوون و دیارە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات چۆن لە جەنابیان، دروشمی بێکردەوە و نیزامی سیاسیی تاقیکراوەی پێشووی دڵخوازی ئەو بۆ داهاتووی ئێران دەڕوانێ و هەموو ئەوانەی لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەدا ڕەت کردووەتەوە. بۆیە کوردگوتەنی بووکی دزێو لە تارای ناپرسن!

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# جەمال فەتحی: نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە



**جەمال فەتحی: نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە یان لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

## ئاماژە:

ئەم جێژنە نیشتمانییەی کوردستان(نەورۆز)کە هێمای یەکبوونی کوردستانییانە، داگیرکەری ئێرانی و داگیرکەرانی تریشی وەلەزرە خستووە و هەموو ساڵێک بە هەڕەشە و گوشارخستنە سەر چالاکانی مەدەنی لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خەیاڵی خۆیان پێش لە بەرێوەچوونی ئەم هێماگەلە دەگرن، تاکوو نەوەی نوێی کوردستان لەگەڵ دابونەریت و میراتی باب و باپیرانیان ئاشنا نەبن و ڤایرۆسی ئاسیمیلاسیۆنی خۆیان بکەنە مێشکیانە و نەیارشەیدا باریان بێنن، لە ڕاستیدا ئەم هەوڵە لە ڕاستای پرۆسەی سڕینەوەی نەوە نوێی کوردستانە. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت نەوەی نوێ، گەیشتووەتە ئاستێک کە هیچ بەربەستێک ناتوانێت

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**پێش هەستی نیشتمانپەروەری و کوردستانیبوونیان بگرێت. هەروەک هەموو ساڵێک بە تایبەتی ئەمساڵ چاوەری ئەوە بووین کە خەڵکی ڕۆژهەڵات و پارچەکانی‌تر یادی ڕۆژە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان، یەک لەوان نەورۆزیان بە ئەوپەڕی هەست و سۆزەوە بەرز ڕاگرت، لە درێژی ئەم وتووێژەدا بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە نەورۆز و گرینگی ئەم ڕۆژە نەتەوەییە بۆ نەتەوەی کورد، داوامان لە زۆر بەڕێز کاک جەماڵ فەتحی، چالاکی سیاسی کردووە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**



**جەماڵ فەتحی**

**شەهرام سوبحانی: کاک جەمال سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە دەست پێ بکەم کە مێژوویی جێژنی "نەورۆز" لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ و بۆچی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد گرینگە؟**

**جەمال فەتحی**: نەورۆز لە کوردستان دوو بوار لەخۆ دەگرێت، یەکەم نەورۆزێکی کۆمەڵایەتی و نەریتی و دووهەم نەورۆزێکی مێژوویی و سیاسی. ئەوەیکە باری کۆمەڵایەتی و نەریتی هەیە جیا لە شێوازی بەڕێوەبردنەکانی، وەکوو یەکەم ڕۆژی بەهار و بووژانەوەی سروشت و ژینگە لەلایەن چەندین نەتەوەی دیکەی ناوچەکە و دەورووبەری کوردستان یاد دەکرێتەوە و جێژنی بۆ دەگرن، بەڵام لە بواری مێژوویی و سیاسییەوە نەورۆزی کورد لەگەڵ نەورۆزی نەتەوەکانی دیکە جیاوازی هەیە و تەنانەت باری شوناسخوازانە و نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت. تا ڕادەیەک ئەم جیاوازییە بەرچاو و دیارە کە لە ئێستەدا ئەو وێژمانەی زاڵە کە نەورۆز تەنیا هی کوردە و نەتەوەکانی دیکە یان لاسایی نەورۆزی کورد دەکەنەوە یان بە زۆر و خۆسەپاندن خۆیان کردووەتە شەریکی ئەم نەریتە مێژووییە. ئەوەیکە هێندێ نەتەوە خۆیان لەم نەریتە کۆنە کردووەتە هاوبەش تەنیا هۆکاری سیاسی هەیە، چونکە نەورۆز کە لە ئێستەدا بەم ناوە ناسراوە لە سەردەمی مادەکان و ئایینی باوی



سەرچاوە Serchawe

ئەو سەردەمە کە ئایینی میترایی یان مێهر بووە بە ناوی مێهرگان بووە و ئەم جێژنە کە لە سەرەتای وەرزی بەهار بووە و بە ناوی جێژنی گاکوژانیش دەیانناسی، پێوەندی بە ئایینی میتراییەوە هەیە و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە "بورجی گا" کە هێمای سەرما و ساردییە لەلایەن بورجی شێرەوە کە هێمای گەرما و مێهرە دەکوژرێت و لەم کاتدا گەرما بەسەر سەرمادا زاڵ دەبێت. بەڵام دوای کەوتنی دەسەڵاتی مادەکان کە خاوەنداریەتییان لە ئایینی مێهر کردووە، ئەم جێژنە بۆ سەرەتای پاییز گوازراوەتەوە و ناوی یەکەم مانگی پاییز و جێژنی مێهرگانیش بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە. هۆکاری سیاسیی پشتی ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ ئەوەیە کە سەرکەوتنی هەخامەنشییەکان بەسەر مادەکاندا لە یەکەم مانگی پاییز بووە کە لە ڕۆژژمێری ئێستەی ئێراندا بە مانگی مێهر ناسراوە. ئەم ئاڵوێرکردنە سیاسییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کورد بەردەوام لەلایەن دوژمنانییەوە بە هەموو شێوەیەک پەلاماری دراوە و شکستەکانی کراوەتە جێژنی دوژمنان و سەرکەوتنەکانی شێوێندراوە بۆ ئەوەی شەڕی سایکۆلۆژی لەگەڵ کورددا بکرێت. نەورۆز کە واتای ڕۆژی نوێ دەدات لە بەر ئەوەی بۆ کورد گرنگە چونکە ڕەگێکی مێژوویی و سیاسی هەیە و پێوەندییەکی سۆزداری بۆ ئێمەی کورد چێ کردووە. ئەگەر لە ئێستەدا دەبینین کە کوڕان و کچان بە نیسبەت نەورۆزەوە نۆستالۆژیایەکی دەروونی و واتاییان بۆ ساز دەبێت بەبێ ئەوەی ڕەنگە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیشیان لەسەر مێژووەکەی هەبێت، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە نەورۆز بە هەموو بارێکییەوە جێژنێکی کۆنی کوردییە کە لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە یان لاسایی دەکرێتەوە یان بە زۆرەملێ خۆیان بە شەریکی ئەم سامانە مێژووییە دەزانن و تەنانەت هێندێ جاریش کوردی لێ بێبەری دەکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵ و کاریگەری "نەورۆز" لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی چۆن دەبینن؟

**جەمال فەتحی**: لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا کۆمەڵێک پارادایم هەن کە دەکرێنە بیانوویەک بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان، کوردیش کە هەزاران ساڵە لەلایەن گەلانی کۆچەرییەوە پەلامار دەدرێت و سەدان ساڵیشە لە دەسەڵاتی هاوشێوەی دەسەڵاتە مۆدێرنەکان بێبەشە، لە هەموو دەرفەت و پارادایمێک کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ناسنامە و شوناسی خۆی بپارێزێت. بەرگریکردن لە ناسنامە بە شێوازی جۆراوجۆر لە کوردستان سەدان ساڵە دەبینرێت و بووەتە کەتوارێک بۆ هەموو جیهان، ڕەنگە ئەم بەرگریکردنە نەگەیشتبێتە ئەنجامی خۆی و کوردیان وەکوو نەتەوەکانی دیکە نەکردبێتە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بەڵام بەو هەمووە پەلامارە بێڕەحمانانەی کە کراوەتە سەر کورد ئەگەر ئەم بەرگرییانە نەبوویایتن بەدڵنیاییەوە ئێستە پرسێک بەناوی کورد بوونی نەبوو. زۆر پارادایم هەن کە دەکرێت وەکوو بیانوویەک بۆ بەرگریکردن لە شوناسی کورد چاویان لێ بکرێت، بەڵام نەورۆز وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی هەموو ساڵێک لە کوردستان دەبێتە دەرفەتێک بۆ هەڵکردنی ئاگری ڕق و تووڕەیی لە هەمبەر داگیرکەرانی کوردستان و وەکوو قۆناغێکی هەستیار لە مێژووی ئەم نەتەوە گرنگی پێ دەدرێت. ئەگەر ئێمەی کورد کە ناسنامەمان لەلایەن چوار دەوڵەتی تازە سەرهەڵدراوەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشە



سەرچاوە
Serchawe

و مەترسی لەنێوچوون، بە کەمتەرخەمی لە پاڵ زمان، دابونەریت، مێژوو و خاکمانەوە تێپەڕین و یان بەشێک لە ئێلێمانە نەتەوەییەکانمان بە خەمساردی چاو لێ بکەین بەدڵنیاییەوە نەوەکانی داهاتوومان چ لە دۆخی سەردەستی بێت چ دۆخی بندەستی ناتوانن کوردبوونی خۆیان بسەلمێنن یان داکۆکی لە بوونیان خۆیان بکەن. یەکێک لەو ئێلێمانانە کە وەک وتمان هەم باری کۆمەڵایەتی هەیە و هەم باری مێژوویی و سیاسی، نەورۆزە کە هێندە بۆ سەلماندنی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و دێرین لە ناوچەکە گرنگە کە بەردەوام داگیرکەران هەوڵیان داوە ئەم بۆنە و خۆشییە لە خەڵک بگرنەوە و نەهێڵن ئاگری نەورۆز لە کوردستان هەڵکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: جیاوازی نەورۆزی کوردستانی لەگەڵ نەورۆزی ئێرانی چییە؟

**جەمال فەتحی**: نەورۆزی کوردستان تەنیا ئاماژە بە بووژانەوەی سروشت و گۆڕینی کەشوهەوا نییە، بەڵکوو جیا لەمە نەورۆزی کوردەواری باری سیاسی و مێژوویی هەیە و بەڕێوەبردنی بۆنەی نەورۆز لە سەری ساڵدا پێناسە و سیمایەکی جیاوازتری لەگەڵ نەورۆزی نەتەوەکانی دیکەی نێو جۆگرافیای ئێران هەیە. ئەوەی لە نەورۆزەکانی کوردستان دەبینرێت هەم لە ڕواڵەتدا و هەم لە نێوەڕۆکدا زۆر جیاوازە، چونکە نەورۆزی نەتەوەکانی دیکەی ئێران جگە لە فارسەکان پێناسەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە پێوەندی بە گۆڕینی وەرزی زستان بۆ بەهار هەیە و تەنیا بیانوویەکە بۆ ئاڵوگۆڕی دۆخی ژیانی و ڕابواردن لە چەند ڕۆژی سەرەتای ساڵدا. بەڵام فارسەکان کە بە زۆرینە عەقڵیەتی ئێرانشارییان هەیە ڕوانگەیەکی سیاسی و مێژووییان لەسەر نەورۆز هەیە و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەربەرەکانێ و شەڕی دەروونی لە هەمبەر کوردەوە کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆیە نەورۆز هەم بۆ کورد و هەم بۆ دوژمنەکەی کە هەڵگری عەقڵیەتی ئێرانشارییە هەم باری کۆمەڵایەتی هەیە وەکوو نەتەوەکانی دیکە و هەم باری مێژوویی و سیاسی. لە بواری مێژوویی و سیاسییەوە عەقڵیەتی ئێرانشاری لە دۆخی هێرشبەری و خۆسەپاندنایە و عەقڵیەتی کوردایەتی دۆخی بەرگریکاری و خۆسەلماندنی لەخۆ گرتووە. ئەم دوو دۆخە کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیان هەیە تەنیا لە ڕێکەوتێکی وەکوو نەورۆزدا قەتیس ناکرێنەوە، بەڵکوو بەریەککەوتنی عەقڵیەتی خۆسەپاندن و خۆسەلماندن لە زۆر بوار تەنانەت لە بواری کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەشدا خۆ دەنوێنن. نەورۆزی کوردی کە نەورۆزێکی حەماسی و شۆڕشگێڕانەیە لە هەمبەر ئەو پێناسە نامۆوانەی کە بۆی دەکرێت دەوەستێتەوە و بە هەڵپەڕکێ و بازدان بەسەر ئاگردا ئەو کەتوارە مێژووییەی سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی ماد و باوەبوونی ئایینی سەرزەوینیی میترا دەسەلمێنێ کە جێژنی سەرەتای ساڵ و یەکەم ڕۆژەکانی بەهار لە چوارچێوەی جێژنی گاکوژی و بە واتای سەرکەوتنی گەرما بەسەر سەرمایە. بازدان بەسەر ئاگری نەورۆز و هەڵسووڕان بە دەوریدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە دوای سەرمای زستان بەرەبەرە کەشوهەوا بەرەو گەرما دەڕوات و گەرما و تینی ئاگر هەم بۆ ژیان پیرۆزە و هەمیش لەژێر ڕکێف و کونترۆڵدایە کە لە بازدان و پەڕینەوە بەسەر ئاگری نەورۆزدا خۆ دەنوێنێ. ئەم نەریتانەی کە لەسەر نەورۆزی

کوردەواری باس کران هیچیان لە نەریتی نەورۆزە دزراوەکانی نەتەوەی خۆسەپێندا نابینرێت بەڵکوو وەک چۆن لە مێژوو و پێناسەکەیدا چەواشە کراوە، لە بەڕێوەبردنیشی دەسکاری و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بۆچی داگیرکەرانی کوردستان هەموو ساڵێک بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن پێش لە بەڕێوەچوونی جێژنی "نەورۆز" بگرن؟ ئەوەیکە داگیرکەرانی کوردستان هەموو ساڵێک هەوڵی بەڕێوەنەچوونی جێژنی نەورۆز و هەڵنەکردنی ئاگری نەورۆز دەدەن بۆ ئەو وزەیەی دەگەڕێتەوە کە کورد لە نەورۆزی وەردەگرێت و هەموو ویست و ئیرادەی خۆی بە بۆنەی جێژنی نەورۆزەوە بە چاوی دوژمن دەدات و پێی دەڵێت: وەک چۆن ئاگری نەورۆز پاش هەزاران ساڵ نەکوژاوەتەوە و هەموو ساڵێک لەگەڵ بووژانەوەی سروشت هەڵدەکرێت، ئاواش هەستی کوردایەتی دەبووژێتەوە و سەرەڕای ئەو هەمووە کوشتن و بڕینانە دیسان کورد هەر ماوە و قەت نامرێ. دوژمن باش دەزانێت کە کورد لە ڕێگای نەورۆزەوە شەڕی شوناس و ناسنامە لەگەڵ داگیرکەرانی خۆی دەکات و تا ئاستێک لە چییەتی و کێیەتی خۆی تێگەیشتووە کە بەتەواوەتی لە بۆنەیەکی وەکوو نەورۆز سنووری خۆی و ئەوی ترەکان دەکێشێتەوە و پێیان دەڵێت: ئەگەرچی سەدان ساڵە بەسەر خاک و وڵاتمدا خۆت سەپاندووە، بەڵام کورد وەکوو ئاگری نەورۆز لەسەر داوا ڕەواکانی خۆی سوورە. بەگشتی بۆنەی نەورۆز لە ڕوانگەی دوژمنانی کورددا تەنیا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و یان میراتێکی کۆن نییە، بەڵکوو بۆنەیەکە کە بوونی هەزاران ساڵەی کورد نەک لە خاکی خۆی بەڵکوو لە ناوچەکە دەسەلمێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: هەموو ساڵێک دەبینین کە هەندێک موسڵمانی کورد بە مەوعیزە بەرەوڕووی جێژنی نەورۆزی دەبنەوە و دەیانهەوێ ئەم جەژنە نەتەوەییە تێک بدەن، بۆ؟

**جەمال فەتحی**: لە کوردستان لە هەمبەر پرسی کورددا و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی جیا لە دوژمنانی دەرەکی و داگیرکەران و جیا لە ئەو جاشانەی کە بە ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ چەکیان هەڵگرتووە و لە بەرانبەر نیشتمان هەموو وزەی خۆیان بۆ سەرکوتی بزاڤەکانی کورد بەکار دەهێنن، هێندێ بیری توندئاژۆی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان گەشەیان کردووە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن نەورۆز بۆنەیەکی دژە ئیسلامییە و کورد بە ئاگرپەرەست و مەجووسی ناو دەبەن. ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان بە زۆرینە موسڵمانن، بەڵام موسڵمانبوونی کوردستان لە ڕابردووەوە هەتا ئێستە جیاواز بووە لەگەڵ موسڵمانبوونی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان کە تەنیا ئیسلام وەکوو ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی و دەسەڵاتی خۆیان بەکار دێنن. ئەم وێژمانانە کە بەرەوڕووی نەورۆزی کوردی دەبنەوە بەشێکیان گرێدراوی ئیسلامی سیاسیی دەرەوەی ئێرانن کە بە ناوی ئیسلامی واقیعی و سەلەفییەت بە دژی کورد دەوەستنەوە و بە بڕیارێکی ڕەها کورد وەکوو نەتەوەیەکی کافر و نەورۆز بە بۆنەیەکی ئاگرپەرەستی لە قەڵەم دەدەن؛ بەشێکی دیکەی ئەم وێژمانە

گرێدراوی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامین و لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسداران و ئیتلاعاتەوە لێدوان و وتەی توندئاژۆیانە بە دژی نەورۆزی کوردی دەدەن و لە لێدوانێکی بێبنەما و دوور لە لۆژیکدا هەڵپەڕکێی کوڕان و کچانی نیشتمانپەروەر کە تەنیا سۆزی نیشتمانپەروەری هانیان دەدات کە خۆشک و برایانە دەست لە دەستی یەک و ڕەشبەڵەک هەڵدەپەڕن، بە ئاکارێکی دژە بەها دژ بە بیری خەڵکی موسڵمانی کورد لە قەڵەم دەدەن. هەموو ئەم لێدوانە بێبنەمانەی کە بەرەورووی نەورۆز و بۆنە کوردییەکان دەبنەوە تەنیا یەک هۆکاری هەیە ئەویش دوژمنایەتی نەتەوەیەکی چەوساوەیە کە هەزاران ساڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەنێوبردنی دەدرێت و دیسان هەر لەسەر پێیە و بە هەڵپەڕکێ و سروودەکانی بە دوژمنانی دەڵێت: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان......

**شەهرام سوبحانی**: گرینگی بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ لە "کرماشان" و بە تایبەتی "ورمێ" لە چیدا بوو؟

**جەمال فەتحی**: کوردستانی بندەستی داگیرکەران جیا لە ئەوەیکە هەزاران ژینۆساید و کۆمەڵکوژی بە سەریدا هاتووە، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵ دراوە کە دێموگرافییەکەی بشێوێندرێ. خوارەوەی کوردستان کە "ئیلام" ، "کرماشان" و تەنانەت "لوڕستان" لەخۆ دەگرێت و هەروەها "ورمێ" و شارەکانی دەوروبەری لەو شوێنانەی کوردستانن کە بە هۆی گرنگبوونیان لە بواری ستراتیژیی و ژێئۆپۆلۆتیکییەوە هەوڵ دراوە سیمای کوردبوونیان لێ دابماڵدرێت. هەوڵەکانی دوژمن لەم ناوچانە بە شێوازی جۆراوجۆرەوە ڕوویان داوە، بۆ نموونە: لە پارێزگاکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بوونی ئایین و ئایینزا جۆراوجۆرەوە لەلایەن دوو ڕێژیمی پالەوەی و ئاخوندییەوە هەوڵ دراوە لە کوردبوون دوور بخرێنەوە و شوناس و ناسنامەی کوردبوونیان لێ بستێندرێتەوە و لە ورمێ و شارەکانی دەوروبەری کە سەدان ساڵە تورک هاوردە کراوە، بەردەوام لەلایەن ڕێژیمە داگیرکەرەکانەوە پشتی فاشیزمی تورکی گیراوە کە ببنە سەرئێشە بۆ ژیانی کوردێک کە خاوەنی ڕەسەن و ڕاستەقینەی ئەم شارانەن. ئەم هەمووە پیلان و گەلاڵانەی کە لەم شوێنە ستراتیژیکانەی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە بۆ ئەوە بووە کە کاتێک کورد داوای بەڕێوەبەری و سەروەری خۆی کرد، لەم سۆنگەوە کێشەی بۆ ساز بکەن، کەچی پاش ئەو هەمووە تێچووە و پیلانە نگریسانە دەبینین کە چەند ساڵێکە لە "ئیلام" و "کرماشان" هەستی کوردایەتی چەندە گەشەی کردووە و تەنانەت تا ئاستێک ڕادیکاڵتر و تۆختر لە ناوچەکانی دیکە هاواری کوردبوون بەرز دەکرێتەوە. هەروەها لە ورمێش کە ساڵانێکە ئەو تورکە فاشیزم و خۆسەپێنانەی کە هەم وەکوو شەریکی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی و هەم داردەستی دەوڵەتە تورکەکانی ناوچەکەن بەرەورووی بزووتنەوەی کورد دەبنەوە نەک "ورمێ" بەڵکوو هەتا "سنە"بە موڵکی خۆیان دەزانن، چۆناوچۆن بە بینینی نەورۆزی سەد هەزار کەسیی ورمێ سەریان لە بەردیدا و تووڕەیی خۆیان بە شێوەیەکی نامرۆڤانە دەربڕی. بۆیە ئەگەر بە وردی چاو لەم ڕووداوانە بکەین و بە دوای هۆکارەکانی بگەڕین، دەبێت ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە کوردستان خاک و مۆڵکی کوردە و بست بە بستی بۆ دوژمنانی جێی تەماحە. ئەگەریش لە شوێنێک وەکوو



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

"ئیلام"، "کرماشان" و "ورمێ" پیلانەکانی دوژمن بە زەقی دەبینرێت و تووڕەیی دوژمن بەرچاوترە، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم شوێنانە دڵی کوردستانن و وەکوو گلێنەی چاومان دەبێت پارێزگارییان لێ بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی داگیرکەران هەوڵ ئەدەن بۆنە نەتەوەیییەکانی کوردستان لە باوەشی کورد ڕامالن؟ و بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان بکەن.

**جەمال فەتحی**: بۆ ئەوەیکە دوژمنانی کوردستان بوونی خۆیان لە نەبوونی کورددا دەبیننەوە، دوژمنانێک کە لە ڕاستیدا دانیشتووانی ئەم ناوچە نین و نەتەوەگەلێکی گەڕۆک بوون کە لە ڕابردوودا بە دوای بژیوی ژیانیان ڕوویان لە وڵاتێک کردووە کە خاوەن خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەتە و خاوەنەکەی خاوەن مێژوویەکی قایم و کۆنە. بۆیە دامالین کورد لە مێژووی خۆی و ئەو بۆنانەی کە هەر کام چیرۆک و بەسەرهاتێکن لە بوون و کەتواری کورد دەتوانێت ڕێخۆشکەری سیاسەتە ئاسمیلاسیۆنەکانی ئەم دوژمنانە بێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک جەماڵ سپاس بۆ ئەوەیکە هەتا ئێستا لەگەڵمان بووی و ماندووش نەبی

**جەمال فەتحی**: سپاس و ڕێز بۆ جەنابیشتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی




لە ماوەی ڕابردوودا چەند بەرنامە سەبارەت بە مێژوو و هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کاناڵی تلویزیۆنی ڕووداو و بە تایبەت بەرنامەی پەنجەمۆرەوە تۆمار و بڵاو کراونەتەوە کە بە گشتی پێمان وایە ئەگەر بە شێوەیەکی بێلایەنانە و بە دوور لە دەمارگرژی کار لەسەر ڕووداوەکان بکرێت، خزمەت بە داهاتووی دۆزی کورد دەکا.

یەکێک لەو بەرنامانە کە لە ماوەی رابردوودا بڵاو کرایەوە، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ خاتوو مەلەکە مستەفا سوڵتانی بوو کە بەداخەوە ناوبراو لە بەشێک لە بەرنامەکەدا هێرشی ناڕەوا دەکاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**لەگەڵ ئەوەی کە سەرلەبەری ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکەینەوە، لەو پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانین ڕابگەیەنین:**

١- هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە شەڕی نێوخۆیی کە بەداخەوە قازانجی بۆ هیچ لایەنێکمان نەبووە بە تەواوەتی مەحکووم دەکەین، لە هەلومەرجی هەستیاری سیاسیی ئێستای کوردستاندا کە دوژمنانی کورد لەوپەڕی لاوازیدان جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەمووان دەبێ لە ئێستا و لە داهاتوودا بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک

دابنێین و پێکەوە کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان بکەین و پێویست ناکا هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی بدرێ.

٢- کارکردن لەسەر مێژووی کورد و لێکدانەوەی ڕووداوەکان بە لێکۆڵەران و پسپۆرانی بێلایەن بسپێرین و ئەنجامەکانی وەک وانە و ئەزموونێکی هاوبەش بخەینە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و لەو پێوەندییەدا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.

٣- ئەرکی میدیای کوردی لەم سەردەمەدا ئەوەیە یارمەتیی تەبایی و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان بدەن و لە ژێر ناوی ڕۆژنامەنووسی ئازاد و بێلایەن هەوڵی کەلێن دروستکردن لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا نەدەن.

٤- داوا لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب دەکەین وەک هەمیشە بە هەست بە بەرپرسیارێتیی زیاترەوە هەوڵی پاراستنی بنەما فکری و ئەخلاقییەکانی حیزب بدەن و بە پێی ڕاسپاردەکانی حیزب، پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی بکەنە بنەمای هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانیان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی ئیداری

١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٤

٦ی ئاوریلی ٢٠٢٥

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: لە نێوخۆی وڵات ئستعدادێکی بەهێز لە پرۆسەی میللەتسازیی سیاسیدا هەیە




**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی ئێن ئار تی، باسی لە کۆمەڵێک پرس و بابەتی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات، دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە کرد.**

**کاک خالید سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی نێوان ئێران و ئەمریکا وتی:** من لەو باوەڕەدام ئێستاش واشنگتۆن بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ڕەفتاری ئێران بگۆڕێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە سێ فاکتۆری پەیوەندیدار بە ئێران هەیە کە دەبێ بیانگۆڕێ،

**فاکتۆری یەکەم** ڕاگرتنی پرۆژەی ناوکیی ئێرانە چون ئەو پرۆژەیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئیسرائیل و ئەمنییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەیە،

**فاکتۆری دووهەم** ڕاگرتن یا سنووردارکردنی سامانەی مووشەکیی ئێرانە کە هەردووکی ئەوانە شتی نیزامین،

**فاکتۆری سێهەم** دەستکورتکردنەوەی گرووپە نیابەتییەکانی ئێرانە لە ناوچەکەدا کە دوای ئاڵوگۆڕ لە سووریە ئێران تووشی شکستێکی گەورە بووە و ئەو میحوەری موقاومەتە کە بە شێوەی پێشوو هەبوو مەجالی نەماوە، بەڵام فاکتۆرەکانی یەکەم و دووهەم کە لەسەر ئەمنییەتی ئیسرائیل هەڕەشەن، لە ڕوانگەی ئەمریکاوە لە جێگای خۆیانن.

**بەڕێز عەزیزی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند:** لە حاڵی ئێستادا ئێمە هیچ گفتوگۆیەکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نییە،هیچ داوایەکیان لە ئێمە نەکردووە و ئێمەش داوامان لەوان نەکردووە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە ئەگەر بگونجێ و فرسەتێک بێتە پێش و عەقڵییەت لە تاران بەوە بگات کە کێشەی کورد لە ئێران لە ڕێگای گفتوگۆ و وتوویژەوە چارەسەر بکا ئێمە ئەوە بە ڕێگاچارەیەکی باش دەزانین. تا ئەو جێگەی پەیوەندی بە نێوەخۆی وڵاتەوە هەیە لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ پۆلێنبەندی بکەین کە سیناریۆکان چین، بەڵام لە هەموو سێناریۆکاندا یەک شت گەرەنتیی دۆخی ئێمە دەکات ئەویش یەکڕیزی ئێمە و ئامادەکارییەکە لە نێو خۆی وڵات هەیە. ئەگەر ئاماژە بە نەورۆزەکانی ئەو ساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دیکە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی و شعووری سیاسیی تێدا بەدی دەکرا بۆیە ئەوە پەیامێکی داوە بە ئێمە کە لە نێوخۆی وڵات بە خۆشییەوە ئستعدادێکی بەهێز هەیە لە پرۆسەی میللەتسازیی سیاسی و ئامادەبییەکی زۆر کە ئەو خەڵکە لەوێ بۆ خۆیان چۆن لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ئەگەر و سێناریۆی جۆراوجۆر ببنەوە.

**کاک خالید سەبارەت بە چالاکیی پیشمەرگانە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات ڕایگەیاند:** لە ڕاستیدا ئێمە بە شێوازی جۆراوجۆر بە بۆنەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکیمان هەبووە و بەردەوام دەچێتە پێش. ئەگەر چالاکی بەوە دابنێین کە دەبێ حزووری پێشمەرگە هەبێ و شەڕی نیزامی و شەڕی چەکداری بێت زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە ئێستا مادام جموجۆڵێکی بەربەرینی مەدەنی و جەماوەری بە شێوەی فەرهەنگی بە شێوەی نەورۆز لە هەموو پارێزگاکانی کوردستانی ئێراندا هەیە نابێ بیانوو بە کۆماری ئیسلامی بدرێ کە دۆخەکە ئەمنییەتی بکاتەوە.

**وتەبێژی حیزب سەبارەت بە نایەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتی:** سەردەمێک ئێمە ناوەندێکمان هەبوو بە نێوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دوای بە دوای جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی خوێندنەوەی جۆراوجۆر هاتە نێو ئەو ناوەندە، ئەو ناوەندە بەداخەوە نەیتوانی کار بکا و بچێتە پێش، بۆیە من لەو باوەڕەدام هەم ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و هەم لایەنەکانی دیکە بە شەهامەت و ڕاشکاوییەکی کوردانە خەسارناسییەکی ئەوە بکەین بۆ ناتوانین یەکڕیز بین و بۆ ناتوانین یەکگرتوو بین. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشی



سەرچاوە
Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

پەیوەندییەکانەوە لەو پەیوەندییەدا لە چەند حەوتووی ڕابردوو چەند دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە بەشێکیان نیشتەجێن لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و شەهامەتی خەسارناسیمان هەبێ و گلەیی و گازندەکان وەربگرین و ڕێگاکە بۆ ئەوە خۆش بکەین.


**کاک خالید سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستانیش وتی:** لە ڕاستیدا ئێمە زووەوە سیاسەتێکمان هەبووە سەرەڕای ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کوردەکانی باکووری کوردستان لە دژی دەوڵەتی تورکیە، لەگەڵ ئەو میتۆد و لۆژیکەی پەکەکە نەبووینە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبێک دروست بکا و بە عەقڵییەتی پەکەکە و بە فەلسەفەی ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجالان بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکات، پێمان وایە ئەوە لەگەڵ واقعیات نایەتەوە.

**سەبارەت بە ڕۆژاوای کوردستانیش بەڕیز عەزیزی ڕایگەیاند:** کورد ئەگەر ئەوەی قبووڵە کە لە چوارچێوەی سووریەدا دەبێ بە دوای چارەسەری کێشەی خۆیدا بڕوا دەبێ ئەو حەقیقەتە قبووڵ بکا تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسی بێ لە سووریە و لە دەمیشق . میکانیزمەکەشی چۆن بێت ئەوە بۆ خۆیان باشتر دەزانن بەڵام ئەوان ڕابردوویەکیان لە تەجرووبەی کاری ئیدارەیەکی خودموختار لەوێ هەیە و دەتوانن ئەوە بکەن بە ئەسڵێک کە لەگەڵ حکوومەتی ئێستای سووریە چۆن وتووێژ بکەن.

**١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

---

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (بێجان عەلیزادە)




**دەبێ بینووسمەوە مێژووم، دەبێ بیڵێمەوە ناوم**
**بناسرێم با وەکوو شەیدای وڵاتێک وا نەناسراوە**

**برایم چووکەڵی**

لاوانی شۆڕشگێر و خەباتکاری کورد لاپەڕەکانی مێژووی بەرخۆدان و سەروەریخوازیی گەلەکەیان بە خوێنی خۆیان نووسیوەتەوە و دەنگی ئازادیخوازانەی کوردیان بە دنیا گەیاندوە و نەیانهێشتوە بۆ ساتێک دەنگی ئازادی کپ ببێ و بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئازادی لە بەرەنگاری و گیانفیداییدا بوون. ئەو شۆڕەسوارانە بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادیی نەتەوەکەیان هیچ کات لە خەبات نەوەستان و ئەو خەباتە هەمیشە لە گەشەکردندا بووە، و ئاڵای خەبات لەو سۆنگەیەوە هەر شەکاوە ڕاگیراوە. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا سەرێک لە دەڤەری شومالی کوردستان دەدەین و دەگەڕێینەوە بۆ ٣٥ ساڵ بەر لە ئێستا و لەنێو دەیان خونچەی تازە پێگەیشتوو لەنێو باخچەی پێشمەرگە و فەرماندەراندا یادێک لە شەهید "بێجان عەلیزادە" بکەینەوە.

بێجان ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی هۆدەر لە ناوچەی سۆما لە دایک بوو. باوکی وەک کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ هاوخەباتی سمکۆی شکاک بوو و چەندین جار دژی ڕێژیمی ڕەزاخان بەربەرکانی کرد و وەک تێکۆشەرێکی ئازا سەریشی لەم ڕێگایە بۆ نەتەوەکەی دانا. شەهید بێجان عەلیزادە ناسراو بە بێجان شکاک لەو کەسانە بوو کە بە هەموو وجوودەوە هەروەک باوکی لە خزمەت بە گەل و نیشتماندا بوو. لە تەمەنی منداڵیدا زور چالاک و چاونەترس بوو، لە هیچ شتێک سڵی نەدەکردەوە و سوارچاک بوو و شارەزایی باشی لە جۆرەکانی چەکدا هەبوو. کاتێک ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد دەشەکایەوە، تەمەنی بێجان ١٩ ساڵە بوو، و وەک پێشمەرگەی کومار دەستی بەخزمەت کرد. دوای نسکۆی ڕووخانی کۆماری کوردستانیش ئەو لەگەڵ بارزانییەکان ڕووی لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو کرد.

شەهید بێجان یەکێک لەو ٥ قوتابییە بوو کە لە سۆڤییەتی پیشوو ڕەوانەی زانکۆ کران و سەرەتا زانستە سیاسییەکانی خوێند، پاشان دیپلومی بەرزی لە کولێژی سەربازی وەرگرت. هەر لەوێ لەگەڵ کچێکی ڕووسی ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و دوو منداڵ بەرهەمی ئەو ژیانە بوو.

پاش هاتنە سەرکاری عەبدولکەریم قاسم لە عێراق و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردستان، شەهید بێجانیش گەڕایەوە و لە بەغدا لە زانکۆی مستنسرییە وەک مامۆستای زانکۆ دەستی بە دەرس گوتنەوە کرد. شەهید بێجان لە شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستاندا وەک ئامر بەتالیونی هێزی باڵک کاری لە سەنگەری خەباتدا بوو و زۆر شەڕی قارەمانانەی کرد و بەشێک لە شەڕی بەناوبانگی خارکووکی فەرماندەیی کردوە. پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٤ ئەویش گەڕایەوە ئێران و لەگوندی هۆدەری سەڵماس جێگیر بوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران شەهید بێجان بەهۆی نیزیکایەتی لە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو بە ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتەوە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو لە ناوچەی سەڵماس دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کردەوە. بێجان هێزی ئەو دەڤەرەی سازمان دا و جارێکی دیکە لە لاوانی سەلماسی لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد کۆ کردەوە. بێجان لە شەڕی سێ مانگەدا ڕۆڵی گرینگی گێڕا و لەنێو شاری ورمێ بەدژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ئەرکی گرینگی کەوتە سەر شان و بە هۆی زیرەکی و هەست بەرپرسایەتیکردنی بوو بە خۆشەویستی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە. بێجان لە ئاست دوژمن وەک پۆڵا وا بوو، نەترس و بە وره، بۆ دوژمن توندوتیژ، بۆهاوسەنگەران و خەڵکی نیشتمانەکەی هاوڕێ و پێشمەرگەیەکی مێهربان بوو.

لە هەموو شەڕەکانی ناوچەی شوماڵدا زەبری کاریگەری لێ دەدان. لە شەڕی گەردەنەی گەماڕۆی ورمێ ئاوری لەسەر پشتی

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

دوژمن کردەوە و دڵی دوژمنی وەلەرزە دەخست. بە چەشنێک تا ئێستاش ئەو حەماسەیە لە دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە. ئازایەتی و قارەمانەتی شەهید بێجان وای کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر پیلانی بۆ داڕشت و زۆر جار خۆفرۆشانی پێو شوێنی دەکەوتن، بەڵام هەمیشە بە وشیاری پیلانەکانی پووچەڵ دەکردەوە.

بەداخەوە دواجار پیلانی دوژمنان سەری گرت و بێجانی قارەمانی زوو لە حیزبی دێموکرات ئەستاند و لە ساڵی ١٣٥٩ پەلاماری گوندی هۆدەر درا و ڕۆڵەی قارەمانی دێموکرات شەهید بوو و گیانی پێشکەش بە ڕێگای ئازادی کرد. ڕۆڵەیەک کە هەموو ژیانی لە تەمەنی ١٩ ساڵییەوە بۆ نەتەوەی کورد تەرخان کرد و لەو پێناوەشدا سەری دانا.

بەوپەری بەرزی سەران بەرچاوی
ئاگری سوورە کەژی خوێناوی

کوردە سەڵماس بە بەژنی جوانی
خوێنی لێ دەتکێ گوڵ و ڕێحانی

کەڵەشی، شەمشە، کەریمی، بێهنام
قاسمی، حاجی نەجاتی پڕ زام

شێرە باپیر و نەحۆی کوردستان
قارەمانانی تروپکی کوێستان

دەس پڕئەزموون بەهەوای حەقخوازی
گیانی بەخشی بە گەل، بێجان شکاکی

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# چۆماخ و هەڵپەڕکێ دەربڕی هەست و سۆزن




**دارسمە**

هەست و سۆز نەک هەر لە مرۆڤدا بەڵکوو لە ئاژەڵانی کێوی و کەویشدا بەرچاوە. دەکرێت لە بواری هەست و سۆزەوە زیندەوەرانی بەڕێز و بێڕێز بە سەر دوو بەشی جودادا دابەش بکرێن. بەشێکیان ئەوانەن سۆزی خۆشەویستییان بەهێزە و بەشەکەی دیکەش ئەوانە دەگرێتەوە هەستی تووڕەییان بەسەر هەست و سۆزی خۆشەویستیدا زاڵە.

ئەگەر بە وردی و بە قووڵی بە ناخی دوو هەستی خۆشەویستی لەلایەک و تووڕەیی و قینلەدڵی لە لایەکی دیکەدا بچینەوە، بۆ دەربڕینی هەردوویان دەکرێت بە جوودا بیر لە جووڵە و هەڵسوکەوتی جودا بکەینەوە. لە نێو ئاژەڵاندا بۆ دەربڕینی هەر دوو هەستەکە بە وردی کەلک لە ئەندامانی جەندەک و لەش وەک شاخ، سم، ددان، بۆنپێوەکردن و خۆ ڕەیەکترخشاندن و ئەم شتانە وەردەگیرێت. لە نێو ئاژەڵاندا ئەوانەی یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی خۆ ڕەیەکتر دەخشێنن، شان بە شانی یەکتر دەوەستن و جاروبار بۆن بە یەکترەوە دەکەن و تەنانەت یەکتریش دەلێسنەوە.

ئەو کەسانەی لە گوندان ژیاون یان هەر نەبێت لە شارەوە سەردانی گوندانیان کردوە و بە گۆلک نـاڵێن بەچکە مانگا و بە بەرخ ناڵێن فەرخەی مەڕ و بە جاشک نـاڵێن بەچکەی کەر، دیتوویـانە چۆن مانگا گۆلکی خۆی دەلێسیێتەوە یـان هێنـدێک ئاژەڵ (بیلامانێ و عەیبنەبێت) بۆن بە هێندێک شوێنی یەکترەوە دەکەن. هەر ئەم ئـاژەڵانە بـۆ دەربڕینی بێـزاری و هەستی دوژمنایەتیش کەلک لە ئەندامانی لەشیان وەردەگردن و بە ددان و درێژووکە و قـۆچ و مۆچ و قەپگرتن و جووتە هاویشتن و ئەمجۆرە شتانە هەستی تۆڕەیی‌یان دەردەبڕن.

مـرۆڤ پـێچەوانەی ئـاژەڵان، تەنیـا گیـان‌لەبەرێکە بەردەوام خەریکـی داهێنـانە و شـتی نـوێ بەرهەم دێنێـت و دەسـتی بە کەرەستەی پێشکەوتووی داهێنـراوی خـۆی ڕادەگـات. مـرۆڤ زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەرەسـتانەی دروسـتیان دەکـات، لە پێنـاو دەربڕینی هەستی دوژمنداری و ڕق و قیندا کەلکیان لێ وەردەگرێت. تـانک، فرۆکەی جەنگی، تۆپی دوورهاوێژ و هەموو جۆرە چەکێکی وەک بۆمبا و تەنانەت پشتێنی خۆتەقاندنەوەش لەو کەرەستە پێشکەوتووانەن بۆ دەربڕینی هەستی قین و تووڕەیی کەڵکیان لێ‌وەردەگیرێت.

ئێمە وەک مرۆڤ، دوای ئەم هەموو پێشکەوتنانە بۆ دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی تەنیا چەند جووڵەیەکی وەک چاوداگرتن، بـاوەش پێـداکردن و ماچکردنـمان بەدەستەوەیە. هەمـوو مرۆڤێـکی سـەر زەوی خـاوەنی ئەم کەرەسـتانەن و زۆریـش کەلکیـان لێوەردەگرن.

لەم کوردستانەی خۆشمان کەرەستەیەکی تایبەت بۆ خۆشەویستی و چەندین کاری سۆزدارانەی باش و مرۆڤویستانە بەردەستە و ئەویش هەڵپەڕکێیە. هەڵپەڕکـێ بە بەردەوامـی جۆرێـک یـان چەنـد جـۆر یـانیش هەمـوو ئەم ئاکامـانەی خوارەوە و زۆرجار زیاتریشی لێ دەکەوێتەوە:

١- کۆڕی شایی و زەماوەندی بووک و زاوا دەڕازێنێتەوە.

٢- بەشداران فێری هاوئاهەنگی و هاوهەڵوێستی دەکات.

٣- بەهۆی بیستنی دەنگی مۆسیقا و پێوەندیی نێوان ئەندامانی لەی مرۆڤ وەک مێشک و شان و ئەژنۆ و دەست پـێ، شێوازی جووڵەی هەموو بەشداربووان ڕێکدەخات.

٤- دەبێتە هۆی شادی و دڵخۆشبوونی بەکۆمەڵ و پێشاندانی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو و تەنانەت ئەوانەی سەیری هەڵپەڕکێش دەکەن.

٥- ئەوانەی لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش سەیری هەڵپەڕکێ دەکەن، هەستی خۆشەویستییان لا دەوروژێت و هەر نەبێت سەروملی دەگەڵدا دەلەقێن.

٦- لە گەڕی هەڵپەڕێکدا ژنان مافیان لە پیاوان زیاترە و سەرەتا پیاوان بەکۆمەڵ هەڵدەپەڕن و دواتر ژنان خۆیان هەڵدەبژێرن لەگەڵ کام پیاوان هەڵپەڕن.

تێبینی بۆ خاڵی ژمارە شەش: لەم دواییانەدا پاش ئەوەی ژنان لەسەر جادە و مادە و خیابان و میابانان لە پێش پاسە کورتەکانی چاودێرانی ڕووپۆشی ئیسلامی زیاتر دەردەکەون، لەکاتی دەسپێکردنی هەڵپەڕکێ ئەوەندە گوێ بە پیاوان نادەن و وێڕای پیاوان هەر لە سەرەتاوە خۆ داوینە نێو هەڵپەڕکێ و سەرچۆپی و گاوانیش دەگرن.

سەرچۆپی و گاوانی بە کەسانی یەکەم و ئاخری هەڵپەڕکێ دەگوترێت و ئەم دوو شوێنەش لەم دواییانەدا بەدەست ژنانەوەن. ژنان وەک ڕێبەری سەرچۆپی لە سەرتای گەڕی هەڵپەڕکێدا هەڵدەسووڕێن و لە گاوانیش شانی وەبەر دەدەن و یارمەتیی ڕێکخستنی دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ لە سەردەمی زۆر کۆندا هەر زۆر زوو بەرلەوەی ئەم هەموو تانک و تۆپ و تفەنگ و فڕۆکە و مووشەکە دروست بکات و پشتێنی تەقینەوە لە نێوقەدی خۆی ببەستێت، چۆماخی دۆزیوەتەوە. مرۆڤی سەرەتایی هەر بە ڕێکەوت بەسەر چۆماخدا کەوتووە. ڕەنگە چیرۆکی دۆزینەوەی چۆماخ بەم شێوەیە بێت، یەکێک لە ترسی ئاژەڵێکی دڕندە یان کەسێکی دیکە، وەک مەیموون خۆی بە لقی دارێکەوە هەڵواسیبێت و لە ناکاو لقەکە داشکابێت و ئەویش لقە شکاوەکەی وەک چۆماخێکی سەرەتایی بە دەستەوە گرتبێت. ئەم مرۆڤە بەهۆی ئەم چۆماخە سەرەتاییەوە بەرانبەرەکەی خۆی تێکشکاندبێت. هیچ بە دووری مەزانن ئەم چۆماخ بەدەستە سەرەتاییە، دوای ئەوەی گەڕابێتەوە نێو خێزان و کەسوکاری، ئەگەر زمانیشی نەزانیبێت، بە ئیما و ئاماژە و هەسووڕاندنی دەست و پەنجە و گربوونەوە و خۆ مۆڕکردنەوە، چیرۆکی دۆزینەوەی چۆماخ و سەرکەوتنی بەرانبەر بە نەیارەکەی گێڕابێتەوە و لە نێو هۆزەکەیدا وەک دۆزەرەوەی چۆماخ ڕێز لە خۆی و نەوکانیشی گیرابێت.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

هەر ئەم چۆماخەشە لەم دواییانەدا لە کارگەی پێشکەوتوو ڕێکوپێک دەکرێت و ئەو بەشەی دەکەوێتە دەست بەکاربەرەوە لێک و لووس دەکرێت و بۆ ئێشاندنی ئێسقانی شان و پیل و کاسەسەر و ئەژنۆ و بەلەکی نەیاران دەکار دەکرێت و دەبێتە هۆی دەربڕینی هەستی تووڕەیی و مرچ و مۆنی. هەر ئەم ژان و ئێشانەشە وای کردووە لە سەدمی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیدا چۆماخ ببێتە کەرستەیەکی باش بۆ بەرنگاربوونەوەی هەڵپەڕکێ و بەریەککەوتنی توندی دوو هەستی خۆشەویستی و سۆزداری و بێزاری لەگەڵ ڕق و قین و داخلەدڵی ئاشکراتر پێشان بدات.

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# چارەنووسی ئۆرمیە لە نێوان هاوکێشەکانی نێوخۆیی و هەرێمیدا



**محەممەد ساڵح قادری**

بە ئاوردانەوە لە مێژووی ناوچەی ئۆرمیە لە چەند سەدەی ڕابردوودا کە بە هۆی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەردەوام وەک جۆلانە لە هەژاندا بووە، هەر لە ململانێی بەردەوامی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان هەتا شەری چالدران و دابەشکردنی کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە شەڕەکانی نێوان ڕووسەکان و قاجارەکان لە قۆناخە جیاجیاکاندا کە بووە هۆی لەدەستدانی ناوچەی کوردستانی سوور و بەدەستەوەگرتنی لەلایەن ڕووسەکانەوە. هەروەها سەردەمی شەری یەکەم و دووەمی جیهانی کە هەرکام لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە پێگەی جوگرافیایی ئەو پارێزگایە لە کێبەرکێدا بوون و ئەوەش، سەلمێنەری پێگەی ستراتیژیی ئەو هەرێمەیە.

بۆ نەتەوەی کوردیش لە ڕاپەرینی خانی لەپ زێڕینەوە بگرە هەتا شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ڕاپەرینی سمکۆی شکاک، سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئێران، پارێزگای ئۆرمیە بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد چەقی خەباتی ناسنامەخوازیی نێوان خۆی و ئەویتر بووە. بەم بەرچاوڕوونییە بۆمان دەردەکەوێ ئەو

پارێزگایە بە بوونی پێگەی ژێئۆپۆلیتیكی و ستراتیژیكی خۆی، هەم لە هاوكێشەكانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بۆ هەركام لە لایەنەكان وەک كۆریدۆر و پردی بەیەک گەیشتنی ئاسیا و ئورووپا كەلكی لێ وەرگیراوە و گرینگییەكی تایبەتی هەبووە و هەیە، هەمیش بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ناوچەیەكی ستراتیژی و یەكلاكەرەوە بووە و لە داهاتووشدا هەروا دەبێ.

بابەتی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە ئەمەیە كە پێكهاتەی دانیشتووانی پارێزگای ئورمیە كە لە زۆرینەی كوردی سوننە و كەمینەی ئازەریی شیعە و ڕێژەیەكی كەمتر لە مەسیحی و ئاسووری پێک هاتوە، سەدان ساڵە پێكەوە لەو جوگرافیایەدا ژیاون. بەڵام لە چوار سەدەی ڕابردوودا هەرچی كێشەی نێوان كورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەندی لە ئێراندا بووبێ، دەبینین بەهۆی پیلانی دەسەڵاتدارانی تارانەوە، ئازەرییەكانی ئەو پارێزگایە و بگرە هی تەورێزیش لایەنی سەرەكیی شەڕ لەگەڵ كوردەكان بوون. كێشەی سەرەكیی ئەو دوژمنایەتییەش بۆ هەركام لە لایەنەكان پەیوەندی بە فاكتەری خاک و ناسنامە و سەرەوەریی نەتەوەییەوە هەبووە و دەسەڵاتدارانی ئێرانی بە پشتگیریكردن لە ئازەرییەكانی شیعە لە دژی كوردەكانی سوننە، ڕۆڵێكی وێرانكەریان لە تێكدانی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتیی نێوان ئەم دوو پێكهاتەیەدا گێڕاوە و ئێستاش بەهەمان شێوە لە پیلانگێڕانیان بەردەوامن.

ڕووداوەكانی دوای ٧ی ئۆكتۆبەری ٢٠٢٣ و تێكشكانی هەژموونیی سیاسی- ئیدۆلۆژیكی و نیزامیی ڕێژیمی ئێران و میحوەری مقاومەتەكەی لە ناوچەدا، گۆڕانی ژێئۆپۆلیتیكی و دیزاینی نوێی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی خستووەتە ڕۆژەڤەوە و ململانێی نوێی وڵاتانی ناوچە و نەتەوە و پێكهاتە جیا جیاكانی لێكەوتووەتەوە. كاریگەریی ئەم دۆخە نوێیە بۆ هەركام لە وڵاتانی توركیە و ئێران كە هێزی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و میراتگری ئیمپراتۆرییەكانی سەفەوی و عوسمانین زەقتترە. ئێران وێرای شكستە سیاسی و نیزامییەكانی لە دوای ٧ی ئۆكتۆبەر هێشتا بە پرۆژەی پان ئێرانیزمی شیعە لە بەرانبەر پرۆژەی پان تووڕانیزمی توركەكان خەریكی ململانێیەكی نوێن و هەركامیان بۆ بەرژەوەندییەكانیان هەوڵ دەدەن پێكهاتەكانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ خۆیان بخەن. لەو كێشمەكێشەدا ئازەرییەكانی نیشتەجێی ئێران بوونەتە سێ بەش. بەشێكیان لە هاتنەسەركاری ڕێژیمی ئێرانەوە بگرە تا ئێستا كە زۆربەیان كاربەدەست و مووچەخۆری ڕێژیمن، لە چوارچێوەی گوتاری پان ئیرانیزمی شیعەگەریدا دژی كورد بوون و هەن. بەشێكی دیكەیان ساڵانێكە لە خزمەت پرۆژەی پان تووڕانیزمی توركیە و ئازەربایجانی باكۆدا تێدەكۆشن و لەژێر كاریگەریی ئەو گوتارەدا بەتەواوی دژی كوردن. بەشێكی دیكەشیان كە تێكەڵاوێک لە ئازەریی سوننە و شیعەی ناحكوومین، حەزیان لە ژیانێكی ئارام و ئاشتیانە لەگەڵ كوردەكانە و خزمایەتی و تیجارەت و تێكەلاویی كۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ كوردەكان هەیە.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

بەڕێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵی کوردەکانی ئۆرمیە، ماکوو، کۆتۆل، نەغەدە و هی سەڵماسیش کە ڕێژیم ڕێگای نەدا بەڕێوە بچێ، سەرەڕای لایەنە کولتوورییەکەی، هەڵگری نێوەرۆکی پێگەیشتوویی نەتەوەیی و بزاڤێکی نوێی مەدەنی- کۆمەڵایەتی دژ بە ڕێژیمی ئێران بوو. بەڵام کاردانەوەی توند و هەرەشە ئامێزی ئازەرییەکانی دژ بە کورد کە ساڵانێکە بە هاندانی ڕێژیمی ئێران و لایەنی دەرەکی دوژمنایەتی نەتەوەی کورد دەکەن، جێگای تێڕامانە و دەرکەوت کە هەردوو بەشی ئەو ئازەرییانەی دژی کوردن چ خوێندنەوە و پلانێکی نوێیان دژ بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی کورد و ئازەریی خۆجێی ئەو ناوچانە هەیە و چاوی تەماحیان لە خاک و سەروەری و ناسنامەی کوردستانیبوونی پارێزگای ئۆرمیە بڕیوە و دەیانەوێ داهاتووی ئەو پارێزگایە بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەری نێوان تورک و کورد ببەن.

لە وەها دۆخێکدا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە کوردەکان یان ئازەرییەکان دەبێ چ بکەن؟ ئایا دەکرێ بە تەماحی زیادەخوازیی هەر لایەنێک و هاندانی ڕێژیمی ئێران و لایەنی دەرەکی، ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە تووشی شەڕ و مالوێرانی ببن؟ ئایا دەکرێ یەکێکیان حاشا لەوی دیکەی ئەو ناوچەیە بکا و بیسڕێتەوە؟ بێگومان هیچکام لەو بژاردانە مەنتیقی نین و ناتوانن خزمەت بە پرسی کورد و ئازەرییەکان بکەن. بۆیە باشترە ئەو دوو نەتەوەیە بە بیرکردنەوەیەکی واقیعی، بوونی یەکتر لەو جوگرافیایەدا قبوول بکەن و بە ڕێکار و مکانیزمی سەردەمیانە، بە ڕێگای دیالۆگ و پێوەری دێموکراتیک و گشتپەسند، هاوشێوەی زۆرێک لە وڵاتانی دونیا کێشەکان چارەسەر بکەن و پێکەوە ژیانێکی ئارام و دوور لە ئاژاوە بونیاد بنێنن.

لە ڕوانگەی خۆمەوە پرسی هەموو شار و ناوچەکانی پارێزگای ئۆرمیە یان هەر شوێنێکی دیکە کە کورد و ئازەری پێکەوەن، بابەتی هەستیار و گرینگ و چارەنووسسازن و نابێ بە قەزا و قەدەریان بسپێرین تاکو پیلانی نەیاران یان پاوانخوازیی هەرکام لە کورد یان ئازەری ببێتە هۆی شەڕ و ماڵوێرانی لەو هەرێمە هەستیارەدا. دەبێ لایەنە سیاسییەکان و بژاردەکانی کورد و ئازەری خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان بۆ ڕەهەندەکانی "مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، نەتەوەیی و ئایینی و ئابووریی" ئەو پارێزگایە هەبێ و بە دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان، بتوانن خاڵە ناکۆکەکان بە ڕێگای وتووێژ و سیاسییەوە چارەسەر بکەن. بۆیە پێویستە هەموو حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕووناکبیران و دامەزراوە یاساییەکانی ئەو دوو نەتەوەیە بتوانن لەسەر بنەمای فۆرمولی براوە-براوە، پێکەوە بسازێن و ڕێگا نەدەن دەستی پیلانگێریی دەسەڵاتی ناوەندی یا خود دەرەکی بتوانێ ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە بخاتە مەترسییەوە.

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# گۆڕەپانی نەورۆز



ئاسۆ مینبەری

ژیان بۆ مرۆڤ گۆڕەپانێکی گەورە لە ململانێ جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە پێگەی شیاوی خۆیەتی. ئەم پێگەیە لە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە ئەتوانێ جیاوازیی هەبێت و هەرکەس بەپێی کەسایەتی و ئامانجی دیاریکراوی خۆی لە ژیانیدا، پێناسەی ئەم پێگەیە بکات و پلان بۆ گەیشتن بەم پێگەیە دابرێژێ.

لەم پێناوەدا هەوراز و نشێو زۆرن و بێگومان تاکەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و دۆخی دەوروبەرەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی کە گرینگە، زاڵ بوونە بە سەر کەندوکۆسپەکان و دۆزینەوەی ڕێڕەوە دروستەکەی ژیان بۆ گەیشتن بە پێگە و ئامانجە دیاریکراوەکە.

ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵگە بەتایبەت لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپی گەورە بەرەوڕوو بوونەتەوە کە بە درێژایی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا، پێشیان بە سەربەستی و سەربەخۆیی ژنان گرتوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی، سیستەمی

باوکسالار و پیاوسالار، دەسەڵاتی خۆسەپێنی دژەژن، نەخوێندەواری، نەبوونی دەرفەتی یەکسان و دەیان دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لەو فاکتەرانەن کە ژنانیان لە ڕێڕەوی سەرەکیی ژیانیان دوور خستوونەتەوە و نەیانهێشتوە وەک مرۆڤ پێناسە ڕاستەقینەکەی خۆیان هەبێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە، خەباتی ژنان قەت ڕانەوەستاوە و ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەمیشە هەوڵیان داوە. ئەگەرچی ئەم هەوڵانە لە قۆناغی جیاوازدا و بەپێی کاریگەریی دۆخی سەردەمەکان ئاکامی دڵخوازیان نەبووە و خەباتەکە بەرەو کزبوون ڕۆیشتوە بەڵام، خەباتەکە بەردەوام بووە و ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە.

تێکۆشانی ژنان لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بووە کە قەت کۆڵیان نەداوە و خەباتەکەیان تا گەیشتن بە ئامانج بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستەش بە هەزاران کردەوەی ژنان هەبووە کە هەر کامەیان بە جۆرێک ژنیان لە ئامانجەکەی نزیک کردووەتەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و چالاکییەکانی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، وای کردوە کە ژنان بە باوەڕبەخۆبوونێکی زیاترەوە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵێنن و زیاتر دەرک بە گرینگیی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر داهاتوو بکەن.

گەشەی کاری ڕێکخراوەیی لە شێوەی جیاوازدا خۆی نواندوە و ژنان هەر جارەو لە چوارچێوەیەکدا چالاکییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن تاکوو بتوانن لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان بگێڕن.

نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستانە، بە دەیان ڕێوڕەسم و بۆنەی جیاوازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە کە ژنان تێیاندا، خۆیان دەبیننەوە و هەوڵ دەدەن بە پێچەوانەی ڕابردوو، لە پێشەوەی گۆڕەپانی چالاکییەکەدا بن و کاریگەربوونی خۆیان بسەلمێنن.

ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێ، گۆڕەپانی نەورۆزە، گۆڕەپانێک کە ژنان تێیدا خۆیان بینیوەتەوە و بە بوون لەم مەیدانەدا بە کردەوە بەشداربوونی خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا نیشان داوە و خەریکن هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی شیاوی خۆیان دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

هەبوونی ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێش هەموو شتێک نیشاندەری بەرزبوونی وشیاریی نەتەوەیی و ئاستی بەرزی تێگەیشتنی ژنان لە بوون و گرینگیی خۆیان وەکوو مرۆڤێکی سەربەستە.

کاتێک کە ژنان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ سەدان بەربەستی دروستکراوی دەستی دوژمن بەرەوڕوو دەبنەوە و هەموو دەرفەتەکانی ژیانیان لێ وەردەگیرێ و ناتوانن وەکوو مرۆڤێکی ئازاد و وشیار درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، کەوابوو هەموو ڕووداوێک لە کۆمەڵگەدا دەکەن بە دەرفەت و دەیقۆزنەوە تاکوو بتوانن بەرەنگاری بیری چەقبەستووی دژەژن ببنەوە. لێرەدایە کە ژنان خۆیان دەبن بە خولقێنەری دەرفەت و بەربەستەکان تێک دەشکێنن.

لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ژنان مەیداندراری سەرەکی بوون و بە بوونیان نیشانیان دا کە ئەگەرچی دوژمن هەوڵی داوە لە کۆمەڵگە دووریان بخاتەوە و نکۆڵی لە بوونیان بکات، ئەوان بە ئیرادەوە پێشەنگایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەستۆ دەگرن و خەبات بۆ مافەکانیان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی نەورۆز لە کوردستان بە مەترسیدار دەزانێ، بۆنەیەکی نەتەوەیی بە هەڕەشە دەبینێ و هەوڵی سەرکوتی دەدات، لە بەرانبەردا تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت ژنان کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە سەدان کۆسپیان هاتووەتە سەر ڕێ، هەوڵیان داوە هەر ئەو نەورۆزە لە بۆنەیەکی نەتەوەیی و کولتوورییەوە بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانێ شەڕێکی ناسنامەخوازی تاکوو بە ئامانجەکانیان بکەن.

**ئەم گۆڕەپانە، لێوڕێژە لە مرۆڤی بە ئیرادە لە تەنیا چەکی دەستیان چۆپی و تەنیا فیشەکیان شایی و هەڵپەڕکێیە.**

**گۆڕەپانی نەورۆز، وانەی پێکەوەبوون، تەبایی، یەکگرتوویی و یەکبوونە و ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێشەنگی خەبات و بەرخودانن کە ژن لەم گۆڕەپانەدا، هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی خۆی وەک مرۆڤێکی وشیار و سەربەست دەدات.**

**١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# فەلسەفەی دامەزراندنی "یەکیەتیی ژنانی دێموکرات" لە تێڕوانینی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستاندا




**شاڕۆخ حەسەنزادە**

دامەزراندنی " یەکیەتیی ژنانی دێموکرات" کەمتر لە دوو مانگ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی) نەک تەنیا هەنگاوێکی سیاسیی ساکار نەبوو، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵایی باوەڕە کولتووری، مێژوویی و فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە. لەم نووسینەدا، لە سێ ڕوانگەوە ١. سیاسی ٢. فۆلکلۆریک (ئەدەبیاتی زارەکی) و ٣. فەزای فکری-فەلسەفیی زاڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا، هەوڵ دەدەم بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەتر لە کاریگەری و هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم یەکیەتییە و گرنگییەکەی لە تێڕوانینی قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان بدوێم.

دامەزراندنی یەکیەتییەکان و ڕێکخراوەکان، نەریتێکی باو لەنێو حیزبە چەپ و سۆسیالیستییەکان بوو کە لەو سەردەمەدا لە ئێران و کوردستاندا کاریگەرییان هەبووە. نزیکەی چوار ساڵ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) حکوومەتی پاشایەتیی ئێران بەبێ هیچ بەرگرییەک کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی هاوپەیمانان (سۆڤیەت و بەریتانیا) و

دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بە لابردنی ڕەزا شا ڕووخا. لەو کاتەدا، کاریگەریی بیرۆکە چەپە سۆسیالیستییەکان بەتایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، لە ڕێگەی سۆڤییەتەوە بە هاتنی سوپای سوور لە ناوچەکانی باکووری ئێرانەوە بەسەر کوردستاندا زیاتر بڵاو بووە و پەرەی سەند. لەلایەکی ترەوە، نەریتی ڕێکخستنی ژنان لە بزووتنەوە چەپەکاندا، بەتایبەتی تیۆریی چینایەتی لە بیرۆکەکانی "کارڵ مارکس" کە بنەمای پرەنسیپە فکرییەکانی حیزب و ڕەوتە چەپەکان بوو، ڕەگی داکوتبوو. لە ڕاستیدا تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی تیۆریی مارکس بریتی بوون لە چەمکی چینەکانی کۆمەڵگە بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی بەرهەمهێنان و گریمانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی خەباتی چینایەتییەوە کە دەبوو بگاتە نموونەیەکی نوێی کۆمەڵگەی بێ چین. مارکس، ئازادیی ژنانی بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئامانجەکانی خەباتی چینایەتی دەزانی. ئەو لە دەستنووسە فەلسەفییەکانی ساڵی ١٨٤٤دا بە شێوازی جیاواز ئاماژە بە هەڵسوکەوتی "بنیام" (بوونەوەری مرۆیی) لەگەڵ پیاوان و ژناندا دەکات و دەڵێت؛ گەشەسەندنی ئێمە بە جۆرێک دەکرێ بەپێی شێوازی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ژنان هەڵبسەنگێندرێت و دەبێت ئەم ئاکارە یەکسان و هاوتەریب بێ لەگەڵ شێوازی ڕوانینمان بۆ پیاوان.

لەنێو قووڵایی ئەم ڕوانگە سیاسی و ئابوورییانەدا بوو یەکەم ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانیی ژن لە ساڵی ١٩١٠ بە هەوڵی "کلارا زێتکین"، چالاکی سۆسیالیستی ئەڵمانی بەڕێوە چوو. تەنانەت کەسایەتییە کاریگەرەکانی تری ژن وەک "ڕۆزا لوکزامبورگ" وەک سەرکردەی ڕەوتە چەپە سیاسییەکان لە ئورووپا لە بەردەوامی ئەم نەریتە فکرییەدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا و کاریگەرییەکەی لە بەفەرمیناسینی مافی دەنگدان دوای شۆڕشی کۆمۆنیستیی ١٩١٧ گەیشتە لوتکە.

قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان بە تێگەیشتنێکی ورد لەم فەزا سیاسییە و بە ئیلهاموەرگرتن لە نەریتە فکرییە سۆسیالیستییەکان، لە گرنگیی ڕێکخستنی ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تێگەیشتبوو. ناوبراو بەم ڕاستییە گەیشتبوو کە ژنان نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن و بەشدارییان لە بوارەکانی سیاسی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییدا بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوە مافخوازانەی کورد پێویستە. ئەم تێگەیشتنە لە پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە ئاوانگارد و پێشەنگ لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە بەشەکانی دیکەش، وەک "حەپسەخانی نەقیب" لە سلێمانی، پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆریی کوردیشدا، دووهەم هۆکار و بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر کاریگەری و پێگەی ئەوان لە کولتوور و ناسنامەی کوردیدا. ئەم ڕۆڵە نەک تەنیا دیاردەیەکی ڕواڵەتی و کاتی نیە، بەڵکوو ڕەگیی لە قووڵایی ناخودئاگای بەکۆمەڵی نەتەوەی کورددا هەیە. بەپێی تیۆریی "کارڵ یۆنگ"، ناخودئاگای بەکۆمەڵ گەنجینەیەکە لە



سەرچاوە
Serchawe

کەونەهێماکان، پارادایم و ئەزموونە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. ئەم کەونەهێمایانە لە شێوەی دەرەڤۆک، ئەفسانە، چیرۆک، هونەر و ئەدەبیاتی کۆمەڵگەیەکدا دەردەکەون و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنێن. لە هۆنراوە حەماسییەکان، بەیت و گێڕانەوە زارەکییەکانی کوردیدا، ژنان نەک تەنیا دەوری بەرچاویان هەیە، بەڵکوو زۆرجار وەک کەسایەتییە سەرەکییەکان، پاڵەوانان و سەرکردەی کۆمەڵگە وێنا دەکرێن. ئەم شوبهاندنە، نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە، بەڵکوو دەربڕی بەها و ئامانجە دیرۆکییەکانە کە لە ناخودئاگای بەکۆمەڵی نەتەوەی کورددا ڕەگیان داکوتاوە. بۆ میناک، لە بەیتەکانی "شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی"، "مەم و زین" ژنان شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی سەرەکی لە حەماسە و چیرۆکەکەدا دەگێڕن یان لە بەیتە بەناوبانگەکەی "لاس و خەزاڵ"دا، خەزاڵ نەک تەنیا سەرۆکی هۆزی خۆیەتی (مامودینان)، بەڵکوو ئازادانە خۆشەویستیی خۆی بۆ (لاس) دەردەبڕێت. خەزاڵ، وەک کەونەهێمایەک، پرادایمێکە بۆ هێز، سەربەخۆیی و ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەوە بیرهێنەرەوەی دەرەڤۆک و ئوستوورە کۆنەکانی زاگرۆس - تۆرۆسە کە تێیدا ژنانی بەهێز و سەربەخۆ ڕۆڵێکی گرنگیان لە کۆمەڵگەدا گێڕاوە و لەسەر ئەم بنەمایە ژنان ڕێزی تایبەتیان هەبووە و دەستەواژەی وەک شێرە ژن یان شۆڕەژن هاتووەتە ناو کایەی زمانییەوە.

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کتێبی "توحفەی موزەفەرییە"دا بە ئاماژە بەم بەیتە، بە یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی کوردی ناوی دەبات کە ئەگەری هەیە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام یان سەردەمی مێووەجاغی بگەڕێتەوە. ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ناخودئاگای بەکۆمەڵی میللەتی کورددا، ژنان هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەماییان هەبووە. تەنانەت لە یاساکانی تایبەت بە شایی و هەڵپەڕکێی کوردیشدا، ئەوە تەنیا ژنە مافی هەڵبژاردنی هەیە کە لەگەڵ کێ هەڵپەڕێت و بچێتە دەستی کێ (تەنانەت ئەم ڕێسا و چالاکییەش ناوی هەیە و پێی دەوترێ "دۆ" کە دەبێ لە "دۆت"ی کورمانجی سەروو هاتبێ واتە کچ، کەنیشک)، ئەمەش ڕەگی لە هەمان ناخودئاگای بەکۆمەڵدا هەیە. ئەم مافی هەڵبژاردنە، هێمایە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ژنان و دەردەخات ژنان لە کولتووری کوردیدا پێگەیەکی تایبەتیان هەبووە. با ئەوەندەش بڵێم؛ دکتۆر جەواد قازی، مامی پێشەوا قازی محەممەد لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی کتێبەکەدا کە کاری "ئۆسکارمان"ی ئەڵمانی بوو لە ساڵی ١٩٠٥دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و دڵنیام خودی پێشەواش ئاگاداری نێوەڕۆکی کتێبەکە و مێژووی زارەکیی کورد بووە.

دوای بزووتنەوەی ژینا بە دروشمی "ژن ژیان ئازادی" ژنی کورد وەک سووژەیەکی چالاک و سەربەخۆ، نەک ئۆبژەیەکی سێکسی یان ڕەگەزیی دووهەم، بە سوود وەرگرتن لە پێشینەی مێژوویی خۆی توانی ئامادەبوون و ڕۆڵی خۆی بسەلمێنێت. ئەم دروشمە بە بەکارهێنانی سێ وشەی بەڕواڵەت ساکار بەڵام بەهێز کە لە ناخودئاگای بەکۆمەڵی کوردەوە هەڵقوڵابوو وەک ئەمرێکی سەرتاسەری لێ هات و توانی ببێتە ناسنامەی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە و، هەستەکان، بەهاکان و باوەڕە قووڵەکانی

چـالاک کـرد. ئەم دروشـمە کە بنەمـا سـەرەکییەکەی ژن بـوو، یـارمەتی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانی دا نەک تەنیـا لە کوردستان بەڵکو لە سەرتاسەری ئێرانـدا بـۆ ئەوەی شوناسێکی نـوێ بـۆ خۆیـان پێناسە بکەن، دەسەڵاتی حـاکم تووشی ئاڵنگاری بکەن و بـۆ دروستکردنی کـۆمەڵگەیەکی ئـازاد و دادپەروەر هەوڵ بـدەن. هەروەهـا بەشداریی بەرفرەوانی ژنـان لە چالاکییە ئەدەبی، کولتووری، زمانی، مافی ژنان، ڕێوڕەسمەکان و جەژنەکانی نەورۆز لە ساڵانی ڕابردوودا بەتـایبەت سـاڵی بووری-ئەمساڵ، لە زۆربەی هەرە زۆری شار و گوندەکانی کوردستان، نموونەی بەرچاوی بەردەوامی ئەم ڕۆڵگێڕانەی ژنـانە لە ناسنامە و کولتووری کوردیدا. بەشداریی چالاکانە و بەربڵاوی ژنـان، جەژنەکـانی نەورۆزیـان کردە گۆڕەپانێک بـۆ نمایشی هێز، شوناس و یەکیەتیی نەتەوەیی و یەکسانی ڕەگەزی. لەبەرکردنی جلیی نەتەوەیـی بە بەستنی و لەمل کردنـی جامـانە، هەوەوری و گوڵوەنی، وتنەوەی سرووده نەتەوەییەکان، داگیرساندنی هێمایی ئاگری نەورۆز، گرتنـی سەرچۆپی، نەک تەنیـا هێمایەک بوو بۆ ناسنامەی ژنیی کورد، بەڵکو دەربڕی خواستی ئەوان بـۆ ئـازادی، یەکسانی و دادپەروەری بـوو. بەردەوامیی لـۆژیکی ئەم نەریـتە دێرینە، دەریخست ژنـانی کوردستـان پێشەنگی گۆڕانکـاری و خەبـاتن بـۆ بەدەستهێنانی مـافە ڕەواکـانی خۆیان هەم لە پێناو دادپەروەری هەمژی بـۆ خەبـاتی ناسیونالیستی. ئەم بەشدارییە بەهێـز و کـاریگەرە لە ڕێوڕەسمەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەگی لە هەمـان ناخودئاگـای بەکۆمەڵـدا هەیە کە ژنـان وەک بەشێکی دانەبـڕاو و چالاک لە مێژوو، ویژە، سیاسەت، کۆمەڵگە و فەرهەنگی کوردی پێناسەی دەکات. قازی محەممەد بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە و ئـاگـادار لە ڕۆڵـی ئەم کەونەنموونـانە لە بیچمگرتنـی شـوناس و ڕەفتـاری تاکەکـان، بە گرنگیـی ڕێکخسـتنی ژنـان بـۆ پاراسـتن و بەهێزکردنی ئەم ناسنامە و کولتوورە گەیشتبوو.

سەردەمی کۆماری کوردستان، هاوکـات بـوو لەگەڵ گەشەونەشەی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم (بـوونگەرایی). چەمکگەلێک وەک ئـازادی، بەرپرسیـارێتیی تاکەکەسی، هەڵبـژاردن، پابەنـدی و دەروەستبوون و مانابەخشین بە ژیـان، لەنێـو چەمکە سـەرەکییەکانی ئەم فەلسـەفەیە دەوری سـەرەکیان گێـڕاوە و کاریگەرییـان لەسـەر فەزای فکریـی و مەعرەفـی ئەو سـەردەم هەبووە. ئێگزیستانسیالیزم لەسەر ئەم بـاوەڕەیە کە مرۆڤەکـان بەرپرسن لە هەڵبژاردنەکانی خۆیـان و دەبێت بە ئـاگاداری لەم بەرپرسـیارێتییە، ژیـانی خۆیـان وێنـا بـکەن. ئەم فەلسـەفەیە بە دژایەتیکردنـی قەدەرگەرێتـی (جبرگرایـی - Determinism) و ڕوانگە نەریتییەکان، جەخت لەسەر گرنگیی تاکایەتی و خودئاگایی دەکاتەوە.

بڵاوبوونەوەی کتێبی "ڕەگەزی دووهەم" لە نووسینی "سیمۆن دوبۆڤوار"، لە پێشەنگانی فێمێنیـزم و هـاوژینی "ژان پـۆل سارتر" لە کـۆڵەکە سـەرەکییەکانی ئەم فەلسـەفەیە، نیشـانەی بایەخـدانی جیهـان بە پرسـەکانی پەیوەست بە ژنـان و یەکسـانیی ڕەگەزی بوو. دوبۆڤوار لەم کتێبەدا، بە ڕوانگەیەکی بوونناسـانە بـۆ پرسی ڕەگەز، خۆیـا دەکـات؛ "ژن بـوون" ئەمرێکی زاتـی نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بەسەر ژناندا دەسەپێندرێت. ئەو بە جەختکردنەوە لە ئازادی و مافی

## خاکەلێوەی ٢٧٢٥

هەڵبژاردنی ژنان، خوازیاری ڕزگاریی ژنان لەم پێکهاتانە و بەدیهێنانی تاکایەتی و مرۆڤایەتیی تەواوی ئەوان دەکات.

قازی محەممەد، وەک کەسایەتییەکی ڕووناکبیر و زانا، هەروەها زانینی چەندین زمان لەنێویاندا فەرەنسی، ئەگەری زۆرە لەگەڵ ئەم فەلسەفەیە و بیرۆکەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان ئاشنا بووبێت و کاریگەریی لەسەر هەبووبێت. فەلسەفەی بوونگەرایی بە جەختکردنەوە لەمەڕ ئازادی و مافی هەڵبژاردن، ئەم دەرفەتەی بە قازی محەممەد دا کە ژنان وەک بوونەوەرگەلێکی ناچالاک و ملکەچ نەبینێت، بەڵکو وەک تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن مافی بڕیاردان پێناسەیان بکات. ئەم ڕوانگەیە، دەکرێ ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بڕیاری بەڕێزیان بۆ دامەزراندنی یەکێتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبووە. سەرۆک کۆماری کوردستان بەم هەنگاوە، هەوڵی دا بەستێنی پێویست بۆ ئازادی، مافی هەڵبژاردن و یەکسانیی ڕەگەزیی ژنانی کورد دابین بکات و ئەوانی وەک هاونیشتمانی یەکسان و چالاک لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە فەرمی بناسێنێت. ئەو بە ڕێکخستنی ژنان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا گۆڕانکارییەکی گەورەی لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و ئایینی ٨٠ ساڵ لەمەوبەر دروست کرد و ئەم دەرفەتەی بە ئەوان دا دەنگی مافخوازیی خۆیان بەرزتر بکەنەوە، لە بڕیاردانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداری بکەن و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان تێ بکۆشن و خەبات بکەن. بە واتایەکی تر، دامەزراندنی یەکێتیی ژنان بە سەرۆکایەتیی مینا خانم هاوسەری پێشەوا و ئەندامبوونی کچەکانی خۆی بە ئامانجی ڕەچەشکاندن، ڕەنگدانەوەیەکی کرداریی بیرۆکە پێشکەوتووخوازانە و بوونگەرایانە بوو لە بواری یەکسانیی ڕەگەزی و ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

بە شێوەیەکی گشتی؛ دامەزراندنی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، هەنگاوێکی چەند ڕەهەندی بوو و ڕەگی لە باوەڕە بەهێزەکانی قازی محەممەد لەهەمبەر گرنگیی ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگە و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەبوو. ئەم هەنگاوە، نەک تەنیا کاریگەریی فەزای سیاسیی و بیرۆکە سۆسیالیستییەکانی لەسەر بوو، بەڵکوو ڕەگی لە مێژووی فۆلکلۆریک و کولتووری کوردی، هەروەها فەزای فکری-فەلسەفیی ئەو سەردەمەدا هەبوو. بە لێکۆڵینەوە لەم سێ ڕوانگەیە و بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ناخودئاگای بەکۆمەڵ و کەونەهێما ژنانەکان لە کولتووری کوردیدا، دەتوانین بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لەم هەنگاوە و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بگەین. دامەزراندنی ئەم یەکیەتییە، هەنگاوێکی گرنگ بوو لە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری بۆ ژنانی کورد لەگەڵ خەباتکردن بۆ مافە نەتەوەییە دێموکراتییەکاندا کە هەتا ئەمڕۆش ئیلهامبەخشی بزووتنەوەکانی ژنان لەم ناوچەیەدا بووە.

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# لە پەراوێزی بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو ڕووناکبیرەکەدا




**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەیاننامەی ٨٠٠ بەناو نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیر بڵاو کرایەوە کە تێیدا دژ بە نەورۆزی خاکیپۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێست گیرابوو. دیارە ڕستە بە ڕستەی ئەم بەیاننامەیە جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە و لێرەدا هەوڵ دەدەین بپرژێینە سەر چەند بەشێکی گرینگی ئەم نامەیە.

پێش لە هەر شتێک دەبێ بگوترێ کە دێڕبەدێڕی ئەم بەیاننامەیە جیا لەوەیکە دژ بە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئازادی و دێموکراسی و فرەچەشنییە، لەوە زیاتر ڕەوایەتێکی تەواو فاشیستییانەیە کە لە ڕاستای یەکدەستکردنی جوغڕافیای ئێران هەنگاو دەنێت و جێگەی مەترسییە.

پڕئاشکرایە کە ئەو وڵاتەی بە ئێران دەناسرێ لەڕووی پێکهاتەییەوە وڵاتێکی فرەنەتەوەی پڕ لە جۆراوجۆرییە کە لە کۆنەوە چەندین نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز تێیدا پێکەوە ژیاون. کورد، تورک، عەرەب، بەلوچ، تورکمان و باقی ئێتنیکەکانی نێو ئەم جوغرافیا بە هەبوونی هەرچەشنە ئایین و کولتوور و وردەکولتوورێک کە بە درێژایی ساڵیان پێک



سەرچاوە
Serchawe

هاتووە پێکەوە بوونەتە بەشێک لەو فرەڕەنگییەی کە قەوارەی بە ئێران بەخشیوە. کەواتە ئەم جۆراوجۆری و جیاوازییانە بە پێچەوانەی گوتاری ناوەندگەراکان و واژۆکەرانی ئەم بەیاننامە نەتەنیا خاڵی لاوازی نییە بەڵکوو دەبێ وەک مەزنترین سەرمایەی مێژوویی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بۆ ئێستە و داهاتووی ئێران سەیر بکرێ! ئەگەر کەسێک خەمی ئەو نیشتمانەی هەبێ.؛ بەڵام نێوەڕۆکی ئەم بەیاننامە نەتەنیا هیچ چەشنە خەمخۆرییەکی تێدا بەدی نەکراوە بەڵکوو بەهۆی دنیابینی سەقەتی ناوەندگەرایانەی بە میراتگەیشتوو لە ڕێژیمی پاشایەتی و دەسکەوتی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک بۆسەر داهاتوو لە قەڵەم دراوە کە خوازیاری سەرکوت و لەنێوبردنیەتی.

لە بەشێک لەم نامەیەدا وێڕای هەوڵدان بۆ سووکایەتی کردن بە گەلی خاوەن مێژوو و فەرهەنگی کورد، ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستان بە دزەی فەرهەنگی خەڵکانی تر و لەوەش بچووکتر لاسایی‌کردنەوەی ناشارەزایانە لە وڵاتانی دراوسێ پێناسە کراوە کە ئەمە خۆی نیشان دەدات ئەو کەسانەی واژۆی نامەکەیان کردوە یان هیچ شتێک لەسەر مێژوو نازانن یان بەئەنقەست و بۆ خۆڵ لەچاوکردن دەیانهەوێ ئاگرێکی بێهۆ لەم وڵاتەدا خۆش بکەن؛ دەنا کێ هەیە کە نەزانێ مێژووی نەورۆز لە نێو گەلی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر لەوەیکە بیری لێ دەکەنەوە و ڕەنگە باشترین بەڵگەش هەمان نووسراوەکانی ئەحمەدی خانی شاعێری ناوداری کورد لە سەدەی ١٧ی زایینی بێ!

لە بەشێکی دیکەی ئەم نامە پڕشوورەییەدا کە بەداخەوە چەند کەسێک لە واژۆکەرانی کوردن! ئاماژە بە ڕووداوەکانی نەورۆزی ورمێ کراوە و بە دابەزاندنی قوورسایی جێژنێکی وەها مەزنی نەتەوەیی بۆ ڕێوڕەسمێکی قەومی! تۆمەتی چاندنی تۆوی ڕقوقین و "تجزیه‌طلبی"یان وەپاڵ داون. هەر ئەو دەستەواژە ئاشنای کە ساڵانێکە ناوەندگەراکانی سەر بە کۆماری پەتوسێداره دژ بە هەر چەشنە مافویستییەک کردوویانەتە گۆپاڵی دەست. گۆپاڵێک کە هەر دوابەدوای بەڕێوەچوونی نەورۆزی ورمێ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە تاقمێک پانتورکی لێ هان درا تا بڕژێنە سەر شەقام و بیکوتن بەسەر گەلی کورددا!

کەواتە ڕوونە ئەم شێوازی ڕوانین و دەربڕینە لەڕاستیدا نەک نابێتە هۆی هێوربوونەوەی دۆخەکە بەڵکوو بۆخۆی دەبێتە هۆکارێک لەمەڕ زیاتر تەشەنەکردنی ناکۆکییەکان و زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەتایبەت لە نێوان دوو نەتەوەی تورک و کورد کە ساڵیانی ساڵە پێکەوە لەو جوغرافیایەدا دەژین؛ کەواتە ئەوەیکە واژۆکەرانی ئەم نامە باسی لێوە دەکەن لەڕاستیدا بۆخۆی هەوڵێکە بۆ زیاترکردنی کەلێن لە نێوان نەتەوەکان نەک هەوڵدان بۆ لێک‌نیزیک‌کردنیان!

پرسێکی گرینگی دیکە کە دەکرێ لێرەدا شەنوکەو بکرێت، کەڵکوەرگرتنی بەئەنقەستی ئەم بەڕێزانە لە دەستەواژەی "مصادره

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

نـوروز"ه! نەورۆز جێژنێکـی کەونــارا و دێـرینە کە تەواوی نەتەوەکـانی نیشـتەجێ لەو جوغرافیـا بە "پارسییەکانیشـەوە" بەشێوازی جۆراوجۆر و هەرکام بەپێی سروشتی خۆی بەڕێوەی بردوە. کاتێک کە ئەوان بـاس لە موسادرەکردنی نەورۆز دەکەن وەک ئەوە وایە کە ئەم جێژنە هی نەتەوەیەکی تـر بووبێت و کورد هـاتبێ بە تـاڵانی بردبێ بـۆ هەنـدێ مەرامی سیاسی و تایبەتی خۆی، لەحاڵێکدا هەموو عەقڵێکی سەلیم ئەوە دەزانێ کە ئەو شێوازی دەربـڕین و ئاخـاوتنە تەنیـا لە مەیخەڵەی کەسانێکی فاشیستەوە سەرچاوە دەگرێ کە نـاتوانن و نایـانهەوێ گەورەیـی و شکۆی نەورۆز وەک خۆی ببیـنن بـۆیە دەیکەنە ئامرازێک بۆ سووکایەتی‌پێکردن و سەرکوت؛ سەرکوتێک کە وەک فارس دەڵێ "مسبوق به سابقه"یە و پـرس و بـابەتێکی نـوێ نییە!

بەڵام ئەوەیکە گرینگە و مێژوو سەلماندوویەتی و ڕەنگ بـێ پێویست بکـات دووبـارەش بسەلمێتەوە ئەوەیە کە کـورد لەسەر خاکی خۆی بەدرێژایی ساڵانی دووروودرێژ بەرامبەر بە تاڵان و تاوانی سپای ڕوم و عەجەم و پـارس ڕاوەستاوە و ڕادەوەستێ چونکە بـاوەڕی بە مـانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەکـی خـاوەن سـەروەرییە و ئەم جۆرە هەڵوێستگرتنە نەشیاوانەش تەنیـا لە چوارچێوەی هەوڵێکی نەزۆکی فاشیستییـانەی فەرهەنگی سەرچاوەگرتوو لە عەقڵیەتی پووکاوی ناوەندگەراکان دەبینێ.

**٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

## پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**بەڕێزان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان!**

خەباتی لاوان لە جیهان و لاوانی کوردستان مێژوویەکی دووردرێژی لە خۆڕاگری و بەربەرەکانی لە بەرامبەر زوڵم و نایەکسانی و نادادپەروەریدا تۆمار کردوە. بەخۆشیەوە وشیاری و لەسەرهەستبوونی لاوانی نەتەوەی ئێمەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، وای کرد کە لاوانی کورد لە کاروانی کاری ڕێکخراوەیی وەدوا نەکەون و ٨٢ ساڵ لەمەوبەر بە دامەزراندنی "سازمانی جەوانانی کورد" خەباتی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی خۆیان دەست پێکرد و توانییان بەشێک لە لاوان لە ناوچەی مەهاباد بە دەوری ئامانجە نەتەوەییەکانی ڕێکخراوەکەیان و کۆمەڵەی ژێ کاف کۆ بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەڕێزان!**

خاکەلێوەی ئەمساڵ بۆ هەموو لایەک جیاوازییەکی زۆری هەبوو. لە خاکەلێوەی ئەمساڵدا لاوانی کورد لە ڕێفراندۆمێکی واتاداری نەورۆزیدا، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی و دەکارکردنی هەموو مۆتێم و سیمبولە نەتەوەییەکانی وەک هەوری و جامانە لە کارناڤاڵەکاندا، پێداگرییان لەسەر ئەو ئامانجانە کردەوە کە ڕێکخراوەکەی ئێوە و حیزبی دێموکرات بۆی دامەزراون و خەباتی بۆ دەکەن.

دیارە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و خۆ سازماندەر و لاوانی پڕ لە وزە و ئەوینی کوردایەتی، ئەرکی سەرشانی ئێوە وەک یەکیەتیی لاوان و ئێمەش وەک حیزبەکانیان لە جاران قورستر کردوە. قەبووڵکردنی جیاوازی و پێکەوەژیانی تەبا و هەروەها سەربەستیی نەتەوەکەمان ئەو پەیامانە بوون کە لە هەناوی نەورۆزی خاکیپۆشانەوە بە هەموو لایەک گەیشت، هەر لەو سۆنگەیەوە ئێوە لە یەکیەتیی لاوان وەک پردی پێوەندی نێوان لاوان و حیزبی دێموکرات، پێویستە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیامانە لە پێشەوەی پلان و پرۆژە کارییەکانتاندا بێت.

**لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران میراتگری بیری کۆمەڵەی ژێ کاف و ڕێبەرانی شەهیدە و هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا پشتیوان و داکۆکیکاری لاوانی کوردستان بووە و بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی لاوانی کۆمەڵگە درێغی نەکردوە، تەنانەت ڕێبەری دیاری نەتەوەکەمان شەهید دوکتور قاسملووش خەباتی سیاسی و حیزبیی خۆی لە ڕێکخراوی لاوانەوە دەست پێکرد. هەنووکەش لە ڕیزی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی پێشووی یەکیەتیی لاوان دەبینرێن کە بەرهەمی پەروەردە و پێگەیاندنی سازمانیی ئەو ڕێکخراوە و حیزبی دێموکراتن، هەر بۆیە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بۆ حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد سەرچاوەیەکی گرینگی دابینکردنی هێزی مرۆیی و کادری سیاسی و شۆڕشگێڕ بووە و دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی داهێنەرانە و پێشەنگانەی لاوان لە ڕۆژهەڵات و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، پشتیوانی خۆی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات دەکاتەوە و پیرۆزبایی ٢٢ی خاکەلێوە لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراو و لاوانی کورد دەکات و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازێ.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو دڵنیاییە بە لاوانی کورد دەدات کە قوربانیدانی نەتەوەکەمان بەفیڕۆ ناچێت و بە بەشداریی هەموو لایەکمان لە خەبات، ڕزگاری مسۆگەر دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# وەڵامێک بۆ نیگەرانیی نووسەران، ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی




**حەسەن قارەمانی**

نیگەرانیی بەناو نووسەران و ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ٨٠٠ کەسی ، سەبارەت بەو شتەی کە پێی دەڵێن "هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەیی"واژۆیان لەسەر کردوە، شتێکی قووڵتر ئاشکرا دەکات: ئامادەنەبوون بۆ قبووڵکردنی ئەو واقیعە فرەنەتەوەییەی ئێران! لەبری ئەوەی ئەم فرەییە بناسن، کە بەردەوامن لە چەسپاندنی بیرۆکەی "ناسنامەی ئێرانی"ی یەکگرتوو و یەکسان، کە هاوواتای نەتەوە و کولتوور و زمانی فارسییە. بیرۆکەیەکە لە سیاسەتێکی سەد ساڵەی ئاسمیلەکردنەوە لەدایک بووە و ئامانجی سڕینەوەی ئەو فرەچەشنییە کولتووری و زمانەوانییەی کە لە وڵاتدا هەیە.

ئێران وڵاتێکە بە فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری گەورە تایبەتمەندە، کە چەندین نەتەوەی وەک کورد، بەلووچ، تورک و عەرەب پێکەوە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن. سەرەڕای ئەم موزایکە دەوڵەمەندە، دەوڵەتی ئێران لە مێژوودا پەیڕەوی لە فۆرمێکی دەوڵەتسازی کردوە کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تاک کولتووری دامەزراوە. ئەم ئایدۆلۆژیایە لەسەر بنەمای نۆرمێکی فارسی دامەزراو ، کە کولتوور و زمانی فارسی نەک هەر لایەنگری کراوە، بەڵکوو وەک

تاکە فۆڕمی ڕەوای شوناسی نەتەوەیی دامەزراوەیی کراوە.

دەرئەنجامێکی ناوەندی ئەم سیاسەتە پەراوێزخستنی سیستماتیکی زمان و کولتوورە غەیرە فارسییەکانە. دەوڵەت لە ڕێگەی سیاسەتی زمان و سیستەمی پەروەردە و ڕێکخستنی ڕاگەیاندن و قەدەغەکردنی فەرهەنگییەوە، ئیمکاری فرەچەشنی نەتەوەیی کەمینەکان کردوە کە بە ئازادیی دەربڕین و پەرەپێدان و پاراستنی تایبەتمەندییە کولتووری و زمانەوانییەکانیان. نموونەیەکی ڕوون مامەڵەکردنە لەگەڵ نەورۆز، ئەو سەری ساڵەی نەریتییە کە کوردان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. نەورۆزی خاکیپۆشان تەختی خەیاڵیی شۆڤێنیستانی ناوەندگەرای ئێرانی وە لەرزە هێنا ، سەرەڕای ئەوەی ئەم جەژنە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی و کولتووری هەیە، بەڵام زۆرجار ئاهەنگەکان بە سنووردارکردن و چاودێری و تەنانەت هەندێکجاریش توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە بەرەوڕوو دەبنەوە. نەورۆز بۆ کورد نەک هەر بەهایەکی کولتووری هەیە بەڵکو ئەرکێکی سیاسی و شوناس دروستکەری هەیە — هێمای بەرخۆدان و هیوا و پێکەوەبوون.

کەواتە نکۆڵیکردن لە مافە کولتوورییەکان لە ئێراندا تەنیا دەربڕینی چەوساندنەوەی کەمینەکان نیە، بەڵکو پێشێلکردنی قووڵتری مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. کاتێک تاک و گروپەکان لە مافی قسەکردن بە زمانەکەیان و ئاهەنگگێڕان بۆ جەژنەکانیان و دەربڕینی ناسنامەی خۆیان بێبەش دەکرێن، کەرامەت و پێگەی ئەوان وەک هاووڵاتییەکی تەواو تێکدەچێت. لە چوارچێوەیەکی وەهادا شەڕی مافە کولتوورییەکانیش دەبێتە شەڕی یەکسانی و دیموکراسی و کەرامەتی مرۆڤایەتی.

لەبەر ڕۆشناییی ئەم ئاڵنگارییانە بۆ ئەم ٨٠٠ کەسە ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران ئەم ترسە نە لە دیموکراسییە و نە عەقڵانییە - کۆنەپەرستانە و لە بنەڕەتدا نادیموکراسییەکە باس دەکەین.

## سیاسەتی فەرهەنگیی دەوڵەتی ئێران

سیاسەتی فەرهەنگی دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی ئێران نەبوو ، کە تەنیا کولتووری فارسی و زمانی فارسی وەک نۆرمێکی باڵادەست دامەزراوەیی کراون. لە سەردەمی شانشینی پەهلەویدا هەوڵێکی زۆر بۆ بەهێزکردنی شوناسی فارسی درا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە نەتەوەکانی دیکە و زمانەکانیان وەک کوردی، ئازەری و عەرەبی پەراوێز خران. ئەم پرۆسەی یەکسانکردنی کولتووری دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوو، کە ڕێژیمی نوێ زیاتر جەختی لە کولتوور و ئایدۆلۆژیای فارسی وەک پایەی یەکگرتوویی نەتەوە کردەوە.



سەرچاوە Serchawe

نموونەیەکی ڕوونی ئەم سیاسەتە ماددەی ١٥ی دەستووری ئێرانە کە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕێگە بە خوێندن بە زمانی دایکی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان دەدات. بەڵام بەکردەوە ئەم مافە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. قوتابخانەکان تەنیا بە زمانی فارسی خوێندن پێشکەش دەکەن و فێرکردن بە زمانەکانی دیکە نییە. ئەمەش ژینگەیەک دروست دەکات کە گروپە غەیرە فارسەکان هەست بە دوورخستنەوە بکەن و مافە زمانەوانی و کولتوورییەکانیان لێ زەوت بکرێت.
زاراوەی "زمانی خۆماڵی" کە زۆرجار بۆ وەسفکردنی زمانە غەیرە فارسییەکان بەکاردێت، لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ بێرێزیکردن بەو زمانانە و بچووککردنەوەی پێگەی ئەوان بەکاردەهێنرێت. ئەم سیاسەتە زمانییە هەستی نامۆبوون و دوورخستنەوە لە نێو کەمینە نەتەوەییەکان بەهێزتر دەکات، کە زمان و دەربڕینە کولتوورییەکانیان دانیان پێدا نەنرێت و ڕێزیان لێ نەگیرێت.

سیاسەتە فەرهەنگیەکانی ئێران، بە بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی فرەچەشنی زمان و کولتوورەکان، نەک هەر مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن بەڵکوو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی کولتووری و پاراستنی کەمینەکانیش پێشێل دەکەن. ئەم پراکتیزەیە بەشدارە لە قووڵکردنەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتگیر و هەمەچەشن قورس دەکات.

## نەورۆز وەک بەرخۆدانی کولتووری

نەورۆز وەک یەکێک لە کۆنترین و بەرچاوترین نەریتەکان لە ناسنامەی کورددا جێگایەکی تایبەتی هەیە. بۆ کورد نەورۆز زیاترە لە ئاهەنگێکی سەری ساڵ؛ هێمای بەرخۆدان و هیوا و مانەوەی کولتوورییە. ئەو ئاهەنگە کە سەرەتای بەهار و سەردەمی نوێبوونەوەیە، ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژووی کورددا داکوتاوە ونەورۆز دەرکەوتەی ئازادی و خەبات بۆ کورد.

لە وڵاتانی وەک ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق کە کورد کەوتۆتە بەر چەوسانەوەی سیستماتیک، نەورۆز بووەتە دەربڕینی خۆڕاگری کولتووری و سیاسی. هەرچەند ئەو ئاهەنگە بەشێکە لە نەریتی کوردی، بەڵام زۆرجار لەگەڵ دژایەتی ئەو دەوڵەتانە بەرەوڕوو بووەتەوە کە وەک سەرچاوەیەکی پۆتانسێلی جیابوونەوە یان ناسەقامگیری سەیری دەکەن. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران لە مێژە هەوڵی پەراوێزخستن و شەیتانکردنی ئاهەنگی نەورۆز دەدات بە وەسفکردنی بە چالاکییەکی "جیاخوازی" کە زۆرجار ڕێوشوێنی سەرکوتکەرانەی وەک قەدەغەکردن لەگەڵدایە. گوتاری دەوڵەت کە دەربڕینە کولتوورییە کوردییەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی نیشان دەدات، ستراتیژێکی هۆشیارانەیە بۆ شەرعیەتدان بە ڕێوشوێنە سیاسی و سەربازییەکان دژ بە کورد و نەریتەکانی.

سەرەڕای ئەم سەرکوتکردنە، نەورۆز بەردەوامە وەک شوێنێکی ناوەندی بۆ کورد بۆ دەربڕینی ناسنامەی کولتووری خۆی و دەرفەتێکە بۆ کۆکردنەوە بۆ مافەکانی. ئاهەنگەکە وەک جۆرێک لە بەرخۆدانی کولتووری کار دەکات، کە کورد نەک هەر نەریتی خۆی دەپارێزێت بەڵکو ئاڵنگاری کۆنترۆڵی دەوڵەتیش دەکات بەسەر دەربڕینی کولتووری خۆیدا. نەورۆز لە ڕێگەی ئەم بەرخۆدانەوە بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی کورد، سەرەڕای ئەو ئاڵنگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

## مافی زمانی وەک مافی مرۆڤ

مافی زمانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک ئازادییەکی بنەڕەتی بۆ تاک و کۆمەڵگە بە ڕەسمی ناسراوە. بەپێی بەیاننامەکانی یونسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان، مافێکە کە مرۆڤ بە زمانی دایکی پەروەردە وەربگرێت، زمانی خۆی لە چوارچێوەی گشتیدا بەکاربهێنێت و نوێنەرایەتی کولتووری لە میدیاکاندا هەبێت. ئەم مافانە بۆ پێشخستنی یەکسانی و پاراستنی فرەچەشنی کولتووری زۆر گرنگن. زمان نەک هەر وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن کاردەکات بەڵکو وەک هەڵگری ناسنامە و مێژوو و بەهاکانیش کاردەکات. کاتێک ئەم مافانە بێبەش دەکرێن، نەک هەر بە مانای لەدەستدانی هەمەجۆریی زمانەوانی، بەڵکوو بە مانای لەدەستدانی بەهێزکردنی کولتووری و سیاسیش دێت.

لێرەدا مرۆڤەکان زۆرجار ڕووبەڕووی هەڵاواردنی زمانەوانی دەبنەوە لە شێوەی ناتوانن دەستیان بە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان بگات و زۆرجاریش بێ نوێنەرایەتی لە دەزگا حکومییەکان و میدیاکاندا دەمێننەوە. ئەم جۆرە جیاکارییە نەک هەر دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر دەکات، بەڵکو پەراوێزخستنی سیاسی ئەم پێکهاتانە قووڵتر دەکاتەوە. کاتێک مافی دەربڕینی بە زمانی خۆی بە مرۆڤەکان نەدرێت، هەستکردن بە نەبینراوبوون دروست دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی وەدەرنانی کولتووری.

ئەم نکۆڵیکردنە لە مافە زمانەوانیەکان بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی تێکدەدات. دیموکراسی کارا پێویستی بەوەیە کە هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە پاشخان و زمان، مافی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا و دەنگیان ببیسترێت. بە پاراستنی مافە زمانەوانییەکان دەتوانین پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرتر و گشتگیرتر دەستەبەر بکەین کە هەموو تاکەکان بتوانن ئازادانە و یەکسانی خۆیان دەرببڕن.



سەرچاوە
Serchawe

## بێدەنگی فیکری کولتووری خیانەتە

بێدەنگی فیکریی کولتووری لە ئێراندا یەکێک لە لایەنە کارەساتبارەکانی ئەو ناوەندگەراییە کولتوورییەیە کە تایبەتمەندی وڵاتەکەیە لە ئێراندا. لە سەردەمێکدا کە ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤ دەبێ بەردی بناغەی گوتاری گشتی بێت، زۆرێک لەوانەی بەرپرسن لە داڕشتن و پاراستنی کولتوور - نووسەران، هونەرمەندان و ئەکادیمیستەکان - بێدەنگ بوون یان تەنانەت بەشداریکردنیان لە شەرعیەتدان بە سیاسەتی تاک زمانە و تاک کولتووری هەڵبژاردوە. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی کاتێک ماڵوێرانکەر و وێرانکەر دەبێت کە ئەم تاکانە کە بە شێوەیەکی نەریتی بانگەشەیان بۆ دادپەروەری و ئازادی کردووە، لەبری ئەوە هێڵی دەوڵەت بەهێز دەکەن بە نکۆڵیکردن یان پشتگوێخستنی ماف و کولتوورەکانی گرووپە کەمینەکان.

ئەم خیانەتە فیکرییە لەو بەهایانەی کە زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی نەریتی بڕیارە لە پێناویدا بوەستن، تەنیا بابەتی دڵسۆزی چەواشەکارانە نییە بۆ دەوڵەتێکی ستەمکار، بەڵکو بەربەستێکی جدییە لەبەردەم گەشەیەکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە و فرەییخوازانە. نموونەی ئەمەش کاتێکە کە بەشێک لە نوخبەی ڕۆشنبیری ڕەخنە لە داواکاریی کەمینە نەتەوەییەکان دەگرن بۆ مافە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکان و ئەم داواکاریانە بە "پێشێلکاری نەتەوەیی" ناودەبەن یان تۆمەتباریان دەکەن بە "هێزی دابەشکەر". ئەم ڕیتۆریکە کەشێکی ئایدیۆلۆژی بەهێزتر دەکات کە تێیدا فرەچەشنی کولتووری وەک هێزێک نابینرێت، بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکێتی نەتەوەیی سەیر دەکرێت.

بەم پێیە بێدەنگی فیکریی فەرهەنگی لە ئێراندا تەنیا قسە نەکردن نییە، بەڵکو بەشداری چالاکانە لە ئینکاری مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کەمینە نەتەوەیی و کولتوورییەکان. ئەمەش نەک هەر ڕێگری لە دیالۆگێکی ڕاستەقینە لەسەر دادپەروەری کولتووری دەکات، بەڵکو ڕێگری دەکات لە گەشەسەندنی کۆمەڵگایەک کە کراوە و گشتگیر و ڕێزگرتن لە دەربڕینە کولتوورییە هەمەچەشنەکانی.

## بەرخۆدان و ناسنامە و داهاتوو

سەرەڕای دەیان ساڵ لە چەوساندنەوە و پەراوێزخستن، نەوەی گەنج لە کوردستان ئامادەیییەکی بەرچاویان بۆ وەرگرتنەوە و پاراستنی شوناسی کولتووری و زمانەوانی خۆیان نیشانداوە. گەنجانی کورد لە ڕێگەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانەوە فەزای بەهێزکردن و دەربڕینی کولتووری خۆیان، سەرەڕای ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە،

ڕەخساندووە. گەنجان بە تایبەتی پابەندن بە زیندووکردنەوەی زمانەکەیان، بە دوورکەوتنەوە لە وشەی فارسی و پێداگری لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی لە هەردوو چوارچێوەی تایبەت و گشتیدا.

گەنجان لە کوردستان بە دووپاتکردنەوە و پاراستنی شوناسی خۆیان هەوڵ دەدەن شوێنێک بۆ خۆیان دروست بکەن کە مافە کولتووری و زمانەوانییەکانیان بناسرێت و ڕێزی لێ بگیرێت. ئێران لەجیاتی نکۆڵی لەو فرەچەشنییە، پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کە وەک سەرچاوەی هێز، وەک ڕێگایەک بۆ گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرتر و ئاشتییانەتر لە باوەشی بگرێت و بناسێت.

بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی دیموکراسی پێویستە وڵات هەمەچەشنی وەک دەرفەتێک ببینێت نەک وەک هەڕەشەیەک. ئێران بە پشتیوانی و پاراستنی مافە فەرهەنگییەکانی هەموو هاووڵاتیانی خۆی، بە کوردیشەوە، دەتوانێت کۆمەڵگایەکی گشتگیرتر دروست بکات، کە هەموو گرووپە نەتەوەیی و کولتوورییەکان بە هاوئاهەنگی و ڕێزگرتن لە مافەکانی یەکتر پێکەوە بژین.

**ئەنجام:**

بەردەوامی ڕەتکردنەوەی سیستەمی دەوڵەتی ئێران و نووسەران و ئەکادیمیست و ئایدۆلۆژیستەکانی ئێران لە دانان بە مافە فەرهەنگی و زمانەوانییەکانی دانیشتووانی هەمەچەشنەکەی، نەک هەر جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانە، بەڵکو پێشێلکردنی ڕەگێکی قووڵی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤیش پێکدەهێنێت. لەو چوارچێوەیەشدا نەورۆز دەبێتە زیاتر لە جەژن - گوزارشتە لە بەرخۆدانی کولتووری و شوناس و داخوازی بوون. ئاهەنگی نەورۆزی کوردەکان ئەوە نیشان دەدات کە چۆن پراکتیکە کولتوورییەکان دەتوانن وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ پرسیارکردن لە پێکهاتە دەسەڵاتە هەژموونییەکان و زیندووکردنەوەی یادەوەرییە بەکۆمەڵەکان خزمەت بکەن.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک لە لایەنگرانی ناسنامەی یەکسانی ئێرانی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوە فرەچەشنی نییە کە هەڕەشە لە یەکێتی نەتەوەیی دەکات – بەڵکو ئینکارییەکەیەتی. ئێران نەتەوەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکووڵاتێکی فرەنەتەوەییە کە زمان و کولتوورە جیاوازەکان لە چوارچێوەیەکی جیۆپۆلەتیکی هاوبەشدا پێکەوە دەژین. دانان بەم هەمەچەشنییە مەترسی نییە - مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ پێکەوەژیانی بەردەوام، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیکردنی ڕاستەقینە.

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

کاردانەوەکانی بازنەی ناوەندگەرایی و شۆڤێنیستەکان، لەوانەش نامەی کراوەی نزیکەی ٨٠٠ تاک، ترسێکی ڕەگداکوتاو شۆڤێنیستەکان ئاشکرا دەکات. بەڵام فرەنەتەوەییە و زمان کولتوورییەکانی خەڵک نییە کە سەقامگیریی ئێران تێکدەدەن- ئەوە بێتوانایی دەوڵەتە و شۆڤێنیستەکان ئێران لە ڕەنگدانەوەی دانیشتوانی هەمەچەشنەکەی ئێران تێکدەدەن.

**٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

---

# عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ



**عیرفان ڕەهنموون: ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات**

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ڕووداوی تێرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبر، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنی ململانێی زلهێزەکان بە تایبەت ئیسرائیل لەگەڵ گروپە نیابەتییەکانی ڕێژیم بووە، ئاکامی ئەم دەستێوەردانانەی ڕێژیم لە ناوچەکەدا چی دەبێ و بەرەو کوێ دەڕوا، و ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟ پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟، کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟ ئەم پرسیارانە تەورەی سەرەکی وتووێژی ئەمجارەیە کە "کوردستان" بۆ وەڵامدانەوەیان داوای لە زۆر بەڕێز کاک عیرفان ڕەهنموون، شرۆڤەکاری سیاسی کردووە تا لەم بارەوە زانیاری زیاترمان پێ بدا.**

**شەهرام سوبحانی**: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە دەست پێ بکەم کە لە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بە ڕوانینێکی گشتی هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان بۆ دۆزی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان چییە؟

**عیرفان ڕەهنموون**: دەتوانین بێژین کە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ئێستادا و بە تایبەت پاش ڕووداوی تیرۆریستیی ٧ی ئۆکتۆبر لە ئیسرائیل لە ڤیرانـاویترین ساتەوەختی مێژوویی خۆیدایە. گۆڕانکاریی گەورە لە ئیسرائیل، غەززە، لوبنان، یەمەن و سووریە هاتۆتە ئاراوە و پریشکی ئەو گۆڕانکارییانەش بەر عێراق، ئێران و تورکیاش کەوتوون و جارێ سەرەتای ئەم بۆمەلەرزە سیاسییە هەژێنەرەیە و بە دڵنیاییەوە، لێکەوتەی زۆر و پێشبینینەکراوی دیکەیشی دەبێ. کورد لە ڕۆژئاوا پاش ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی گشتی باش خۆی ڕاگرتووە و سپایەکی بەهێزی هەیە و تا ڕادەیەکی بەرچاویش، پشتیوانیی نێونەتەوەییشی بەدوادا هاتووە. بەڵام دوو مەترسیی گەورەیشی لەسەر ڕێدایە کە یەکیان فاشیزمی مەزهەبیی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی سووریایە کە هیچ مافێک بۆ کورد ناپەژرێنێ و ئەوی دیکە ڕێژیمی داگیرکەری تورکە کە ئەگەر بتوانێ، ڕێگەی هەناسەدانیش لە کورد دادەخات. بەگشتی چارەنووسی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان بەندە بە ئیرادەی هێزە سیاسییەکانی کورد و درێژەی پشتیوانیی نێودەوڵەتییەوە. باشووری کوردستان تا ڕادەیەک جێگیرە، بەڵام دەوڵەتی عێراق بەهۆی گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران، لەژێر مەترسیی هێرشی ئیسرائیل و تەنانەت ئێرانیش دایە. جارێ ڕوون نییە کە عێراق چارەنووسی خۆی دەبەستێتەوە بە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانییەوە یان نا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان و عێراق دەبێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازانە و سەروەرییخوازانەی پتەو لە ئارادایە کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتە لووتکە و لە بۆنەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا هەر لە ماکۆوە تا ئیلام و لوڕستانی گرتەوە و سەلماندی کە بزاڤی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لووتکە دایە و دێر یا زوو بەرهەمەکانی دەردەکەون. دەتوانین بێژین کە ڕێژیمی ئێران لە دوایین قۆناغی تەمەنیدا و یان لەبەرامبەر گوشارەکانی ڕۆژئاوادا پاشکشە دەکات یان گورزی سەربازیی لێدەدرێ. لەهەر دوو حاڵەتدا، پێشبینیی گۆڕانکاریی چارەنووساز لە ئێراندا دەکرێ.

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتی بەهێزە، لە ڕۆژئاوا بە ڕوویەکی دیکەدا و لە باکوور و باشووری کوردستانیش ئامانجەکان جۆرێکی ترن. بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە گێژاوە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئێستای ناوچەکەدا چەندە دەتوانێ لە لە بەرژەوەندیی سەروەریخوازیی کورددا بێت؟



سەرچاوە
Serchawe



عیرفان ڕەهنموون

**عیرفان ڕەهنموون**: بۆ ئەوەیکە بزانین ماهییەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی چییە، دەبێ لێکۆڵینەوە لەو کۆمەڵگەیە بکەین بزانین پێکناکۆکیی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیەدا چییە. دەبێ بزانین درزی و کەلێنی سەرەکیی لەو کۆمەڵگەیەدا چییە. کوردستان بە هەموو بەشەکانییە جگە لە بەشێک لە باشووری کوردستان، هەمووی داگیرکراوە و سیستەمێکی کۆڵۆنیالیستی لەوێدا جێگیرکراوە. کەواتە لەوێدا پێکناکۆکیی نەتەوایەتیی بوونی هەیە. پێکناکۆکیی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست. لە پێکدادانی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەستدا، هەم هەستی ستەملێکراوی و هەم هەستی نەتەوایەتیی لە ناو ئەندامانی نەتەوەی بندەستدا، سەرهەڵدەدات. هەستێک، کە جۆرێک تێگەیشتنە و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هەمیشەیش هەست لە پێش ژیری و ئاوەزەوەیە. بۆیە نەتەوەی بندەست ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبێ ئیمکانی ڕزگاربوونی نییە. هەربۆیە هەستی نەتەوایەتی یەکەمین چەخماخەیە بۆ ئاگایی نەتەوەیی. بەڵام هەست بە تەنیا هیچ نەتەوەیەکی بندەستی ڕزگار نەکردوە و هەست تەنیا دەستپێکە. هەست دەبێ بەرە و ئاگایی و ئاوەز هەنگاو بنێ و لەچوارچێوەی هەست تێپەڕێ و ببێتە ئاگایی نەتەوایەتی. چونکە ئاگایی نەتەوایەتییە کە بەرنامە و ڕێکاری خەباتکارانە دادەڕێژێ و دەتوانێ نەتەوەی ستەملێکراو بە ڕزگاری و ئازادی شاد بکات. بەگشتی هەستی نەتەوایەتی لەناو کورددا تا ڕادەیەک باشە، بەڵام ئاگایی نەتەوایەتی بەڕای من لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لاوازە.

**شەهرام سوبحانی**: بە سەرنجدان بە گۆڕینی دێموگرافیی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر دەستی حکوومەتە ناوەندگەراکان و گرینگیی پرسی خاک و حەشیمەت لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشە سیاسییەکاندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ کاریگەرییەکانی سیاسەتی تەعریب، تەتریک و تەفریس لە هەموو بەستێنەکانی ژیانی سیاسیی کورددا چییە؟



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ ئەوە بزانین کە دوژمنانی کورد( تورک و عەرەب و فارس ) بۆ ئەوە خاکی ئێمەیان داگیر نەکردوە کە ڕەقیان لە کوردە، بەڵکوو حەزیان لە خاکەکەمانە! کوردستان دەوڵەمەندترین خاکە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لە ڕووی کشتوکاڵەوە و چ لە ڕووی ئاژەڵداری و دارستان و سەرچاوە سروشتییەکانەوە. ئێمە زۆرترین زێڕ و نەوت و ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناڤینمان هەیە. گۆڕینی دێموگرافی، بۆ دزینی زیاتری سەرچاوە سروشتییەکانمانە. کورد نابێ سیاسەتی گۆڕینی دێموگرافیا قەبووڵ بکات و کورد گوتەنی « قەرز کۆن دەبێ بەڵام نافەوتێ ». بۆیە کورد هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە جگە لەوەی لە دەرفەتی گونجاودا ئەو خاکانە ڕزگار بکات کە دێموگرافیاکەی شێواوە و بەهەر شێوەیەکە دەلوێ دەبێ بیانگێڕێتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان.

**شەهرام سوبحانی**: ڕەخنەگرانی دۆزی کورد دەڵێن ئێستا تەعریبی خۆکرد و خۆویست لە باشووری کوردستان، ڕاهاتن لەگەڵ ئەو دۆخە لە ڕۆژئاوا و جۆرێک بێ‌پلانی لە هەمبەر ئەو سیاسەتەی تاران بەنیسبەت گۆڕانی دێموگرافیی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە. پێم‌خۆش بوو ڕای ئێوە لە بارەی هۆکارەکان و چەندوچۆنیی ئەو باسەوە بزانم.

**عیرفان ڕەهنموون**: پرۆسەی بە عەرەبکردن و بە تورککردن لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور پاش "سایکس پیکۆ" دەستی پێکرد و سەرەتا کوردیان لە دەریا دابڕی و پاشان ڕوویانکردە ئەو ناوچانەی کە نەوتیان زۆرە. لە ڕۆژهەڵات مێژووی بە تورککردن ٨٠٠ ساڵە درێژەی هەیە. پێش هاتنی مەغولەکان، کوردستان لکابوو بە ناوچەی مازنی و گیلەکەکانەوە. "تەورێز" پێتەختی فەرمانڕەوایانی کوردی "شەدادی" بوو. هۆکاری ئەو دۆخە لاوازی کورد و نەبوونی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی پتەوە کە ڕێگانەدات دێموگرافیای کوردستان بشێوێ. هێزی چەکداری لە نموونەگەلی وادا قسەی یەکەم دەکات و ئەگەر نەتەوەیەک نەتوانێ چەکدارانە بەرەڤانیی لە خۆی بکات، چارەنووسی لەوە باشتر نابێ.

**شەهرام سوبحانی**: ئاڵوگۆڕەکانی سووریا دەتوانێ بە چ ئاراستەیەکدا کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابنێت؟

**عیرفان ڕەهنموون**: هەرچەند ڕۆژئاوای کوردستان، بچووکترین پارچەی کوردستانە، بەڵام گەیشتنی ئەو پارچەیەی کوردستان بە مافەکانی ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان دادەنێ. ڕزگاریی ئەو پارچەیە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بۆ یەکەمجار باشووری کوردستان ببێتە دراوسێی دەسەڵاتێکی کوردی. ئەمە ئەوان دەکات بە قووڵایی ستراتیییکی یەکتر. ڕۆژئاوا دەبێتە دراوسێی باکووری کوردستان و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەوێ دادەنێ و تورکیە ناچار بە نەرمینواندن لەسەر پرسی کوردستان دەکات. هەروەها کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕۆحییەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دادەنێ. ئەم



سەرچاوە
Serchawe

پرسە، پرسی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا زۆر دەباتە سەر و دۆزی کورد زیاتر بە جیهان دەناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: پێگەی کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوەکانی غەزە، لوبنان و سووریا ئێستا لە عێراق چۆنە و ئایا هاوکێشەیە هەر وەکوو پێشوویە؟

**عیرفان ڕەهنموون**: دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی لە پاش ٧ی ئۆکتۆبرەوە لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا. سووریەی لەدەستداوە و ڕێژیمی دژە ئێران لەوێ هاتۆتە سەرکار. حیزبوڵڵای لوبنان نیوەگیان کراوە و حوسییەکانی یەمەن لەژێر گورزی گراندان. حەشدی شەعبی ناوێرێ پەل بزوێ. ئێران لەژێر گەمارۆی زۆر توندی ئابووریدا و ئەو ڕێژیمە تەنانەت ناتوانێ ئاو و کارەبای خەڵک دابین بکات. ئێران دوو ڕێگەی لەپێشە یان وتوویژ دەکات و ئاڵای سپی هەڵدەکات یا گورزی گورچک بڕی لێدەدرێ. لە هەر دوو ئەگەرەکەدا، ئیمکانی گۆڕانکاری گرنگی سیاسی بوونی هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: کوردستانی سەربەخۆ لە کوێی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێدا جێ دەگرێت؟

**عیرفان ڕەهنموون**: تا ئێستا کوردستانی سەربەخۆ بوونی نییە، بووونەکەی پەیوەندی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە. بەڵام کوردستانی سەربەخۆ بەپێی زانستی لۆژیک مەحاڵ نییە، بەڵکوو مومکینە. بەپێچەوانەی خەڵکی دیکە کە پێیان وایە ڕەوشی ناوچە و جیهان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەبار نییە، من پێموایە هێشتا ئەو ئیرادەیە لە خەڵکی کوردستاندا بوونی نییە. ئیرادە لە ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەک پێشتر باسم کرد، ئاگایی نەتەوایەتی لە ناو خەڵکی کوردستاندا بەگشتی لاوازە. مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ هێزێک لەبەرامبەر ئیرادی نەتەوەکاندا بۆ سەروەریی خۆیان ناتوانێ خۆی ڕابگرێ. دیارە جارێ باس لە سەربەخۆیی پارچەیەکی کوردستانە، چونکە بەداخەوە ئێمە بزووتنەوەیەکمان نییە کە هەوڵی ڕزگارکردنی هەموو کوردستان بدا. کارەساتبارتر لەوە ئەوەیە کە ئێمە گوتاری سەربەخۆییمان نییە و هیچ حیزبێکی گەورەی هیچ پارچەیەکی کوردستان باسی سەربەخۆیی ناکات. جارێ کورد کەوتۆتە شوێنی تراویلکەی ئۆتۆنۆمی و فێدراڵیزم و برایەتی گەلان. ئەگینا چۆن نەتەوەیەکی ٧٠ میلیۆنی ناتوانێ سەربەخۆ و سەروەر بێ؟

**شەهرام سوبحانی**: چەک، ئابووری، یان دیپلۆماسی کامیان دەتوانن دەوری سەرەکی لە گۆڕینی ستاتوی کورددا ببینن؟

**عیرفان ڕەهنموون**: هەم چەک، هەم دیپلۆماسی و هەم سەرمایە بۆ کاری سیاسی گرنگن. بۆ نەتەوەیەکی بندەست چەک گرنگترین کەرەستەیە. نەتەوەی بندەست خاکەکەی بە چەک داگیر کراوە، دیارە تەنیا بە چەکیش ڕزگار دەبێ. دیپلۆماسی



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

تا ئێستا و تەنانەت لە ئەورووپایشدا نەیتوانیوە، پرسی نەتەوایەتی چارەسەر بکات. ئەوە باسک و ئەوە کاتالان و ئەووەش ئیسکاتلەند. دیپلۆماسی بێ بوونی خەباتی چەکداری مانای نییە. دیپلۆماسی واتە دان و ستاندن. بێ چەک چی دەتوانی پێشکەش بکەیت و چی دەتوانی وەرگری. مەبەستی من لەچەک تەنیا کلاشینکۆف نییە، چەکێکە کە بتوانێ هاوسەنگیی هێز لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە بەرژەوەندی کورد بگۆڕێ.


**شەهرام سوبحانی**: کاک عیرفان سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**عیرفان ڕەهنموون**: سپاس بۆ ئێوەش هاوڕێیانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماندوو نەبنەوە.

٢١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

---

# ١٠ی ئاوریل، ڕۆژی ڕیسوایی کۆماری ئیسلامی




**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی بەرانبەر بە (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧) دادگای میکونووس کە ئەرکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پەروەندەی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی وەئەستۆ گرتبوو، لە دوای سێ ساڵ و شەش مانگ کاری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، حوکمێکی مێژوویی دەرکرد کە تێیدا ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی مەحکووم و بە تاوانبار ناساند.

ئەم ڕۆژە بۆ ئازادیخوازانی جیهان و ئێران و کوردستان، بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە ڕۆژێکی مێژوویی دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی کە دڕندانە بڕیاری لەنێوبردنی ئازادیخوازانی دابوو و پێملی هیچ جۆرە یاسا و ڕێوشوێنێک نەبوو، لەم ڕۆژەدا لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان ڕیسوا کرا.

دادگای میکونووس کە لە ماوەی بەدواداچوونی پەرەوەندەی تێرۆرەکەدا سەرجەم ٢٤٧ جار کۆبوونەوەی پێکهێنا و، ١٦٧



سەرچاوە Serchawe

کەس وەک شاهێد تێیدا بەشدارییان کرد، لە بڕیاری کۆتایی خۆیدا کە لە ڕاستیدا ڕووی دزێوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامی، لە ئاستێکی جیهانیدا لەقاو دا، بە ڕاشکاوی بکوژان و بڕیاردەرانی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کە هەموویان لە گەورە بەرپرسانی ڕێژیم وەک خامنەیی، ڕەفسەنجانی، فەلاحیان و...بوون، بە تاوانبار زانی و هەر لەم پێوەندییەشدا بڕیاری گرتنی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکاتی ڕێژیمی دەرکرد.

ئامانجی سەرەکیی پیلانی "میکونووس" شەهیدکردنی سکرتێری گشتیی حیزب و هاوڕێکانی و زەربەلێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی لەم ڕاستییە گەیشتبوون کە تاقەسواری مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ تەنیا حیزبی دێموکراتە، بە تایبەت لە دوای ئەوەی کە لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید کرد، لەو باوەڕەدا بوون کە حیزبی دێموکرات ناتوانێ درێژە بە خەباتی بێوچانی خۆی بدا، بەڵام حیزبی دێموکرات نەک هەر لەم ڕێگایەدا کۆڵی نەدا بگرە شێلگیرتر لە جاران ڕەوڕەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردی ڕێبەرایەتی دەکرد. هەر بۆیە، بۆ جارێکی دیکە کەوتنە پیلان دارشتن بە دژی حیزب و ڕێبەرانی حیزب، چونکە حیزبی دێموکرات بۆشایی لەدەستچوونی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەک بە ڕێبەرێکی لێوەشاوەی وەک دوکتور شەرەفکەندی پڕکردەوە و بە جیهانی سەلماند ئەگەرچی لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو کارەساتێکی گەورە و دڵتەزێن بوو، بەڵام ڕەمزی هەرمانی حیزب ئەوەیە کە وا ڕانەهێندراوە کە بە شەهیدبوونی ڕێبەرێک ڕەوەرەوەی خەباتی لە گوڕوتین بکەوێ.

لە ٣٠ مانگی ئووتی ١٩٩٢دا عەلی فەلاحیان، وەزیری واواکی ڕێژیمی ئیسلامی، ڕایگەیاند کە توانیویەتی زەربەیەکی کاریگەر لە گرووهەکەکان (بەتەعبیری ناوبراو)و لە نێو ئەواندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوەشێنێ. ئەو قسەیەی فەلاحیان تەنیا مەربووت بە ناوبراو نەبوو، چونکە گوتبووی کە لە داهاتووشدا لە ئێران و لە دەرەوە زەربەیان لێدەدا؛ لەو قسانەی ناوبراوڕا دەردەکەوێ ڕێژیم تا چ ڕادەیەک لە نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، بەتایبەت دوکتور شەرەفکەندی داخ لە دڵە. لەبەر ئەوەی دوکتور سادق هەوڵی دەدا لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا یەکیەتییەک پێک بێنێ، بە تایبەت ئەوکات ڕەفسەنجانی خۆی وەک کەسێکی میانەڕەو بە دەرەوە نیشان دەدا و بە داخەوە لە دنیای دەرەوە خەڵکێکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردبوو. بەڵام دوکتور سادق پێی وانەبوو کە لە ئێراندا توندڕەو و میانەڕەو هەیە. شەهید دوکتور شەرەفکەندی بە زانایی و وریایی خۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە مەترسی ڕێژیم ئاگادار کردەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆچوونەکانی باشتر ڕوون دەبنەوە. کار و دیپلۆماسی دوکتور شەرەفکەندی بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ئێران بە جۆرێک زراوی ڕێژیمی بردبوو و پیلانی تێرۆرکردنی دابڕێژن کە بە داخەوە تێیدا سەرکەوتووش بوون.



سەرچاوە
Serchawe

**دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس لە چەند ڕووەوە جێگای سەرنجو تێڕامانن کە پێویستە ئاماژەیان پێبکەین.**

**١- یەکیەتیی ئورووپا:** وڵاتانی ئورووپایی کە هەتا ئەوکات سیاسەتی سازان و هەڵکردنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان ڕەچاو کردبوو، ناچاربوون دژکردەوە نیشان بدەن و بەرانبەر بە ڕێژیم هەڵوێستی جیاواز بگرن. لە یەکەمین دژکردەوەدا ئاڵمان باڵوێزی خۆی لە ئێران بانگ کردەوە و وڵاتانی دیکەی ئورووپاش بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەو کردەوە نامرۆیانەی کۆماری ئیسلامی باڵوێزەکانی خۆیان بانگ کردەوە و ئێرانیان بەجێهێشت. هەر چەند دوای ٧ مانگ بەسەر تێپەڕبوونی دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووسدا، دەوڵەتانی ئورووپایی بە ناردنەوەی باڵوێزەکانی خۆیان بۆ ئێران دیسان دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤیان کردە فیدای بەرژەوەندی ئابووری و ساتوسەودای بازرگانیی، کە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە قورسایی و بەجێبوونی حوکمی میکونووس کەم ناکاتەوە، بەڵام بووە هۆی ئەوەیکە لە ژێر کاریگەریی ئەو هەڵوێستەی ئورووپادا درێژە بە جینایەتەکانی خۆی دژی ئازادیخوازان لە نێوخۆی وڵات بدا.

ئاشکرابوونی قەتڵە زەنجیرەییەکان ئەو ڕاستییەی هەرچی زیاتر سەلماند کە ڕێژیم نەک هەر لە کردەوەکانی خۆی پاشەکشەی نەکردوە، بەڵکوو زیاتر پەرەی بەم کارەی داوە. کوژرانی دەیان تێکۆشەر و ئازادیخواز لەوانە فرووهەرەکان، محەممەد موختاری، محەممەدجەعفەری پوویەندە، دوکتور مەجیدشەریف، زارا کازمی، ئەکبەر محەممەدی، چ لە سەردەمی دەسەڵاتی بەناو ڕیفۆرمیستەکان و چ لە دەوڵەتە نیزامی . ئەمنییەتییەکانی دواتردا ، پیشاندەری درێژەی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە و لەپێشگرتنی سیاسەتی لەنێوبردنی فیزیکی بەرهەڵستکاران و دژبەرانی سیاسی لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوەیە.

**٢- ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش پێشوازییان لە حوکمی دادگای میکونووس کرد و لە بڵاوکراوەکانیاندا ڕێزیان لە حوکمی دادگا گرت.

**٣- خەڵکی کوردستانیش** وەک هەمیشە کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ حیزبەکەیان، (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بوون لە دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس خۆشحاڵ بوون و تەنانەت لە ڕێپێوانی ئیعترازی کە ڕێبەرانی ڕێژیم بە دژی دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس وەڕێیان خستبوو، بەشدارییان نەکرد. خەڵکی کوردستان پاش شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و بە تایبەت دوای حوکمی دادگا جارێکی دیکە پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی و حیزبیان دڵنیا کردەوە کە وەک هەمیشە پشتوپەنای حیزبەکەیان دەبن.



سەرچاوە
Serchawe

بڕیاری دادگای میکونووس بووە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرانی ڕێژیم هەست بە چووکەبوونیان لەبەرانبەر ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانیی بکەن و هەرچەند (بۆ ماوەیەک کورتیش بووبێ) بە پارێزەوە لەگەڵ بەرهەڵستکاران و نەیارانیان هەڵسوکەوت بکەن. بڕیاری دادگای میکونووس بە جیهانی سەلماند کە ئەگەر بەرژەوەندی و ساتوسەودای بازرگانیی ڕێگە بدا، دەتوانن چۆک بە ڕێژیمی ئیسلامی دابدەن. هەر لە ماوەی ئەو حەوت مانگەدا کە زۆربەی باڵوێزخانەکانی وڵاتان لە ئێران بەتاڵ بوون، دەرکەوت کە دەکرێ سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی . کە بەداخەوە ماوەیەکی زۆری نەخایاند تا لێی گەیشتن . کۆتایی پێ بێ.

دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس گرینگییەکی تایبەتیی هەیە کە یەکەمجار بوو کە دەزگای قەزایی وڵاتێک بە دژی ڕێژیمی ئێران بڕیاری لەو چەشنە بدا، ئەوەش لەحاڵێکدا بوو کە ئێران و ئاڵمان پێوەندییەکی پتەوی بازرگانیان پێکەوە هەبوو و گەورەیی و قووڵی کارەساتەکە تارادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی کە نەیتوانی پێش بە دەرچووونی ئەم حوکمە بگرێ و ٧ ساڵ پاش دەرچوونی بڕیاری دادگای میکونووس، شارەداری بێرلین بڕیاری دا تابلۆیەکی بەردی بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییەکان دابنرێ.

ئێستا پاش تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس و لە ئەنجامی ساتوسەودا بازرگانییەکانی ڕۆژاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەبینین کە ڕێژیم لەسەر سیاسەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە دەرەوە، سەرکوتی نارەزایەتییەکان، سازکردنی کەشی خەفەقان لە نێوخۆ، کێشەخوڵقێنی لە ناوچە و بەرزەفڕییە ئەتۆمییەکانی هەورا بەردەوامە.

ئەگەرچی تێرۆری میکونووس زیانێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکرات و سەرجەم ئۆپۆزیسۆنی ئێران و ئازادیخوازان، بەڵام دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووسیش بە نۆرەی خۆی سەرفەسڵێکی نوێ بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و لەقاودانی سیاسەتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمە بوو.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران قەت نەیتوانیوە بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەروەها تێرۆرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە کوردستانی ئێران و لە کوردستانی عێراق، مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێ بە تێکۆشەرانی حیزب چۆڵ بکا.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی نیزیک بە ٨٠ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شانازی حیزب و بەختکردنی گیانی هەزاران ڕۆڵەی

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**بەوەفای نیشتمان لەسەرووی هەمووان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئاڵای خەبات هەر بەرزو شەکاوە ڕاگیراوە و ڕێبوارانی ڕێگای ئەو شەهیدانە ڕۆژبەڕۆژ دەسکەوتی نوێ بۆ نەتەوەکەیان دەستەبەردەکەن.**

**٢٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

# نەورۆزی کوردستان؛ ڕۆحی بەرخودان



**هەردی سەلیمی**

گەر هەندێک کەس لایان وابوو کوردستان بەدوای سەرکوتی بەربڵاوی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا و هەروەها ئەو گوشارەی کە لەسەر حیزبەکانی کوردستان بوو، دۆخێکی ماتەمینی بەسەردا زاڵ دەبێ لە چەشنی ئەوەی بەدوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا هات، ئەوە ئەم سێ نەورۆزەی دوایی سەلمێنەری ئەوەن کە کوردستان ئەم هەورە ڕەشەی داماڵی و زیندوویەتیی خۆی نواندەوە. لەگەڵ ئەوە ڕوانگەیەکی دیکەشمان هەبوو کە پێی وابوو ئەو پێشوازییەی کوردستان لە نەورۆزی ١٤٠٣ی کرد، بیانوویەک و هەوڵێکی وشیارانە بوو بۆ لابردنی خەم و کەسەر و هەروەها ڕێگەپێدانی دەسەڵاتیش هەوڵێکی ناڕاستەوخۆی ئەو دەزگایە بوو بۆ ئاشتیی دوای ئەو شەڕە قورسە؛ ئەو پێشبینییە هەڵە بوو و کوردستان هۆنراوەی "زستانە"ی ئەخەوانسالسانەی نەهۆنیەوە، لێکدانەوەکەش زۆر لەسەر جێی خۆیدا نەبوو، چون کوردستان تەنیا بەهۆی شادییەوە هەڵنەپەڕی.

ڕۆحی نەورۆز، ڕۆحی بەرخودانە، ئەو شادییەی لە نەورۆزدا دەکرێ، لەسەر شین شین بووە، کوردستان خەم و

تراژیدییەکانی خۆی لەبیر نەکردووە، بەڵام شادیی بەکۆمەڵی خۆی لەسەر خەمی بەکۆمەڵ هەڵچنیوە، هاواری نەورۆز لە کوردستاندا هاواری سەرکەوتنی گەرما بەسەر سەرما و ڕووناکایی بەسەر تنۆکیدایە، هاواری سەرکەوتنی بەرخودان و کۆڵنەدانە لە بەرامبەر دێوی دزێوی شەڕ و تاریکی و سەغڵەتدا؛ ئێمە گەر ڕابردوو لەبیر کەین و نوقمی شادییەکانمان بین، داهاتووشمان لەدەست چووە، ئەم بیرۆکەیە لەم یەکدوو ساڵەی نەورۆزدا بەجوانی و بەکرداری شی کرایەوە؛ نیشان درا کوردستان پێش لە هەر شتێک ڕۆحی بەرخودانی نەورۆزی زیندوو ڕاگرتووە، ئینجا شادی و خۆشییەکەی. بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە چییە؟ کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەرەوپیری ڕۆژ و ساڵێکی نوێ هەنگاو دەنێ، بەڵام لەو گەرمەی پێشوازییەیدا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویی لەبیرە، واتە چاوێکی لە ڕابردووش هەیە و دەزانێ دەبێ لەو ڕۆژەدا چ بکات بۆ ئەوەی بەرنامەی تێکۆشانی دادێی خۆی واتادارتر بکات و لە هەڵپەڕینێکی ڕووتدا خۆ قەتیس نەکات.

ئەم وشیاریی سیاسی و فۆرماسیۆنی هێزەیە کە بووەتە هۆی کەڵکەڵەمەندبوون و دڵنگەرانیی ٨٠٠ کەس. بەخۆشییەوە لەم نێوەدا دەتوانین بڵێین بۆ یەکەمین جارەکان بوو کە کوردستان دوای کردەوەکەی و دژکردەوەی نەیارانی، بێدەنگیی هەڵنەبژارد و دیسان دژکردەوەی بە دژکردەوەی وان نیشان دا. کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە وەڕێخستنی هەڵمەت و کەمپەینێکی کەموێنە لەژێر ناوی "نا بۆ فاشیزم" بە ڕێکخراوانەترین و وشیارانەترین و جوانترین شێوە هەڵوێستی گرت و وڵامی دەمبەستانەی بەو هەڕەشەنامە ناشارستانی و فاشیستییە دایەوە و تێی گەیاندن کە نەورۆزی بەرخودان و کولتووری شادیی گشتیی ئێمە، هێڵی سوورمانە و ناهێڵین بەئەمنیەتیی بکەن. بەڕێوەچوونی نەورۆزی کوردەواریی کارەزان لە پارێزگای ئیلامیش واژۆیەکی کرداریی تایبەت و پڕبەپێست بوو کە لەژێر ئەو کەمپەینی نا بۆ فاشیزمەدا وەک گەورەترین واژۆ تۆمار کرا.

وەک دوایین قسە با بزانین ئەم کەمپەینە بۆ ناوی نا بۆ فاشیزمی لێ نرا و چیی وت؟ هەرکەسێک یەک جار بتوانێ و خۆی ڕابگرێت هەتا کۆتایی خوێنەری ئەو بەیاننامە هەشسەد واژۆییە بێ، لە یەکەم وشەکان و یەکەم دێڕەکان و یەکەم بەندەکانەوە بۆی دەردەکەوێ کە لەگەڵ چ نووسراوەیەکی سەرتاسەر ڕەگەزپەرەستانەدا بەرەوڕوویە، ئەوان بە دەرکردنی ئەم گوڕەشەنامەیە پێش لە هەر شتێک ئەوەیان سەلماند کە هیچ توانای قەبووڵکردن و بەفەرمیناسینی شتێکی جیاوازلەخۆیان نییە، بۆیەشە زۆر بەهەق ئەو ناوە لەو کەمپەینە نراوە. چون ئێمە بەرەوڕووی کۆمەڵێک کەس بووینەتەوە کە بە بیر و کردار دژەئەوی‌دین. لەگەڵ ئەوەشدا و بەو حاڵەشەوە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان "تیچە" وتەنی "لە کاتی شەڕ لەگەڵ دێوەزمەدا خۆی نەبووەتە دێوەزمە" و بە زمانی خۆی وڵامی داوەتەوە نەک زمانی ئەوان، چون لە بنەڕەتڕا ناسیۆنالیزمی کورد ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوتەنگ نییە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی پێی لەسەر هێڵە سوورەکان داگرتووە و هەر لە ئێستاوە خواستوویەتی نەورۆزی داهاتوو بێگوێدانە ئەو هەڕەشانە گەشتر و بەرینتر بەڕێوە بچێت، هاوکات داوای لێ کردوون وەک

**خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

**دەرفەتێک لە ئیمکانی کوردستان بڕوانن نەک بە چاوی هەڕەشەوە.**

**٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای زمانی لە ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ٨٠٠ نوخبەی ئێرانیدا




د. ڕەحیم سورخی، ئەندامی لیژنەی زانستیی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان_تیشک

## سەرەتا

بزوتنەوەی نەتەوەیی - جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتێکی پەرەسەندوودا، خەریکە لە پێکهاتنێکی نەرمی ئاشتیییانەی کۆمەڵایەتیدا خۆی وەک پێکهاتەیەکی تایبەت، بە میراتێکی مێژوویی، سیاسی، فەرهەنگیی و زمانییەوە دەنوێنێت. ئەم نەتەوەیە بە پێکهێنە ناسێنەییەکانی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زمانی، دەقی، هونەری، نواندن و دیداری لە پانتایی زمانی - جوگرافیی کوردستاندا خۆی دەرخست. لە ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی هەتاویدا زیاتر لە ٨٠٠ بەناو زانستوان، هونەرمەند، نووسەر و توێژەر و ئەکادیمیی ئێرانی لە ڕاگەیەندراوێکدا "هۆشدار"یان بە ڕژیم دا و ڕەوایەتی سەرکوتی کوردیان لە تویێ ڕاگەیاندنی "هۆشدار"ێکدا بە دەسەڵاتی دەوڵەتی دا، و ئەم پێکهاتنە نەتەوەیی و جەماوەرییەی کوردیان، بەتایبەتی، لە نەورۆزی ئەمساڵدا بە "پاوانکردنی بۆنەی نەورۆز لە دەست تاقمێک"دا ناوبرد و بە " ئەتنیکی کردنی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی" وەک هەڕەشە و مەترسییەک لە سەردەسەڵات، باڵادەستیی زمانیی و سیاسیی

خۆیـان لەقەڵەم دا. لە ئەو ڕاگەیەنـراوە هەڵەشەییانەدا، بە ئەدەبیـاتێکی نەژادپەرەسـتانەی پڕ لە سوکایەتی و هەڕەشە دەوڵەتــی لە ڕەوایەت/شــەرعیەت کەوتــووی ئیسـلامیی ئێرانیــان بــۆ ســەرکوتی ئەو خۆنوانــدنە کــۆمەڵایەتییە، هــێمن و ئاشتیخوازانەیە تین دا.

## پوختەی ڕاگەیەنراوە هەڕەشەییەکە

"بە ناوی "پێشوازی لە نەورۆز"ەوە، "بەدبەختانە بە پێی هێندێک وێنەی بڵاوکراوە، لە هێنـدێک لە پارێزگاکـانی ڕۆژاوا و بـاکووری ڕۆژاوا، لەوانە کوردسـتان، ئەوەی وەک بـۆنەی پێشـوازی لە نەورۆز ڕوو دەدات، داشـکاندنی نەورۆزە لە جەژنێکـی گەورەی نیشـتمانیی ئێـرانییەوە بـۆ بـۆنەگەلی وردۆکەی ئەتنیکـی، تـایفی و نـاوچەیی" و لە "مـافی سروشـتی" و "مـافی هاوڵاتیی" هاوڵاتیی ئێران وەک "مافی ئەتنیکی" ناویـان بـردووە و "لە سەر لقەکە دانیشتوون و قەدەکەی دەبـڕنەوە"، لە ئەسڵی پازدەی دەستووری ئێرانی گزیـان کردووە، و بوونەتە هۆی "لاوازیی زمانی نەتەوەیـی و فەرمی وڵاتەکە، واتە زمـانی شارستانێتی، دێرین، ماقووڵ (نەجیب)و بە پیتی فارسی!!"

ئەم پوختەیەی سەرەوە، لە ڕستە پێکهێنەکانی دەقی ڕاگەیەنراوی هەڕەشەیی ئەو کۆمەڵە دەستەبژێرە ئێـرانییەوە ڕاستەوخۆ دەرهێنراوە.

## دەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا زمانییەکان لە بەستێنێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا

وەک نـوکتە دەگێـڕنەوە کە لە سـەردەمی داگیرکردنـی چێکوسلۆواکی لەلایەن یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە، کەسـێک وەک نـاڕەزایەتی پـارچە کـاغەزێکی سپی کە هیچـی لەسـەر نەنووسـرابوو، بەرزکردبـووە و لە بەرانـبەر هێزەکـانی سـۆڤیەت ڕاوەسـتابوو، ئەفسەرێکی سۆڤیەتی لێی چووە پێشێ و پێیگوت، ئەوە چییە، کوا وشەکانی بۆ هیچی لەسەر نە نووسراوە. کـابرای چێکی پێیگوتەوە: "پێویست بە نووسین ناکات، هەموو شت ڕوونە". لە ئەم ڕاگەیەندراوەشدا بە ڕوونی گوتوویانە ئەوان لە پێگەی هێـزەوە بە زەبـری زۆر دەیانهەوێـت خۆیـان بەسـەر ئـێمەدا بسـەپێنن و ڕاست لەو شـوێنە ئـێمەش وەسـتاوین و بەرەنگـاریی دەسـەڵاتە خۆسـەپێنەکەیان دەکەیـن. ئەوان لە پـێگەی دەسەڵاتیشـەوە کە هەمـوو پشـتگیرییە دامەزراوەییە حکومییەکانیـان چالاکـانە لەگەڵە، هێشـتا هـاواری لەنـاوچوونی زمانەکەیـان دەکەن. ئەمەش دەریـدەخات کە پرسـی زمـان، چەنـدە پرسێکی سیاسییە و بە بێ ڕەچاوکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر نابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ چارەسـەرێکی سیاسەت و پلاندانانی زمانی ناکرێت بەشێوەیەکی بابەتیخوازانە(ئۆبجێکتیڤ) لە دەرەوەی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا، بە

دابڕاوی لە ململانێی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چارەسەر بکرێت و بگات بە یەکسانیی کۆمەڵایەتی.

ئەم ڕاگەیەنراوە هەڕەشەییە، هەڵگری هەر دوو جۆری ئایدۆلۆژیای زمانییە: واتە هەم ئەو چەشنە ئایدۆلۆژیایەی کە لە ڕێی کۆد یان پێکهاتەی ڕستە و وشەکانی زمانەوە دەردەبڕدرێت و هەم هەڵگری چەشنێک ئایدۆلۆژیای زمانییە کە لە بارەی زمان خۆیەوەیەتی، واتە بڕیار لەبارەی سنوور، ئەرک و چۆنێتیی و شێوەی بەکارهاتنی زمان لە پێوەندیی لەگەڵ قسەپێکەرەکانییەوە دەدات.

ئەم چەشنی دووەمەی " ئایدۆلۆژیاکانی زمان لە ڕووی ئەخلاقی و سیاسییەوە نواندنەوەیەکی بارگاویکراوی سروشت، پێکهاتە و بەکارهێنانی زمانەکانە لە جیهانێکی کۆمەڵایەتیدا (Irvine 1989)"کە پێوەندیی بە "فەرهەنگی زمانی"ی کۆمەڵگەکانەوە هەیە، و زمان وەک نوێنەری کۆمەڵەی بەکارهێنەکانی زمان دەبینێت، واتە کێشەی لەگەڵ زمانەکە خۆی نییە، بەڵکوو کێشەی لەگەڵ بەکارهێنەکانی و ئاخێوەرەکانێتی. هەر بۆیە "زمان وەک کێشە" دەبینێت. کێشەیەک بۆ ئەو دەسەڵاتەی لە ڕێگەی پرستیژ(ئیعتیبار)ی زمانەکەی خۆیەوە بەسەر ژێردەستکراوەکانیدا سەپاندووە. کۆمەڵگاکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە خاوەنی ئایدۆلۆژیای زمانین. کۆمەڵگەکان لە پەروەردەکردنی منداڵ، کارلێکی ڕۆژانە و ناکۆکییە نێوان کەسییەکاندا، لە مشتومڕە بۆنەیی و سیاسییەکاندا، کاریگەریی ئایدۆلۆژیای زمانیان لەسەرە. نواندنەوەی ئایدیۆلۆژییانەی زمانەکان هەم بە هۆی ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگەکانەوە، و هەم بە هۆی دامەزراوە فەرمییەکان و نوخبەکانەوە، لەوانەش زانایانی ئەکادیمی پەسند و جێبەجێ دەکرێن.

دەقی ئەو ڕاگەیەنراوە، نموونەیەکە لە "فەرهەنگی زمانی"ی ئەو دەستەبژێرەی وەک نوێنەرایەتیی نەتەوەی باڵادەست، نەک هەر "مافی ئەتنیکی"یش بە نەتەوە ژێردەستکراوەکانی ڕەوا نابینێت، بەڵکوو بە مەترسییەک بۆ "زمانی شارستانێتی، دێرین، ماقووڵ (نەجیب)و بەپیتی فارسی"!!! دادەنێت. "فەرهەنگی زمانی" لە پێناسە سنووردارەکەی زماندا، واتە لە وشە و ڕێزمانی زمانەکەدا نییە، بەڵکوو لە شوێنێک لە ناگامەندی (لە یادگە، زانینی هاوبەش، یان خەیاڵ و بیرۆکەی)ی کۆمەڵە زمانییەکاندایە .(Schiffman 2006)بەگشتی، ئەوشتانەی وەک تێڕوانین لەبارەی زمانەوە دەخرێنە ڕوو سەر بە فەرهەنگی زمانیین کە ئایدۆلۆژیا زمانییەکانیش لەویوە سەرهەڵدەدەن. فەرهەنگی زمانیی ئەم دەستەبژێرانە نوێنەرایەتیی گوتاری نەتەوەی زاڵ دەکات کە لەسەردەمی فرەکولتوریی و فرە زمانیدا، بە ڕیزکردنی وشە نرخێندراوەکانی "زمانی شارستانی، دێرین، ماقووڵ و بەپیت" بۆ زمانی فارسی، زمانەکانی دیکە دەخاتە پلەیەکی نزمەوە، و لە ڕێی زمانە بەکەمینەکراوەکانەوە پاساو بۆ ژێردەستکردنی ئاخێوەرەکانی دەهێنێتەوە و تەنانەت لە هێندێک بەشی تری ڕاگەیەنراوەکەدا ئاپۆرەیەکی کۆمەڵایەتی کە تەنیا لە سەر نەریتی فەرهەنگی و مێژوویی خۆی کۆ بووەتەوە و شادی دەربڕیوە،



سەرچاوە
Serchawe

بە"جیاوازیخواز" ناو دەبات، تاکوو لە ژێر ناوی ئەو "مۆرک"ەدا سەرکوتەکەی پاکانە بکات. هەڵوێستی سەرکوتکەرانەی ئەم کەسانە نوێنەرایەتیی گوتارێک دەکات و فەرهەنگێکی زمانییە، چونکە لە بەستێنێکی فەرهەنگییەوە سەرهەڵدەدات و ناتوانێت لەو فەرهەنگە کە لە کۆمەڵگەکەی بە میرات پێی گەیشتووە، دابڕێت. ئەمە دەیان ساڵ ڕاهێنانی پەروەردەیی دامەزراوەکانی دەوڵەتی نەتەوەی زاڵی لە پشتە، پشتی بە هێز گەرمە و لە پێگەیەکەی دەسەڵاتدارانەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستکراوەکان هەڵسوکەوت دەکات.

## دەسەڵاتی ولاتی" فرە نەتەوە" یان ولاتی "فرە ئەتنیک"

نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، کورد و زمانەکەی نابنە پێکهاتەیەکی "ئەتنیکی-فەرهەنگی"، کە لە جۆری "کۆمەڵگەی کەمینە لە شێوەی ژینگە پارێزان یان ڕەگەزخوازییەکان"دا پۆلین بکرێن. ناکرێت لە شێوەی کۆمەڵە زمانییە کەمینە کۆچبەر و پرشوبلاوەکان لە ولاتێکی وەک ئەمریکا یان ئەورووپا سەیر بکرێن کە بە ئارەزوو یان بە هۆی ناچاری پەنایان بۆ ئەو ولاتانە بردووە، و ناچارن لەگەڵ زمان و فەرهەنگی ئەو ولاتانە بچارێن و دەوڵەتیش پابەند نەبێت بە دابینکردنی مافە کولتورییە کۆیی و تاکییەکانیان. ئەوانەی کورد لەم شێوەیەدا پۆلین دەکەن، و لە ژێر ناوی "میتۆدی نوێ"دا بانگەشەی بۆ دەکەن، ڕاستییەکەی خەریکی هەڵاتن بەرەو پێشەوەن، بەرەو توانەوە و ئەسیمیلە بوون. لە بریتیی ئەوە، پێویستە وەک کیملیکا(١٩٩٥) دەڵێت ، بزانین چۆن پێناسەی "ولاتێکی فرە زمان" دەکەین. پێویستە بزانین فرە زمانییەکە لە نێو ولاتێکی فرەنەتەوە یان ولاتێکی فرە ئەتنیک دایە. بانگەوازی کیملیکا بۆ مامڵەکردنێکی یەکسان لەگەڵ زمانەکان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە گۆڕینی هەر نایەکسانییەک بۆ دەرفەتی "باش و یەکسان"، نابێت بگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی تاکە بەرکەوتووەکانی نایەکسانییەکە.

بۆ نموونە، لە پێوەندی لەگەڵ کورددا، ئێمە لە دۆخێکی نەخوازراوداین و بەناچاری کەوتووینەتە ئەو دۆخەوە کە نایەکسانیی دەرفەتەکانی هەڵبژاردن و دەستڕاگەیینی بەرهەم هێناوە. لەبەرئەوەی کاتێک هەڵبژاردن دەکەین، دەبێت بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە لە ئەستۆ بگرین. کەوابوو، ئەمە ناتوانێت بۆ تاکێکی کورد ڕەوا بێت، چونکە مافی خاوەنداریکردنی خاک، زمان و دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگاکەیدا لە ڕێی داگیرکارییەوە لێ زەوت کراوە. بۆیە تیۆریی "کۆمەڵگای دیموکراتیک" یان ئەوەی لە ڕاگەیەنراوی نوخبە ئێرانییەکانیشدا بە ناوی "مافی سروشتی" یان "مافی هاوولاتیی ئێرانی هاتووە، لە ئەو ڕووەوە دەلەنگێت کە لە پێگەی تاک و نوێنەرایەتیی "کۆمەڵگەی زاڵ"ەوە "کۆمەڵگەی پەراوێز ڕادەکێشێت تاکوو واز لە ئاوا کردنی دەسەڵاتێک بهێنێت کە بەرگژیی دەسەڵاتەکەی بکات. بەگشتی، ئەسیمیولانیستەکان بەتایبەتی، لە تورکیا و ئێران، پێیانوایە شتێکی دادپەروەرانەیە کە وەک ئاخێوەری کۆمەڵەی زمانیی



سەرچاوە
Serchawe

کوردی لە کوردستانیش، بەو پێیەی کۆچبەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکە بۆ وڵاتانی هەندەران کە بە ئازادی ئەو وڵاتە (ئەورووپی زمان)ەیان هەڵبژاردووە، پابەندن بە فێربوونی زمانەکەشیان، ئەمانیش ئەو بڕیارە 'خۆتاکیيە" ئازادەیان هەبووە و هەیە و، ئەرکی وڵاتەکە نییە کە پشتگیرییەکی چالاکانەی یەکسان لە زمانی ئاخێوەری کورد یان نەتەوەی دیکەش بکات.

کەوابوو، پێویستە لە نێوان وڵاتانی "فرەنەتەوە" و "فرەئەتنیک" جیاوازی دابنرێت، وڵاتانێکی وەک ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا وڵاتانی فرەنەتەوەن نەک فرە ئەتنیک، چونکە "لە ڕێگەی تێکەڵبوونی دوو یان زیاتری پۆلە"نەتەوەیی" ەکان کە پێشتر هەبوون (لە ڕێگەی داگیرکردن و لکاندن یان یەکگرتنی خۆبەخشانە) ەوە کۆکراونەتەوە(کیملیکا١٩٩٥)، کە دەوڵەتەکان دەبێت پابەندی پاراستنی مافەکانیان، چ بە شێوەی کۆیی یان بەشێوەی تاکی بن و جیاوازن لە "وڵاتانی فرە ئەتنیک" کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی تاکەکەسی لە ئەنجامی کۆچی بچووکەوە پێکهاتوون. هەربۆیە، ئەو بانگەشەیەی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی وەک کورد وەک "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" دەنرخێنێت و کێڵەڕێ و نیشانە دەدات بە دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پێشگریمانەی ڕەوا بینینی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست لە چوارچێوەی "دەوڵەتی دیمکراتیک"دا کە "کۆمەڵگەی زاڵ ئاوای کردووە" لە هەڵاتنێکی بەرەو پێشەوەدا کورد بەرەو تێداچوونێکی خۆبەخشانەی خوازراو دەبات. چونکە پێشوەختە، پێگە، هێز، وەدەرفەت وەدەسەڵاتی ئابووری و تەکنۆلۆژیی تورک/فارسی قەبووڵ کردووە، و پێیوایە لەبەر پێکەوەژیانی مێژوویی نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەواندا، پێویست بە "تەنانەت، ڕێگەچارەیەکی فەرهەنگیش ناکات، چونکە ئەوەش ناسیۆنالیزمی توندئاژۆی"ی لەسەر بنیاد دەنێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر ئەم تێڕوانینە خۆی لە ئەنجامی ترس لە بە سیاسیی بوونی زمانەوە هاتووە، پرسی فەرهەنگ و زمان دەکاتەوە بە "کێشە"یەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و سەرکوتکردن و بەربەست دروستکردن بۆی پاساو دەدات، هەر وەک لە دەقی ڕاگەیەنروەکەدا هاتووە. هەر بۆیە، وەک ڕێگە چارە و بە دەرهاویشتنی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا لە بەریەککەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا کە پێشوەخت هەن، بە دەسەڵاتی نەتەوەی فەرمانڕاو بپێشنیار دەکات، بە خێرا خۆی نیمچە ئازادییەک بە کورد بدات و لێی نەترسێت، "چونکە پێویستییەکانی ژیان زمانی خۆی دروست دەکات" و شتێک نامێنێت بەناوی "کێشەی زمانی"ی و "ناسیۆنالیزمی توند ئاژۆی کۆمەڵگەی پەراوێز" . سەیرە، کە ئەم ڕوانگەیە هەر بە ئەو لۆژیکەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی زاڵ بە ڕەوا دەبینێت، و لە وشەی بریقەداری "دەوڵەتی دیموکراتیک"دا دەیڕەنگێنێت، هەر بە ئەو لۆژیکەش ناسیۆنالیزمی نەتەوە ژێردەستکراوەکە بە ڕوا نازانێت، و بە دواکەوتوو، دژە ژن، پیاوسالار و گەلێک ناوناتۆرەی تر تۆمەتباری دەکات.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا، لە ئەم ڕاگەیەنراوەدا، نوخبەکان لە حکوومەتەکەی خۆیان وەک دەزگای بەڕێوەبردن ڕازی نین و "بە هاتنە ناوەی ناپسپۆڕانە" تۆمەتباری دەکەن، کە لە دۆخی شپرزەی وڵاتەکەیاندا لە سەرکوتی کوردستاندا کەمتەرخەم بووە. هەروەها لۆمەی دەکەن بۆ چی بەرپرسانی ئیداریی پارێزگاکانی ئێران لە خوزستان، کوردستان و ئازەربایجان بە زمانی فەرمیی نادوێن. ئەمە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنیا دەوڵەت و دەزگا دەوڵەتییەکان نین کە دەتوانن سەرکوتکەر بن، بەڵکوو نوخبەکانیشی کە پەروەردەی بەستێنی فەرهەنگی زمانی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای زاڵن، دەتوانن هەڵگیرسێنەری توندوتیژیی مەعریفی یان هاندەری سەرکوتی توندوتیژانەی نەتەوە ژێردەستەکان بە هۆی ئامرازی سەرکوتی دەوڵەتەوە بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە پرسی زمان و فەرهەنگیش لە وڵاتێکی فرەزمان و فرە نەتەوی وەک ئێراندا بەستراوە بە هێزی ناسێنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاخێوەرەکانییەوە. ئەم پەلامارە زمانی و گوتارییەی نوخبەی نەتەوەی دەسەڵاتدار پاساودەر و ڕێخۆشکەری هەر چەشنە پەلامار و سەرکوتێکی کرداری و جەستەیشە بۆ سەر نەتەوەی کورد، و پێچەوانەی ڕەوتاری نەرمی ئاشتیخواز، شاد و بە نەشە و دژی توندوتیژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مافە مرۆییەکانێتی، و هەوڵێکە بۆ چاوترسێنکردن و سەرکوتکردنی نەتەوەکەمان کە ڕواڵەتەکەی لە ڕەوتارێکی توندوتیژانەی "گۆپاڵ بەدەستانی ڕژێم" لە "ورمێ" دا خۆی نواند. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم شێوە نواندنەوە گوتارییە، نیشانەی ترس لە ڕەوینەوەی کەلێنی نەتەوەکانە کە لە واقعێکی ڕاستەقینەی مێژوویی، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دێت، و لاوازیی و لە شیرازە چوونی چەقی دەسەڵاتی تاک نەتەوەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەوانی هەراسان کردووە، و "کورد هەراسی" چاوی واقعبینی هەندێک نوخبە و ئەکادیمیشی بەستووە. نەتەوەکەمان پێویستە بە زاڵ بوون بەسەر جیاوازییە ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییە حیزبییە بەرتەسکەکاندا، هەر وەک چۆن خەریکە خۆی ڕێکدەخاتەوە و بە شێوازێکی جەماوەریی سەردەمییانە خۆ دەنوێنێت، ئەو جیاوازییە ئایدۆلۆژییە بەرژەوەندیخوازانە حیزبی و تاقمییانە لە مەنتیقی ژێریی گشتی و کۆیی خۆیدا بتاوێنێتەوە و هەمووی بکاتەوە بە هێزی داینەمۆی بزوتنەوە ئاشتیخوازانەکەی.

**سەرچاوە**: https://tishk.org/ku/%d9%82%d8%af%d8%b1%d8%aa-%d9%88-

٢٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# تەنیا هێزی سەرکوتی بۆ ماوەتەوە



**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە پەراوێزی باس و خواستەکان لەسەر دانیشتنی نێوان هەیئەتەکانی ئامریکا و کۆماری ئیسلامی لەپیوەندی لەگەڵ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتپەسەند، ماڵپەڕی کوردستانمیدیا دوو خشتە و هەواڵێکی بڵاو کردەوە سەبارەت بە نرخە ڕەسمییە ڕاگەیەندراوەکان بۆ کاروباری پزیشکی و تەندروستی لە ئێران بۆ ساڵی ١٤٠٤.

بەپێی خشتە بڵاوکراوەکان، هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک ڕابردوو لە خزمەتگوزارییە تایبەتییەکانی بیمە لە ئێران بەشێوەیەکی جیاوازتر بەهرەمەندن.

بەپێی ئەم هەواڵە و بە سەرنجێک لە سەر دوو خشتەی بڵاوکراو لەلایەن کۆمیتەی سەندیکای کارناسیی ئەنجومەنی ئیسلامیی کۆمەڵگەی پزیشکیی ئێران، هەڵاواردن لە نێوان بیمەی خەڵک و هێزە چەکدارەکانمان بۆ دەردەکەوێت، بە شێوەیەک کە لە زۆربەی نرخی ویزیتەکاندا بیمە تەنیا ٢٠ تا ٢٥ لەسەدی تێچووەکان بۆ خەڵک قەرەبوو دەکاتەوە بەڵام بۆ

هێزە چەکدارەکان نزیک بە ٧٠ لەسەدی هەموو تێچووەکانیان قەرەبوو دەکاتەوە.

بۆ نموونە لەم دوو خشتەیەدا نرخی ویزیتی پزیشکێکی گشتی ٢ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن دیاری کراوە کە خەڵک دەبێت نزیک بە یەک میلیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەنی لە گیفانی خۆیان بیدەن بەڵام خاوەنی بیمەی هێزە چەکدارەکان تەنیا ٦٩٠ هەزار تمەن لە گیفانی خۆیان ئەدەن و ئەوەدوای بیمە بۆیان قەرەبوو دەکاتەوە.

ئەم جیاوازییە بە ڕوونی نادادپەروەری و هەڵاواردن لە سیستمی تەندروستیی کۆماری ئیسلامی و بەگشتیی هەڵاواردن لە نێوان حەشیمەتی ئێران نیشان ئەدات کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر گیانی هاووڵاتییان.

لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا هیچ جۆرە دوو پێوەرەیی یان چەند پێوەرەیی لە نێوان خەڵکداهاوشێوەی کۆماری ئیسلامی بوونی نییە و هەموو خەڵک بە شێوەی یەکسان مافی کەڵکوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە پزیشکییەکانیان هەیە.

قەیرانی ئابووری لە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو بەتایبەتی خەڵکی هەژاری لە خزمەتگوزارییەکان بێبەش کردووە و چینی دەستکورتی کۆمەڵگا زۆربەی کات بۆ دەرمانی کێشەکانیان ناتوانن سەردانی پزیشکە تایبەتەکان بکەن و بیمەش تەنیا بەشێکی کەم لە تێچووکانیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوە.

هەرچەند ئەم جۆرە هەوڵانەی کە ڕێژیم دەیدات پرسێکی تازە و نامۆ نین و لە ڕابردووشدا ئیدارەی کەڵانی ئەو وڵاتەی بە ئێران دەناسرێ هەر لەسەر ئەم بنەما بووە؛ واتە کۆماری ئیسلامی لەڕاستای هێشتنەوەی خۆی وەک نیزامیکی داپڵۆسێنەر هەرچی داهات و سامانی نەتەوەکانی ئێرانە خستوویەتە خزمەت چەکدارەکانی لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات تا وەک دەڵێن بەرژەوەندییەکانی جەماران بەناوی پارێزگاری لە دین بپارێزن.

لەم ڕاستایەشدا بەپێی خشەی بودجەی پەسندکراو بۆ ساڵی ١٤٠٤ دەبینین کە پشکی هێزە چەکدارەکان تەنیا لە سەرچاوە نەوتییەکان لە ٤ میلیارد یۆرۆی ساڵی ١٤٠٣ بەرز کراوەتەوە بۆ ١١ میلیارد یۆرۆ لە ساڵی ١٤٠٤!  کە دەکاتە نیزیک بە ١٣ لەسەدی کۆی بودجەی ئێران.

چاوخشاندنێکی سەرەپێیی بەسەر ئەم دوو هەواڵ و ئامارانە بۆمان دەردەخات کە ئەوەی بەلای کۆماری ئیسلامییەوە گرینگە



سەرچاوە
Serchawe

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتە وەک "اوجب واجبات" تەنانەت بە نرخی لەنێوچوونی هەموو بوونەوەرێکی ئەم وڵاتە ئەویش لەڕێگەی چەکدارەکانییەوە بۆ سەرکوت و بەردەوامبوونی زەبروزەنگ؛ دیاردەیەک کە خسڵەت و تایبەتمەندی بەرچاوی هەموو سیستمە دیکتاتۆرەکانە.

لە ڕەهەندێکی دیکەشەوە ئەگەر ئەم بابەتە لێک بدەینەوە ڕەنگە بێهۆ نەبێ کە کۆماری ئیسلامی کاری لەو چەشنە دەکات و هەزینە و تێچووی وەها دەدات بە هێزە چەکدارەکانی! لەبەر ئەوەی لانیکەم لە چوار- پێنج ساڵی رابردوودا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا هێزی سەرکوتەکەی بۆ ماوەتەوە. ڕەوایی و مەشروعیەتی ئاسمانی کە ساڵانێکە کاری لەسەر دەکات و بە دەرخواردی خەڵکی دەدا کە ئەوان نوێنەری خودان لەسەر عەرز، ئیتر بێڕەنگ بووە و خەڵک باوەڕیان پێ ناکات، ڕەوایی و مەشروعییەتە زەوینییەکەشە تەنیا لەسەر کاغەز ماوەتەوە و بەشدارینەکردنی خەڵک لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو دەری خست کە خەڵک هیچ باوەڕێکیان بە گشتییەتی نیزامەکە نەماوە. لەو لاشەوە دۆست و هاوبەشە ستراتێژیکە ناوچەیی و جیهانییەکانی وەک ئەسەد و حیزبوڵا و حەماس، یان تەفروتوونا بوون یان لە کزییان داوە و ئیتر توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تارانیان نییە؛ بەڵام غافڵن لەوەیکە هەر ئەم هێزی سەرکوتەش لە کاتی خۆیدا لێیان هەڵدەگەڕێنەوە! ئەو کاتەی ئیتر پارەیەک و ئیمتیازێک نەمابێ بە قوڕگیاندا بکەن یان ئەو کاتەی کە بەرەوڕووی جەماوەری تووڕەی ڕاپەڕیو لەسەر شەقام بن.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# ژیانەوەیەکی ئاشتیخوازانە.




دەباغی. شەهلا

ڕابوون ڕۆژهەڵات بەرۆکمان بەر نادا. وەک ئەو مەستەی لە نیوەشەودا بە کوڵان دا تێپەڕدەبێ و بە دەنگێکی خۆش وا دەکا هەموو سەرێک لە کوڵان بدەن بزانن ئەوە کێیە کوڵانی پڕ کردووە لە ئاوازی سێحراویی خۆی و بۆتە دەنگی هەستە پەنگ خواردووەکانی ئەوان.

هەموو جارێک دەنووسم ڕابوون لە "ئاخرین شێعری دا...."، لە کاتێکا ئاخرین شێعر بۆ ڕابوون بوونی نییە و بەردەوام بە شێعرێکی تازە سەرسامان دەکا. دیارە هەر کەسیش ناوی خۆی بە خۆیەوە و دەبێ ڕابوون بەردەوام لە ڕاسان و ڕابووندا بێ. ئەگەر شێعرەکانی ڕابوون لەم چەند ساڵەدا دەستەبەندی بکەین، زۆربەی شێعرەکانی دەچنە خانەی شێعری بەرخۆدان و شۆڕشگێڕی. هەڵبەت شێعری ڕابوون هەمیشە هەڵگری جوانی و ئاشتیخوازی بووە، بەڵام لە شێعری "دەستە خوشکی باخ"دا ئاشتیخوازی بە شێوەیەکی زۆر بەرپرسانە شەپۆل دەدا. دیارە شێعری "دەستە خوشکی باخ" جیا لەوە کە لەسەر چەمکی جوانی تەکووز دەکا، بەڵام پەیامی سەرەکیی شێعرەکە پێکەوە ژیان و ئاشتیخوازییە، ئەویش لە دۆخێکدا کە "چماقداران" و دەستە ڕەشەکانی ڕژێمی تاران خەریکی ئاژاوەنانەوەن.



سەرچاوە Serchawe

لە شێعری "دەستە خوشكی باخ" دا چەند وشەیەک ڕۆڵێكی بەرچاو و كلیدییان هەیە:

مانگی ئاوس، ئەرمەنی، كیژێكی تورک، ڕەزئاسا، شەرابی ئەرمەنی، كلیسا، كورک بوون، زەردەی تاو، فڕین

شاعیر لە شێعری "دەستە خوشكی باخ" دا شاری ورمێ بە پێتەختی "مانگی ئاوس" و "ئەستێرەی دڵی مێژوو" لە ئاسماندا دەشوبهێنێت. شاعیر هەوڵ دەدا باسی جوانییەكانی شار و شەقامی پڕ لە داری بكا و شارەكە دەكاتە دەستەخوشكی هەزاران باخی دەوروبەری شار. شارێک كە شاخ/ هێمای بەرخۆدان و پێشمەرگە لە دەوری ڕاوەستاون و گۆم و باران، گوڵ و كۆلكە زێڕینە جوانییەكانی سەد هێندە دەكەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە لوتكەی شێعرەكە نین. لوتكەی شێعرەكە لەناو دڵی شێعرەكە دایە هەر چۆن شاخێک لەناو دڵی دەشتێک قوت دەبێتەوە.

شاری ورمێ هەمیشە شوێنی پێكەوە ژیانی زۆر خەڵک و نەتەوە بووە؛ كورد، تورک، ئەرمەنی، ئاسۆڕی، هتد. شاعیر وەک ئینسانێكی دڵ و چاوكراوە كە بۆ مافی نەتەوەی خۆی تێدەكۆشێ، چاو لەسەر ئەوە داناخا كە پەیوەندیی سروشتیی نێوان ئینسانەكان جیا لە هەر نەتەوە، ئیتنیک و دینێک دەتوانێ بگاتە ئەوین:

لە كۆڵان دارێک كورمانجە و
كچێكی ئەرمەنی دیوە
گۆرانیی مانگی بۆ دەڵێ
هەتا سەردەمی كازیوە

ڕەنگە زۆر ئاسایی بێ كوڕێكی كورد ئاشقی كچە ئەرمەنییەک بێ و بۆ ئەم جۆرە ئەوینە زۆر شێعر و ئاواز لە ئەدەب و فۆلكلۆری كوردیدا هەن:

شێخی سەنعان بۆ كچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریكە بۆ كچە كوردێ پەژیوان دەبمەوە

یا پەرتەوی كرماشانی لە شێعرە بەناوبانگەكەی خۆیدا باسی "كچە ئەرمەنی" دەكا:
ئەم شەو وەجور شەراوەكەت
مەستت بكەم چو چاوەكەم

دەست خەی ئەڕا لینگ کەوشەکەت
بووشی کڵاوە ئەرمەنی

بەڵام هەستیارییەکە لەو شوێنە دایە کە شاری ورمێ لە دوای کۆماری ئیسلامی پڕ لە ڤین و دژایەتیی نێوان نەتەوە و گرووپی جیاواز کراوە. ڕژیم بەردەوام هەوڵی داوە نێوانی کورد و تورک لە سنووری شەڕدا ڕابگرێ و هەمیشە ترس لە هەڵایسانی شەڕ لەناو دڵی خەڵکدا هەبێ. ئەم ترسە ئێستا بە هۆی دەست تێوەردانی دەوڵەتی تورکیەش چەندقاتە. بەڵام شاعیر بە هەستێکی ئینسانی قووڵەوە سنوورەکانی شەڕ و ترس دەبڕێ و دەڵێ کە کچێکی تورک وەک ڕەز دەچێتە ناو خوێنی:

لە شەقامێک چاوێک هەڵهات
کیژە تورکێکی ڕەزئاسا
بەئەسپایی هاتە خوێنمەوە و
شێتانە لە خوێنما ڕاسا

لێرەدا ئەوین بە ڕەز شوبهێندراوە. لە ترێ شەڕاب بەرهەم دێ. ئەوین وەک شەڕاب و سوور وەک خوێن دەچێتە ناو خوێنی شاعیر. کاتێک ئینسان ئەویندارە وەک شێت ڕادەسێ و زۆر گوێ ناداتە ئاکام و بەرکەوتەکانی.

پێش "انقلاب" هەمیشە شەڕابی ئەرمەنییەکانی دانیشتووی ورمێ بەناوبانگ بوو. لێرەدا کچە تورکەکە بە شاعیر دەڵێ کە شەڕابی ئەرمەنی لە کلیسای جوانی کڕیوە و دواتر کچە لە خەونی شاعیردا وەک باڵندەیەک کورک دەبێ تا کاتی زەردەپەڕ بفڕێ.

ئێستا دوو خاڵ گرینگە:

یەکەم: باسی کلیسا و شەڕاب لە کۆنتێکستی دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری ئیسلامیدا کە شاعیر سنووری دەسەڵات دەشکێنێ. کلیسا و مەسیحییەکان هەمیشە لە کۆماری ئیسلامیدا گرفتیان بۆ ساز کراوە. بەڵام شاعیر ئازادانە باسی شەڕاب و کلیسای جوانی دەکا کە کچە تورکەکە شەڕابی لێ کڕیوە. هەڵبەت نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کاتێک لە کلیسا نان لە شەراب دەنێن، لە ڕاستیدا ئەو شەرابە هەر خوێنی مەسیحە. مەسیحیش ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە و ئاشتی بۆ زەوی دێنێ.

خاکەلێوەی ٢٧٢٥

**دووهەم**: مەبەستی شاعیر لە باڵندەیەکی کورک کە کاتی زەردەپەڕ دەفڕێ دەتوانێ "قەقنەس" بێ. ئاخر لە ئۆستوورەکاندا قەقنەس کە لە ئاگری خۆیدا دەسووتێ تەنیا هێلکەیەک جێ دەهێڵێ کە ئەو هێلکەیە لەناو خۆڵەمێشی بەجێماوی جەستەی قەقنەسەکەدا، لە کازیوەدا دەبێتەوە قەقنەسێکی دیکە.

واتە لە شێعری "دەستە خوشکی باخ" دا، چەمکی زاوزێ و دووبارە زیندووبوونەوە گرینگیی تایبەتی هەیە و دەکرێ ئاماژەی شاعیر بەوە بێ کە پێوستە شاری ورمێ لەسەر بنەمای ئەوین و جوانی و ڕەز و گەمەی کۆتر زیندوو کرێتەوە و هەموو بە ئاشتەوایی لەکەنار یەکتردا بژین.

خاڵی سرنجڕاکێش ئەوەیە کە چەمکی ئاوس زۆر جار ئەرێنی نییە. لێرەدا "مانگی ئاوس" دەتوانێ ئاماژە بەم دۆخە بێ کە شارێکی جوانی پڕ لە باخ بەهۆی دژایەتی و گرفتەکان دەتوانێ ئاوس بێ بە شەڕ و کێشە.

**دووهەم**: شاری ورمێ هەمیشە لە زاوزێ دایە و دەتوانێ بە دیالۆگ و ڕێگای ئاشتیانە ژیانێکی دووبارەی هەبێ. ژیانێکی قەقنەس ئاسا. ئاخر دەڵێن فرمێسکی قەقنەس دەرمانی هەموو دەردانە.

---



سەرچاوە
Serchawe

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان




**ئازاد مستۆفی**

دیپلۆماسی، وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان بگێڕێت. ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکە چۆن پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتە دیپلۆماسییەکان دەتوانن دەرفەتی ئابووری یەکسان بۆ ژنان دروست بکەن و یارمەتیدەر بن بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی جێندەری. بەهێزکردنی ئابووری ژنان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی کارنامەی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (SDG) کە بەتایبەتی لە ئامانجی پێنجەم (یەکسانی جێندەری) و ئامانجی هەشتەم (کاری شایستە و گەشەی ئابووری) جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەم بەهێزکردنە بەواتای زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە هەلی کار و سەرچاوە داراییەکان و ڕاهێنانی کارامەیی و بەشداریکردن لە بڕیاردانی ئابووریدا کە بەشدارە لە کەمکردنەوەی هەژاریی و گەشەی ئابووری بەردەوام و کەمکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە وەبەرهێنان لە بەهێزکردنی ئابووریی ژنان نەک تەنها خۆشگوزەرانیی ماڵباتەکان باشتر دەکات، بەڵکو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگە و ئابووریی نیشتمانییش هەیە. لەم پێوەندییەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە حکوومەتەکان و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کە ژنان لە ڕێگەی لابردنی بەربەستە کولتووری و یاساییەکان و دروستکردنی ژێرخانی پاڵپشتکارەوە بتوانن بەشێوەیەکی تەواو و یەکسان لە ئابووریدا بەشداریی بکەن.

سەرەڕای هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەهێزکردنی ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی دەبنەوە کە پێشکەوتن و بەشداریکردنی یەکسانیان، سنووردار دەکات. یەکێک لەو ئاستەنگانە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکانی وەک قەرزی بانکی و قەرزی ئابوورییە کە زۆرجار بەهۆی هەڵاواردنی پێکهاتەیی و نایەکسانی جێندەرییەوە ڕێگری لە ژنان لە دەرفەتی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی بازرگانی دەکات. هەروەها هەڵاواردن لە بازاڕی کاردا لە شێوەی نایەکسانی مووچە، سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە پۆستە کارگێڕی و پیشەییەکان و نەبوونی دەرفەتی پێشکەوتنی پیشەیی توانای ژنان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە ئابووریدا تێک دەدات. نەبوونی سیاسەتی پشتیوانی، لەوانەش مۆڵەتی گونجاو بۆ منداڵبوون، خزمەتگوزارییەکانی چاودێری منداڵان و یاساکانی دژەجیاکاری، گوشارێکی زیاتر دەخاتەسەر ژنان و ڕێگرییان لە چێژوەرگرتن لە دەرفەتی یەکسان لێدەکات. چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە پێویستی بە چاکسازیی پێکهاتەیی و سیاسەتی ئامانجدار و گۆڕینی هەڵوێستی کولتووری هەیە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ڕۆڵی تەواوی خۆیان لە گەشەپێدانی ئابووریدا بگێڕن. لەم نێوەندەدا دیپلۆماسی دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە.

## دیپلۆماسی و بەهێزکردنی ئابووری ژنان

### – ڕۆڵی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی دیپلۆماسی بۆ بەهێزکردنی ژنان، بەکارهێنانی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە کە جەخت لەسەر پێشخستنی ماف و دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان دەکەنەوە. ئەم پەیماننامانە وەک چوارچێوەی یاسایی و سیاسی حکوومەتەکان پابەند دەکەن بە گرتنەبەری ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی جیاکاری و دروستکردنی یەکسانی جێندەری. نموونەیەکی دیار لەم بوارەدا بریتییە لە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان (CEDAW) کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرێک لە وڵاتانەوە پەسەند کراوە.

CEDAW، وەک "پرۆژە یاسای مافەکانی ژنان"، وڵاتانی ئەندام پابەند دەکات بە گونجاندنی یاسا و سیاسەتەکانیان لەگەڵ بنەماکانی یەکسانیی جێندەری، نەهێشتنی هەڵاواردن لە کایە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.

هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان لە بوارەکانی وەک پەروەردە، کار، بەشداری سیاسی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان. ئەم کۆنڤانسیۆنە داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات کە ڕاپۆرتی بەردەوام سەبارەت بە پێشکەوتن و تەحەددیاتەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان پێشکەش بکەن، بەمەش بنەمایەک بۆ چاودێریکردن و لێپرسینەوە دابین دەکات.

ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پەیماننامانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی ژنان چونکە جگە لە پابەندبوونە یاساییەکان، پەیامێکی جیهانی سەبارەت بە گرنگی مافەکانی ژنان و پێویستی بەشداریکردنیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەنێرێت. لە ڕێگەی ئەم پەیماننامانەوە، وڵاتان هاندەدرێن کە سیاسەتە پاڵپشتییەکان وەک ڕەخساندنی هەلی کارێکی یەکسان، پشتیوانیکردن لە کارگێڕی ژنان، و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و سەرچاوە داراییەکان لە پێشینەدا دابنێن.

دیارە سەرکەوتنی ئەم پەیمانانە پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسی حکوومەتەکان و جێبەجێکردنی کاریگەرانەی یاساکان و هاوکاریی دامەزراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان. بە هاندانی وڵاتان بۆ پابەندبوون بەم بەڵێنانە و بەهێزکردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، دیپلۆماسی فرەلایەن دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ پێشخستنی یەکسانیی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا.

## – دیپلۆماسیی ئابووری و ژنان

ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان. ئەم ڕێککەوتنانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی جیاوازییە ئابوورییە جێندەرەکان لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ. بۆ نموونە، ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوور (NAFTA) کە لە ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان ئەمەریکا و کەنەدا و مەکسیک کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە زیادکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا چەندین هەلی کاری ڕەخساند کە هەندێکیان بۆ ژنان بوو. هەروەها کۆمەڵەی گەلانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ASEAN) کە لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە و پەرە بە هاوکاریی ئابووری لە نێوان ئەندامەکانیدا دەدات، بەرنامەی بەهێزکردنی کارگێڕی ژنان و بەشداریکردنیان لە ئابووری ناوچەکەدا جێبەجێ کردووە. ئەم ڕێککەوتنانە بە کەمکردنەوەی بەربەستە بازرگانییەکان و ئاسانکاریی بۆ ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ژینگەیەک دەڕەخسێنن کە تێیدا ژنان بتوانن دەستیان بە سەرچاوە و بازاڕی نوێ بگات. بۆ نموونە لە چوارچێوەی ASEAN ، بەرنامەکانی



سەرچاوە
Serchawe

دامەزراون، کە ئامانجیان بەهێزکردنی تۆڕ و "ASEAN Women Entrepreneurs Network" (AWEN) ڕاهێنان و پشتگیریکردنە بۆ ژنانی خاوەنکار لە ناوچەکەدا. ئەم دەستپێشخەرییانە ژنان دەتوانن سوود لە دەرفەتە بازرگانییە ناوچەییەکان وەربگرن و پەرە بە کارەکانیان بدەن و ڕۆڵێکی کارا لە ئابووری جیهانیدا بگێڕن.

بێگومان بۆ ئەوەی بەتەواوی سوودەکانی ئەم ڕێککەوتنانە بقۆزرێتەوە، پێویستە سیاسەتی نیشتمانی و ناوچەیی دابنرێت و بەشێوەیەک دارێژراو بێت کە بەتایبەتی چارەسەری پێداویستی و تەحەددیاتی ژنان بکات. ئەمەش بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و دروستکردنی ژینگەی کارکردنی پاڵپشت کە ڕێگە بە ژنان بدات سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە دروستکراون. جگە لەوەش، چاودێریکردنی بەردەوامی کاریگەرییە جێندەرییەکانی ڕێککەوتنە بازرگانییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاکسازی لە شوێنی پێویستدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سوودەکانی بازرگانیی ئازاد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان ژنان و پیاوان دابەش دەکرێن. لە کۆتاییدا، ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن لەڕێگەی دروستکردنی دەرفەتی ئابووریی و ئاسانکاریی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان بەشداری بکەن بەڵام بەتەواوی بەدیهێنانی ئەم توانایە پێویستی بە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتیوانی و بەرنامەی پەروەردەیی هەیە کە بەتایبەتی باس لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە ئابووری جیهانیدا دەکەن.

### - هاوکاریی و گەشەپێدانی دەرەکی

یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دیپلۆماسی لە بەهێزکردنی ئابووری ژناندا بەکارهێنانی یارمەتییە دەرەکییەکانەو وڵاتانی پێشکەوتووی وەک سوید و کەنەدا، بە بەکارهێنانی دیپلۆماسی فێمینیست بۆ دابینکردنی دارایی ئەو پرۆژانەی کە ژنان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و تەکنەلۆژیادا بەهێز دەکەن، بەکاریدەهێنن. ئەم ڕێبازە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری ژنان بەڵکو ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بەهێزکردنی کۆمەڵگاکانی کەشوهەوادا دەگێڕێت.

### ئەلف؛ دیپلۆماسیی فێمینیستیی سوید:

سوید بە گرتنەبەری سیاسەتی دیپلۆماسی فێمینیست بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە ناسراوە. وڵاتەکە یارمەتی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی ژنان دەدات لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا بە دابینکردنی بودجە بۆ ئەو پرۆژانەی کە گرنگی بە بەهێزکردنی ئابوورییان دەدەن. بۆ نموونە سوید بەشداری لەو پرۆژانەدا کردووە کە ڕاهێنانی تەکنیکی پێشکەش بە ژنە

جووتیارانی وڵاتانی ئەفریقیا دەکات و ئاسانکاری بۆ گەیشتنیان بە بازاڕە جیهانییەکان دەکات.

### ب؛ دیپلۆماسیی فێمینیستیی کەنەدا:

هەروەها کەنەدا بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی دیپلۆماسی فێمینیست، بوودجەی ئەو پڕۆژانەش دابین دەکات کە ژنان لە بوارە ئابوورییە جیاوازەکاندا بەهێز دەکەن. ئەم وڵاتە بەشداریی لەو پڕۆژانەدا کردووە کە ڕاهێنانی کارگێڕیی و بازرگانیی پێشکەش بە ژنانی خاوەنکار لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا دەکەن و ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە داراییەکان و بازاڕە جیهانییەکان دەکەن.

### نموونەی پڕۆژەکانی بەهێزکردنی ئابووری ژنان:

– **پڕۆژەی کشتوکاڵی:** لە وڵاتانی ئەفریقیا، ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن سوید و کەنەدا پاڵپشتی دەکرێن، ڕاهێنانی تەکنیکی پێشکەش بە ژنە جووتیارەکان دەکەن و ئاشنایان دەکەن بە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی مۆدێرن. ئەم پڕۆژانە یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و داهاتی ژنان و بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراکی کۆمەڵگە.

– **پڕۆژەی بازرگانی:** لە وڵاتانی ئاسیادا ئەو پڕۆژانەی کە ئەم وڵاتانە پاڵپشتییان دەکەن، ڕاهێنانی کارگێڕی و بازرگانی پێشکەش بە ژنانی خاوەنکار دەکەن و دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە داراییەکان و بازاڕە جیهانییەکان ئاسانکاریی دەکەن، ئەم پڕۆژانە یارمەتی گەشەپێدانی بازرگانی بچووک و مامناوەند دەدەن کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن.

– **پڕۆژەی تەکنەلۆژی:** لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن سوید و کەنەدا پاڵپشتی دەکرێن، ژنان لە بواری تەکنەلۆژی زانیاری و پەیوەندیکردن، ڕادەهێنن و ئاشنایان دەکەن بە کارامەیی دیجیتاڵی. ئەم پڕۆژانە یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی بەشداری ژنان لە ئابووریی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژی نوێدا.

ئەم پڕۆژانە نەک تەنها یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری ژنان بەڵکو دەبنە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام و کەمکردنەوەی هەژاریی لە ڕێگەی بەهێزکردنی کۆمەڵگەوە. ئەم وڵاتانە بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و تەکنیکی یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان لە بوارە ئابوورییەکان و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.



سەرچاوە
Serchawe

بێگومـان بەربەسـتیش هەیە لەبەردەم بەرەوپێشـبردنی ئەو ئامانجـانەی کە پێشـتر ئاماژەیـان پێکـراوە کە دەتوانرێـت بگەڕێندرێتەوە بۆ نەبوونی گەرەنتی جێبەجێکردن بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لە زۆرێک لە وڵاتان بەربەستە کولتـووری و کۆمەڵایەتییەکـان بەردەوامـن لە سـنووردارکردنی ڕۆڵـی ژنـان لە ئابووریـدا. دیپلۆماسـی دەبێـت ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببێتەوە و چارەسەری ڕەسەن و کاریگەر دابین بکات.

## چەند نموونەی سەرکەوتوو

دەکرێ ڕواندا و کەنەدا وەک نموونەی سەرکەوتووی بەهێزکردنی ئابووری ژنان لە ڕێگەی سیاسەتی دیپلۆماسی و هاوبەشیی نێـودەوڵەتییەوە بهێنـرێتەوە. ڕوانـدا نمـوونەیەکی سـەرکەوتووە لەم ڕووەوە، وەک وڵاتێـک کە لە دوای شـەڕی نێوخـۆ و جینۆسـاید سـەرنجی لەسـەر بەهێزکردنـی ئـابووری ژنـان بـووە. ژنـانی ڕوانـدا لە ڕێگەی سیاسـەتی دیپلۆماسـی و هاوبەشیی نێودەوڵەتییەوە ئاستێکی بەرزی بەشداریی ئابووریيان بەدەستهێناوە.

کەنەدا پێشـەنگێکە لە "دیپلۆماسیی فێمینیست" و ئەم وڵاتە لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا جەخت لەسـەر بەهێزکردنی ژنان دەکاتەوە و لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە بوودجەی پرۆژەکانی لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کارگێڕیی ژنان دابین کردووە.

بێگومان وڵاتان بۆ سەرکەوتن لەم بوارەدا پێویستە میکانیزمی چاوەدێری و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیـان دابنێن. دیپلۆماسی دەتوانێت لە ڕێگەی هاوکاری دارایی و تێکنۆلۆژیاوە پشتگیری لە ژنـانی خاوەنکـار بکـات، هەروەهـا پێویستە ژنـان دەستیان بەو تـۆڕانە بگـات کە لە ڕێگەیـانەوە بتـوانن پەیوەنـدییان بە بـازاڕە جیهانییەکـانەوە هەبێـت. لەم ڕووەوە دیپلۆماسـیی کولتـووری دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لە گـۆڕینی هەڵوێسـتی نەرێنـی بەرامبەر بە بەشـداریی ئـابووریی ژنـان. دیپلۆماسی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەیشتن بە دادپەروەریی ئـابووری بـۆ ژنـان. بەڵام سەرکەوتنی ئەم پرۆسـەیە بەنـدە بە پابەنـدبوونی وڵاتـان بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنەکـان و تێپەڕانـدنی بەربەسـتە کولتـووری و پێکهـاتەییەکـان. بەهێزکردنی ژنان نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی ژیانیان بەڵکو دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام و بەهێزکردنی کۆمەڵگاکـان، یەکسانیی جێندەریی و گەشەپێدانیی ئابووری.

**سەرچاوەکان:**

1. United Nations, Sustainable Development Goals (SDG).

2. Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women (CEDAW).
3. Canadian Feminist International Assistance Policy.
4. Reports on Economic Participation of Women in Rwanda.
5. World Bank Data on Gender Equality and Economic Developmen




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe